# نوێبوون

گۆڤارێکی سیاسی و روناکبیری وەرزییە


خاوەن ئیمتیاز

مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی

سەرنووسەر/ ئەنوەر صاڵح

جێگری سەرنووسەر/ ئازاد تۆفیق

راوێژکاران

ئەکرەمی میهرداد

ئـــومێد قـەرەداغی

محـەمەد کـەریم

سەرپەرشتیاری هونەری

ئالان قادر



ناونشان / عێراق - کوردستان- (سلێمانی ـ شەقامی سالم)

( مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ک))

Email: nwebunm1@yahoo.com
nwebun@live.com

Tel: 07480172102 - 07705434650



هەڵەچن / محەمەد نەجمەدین

تـیـراژ/ ١٥٠٠ دانـە

چـاپ/ چاپخانەی شڤان

ژمارەی سپاردن / ٢٠٤


هەواڵنامەی کتێب

## لـــــــــەم ژمارەیــــــەدا


❖ پەیوەنـــــــدی حـــــزب و بزووتنـــــــەوە کۆمەڵایەتیەکان. سەرنووسەر ••

## لێکۆڵینـــــــــــەوە

❖ فەرەنســـا جـەنگـــی نێـوان دەســـەڵات و شـــەقام. بەرزان فەرەج ••••

❖ گـــۆڕانی کـــۆمەڵایەتی لەبـــەردەم تێـــزە جـیاوازەکاندا. ئومێد قەرەداغی ••••

❖ کـــۆچەریانی ســـــــەردەم و پەنابـــەرانی ئازادی. ئەکرەمی میهرداد ••••

❖ دەسەڵات لە وڵاتانی جیهانی سێ یەم. حسـین مــەعرووف پوور •••••

## وتـــــــــار

❖ چـــینی نـــاوەنـــد فەیسەڵ عەلی ••••••

❖ هەنـــدێك ڕاو سەرنـــج لەســـەر پـــڕۆژەو بەرنامـــەکانی وەزارەتـــی خوێنـــدنی بـــاڵاو جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا. د. و دلـی مـەحمود حەمەد •••••

❖ عیلمـــانیەتی دەســــــتور ئازاد تۆفیق ••••••

## وەرگـــــــــێڕان

❖ ڕەگـــــــوڕیشە وجـــوانی و خەوشـــەکانی دیموکراسی. ن:عبدالرحمن عالم و: محەمەد کەریم ••••••

❖ لیۆشتراوس فەیلەسوفی کۆنزەرڤاتیزم د. حسین بەشیریە و: نەبەز محەمەد ••••••

❖ نـەبوونی هۆشـیاریی سیاسـی لەمـەڕ چـەمکی دیموکراسی لە عێراقدا. ن: ناجی ئەلغەزی و: یاسین عومەر ••••••

❖ یۆرگن هابرماس و پۆست مارکسیزم و. نوێبوون ••••••

❖ خەڵك چۆن دەبن بە هاووڵاتی؟ و: ناسر مورادی ••••••


هەواڵنامەی کتێب

# پەیوەندی حزب و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان

گواستنەوەی مرۆڤ لەدۆخی سروشتیەوە بۆ دۆخێکی کۆمەڵایەتی بە یەکێك لە گۆڕانکاریەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت، وە ئەم گۆڕانکاریە وەرچەرخانێکی لایەنی عەقڵیی و مەعریفی مرۆڤەکان بوو بۆیە مرۆڤەکان لە پێناو پاراستنی خۆیان وازیان لە بەشێك لەمافەکانیان هێنا بۆ حاکمێك، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومداریی بتوانێت پارێزگاری لە بێ ماف و بێ هێزەکان بکات لە بەهێزەکان، لە هەمان کاتدا مرۆڤ بە تەنها نەیدەتوانی هەموو خواستەکانی خۆی بە دەست بهێنێت، چونکە خواستەکانی مرۆڤ جۆراو جۆر و پێداویستیەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هات، هەربۆیە دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتی زیاتر دەرکەوت و بەهای خۆی وەرگرت، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیە ئابووریەکان لە کۆمەڵگادا زیاتر نەخشی خۆی نواند.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی نوێ خۆی بەرجەستەکرد، ئیتر لێرەوە گۆڕانکاری لە مێژووی خۆیدا بۆتە بابەتێك جێگای لێکدانەوەو مشتومڕی هەموو بیریارو ڕۆشنبیرێکی ناو کۆمەڵگاکان ، ئەم لێکدانەوەش بە شێوەی جیاواز و بۆچوونی جۆراوجۆر هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتێکە کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو جێگای گفتوگۆ و مشتومڕی فەلسەفی و زانستی جۆراوجۆر بووە، لێکدانەوەی فەلسەفی جیاوازی بۆ کراوە. وە



لەسەردەمی دەرکەوتنی دەوڵەتوگەشەکردنی پیشەسازیو گۆڕانکاریەسیاسیوئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و فەرهەنگی کۆمەڵگاکان لە ڕووی گەشەکردن و بونیادی شێوەی ژیان و شێوەی پێکهاتەی کۆمەڵگاکانی هێنایە ئاراوە و وە لە ئەنجامی خواستەکانی کۆمەڵگا بە پێی پێداویستیەکانی مرۆڤ گەشەکردن و گۆڕانکاریی لە ڕووی مادی مەعریفیەوە بووە فاکتەرێك کە لەناو کۆمەڵگادا شێوەیەك لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی دروست بکات، کە چین و توێژی جیاجیا هەم لەباری مەعریفی هەم لەباری بەرهەم هێنانی مادیەوە بهێنێتە ئاراوە، کە وەکو لە مێژووی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا دەیان بینین.

لە ئەنجامی ئەم گەشە کردنەشدا ڕیزبەندیەکی کۆمەڵایەتی ئابووری دروست بوو کە هەریەکێك لەو چین و توێژانە ڕۆڵی سیاسی خۆی لە کۆمەڵگادا هەبووە و کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەکردن و گۆڕانکاریەکان، لەناو کۆمەڵگادا ئەمەش دەبێتە چەقی ململانێکانی ناو کۆمەڵگا و هەر چین و توێژێك بە جۆرێك ڕیزبەندیەکی هاوچارەنووسی لە ڕووی هاوپیشەیی و هاو بەرژەوەندی و هاو ڕەگەزیی و هاوشێوەی کارکردن لە دایك دەبێت جۆرێك لە هاو ئامانجیان بۆ دروست دەبێت لە بزووتنەوەیەکدا و کاری هاوخەباتی ئەنجام دەدەن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان، وەزۆرێك لەم بزووتنەوانە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە خەباتی سیاسی و ئابووری ناو کۆمەڵگاکان کە نموونەیان وەك بزووتنەوەی کرێکاران و خوێندکاران و ژنان و لاوان و ...هتد. وە هەندێك لەم بزووتنەوانەش لە پێناسی خۆیاندا بە شێوەی جیاواز جیاواز شێوەی خەبات و تێکۆشانیان دەست نیشان کردووە، لە مێژوودا ئەم بزووتنەوانە وەك بزووتنەوەی گۆڕانخواز و بزووتنەوەی چاکسازیخواز و بزووتنەوەی ڕزگاریخواز خۆیان بەیان کردووە، وە هەریەك لەم بزووتنەوانەش بە ئایدیا و لۆجیکی جیاواز یان ئامانجی



هەواڵنامەی کتێب

جیاواز ئاڕاستەی بزووتنەوەکانیان کردووە، کە هەندێکیان بە شێوەیەکی توندڕەوانە ئاڕاستەی ئامانجەکانیان کردووە وە هەندێك لەم بزووتنەوانەلە ڕێگای خەباتی مەدەنیانە و دیموکراتیانە ئامانجەکانیان ئاڕاستە دەکەن.

ئەگەر لە ڕووی کۆمەڵناسی سیاسییەوە پێناسی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵاتیەنە بکەین (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵی بە کۆمەڵە بۆ بەرەوپێش بردنی دەستکەوتە هاوبەشەکان یان بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش لە ڕێگای کاری بە کۆمەڵ لە دەرەوەی بواری دامەزراوە ڕەسمیەکاندا پێناسە بکەین، لە کاتێکدا کە لە نێوان چەندین جۆری جیاوازی لە بزووتنەوەی جیاوازدا هەیە، ئەو پێناسەیەش دەبێت بە شێوەیەکی گشتی بێت)، کەواتە ئەم بزووتنەوانە لە هەناوی کۆمەڵگادا دەکەوێتە بزاوت و تاکە هاوبەشەکانی کۆمەڵگادا، ئەو بزاوتە خۆی ڕێکدەخات و هێزەکانیان یەك دەخەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لەناو چوارچێوەی سیستمێکی سیاسی دیاری کراودا فەراهەم نەبووە، وە ئەم جۆرە بزاوتانە لە ناو سیستمە دیموکراتیەکاندا زیاتر کارا و ڕۆڵی دەبێت، لەبەر ئەوەی پرانسیپەکانی دیموکراسی زیاتر ژینگەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون و ڕۆڵ و کاریگەری ئەم بزووتنەوانە ڕێکدەخات لە چوارچێوەی ماف و ئازادییەکاندا، خودی دیموکراسی لە بنەڕەتدا بەبێ بوونی پارت وهێزە سیاسییە کۆمەڵاییەتیەکان بوونی نیە، هەر بۆیە دەبێت هێزە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنی و کەلتووریەکان لە پێناوی خزمەتی ماف‌و ئازادی و دادپەروەریدا بەشێکن لەو سیستەمە دیموکراتیە چونکە سیستەمی دیموکراتی سیستەمی نوێنەرایەتی دەبێت لە هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو مەدەنی و دیموکراسدا. ڕۆڵ و کاریگەری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە ڕۆڵێکی گرنگ و ئارام بەخشیان دەبێت لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی خەڵك و دەسەڵاتدا، کە وەکو سەنتەرێك

هاوسەنگی نێوان خەڵك و دەسەڵات ڕێکدەخات ئەمەش لە دوولایەندا دەردەکەوێت:

لایەنی یەکەم: ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە لەگەڵ دەسەڵاتدا لە ململانێدایە بۆ ئەوەی زۆرترین ماف و ئازادییەکان بە دەست بهێنرێ و مافەکانی خەڵك پێشێل نەکرێت و تاکی کۆمەڵگا بەشداری سیاسی هەبێت بۆیە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە داکۆکیکارێکی جدی دەبن لە خودی تاکەکانی کۆمەڵگا.

لایەنی دووەم: ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە ڕۆڵێك دەگێرن کە دەسەڵات تییدا سودمەندە ئەویش بە کۆنتڕۆڵکردنی هەرچی کاری نایاسای و ئاژاوەنانەوە (چونکە هەندێك لەم بزووتنەوانە بەشێوەیەکی توندوتیژ ئامانجەکانی خۆیان ئاڕاستە دەکەن) لێرەدا ڕۆڵی بزووتنەوەکان بەتاڵکردنەوەی ئەو پێکدادانەیە کە لەگەڵ دەسەڵات دروست دەبێت، لێرەشەوە کۆمەڵگاو دەسەڵات دەپارێزێت لەهەر توندوتیژیەك کە کۆمەڵگا بەرەو نائارامی بەرێت. واتە خاڵێکی هاوبەش دروست دەبێت لە نێوان خەڵك دەسەڵات کە دواجار دەبنە تەواوکەری یەکتری.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەڕووی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداری جدیان دەبێت بەو مانایەی کە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەبێ بەشداری کردنی بزووتنە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکاریەکی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی دۆگما دەمێنێتەوەو لە چوارچێوەی ترادسیۆنە کۆنەکانی کۆمەڵگادالە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵی گرنگیان دەبێت لەبەرجەستەکردنی سیستمی دیموکراسی کە بەیاسا ماف و ئازادی تاکەکانی کۆمەڵگا تێیدا دەستەبەر دەبێت، ئەمەش ئەو ژینەگەیەیە کە تاکی کۆمەڵگا بەشداری سیاسی خۆی دەکات‌و بوونی هاوولاتی بوونی خۆی پەیڕەو دەکات ، وە ئەم پرۆسەیەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەپارتە سیاسیەکانەوە هەیە لە کۆمەڵگادا، ئەرکی هەموو حزبە سیاسیەکانە کە لەو دەسەڵاتی سیاسی و سیستمە سیاسیەی کە هەیە هاوکار

هاوپشتیوان بێت بۆ گەشەکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بتوانێت هاوکار بێت بۆ ئەوەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی وەها دەستەبەرکات، کە گۆڕان و گەشەکردنی بزووتنەوە کۆمەلأیەتیەکان بتوانێت ڕیزبەندی و هاوئامانجی خۆیان ڕێك بخەن وە ئەم حالەتەش بۆ ئەو کۆمەلگایانەی لە حالەتی ڕاگوزەردان ئەرکێکی جدی پارتە سکولار و دیموکرات و مەدەنییەکانە، کە ئەم حالەتەش لە کۆمەلگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر جیاوازە لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تر جیاوزە وە لە سیستەمێکی کۆمەلأیەتی گەشەکردوودا جیاوازە بۆ سیستەمێکی دواکەوتووی کۆمەلأیەتی لەم حالەتەدا ڕۆڵ و دەوری بزووتنەوە کۆمەلأیەتیەکان خۆی دەگۆڕێت بە شێوەی جیاواز و ڕەنگی جیاواز.

هەروەك لەسەرەتادا باسمانکرد، لە ڕەوتی گەشەکردنی هەرکۆمەلگایەکدا ئەم بزووتنەوە کۆمەلأیەتیانە خۆیان ڕێکدەخەن و دروشم و ئامانجی خۆیان بەرزدەکەنەوە (بەدروشمی نوێخواز و کۆنەپارێزیشەوە) لێرەدا جەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە کە تاك لە کۆمەلگادا لە ڕێگای بزووتنەوەکانی خۆیانەوە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خودی خۆی دەکات و هەم دەنگ و ڕەنگی دەبێت لەو سیستەمە سیاسییەی کە هەیە زیاتر مەبەستمان لە سیستەمە دیموکراسیەکانە یان ئەوکۆمەلگایانەی کە بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێنن.

مەبەستمانە لە ڕووی ئەم تیۆرانەوە مێژووی کاریگەریی بزووتنەوە کۆمەلأیەتیەکان لەسەر ئاستی کۆمەلگا پێوانەیەکی واقعی بۆ هەرێمی کوردستان بکەین.

هەرێمی کوردستان لەماوەی دەسەلأتدارێتی خۆیدا، بە ڕەچاوکردنی ئەو مێژووە خوێناوی و پڕ لە ململانێ توندوتیژییەی هەموو ترادسیۆنە دواکەوتووە کۆمەلأیەتیەکان ئاستی دواکەوتووی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئابووریەکی پێشکەوتوو، لەمپەربوون لەبەردەم گەشەسەندنی پارت و بزووتنەوە کۆمەلأیەتیەکان، سەرباری ئەمانەش دەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەلأیەتیەکان لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان زیاتر خۆی بەرجەستەکرد ئەویش بەهۆی هەبوونی ئازادی و کرانەوەی کۆمەلگای کوردستان ڕۆڵی گەشەکردنی باری ئابووری و زیاتر دەرکەوتنی چینی ناوەند و وەکاریگەریی ڕەهەندەکانی عەولەمە و پەیوەندیەکان و ئەنتەرنێت، وەلەهەمان کاتدا پەیڕەوکردنی پرانسیپەکانی دیموکراتی و هەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەرایەتی لەلایەن تاکی کۆمەلگاوە و هەبوونی دەسەلأتەکانی پەرلەمان و حکومەتو دادوەریی... وە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکایانەدا کاریگەریی هەبووە لەسەر لایەنی گەشەکردنی هوشیاریی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەمانەش بوونەتە کۆمەلێك فاکتەر کە ژینگەیەکی باش پێك دەهێنێت بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان.

سەرباری ئەمانەش هێشتا ئەم بزووتنەوە کۆمەلأیەتیانە بە شێوەیەکی گشتی ماهیەت و شوناسی خۆیان بەیان نەکردووە و وتاری خۆیان لەگەڵ دەسەلأت یەکلانەکردۆتەوە بەلأم لەڕووی پەیکەرەوە خۆئامادەکردنێکی باش هەیە کە بووەتە سیمایەك بۆ گەشەکردنی کۆمەلأیەتی و ریزبەندیی تاکەکان لە کۆمەلگادا وە ئەرك و ڕۆڵی ئەم بزووتنەوانە بخەنەگەڕ لە پێناو ئامانجەکانیان ئەویش کە گۆڕانکاری ژیانی ئابووری کۆمەلأتییە وە خۆیان ڕێکبخەن لەسەر یەکلایکردنەوەی ئەو ململانییەی کە لە کۆمەلگای کوردستان دەگوزەرێت لە نێوان فەرهەنگی کۆن و دیاردە نوێکاندا،ئەم ململانێیە دەبێت بە شێوەیەکی عەقلأنی لەگەڵ کەلتووری سونەتیدا هەیە یەکلاییبکرێتەوە وە پرۆسەکە بە فلتەری عەقلأنیدا گوزەر بکات پرۆسەی گۆڕانکاریی بە شێوەیەکی مەدەنی وەها

مەترەح بکرێت کەکۆمەڵگا لە دۆخی ڕاگوزەر و نائارام بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێناسەکراو کە ئەمەش ئەرکی هەموو پارتە پێشکەوتنخواز و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنبیران و دام دەزگاکانی دەسەڵاتە کە ڕۆڵیان هەبێت لە ئاڕاستەکردنی ئەم پرۆسەیە و بۆ ئامادەکردنی ژینگەیەکی گەشەکردووی کۆمەڵایەتی.

دیارە لە کۆمەڵگای کوردستاندا زۆر لەو بزووتنەوانە خۆیان بەیان کردووە کە ئێستا زیاتر لە (١٠٠) ڕێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵە هەیە کە زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگا بە شێوەی جیاواز ریزبەندیی خۆیان کردووە وەك کرێکاران، خوێندکاران ، ژنان، مافپەروەران، دکتۆرەکان کارمەندنی تەندروستی زیندانیانی سیاسی و یەکێتی فەرمانبەران و ژینگە، کە هەریەك لەم بزووتنەوانە پۆلێنکراون بە پێی هاوچەشنی کارەکانیان و هاوبەرژەوەندی و ئامانجی تاکەکەیان کە هەریەکەیان خۆیان ڕێك خستووە و بەرنامە و ئامانجی ئابووری خۆیان هەیە یان ئامانجی گشتیان هەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، وە ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی دیموکراتیانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەرایەتی خۆیان دیاریکردووە وەك داکۆکی کارێك لە ئامانجەکانیان بۆ ئەم مەبەستەش بارەگا و ئیدارە و کارنامەی خۆیان هەیە وە لەگەڵ دەسەڵاتیشدا لەو توویژدان بۆ چاکردنی باری گوزەرانی ئەندامەکانی خۆیان وە لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا ڕیزبەندیی خۆیان ڕێکخستووە لە یەکێك لەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانەدا بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان وە ئەم ڕێکخراوانە خاوەن ئایدۆلۆژیا و عەقیدەیەکی دیار کراونین بە هەموو جیاوازیەکانیانە وە خۆیان ڕێکخستووەو ئامانجیان بەدەستهێنانی ماف وئازادیو باشتر کردنی باری گوزەرانیان و خزمەتگوزاری زیاتر و دادوەری کۆمەڵایەتیە.

••••

وە لە کوردستاندا تا ئێستا ئەم بزووتنەوانە بەشێوەیەکی باش لە ڕووی سیاسیەوە سەربەخۆ نین و کاریگەری پارتە سیاسیەکان یان پاشکۆی پارتە سیاسیەکانی کوردستانن بە شێوەیەك لە شێوەکان سێبەری حزب بن و بەرگری لە سیاسەتی حزبەکان بکەن و ئامانجەکانیان لەناو پارتێکی سیاسیدا ببیننەوەو پارتی سیاسی کەناڵێك بێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بەڵام دواجار ئەگەر بەم شێوەیەش بێت لە ئێستادا داواکاری و ئامانجی ئەم بزووتنەوانە ڕووبەڕووی حزبەکان دەبنەوە کە لە دەسەڵاتدان، ئەم بزووتنەوانە ڕەخنە دەگرن و داواکاری پێشکەشی حکومەت و دەسەڵات دەکەن بۆ باشتر کردنی ڕەوشی تاکەکان، وەزۆرجاریش ناڕەزایەتی دەردەبڕن و دێنە سەرجادە و خۆپیشاندان دەکەن و مومارەسەی ئازادیەکانی خۆیان دەکەن، ئەگەر لە ڕووی زانستی سیاسییەوە سەیری ئەم پرۆسەیە بکەین هەرچەندە زۆر لە سەرەتادایە بەڵام لەڕووی کۆمەڵناسی سیاسیەوە شیکاری بۆ بکەین هەنگاوێکی باشی دیموکراسیەو ڕێکخستن و ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتیە بۆ گۆڕانکاری ئامانجی گشت تاکەکان، تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگای کۆبەندی هێزی هاوچەشنی خۆی هێزێك پێك بهێنێت کە دواجار گۆڕانکاری بخاتەڕوو بۆ هەرتاکێکی کۆمەڵگا چ لە ڕووی ماف و ئازادیو ژیانێکی شایستە بۆ خودی تاك فەراهەم بکات وە تاکی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ بەشداری سیاسی بکات دەنگ و ڕەنگ و پێگەی هەبێت لە دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی کەدادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی فەراهەم بکات.

ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان و پەیوەندیان بەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەوە مەسەلەیەکی هەستیار و گرنگ و پڕ بایەخە بۆ هەرپارتێکی سیاسی کە بیەوێت درێژە بەتەمەنی سیاسی خۆی بدات چونکە ئەم پەیوەندیە لە سیستمی دیموکراتیە چارەنووسی زۆر پارت دیار دەکات.

••••

لە کاتێکدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگادا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی خۆی ڕێکدەخات و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان سەر هەڵدەدات، دەبێت پارتی سیاسی بونیاد و پێکهاتە و ناسنامە و فکری کۆمەڵایەتی یان چینایەتی دیاریکراو یان پەیوەست بە عەقیدەیەکی دسپلین کراوەوە خۆی ڕزگار بکات بۆ چین توێژێکی دیاریکراو وە دەبێت لەتاکە فکرە و ئایدۆلۆژی سنووردار دوور بکەوێتەوە لەسەر بنەماکانی چەمکی پولاریزم سیاسەتێکی باش و گونجا و بگرێتە بەر بۆ زۆربەی کۆمەڵ هەموو جیاوازی فراوانیەکانیش لەبەرچاو بگرێت، ئەمەش پێویستی بە کۆدەنگی و فەرامۆش نەکردنی بەرژەوەندییە گشتیەکان هەیە و دەبێت نوێنەرایەتی ئەم داواکاریانە لە حیزب و دەسەلاتدا لە هەموو کات و شوێن ئاستەکاندا لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ بکەن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی و دادپەروەری، وەبەشداری پێکردنی تاکی کۆمەڵگا و خوێندنەوەیانە لە پرۆسەی سیاسیدا بە هەموو جیاوازیەکانیانەوە. هەربۆیە لە سیستمی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی هەرپارتێکی سیاسی ڕۆڵو کاریگەری دەبێت کە ئەمەش لە ناو بەرنامەو ئەجندای خەباتی خۆیدا دەبێت ڕەنگدانەوەو کاریگەریی هەبێت لەسەر کۆمەڵگا، لەم حاڵەتەدا هەر پارتێك لە ئۆپۆزسیۆن بێت یان لە دەسەلاتدا بێت دەبێت ئامانجی بۆ هاوکاری و هاوپشتیوانی لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە بێت بە ئاڕاستەی گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی کۆمەڵایەتی کە بەرەو قۆناغێکی باشتر و تاکی کۆمەڵگا ئامانج بێت بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی گشت ماف و ئازادییەکان بەم پرۆسەیەش ئەو پارتە سیاسیە دەتوانێت پشتیوانی و هاوسۆزیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بۆ خۆی دەستە بەر بکات و دواجار لە پرۆسەی سیاسیدا دەسەلات بۆ خۆی بباتەوە بۆیە دەبێت پارتی سیاسی وەك هەر بزووتنەوەیەکی تری کۆمەڵایەتی پەیوەندی خۆی



هاوتەریبکات لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان و لەگەڵ ئامانج و جوڵاندنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، ئەگەر هەر پارتێکی سیاسی لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیە کاری خۆی ئەنجام بدا کە توانای ئاوێتە بوونی نەبێت لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ئەوە ئەو پارتە دەبێتە پاشکۆی کۆمەڵگا و توانای بەدەستهێنانی کەم دەبێت بۆ دەسەلات لە پەراوێزی کۆمەڵگادا وەك هێزێکی ناکاریگەر خۆی بەیان دەکات.

ئەم پەیوەندییەش هەروا کارێکی ئاسان نیە پارتی سیاسی دەبێت وتاری خۆی لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگا بە ڕوونی بەیان بکات وە دەبێت کارەکتەرێکی بەهێز بێت بۆ یەکلایکردنەوەی هەموو دیاردە نەریتیەکان و وەك هێزێك پشتیوانی لە ماف ئازادییەکان و چەسپاندنی پڕانسیپی دیموکراتی بەشداری سیاسی و بەشداری تاك لە بواری سیاسیدا و بەدەست هێنانی زیاتری دادپەروەری کۆمەڵایەتی وە دواجار پارتی سیاسی دەبێت پشتیوانی لەیاسا گەلێك بکات کە ڕێگریی لە هەموو فەرهەنگێکی کۆن دەکات زەمینە بۆ نوێخوازی دەڕەخسێنێت لە کۆمەڵگادا وەهەر پارتێکی سیاسی بەم ئەرکانە هەڵسا ئەوە ئەوپارتە بەردەوامی دەبێت لەکاری سیاسیدا بۆ گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگادا......

خوێنەری بەڕێز لە ژمارە (١٠) گۆڤاری نوێ بووندا لەسەر ئەم بابەتە سێ نووسینی گرنگ لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە بەشێوەیەکی زانستی مامەڵە لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا کراوە بەشێوەیەکی زانستی هەڵسەنگاندنی ئەم چەمکە تاوتوێکراوە هیواداریین ئەم بابەتانە ببێتە مایەی پێشخستنی زانیارییەکانمان لەسەر گۆڕان و بزاووتە کۆمەڵایەتیەکان.

سەرنووسەر

# لێکـــــــۆڵینەوە


- فەرەنسا جـــەنگـی نێوان دەسـەلات و شـــــەقـــام.
- گـــۆڕانی کـــۆمەلایەتی لەبەردەم تێزە جـــیاوازەکاندا.
- کـــۆچەریانی ســــــەردەم و پەنابەرانی ئـــــازادی.
- دەســـــەلات لـــــە وڵاتـــانی جیهـــانی ســـێ یە م.


••••

# فەرەنسا

## جـەنگـی نێوان دەسـەڵات و شـــەقـام

**خوێندنەوەی کەلتووری تووڕەیی و مانگرتن لەفەرەنسا**

**بەرزان فەرەج**

جەدەلیـەتی پەیوەنـدی ململانـێ ئـامێزو پێکـدادانی نێـوان شـەقام و دەسـەڵات یـان جـەماوەرو حـوکمڕان لەسـەرەتاکانی شۆڕشـی فەرەنسیەوە لەسـاڵی (١٧٨٩) وە رەگ دا ئـەکوتێ و ئەبێتـە کەرەسـتەی بزوانـدنی هـەموو قـەیران و ناکۆکییـە ناوخۆییـەکانی کۆمەڵگـەی فەرەنسـی هاوچـەرخ لەگەشـتی گـەڕان بـەدوای شوناسـی خۆیـدا، بێگومـان ئـەم هاوکێشـە جەدەلیـە خـۆی بنـەمای هـەموو ئـەو پرسـیارە سیاسـیو فەلسـەفیانە بـوو کەبیرمەنـدو رۆشـنگەرانی فەرەنسـی وەکـو چـەمکێکی دیالێکتی و فەلسەفی قۆنـاغێکی گرنگی چـەرخـی رێنیسانسیان پـێ تایبەتمەنـدکرد، بیرمـان نەچـێت خوێندنـەوە جیاکـانی فەیلەسـوفانی وەکـو مۆنتسـکیو و رۆسـۆ و ریشیلیۆ و بلانکی و کۆنت و دواتر سان سیمۆن فۆریێ و ئـەوانی دی دوای شۆڕشـی فەرەنسی لەتێڕامان و شیکردنەوەی پەیوەندییـەکانی نێـوان دەسـەڵات و رەعیـەت و

••••

هەواڵنامەی

گەڕان بەدوای شێوە سیستەمێکی سیاسی مۆدێرن کەتیایدا هاوبەشی جەماوەرو چینە مەدەنییە نوێکانی ببێتە پایەکانی حوکمڕانییەکی پابەند لەسەر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێ بەدیاریکردنی ماف و ئەرك و هاوبەشی ئەندامان لەبنیاتنانی کۆمەڵدا، مەشخەڵی شۆڕشی فەرەنسی هەڵگیرساندو دایە دەست رابەرانی بۆرژوای شۆڕشگێرو چینی رۆشنگەری ئەو کاتە و دواتر. هەروەها بیرمان نەچێت کە ملاملانێی سەرەکی دەسەڵات بەهەموو قەیرانەکانییەوە لەگەڵ شەقام و خەڵکیدا بوو، دەسەڵاتێك کە لەهەرەمی سەرەوەیداو لەپێکهاتە نوێنەرایەتییەکانیدا لەدوای پاشاوە جگەلە چینە وابەستەکانی دەسەڵات لەمیرو بەگزادە و پیاوانی ئایینی ئیدی جەماوەری بەرەعیەت و خەڵکی رەشۆکی ناوزەند کردبوو. بێگومان داگیرکردن و روخاندنی زیندانی باستیل ئاماژەی روخاندنی دەسەڵاتێکی پشتکردوو لەخەڵکی و رەهاکردنی تواناکانی جەماوەرو گەڕاندنەوەی حوکم و توانابوو لەدەسەڵاتدارانەوەبۆ جەماوەرەکە قوربانی سەرەکی هەموو قەیرانە ئابووری و هەژاری و لاوازی سیستەمی دەسەڵاتی پاشایی و داڕمانی ئابورییەکەی بوو، جگە لەمانەش جێی زانینە کەهۆیەکی هەرە سەرەکی روخانی رژێمی پاشایەتی فەرەنساو راپەڕینی گەل ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوقەیرانە ئابورییە سەختەی کەفەرەنسا ئەوساتە تێیدا ئەژیا بەهۆی ئەوقەرزە ئابورییە زۆرەی کەوتە سەری لەئەنجامی بەتاڵکردنەوەی خەزێنەی دەوڵەت بۆ ئامانجێکی سیاسیو بەکارهێنانی لەجەنگی رزگارکردنی ئەمەریکا لەژێردەستەیی بەریتانیا، کەخەڵکی راپەڕیوی فەرەنسای لەکۆڵانە برسییەکانی پاریسەوە بەرەو کۆشکی قەشەنگی ڤێرسای برد بۆ بەدەستهێنانەوەی نانی رۆژانەی میللەتێك کە لەلای ماری ئەنتوانێت بەکێك ئەکرا.





## ئایا شەقام حوکم دەکات یان دەسەڵات؟

لەو ساتەوەو لەداوی

بڵاوکردنەوەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانێتی کەبنەماکانی جمهوریەتی فەرەنسای دانا پرسیاری سەرەکی و ناکۆکی و رەگەزی هەموو ململانێکان لەفەرەنسا لەدەوری ئەو پرسیارە ئەخولێتەوە کە ئایا شەقام حوکم ئەکات یان دەسەڵات؟ یاخود سنوورەکانی خودنمایشکردنی هەریەکە لەجەماوەرو دەسەڵات لەکوێوە دەستپێدەکات و لەکوێدا کۆتایی دێت؟ ئایا ماناکان و پیادەکردنی توانای حوکم لەلایەن دەسەڵاتەوە لەدوای بەدەستهێنانی شەرعیەتی دیموکراسیەوە لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن و بەشداریپێکردنی جەماوەر لەخواستی دیاریکردنی دەسەڵاتدا تاچەند ئەتوانێت سنوورە رەهاکان ببەزێنێت و هەموو ئەو پەیمانە ئاکاری و کۆمەڵایەتییە فەرامۆش بکات کەسیستەمی نوێی دەسەڵاتی لەسەر دامەزراوە؟ لەبەرامبەریشدا جەماوەر تاچەند ئەتوانێت لەپەراوێزی پێشێلکردنی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیەدا شەرعیەت لەدەسەڵات بسێنێتەوەو لەهەر حاڵەتێکدا بێت کۆمەڵ بگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی ئاژاوەو لێکترازان و هەڵوەشانەوەی سیستەمە سیاسییە دەسەڵاتییەکەی کەزامنی بەردەوامیدانی یەکدیگیری کۆمەڵگەیە؟ کە لەڕاستیدا یەکێکە لەو پایە سەرەکیانەی جمهوریەتی فەرەنسی لەسەر دامەزارو شۆڕشی فەرەنسی لەبەیاننامە جیهانیەکەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانێتیدا بڵاویکردەوە، پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی مرۆڤدۆست لەسەر بەشێکی زۆری بنەماکانی تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی ) کەفەیلەسوفانی وەکو مۆنتسیکیۆ لەکتێبی(رۆحی یاساکان)دا کەبانگەشەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لەیەکتری ئەکرد(دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی) و رۆسۆ لە(پەیمانی کۆمەڵایەتی) و هۆبس

له (ليڤاسيۆن) و دواى ئەوانيش ئۆگست كۆنت بنەما تيۆريەكەيان داڕشت وەكو توخمە ئاكارى و ياسايى و شەرعى و دەستوورييەكانى كۆمەڵگەو دەوڵەتى نوێ كەجمهوريەتى فەرەنسا لەئەورپادا وەكو پێشەنگ پابەندى ئەو رێسايانە بوو. ئەو بنەمايانەى كەسيستەمى دەسەڵات و دەوڵەتى نوێ لەشێوەى پەيمانێكى خودويستو خۆبەخش و ناچاريانەى نێوان ئەندامان و پێكهاتە جياكانى ناو كۆمەڵگە دائەنێت بۆ دەرباز بوون لەقۆناغى ئاژاوەيى و نايەكسانى و ناعەدالەتى و ناسەقامگيرى ناو كۆمەڵگە، ئەويش بەپێكهێنانى سيستەمێكى نوێى دەسەڵاتدارىو حوكم كە تيايدا لە برى توخمە ئايينى و ميراتگرييەكانى دەست بەسەراگرتنى دەسەڵات بەبيانووى بەخششى ئاسمانى و ئايينى يان ميراتى دەرەبەگ و ميرو پاشايەتى، سيستەمێكى دەسەڵات لەنێو ئەندامەكانى كۆمەڵگەدا پێك دێت لەشێوەى پەيمانێكى كۆمەڵايەتى و ئاكارى كەتيايدا بەشێك لەكۆمەڵ دەست لەهەندێك لەئازادى خۆيان هەڵئەگرن و بەئيرادەيەكى دەستەجەمعى رێكخراو لەشێوازى ديموكراسيانەو هەڵبژاردندا، بۆ بەشێكيتر لەكۆمەڵگە كەئەركى پيادەكردن و حوكمى كۆمەڵ وەرئەگرن لەپێناوى خوڵقاندنى پێكهاتەيەكى يەكدگيرو ئارام و هاوتا كە لەخودى دەوڵەتدا خۆى ئەبينێتەوە وەكو پێكهاتەيەكى مانايى و داماڵراو لەموڵكايەتى هيچ پێكهاتەيەك. بێگومان ئەمە سيستەمێكە كەدواتر هەموو پێكهاتەكانى دەوڵەتى نوێ يان دەوڵەتى نەتەوەيى لەسەر دائەمەزرێت و ئەبێتە يەكەم بناغەى سيستەمى جيهانى نوێ كەدواتر لەدواى گەشەكردنى شۆڕشى پيشەسازى و پێكهێنانى دەسەڵاتە پەرلەمانتارييە دەستوورييەكان بەدوا قۆناغى پەرەسەندنى ئەگات و تيايادا ئەرك‌و مافەكانى دەسگاو هێزە سياسى و كۆمەڵاتيەتييەكانى ناو كۆمەڵگە ديارى ئەكات و لێك جيا ئەكاتەوە. بەڵام پرسيارى هەرە سەرەكى تا ئەم قۆناغە لەنێو ململانێى ئەو





هێزانەى ناو كۆمەڵگەدا كەسەرجەم سيستەمەكە ئەبزوێنن وەكو خۆى ئەمێنێتەوە پەيوەندى نێوان جەماوەرو دەسەڵات، يان شەقام و دەسەڵاتە يان ئەو بەشەى كۆمەڵگەيە لەگەڵ حوكمڕاندا كەبەويستى خۆى واز لەبەشێك لەئازادييەكانى بۆ دەسەڵات دێنێت، ئەمە بەردەوامى بەناكۆكى و پێكدادانەكانى هەناوى ئەو پێكهاتە دەسەڵاتيانەئەدات كەهەندێكجار هەر لەناوو شێوازە ديموكراسيەكەو هەندێك جاريش بەخودنمايش كردنى توندو تيژانەى نێوان پێكاهاتەكان و دەسگاكانى ناو حوكمدا، كە ئەو شێوە سيستەمانە ئەخاتە ناو حاڵەتى قەيرانەوە، قەيرانى بەردەوامبوونى دەسەڵات لەگەڵ پێكهاتەكانى ناو كۆمەڵگەدا كە هەست بەپێشێلكردنى ئەو پەيمانە كۆمەڵايەتى و ئاكاريە ئەكەن كە لەنێوان ئەندامانى كۆمەڵدا بەستراوە بۆ يەكديگيرى و بەديهێنانى هاوتايى و عەدالەت لەنا و كۆمەڵگەدا وەكو توخمى سەرەكى ئارامى و سەقامگيرى نەك بۆ تەنها مانەوەى دەسەڵات و بەكارهێنانى رەهايى و پشتكردنە خواستەكانى كۆمەڵگە كە لەهێزو پێكهاتە سياسى ومەدەنى و كۆمەڵايەتى و پيشەييەكانيداخۆى بەرجەستە ئەكات. ئەمەش پرسيارى سەرەكى ديموكراسى لەنێوان دەسەڵات و جەماوەر يان شەقامدا هەميشە وەكو فەزايەكى واڵا بۆ كێشەو قەيران‌و پێكدادانەكان ئەكاتەوە كەتيايدا شكست و سەركەوتنەكانى ئەو هێزە كۆمەڵايتيانەى تێدا ئەبينين كە لەشێوەى رێكخراوەيى و هێزو حزبى سياسيدا ئەو گەمە ديموكراسييە رێك ئەخەن. ئەوپرسيارەى كە ئايا خودى شێوازى ديموكراسى‌و هەڵبژاردن كليلى شەرعيەت و رەهايى ئەدات بەدەسەڵات لەپيادەكردنى كۆمەڵگاو سەپاندنى پڕۆژە ياساكانى بەسەريدا؟ ئەمە جەدەلێكى بێكۆتايى ناكۆكى نێوان دەسەڵات و شەقامە لەفەرەنسادا كە ئەم كۆمەڵگەيەى كردۆتە خاوەنى كەلتورێكى هەميشە ئۆپۆزيسيۆنى و ناڕەزاو مانگرو بزواندنى

شەقام دژی دەسەڵات بەشێوەیەك هەندێك لە توێژی سیاسی و کۆمەڵناسەکان پێیان وایە کە خەڵکی فەرەنسا هەمیشە لەڕۆژانی شۆڕشی فەرەنسی و یاخیبوونەکانی کۆمۆنەو بەرگری نازیەت و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی شەست و هەشت و دواترەوە لەکەلتورێکی یاخی و شۆڕگێڕیدا ئەژین وەکو خاڵی بەریەککەوتنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و شەقام.

## پەیامی شەقامی فەرەنسی

بێگومان ئەگەر ئەم تێڕوانینە تاڕادەیەکی زۆر بۆ خوێندنەوەی مێژووی دێرین و هاوچەرخی فەرەنسا راست بێت، ئەوە چ نەبێت ئەو هێزو لایەنە فەرەنسیانەی کەبزوێنەر و هەمیشە نمایشکەرەوەی فەرەنسان لەوجۆرە شوناسە تایبەتی و شۆڕگێری و رەتکەرەوەو یاخیانەدا، شانازن بەوەی کەئەوان پێش هەموو شتێك هەڵگرو بەرگریکاری کەلتورو دنیابینیەکی جیهانین کەبنەما ئەخلاقیەکانی پەیوەندی مرۆڤایەتی لەسەر داڕێژراوە ئەویش لەسەرووی هەموویەوە پیرۆزکردنی خودی ئینسان و کەرامەتی و یەکسانیەتی لەناو کۆمەڵگەدا کە لەسەرووی هەموو شێوازەکانی دەسەڵاتەوەیە. لێرەوەیە کەڕێکخستنی شێوەکانی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا ئەو هێزانە هەمیشە پابەندی ئەو پرەنسیپە فەلسەفیەن کەخەڵك، شەقام و جەماوەر خاوەنی داهێنانی ئەم سیستەمە نوێیەی دەسەڵاتن و شەرعیەت بۆ ئەوان ئەگەڕێتەوەو توێژی حوکمڕان ئەو هێزە رەهایەی نییە کە لەسەرووی خواست و پێویستییەکانی جەماوەرەوە یاساکان و چۆنێتی ئیدارەکردنی کۆمەڵگە بسەپێنێت. بۆیە لەوەڵامی ئەمەدا هەمیشە لەهەموو قۆناغێکدا بەتایبەتی کاتێك قەیرانەکان رووبەڕووی دەسەڵات ئەبنەوە شەقام بەهەموو هێزو پێکهاتەکانییەوەو پشتبەستوو بە



کەلتوری رەتکردنەوەی رەهایی دەسەڵات و سەندنەوەی شەرعیەتی حوکم لێی ئامادەیی خۆی هەیەو وەڵامی ئەو پرسیارە بەکردەوە لەئیفلیجکردنی هەموو پایە سیاسی و ئابوورییەکانی دەسەڵاتدا ئەداتەوە کەئایا شەقام حوکم ئەکات یان دەسەڵات؟ سەرۆك وەزیرانی پێشووتری فەرەنسا جان پییر رافارانی سەربە بەرەی راست جارێك لەوەڵامی جۆشدانی شەقام و تەشەنەسەندنی خۆپیشاندانەکان و گرگرتنی گەڕەکە قەراغەکانی پاریس وتی : ئەوە شەقام نییە کە حوکم ئەکات، بەلام وەڵامی شەقام بۆ رافاران شکست پێهێنانی بەرنامەکانی بوو بۆ دەسکاریکردنی سیستەمی خانەنشینی و سۆشیال و کار ودواجار هەڵوەشانەوەی کابینە وەزاریەکەشی بوو.

ئەو پەیامەی شەقام لەم خودنمایش کردنانەدا نەك هەر بەدەسەڵاتی ئەگەیەنێت ئیتر چەپ بێت یان راست بەڵکو بەهەموو هێزە سیاسییە رێکخراوەکانی ململانێکانی ناو کۆمەڵگەی فەرەنسیش، ئازادبوونیەتی لەهەموو سیستەمێکی رێکخراوەیی دیسپلینکراو و ئاراستەکراوی فیکری و فەلسەفی داڕێژراو. بەڵکو ئاشکراکردنی وابەستەبوونی خۆیی و جوڵەیەتی لەقۆناغێکی هەنووکەییدا بەسەرجەم داخوازییەکانی و ئەو هەڕەشانەی دەسکاری خودی ئینسانی ئەو ئەکەن لەئێستاو ئایندەدا. راستە هاونیشتمانیانی فەرەنسی هۆکاری سەرەکین بۆ هێنانە سەردەسەڵاتی هێزو حزبە سیاسییەکان بەبەشداریکردن لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن و دەنگداندا، بەڵام هەرگیز بەڵێن و پەیمانێکی ملکەچ بوون و گوێ رایەڵی دەسەڵاتیان لەگەڵ هیچ بەرەیەکی نەراست و نەچەپدا ئیمزا نەکردووە و وەفای ئەبەدیان بۆ هیچ شێوە دەسەڵاتێك رانەگەیاندووە تەنیا وەفا نەبێت بۆ ئەو پرەنسیپانەی کەشوناس و تایبەتمەندێتی کەلتوری یاخی و رەتکرەوەی پێبەخشیون کاتێك هەستئەکەن خودی دەسەڵات هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی ئێستاو ئایندەی ئەوان.

هەواڵنامەی کتێب

# رەگەزێکی تری شوناسی کۆمەڵگەی فەرنسی

بێگومان هەر بەگەڕانەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسی رەگەزێکی تری شووناسی کۆمەڵگەو تائەگاتە سیستەمە سیاسیەکەی فەرەنسامان بۆ دەرئەکەوێت کە لەدایك بوو و هەڵچنراوی پرەنسیپ و بەها فیکری و فەلسەفیەکانی ئەو شۆڕشەیە کە لەهەمانکاتدا رەهەندێکی جیهانی و مرۆڤایەتی هەلگرتووەو پێداگرە لەسەر توخمی مرۆڤ و پیرۆزکردنی و شادکردنی لەناو کۆمەڵگەدا، لەهەمان کاتیشدا بەبنەماو پێگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە سۆشیال دیموکراتە نوێکان دائەنرێت چونکە لەبنەڕەتدا شۆڕشی فەرەنسی کەسیستەمێکی سیاسی دەسەڵاتداری هەڵتەکاندو سیستەمی جمهوری دامەزراند بەڵام لەناوەڕۆکدا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لەچەوساندنەوەی چینایەتی و جیاکاری و نایەکسانی و ناعەدالەتی، لێرەوەیە کە ئەکرێت کۆمەڵگەی فەرەنسی بەکۆمەڵگەیەکی سۆشیال و دیموکراتخوازو هەلگری بەهای مرۆڤایەتی دابنرێت کەتیایدا هەموو هێزە سیاسییەکانی بەچەپ و راستەوەو ئەوانەی خۆیان بەمیراتگری دیگۆلیەت یان جان جۆریسی باوکی سۆشیالیزمی دیموکراسی ئەزانن سەرباری جیاوازیان خۆیان بەنەوەو هەلگری ئەو بەهایانەو پەیامەکانی شۆڕشی فەرەنسی و هەریەکەیان خۆی بە بەرگریکاری جمهوریەت دائەنێت کە لەبنەڕەتدا جمهوریەتی گەل و خواستەکانیەتی. بۆیە فەرەنسا هەرچەندە یەکێکە لەدەوڵەتە سەرمایەدارییە گرنگەکانی دنیا بەڵام هێشتا دەوڵەت هێزێکی سەرەکی کۆمەڵگەیەو ئامرازێکی گرنگی راگرتنی هاوتایی و یەکسانییەو دەسگایەکی خزمەتگوزاری ئامادەیەو



ئابووری و بازاڕی ئازادی تا ئاستی بێسنوور رەها نەکردووە. هەربۆیە هەموو هێزە سیاسییەکان تائێستا شوناسی رێکخراوەیی خۆیان و پێگەیان لەنمایشکردنی پرۆگرام و بەڵێنەکانیاندا لەناو پێکهاتەیەکی بەرتەسك و دیاریکراودا قەتیس نەکردووەو سەرجەم ئەو هێزانە بەگەڕانەوە بۆ ئەو کەلتورە فەرەنسیە شۆڕش ئامێزیە مرۆییەدا لەناو سەرجەم پێکهاتەکانی گەلدا گەمەی سیاسی ئەکەن. واتە سەرباری ئەوەی کە لەفەرەنسادا هێزی راست و چەپ و کۆمۆنیست و تەنانەت بەرەی راستڕەوی رەگەزپەرستی و ناسۆنالیستی توندڕەو هەیە بەڵام هەر هەمووشیان خۆیان بەهەلگرو وەفاداری بەها مرۆڤایەتییەکانی شۆڕشی فەرەنسی و بنەماکانی جمهوریەت دائەنێن کە ئەگەر شەقام لەنێوان گەمەی گەیشتنە دەسەڵاتی ئەم هێزە سیاسیانەدا خواست و خەونەکانی خۆی جیا نەکاتەوە ئەوا خۆی لەو بازنە داخراوەدا ئەبینێتەوە کەزۆر جار لەنائومێدیدا تاکەکانی فەرەنسی وا لێئەکات کەبڵێن چەپ و راستی فەرەنسی هەلگری یەك شوناس و پەیام و پرۆگرامن و جیاوازیان نییە.

بەڵام ئەوەی تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازی لەدنیادا بەکەلتوری بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی فەرەنسا بەخشیوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەو راپەڕینە چینایەتی و جەماوەرییەکانی خەڵکی فەرەنسا لەدوای شۆڕشی فەرەنسی و کۆمۆنەی پاریسی ١٨٧١ و شۆڕشی ١٨٤١ و سەرهەڵدانی بزووتنەوە کرێکاری و سەندیکاییەکان لەسەرەتاو ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوەو لەگەڵ گەشەسەندنی بیروباوەڕی شۆشیالیزم و نێو نەتەوەیی کرێکاری، ئەوەیە کەپاش تێکەڵاوبوونێکی تەواوی بزووتنەوە جەماوەری و کرێکاری و پیشەییەکان بەبزووتنەوە سیاسییە فیکری و رۆشنگەرییەکانی بۆرژواو هەلگرانی بیری سۆشیال دیموکراتی، و تێکەڵاوبوونی ئامانجی توێژو گروهی سیاسی

هەواڵنامەی کتێب

کەخواستی ئەوەیان هەبوو لەڕێکخستنی جەماوەرو بزوتنەوەو یاخیبوونەکانییەوە بگەنە پێگەی دەسەڵات و ئەو سیستەمە سیاسییەی لایان فۆرمەڵە بووبوو دابمەزرێنن و لەنێوان ئەو گروە و هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتیانەی خواست و داواکاری رۆژانەو خەونی باشترکردنی ئایندەیان و بەدیهێنانی عەدالەتی ئابووریو کۆمەڵایەتیان هەبوو، بزووتنەوە جەماوەری و سەندیاکاییەکان سەربەخۆیی خۆیان لەخەباتی سیاسی رووت سەندەوەو هەرچەندە لەسەرجەم بزووتنەوەکەدا هاوکارو تەواوکەری بزووتنەوە سیاسی و فیکرەییەکانی فەرەنسا بوون بەڵام هیچ وابەستەییەکیان لەبەرامبەر هێزە سیاسی و رابەرەکانیدا بەسەر خۆیاندا نەسەپاند. بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی ململانێیەکی ئاشکرای نێوان سیاسەت و بزووتنەوە سەندیکایی و جەماوەرییەکان بوو کە ئەگەرچی هەردوولایان خەونی کۆمەڵگەیەکی هاوتای لەیەکچووشیان هەبووبێت بەڵام بەدووئاست و جووڵەی جیاوازدا کاریان بۆ ئەکرد. ئەم هێزانە راستە لەیەکدی جیابوونەوە بەڵام هاوپەیمان و هاوکارو لەزۆر قۆناغیشدا وەکودژ بەرامبەر یەکدی راوەستاون.

ئەگەر تایبەتمەندیەکی کۆمەڵگەی فەرەنسی و بزووتنەوەکانی خواستی سۆشیال دیموکراتی و چەپگەرایی بەزۆربەی هێزە سیاسییەکانی بەخشیبێت، ئەوا تایبەتمەندییەکی تری بریتییە لەسەربەخۆبوونی هەموو ئەو گروە و پێکهاتە چینایەتیانەی لەجەوهەری ململانێکاندان لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و یەکسان. ئەم سەربەخۆیی وەرگرتنەش لەمێژووی فەرەنسادا بە ( پەیماننامەی ئامیانت ١٩٠٦ ) ناسراوە کەتیایدا دوای مێژوویەکی درێژی بزووتنەوەی سیاسی و فیکری و سەندیکاییە پیشەیی و کرێکارییەکان کە لەقۆناغی نێونەتەوەیی یەکەمدا بەجیاوازییەکانیانەوە کۆببوونەوە بێ گەیشتنە ئەنجامی پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی کەتیایدا توێژو رابەرە سیاسییەکان و





رابەرو نوێنەرانی بزووتنەوە جەماوەری و کرێکارییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆیە دواتر لەکۆنفرانسی ئامیانتدا لەفەرەنسا پەیماننامەیەکی ئاکار لەنێوان توێژی سیاسی و توێژی سەندیکاییەکاندا ئیمزا کرا کەوەرچەرخانێکی مێژوویی لەمێژووی بزووتنەوە سیاسییەکانی فەرەنسادا خوڵقاند کە تائێستا بەڕەگەزو هۆکاری سەرەکی هەموو بزووتنەوەجەماوەرییەکان و بەردەوامی پێدانی کەلتوری شۆڕشگێری و رەتکردنەوەو یاخیبوونی فەرەنسی دائەنرێت. بەپێی پەیماننامەی ئامیانت سەندیکا شۆڕشگێڕییەکانی فەرەنسا سەربەخۆیی و جیابوونەوەی خۆیان لەبزووتنەوەی سیاسی فەرەنسی وەرگرت و ئیتر چیدی نەبوونە وابەستەو پابەندی هێزە سیاسییەکان، بەڵکو سەندیکاو بزووتنەوە کرێکاری و کۆمەڵایەتییەکان لەوساوە ستراتیژێکیان پیادەکرد کەبریتیە لە: یەکەم، بەرگریکردن لەماف و خواستە هەنووکەییەکانی چینی کرێکاران و چینەکانی خوارەوە لەژێر سایەی هەر دەسەڵاتێکدا بێت، دووەم، خەباتکردن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەو گەیشتن بەیەکسانی کۆمەڵایەتی بەڵام بەدەر لەژێر کارلێکەری هێزە سیاسییەکان. بێگومان ئەم تایبەتمەندییە کەبزووتنەوەی حزب و سەندیاکایی لەیەکدی جیاکردەوە تا ئەم ساتە لەفەرەنسادا بەردەوامەو دواتر هەموو پێکهاتە مەدەنییەکانی دی کۆمەڵگەش لەبزووتنەوە پیشەییە جیاکانەوە تارێکخراوە خوێندکارییەکانیش خۆیان لەو شێوازە خەباتەدا بینیەوە بۆ دەرباز بوون لەهەموو جۆرە ملکەچی و وەفادارییەك بۆ هێزی سیاسی، لەبەرامبەریشدا هێزو توێژە سیاسییەکان توانیان زیاتربەڕوونی ستراتیژی فیکری و سیاسی خۆیان دارێژن بەو جۆرەی وەك ئێستا هەیە حزبە سیاسییەکانی فەرەنسا وردە وردە لەدایکبوون کەشان بەشانی بزووتنەوە جەماوەرییەکە هەمیشە لەگەمەی گەیشتن بەدەسەڵاتدا بوون. بۆیە لێرەوە هەردوو ئەو باڵە گرنگەی کۆمەڵگەی فەرەنسی



هەواڵنامەی کتێب

دینامیکیەتی سەرجەم گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان پێکهێناوەو هێندەی بەبێ یەکدی ناژین هێندەش لەململانێ و ناکۆکی بەردوامدان لەجەنگی گۆڕین و ئیدارەکردنی کۆمەڵگەدا. تائێستا لەفەرەنسادا هێزە سیاسییەکان تاکە ئامرازێکی سیاسی پێویست و دەست لێبەرنەدراون بۆ گەمەی گەیشتن بەدەسەڵات و ئیدارەی کۆمەڵگە، بەڵام بزووتنەوە سەندیکاییەکانیش کە بەویستی خۆیان فەزای دەسەڵات و سیاسەتیان بەجێهێشتووە بۆ پیاوانی سیاسی، گرنگترین بزووێنەری شەقام و بەرگریکاری خواستەکانی جەماوەرو گەورەترین هەڕەشەن لەسەر مانەوەی دەسەڵات، بۆیە سەقامگیری دەسەڵات لەفەرەنسا بەندە بەهێمنی و ئارامبوونەوەی ئەم هێزە کۆمەڵایەتیانەوە کەپەیمانی پیرۆزکردنی دەسەڵات و سیاسەتیان لەگەڵ هیچ هێزێکدا ئیمزا نەکردووە. ئێستا ئەبێت لەوە تێبگەین کەبۆچی لە فەرەنسادا کەمترین کێشە تا ئەگاتە قەیرانە سەرتاسەرییەکانی گشت وڵات بەمانگرتن و راپەڕینی ئەم هێزانە وەڵام ئەدرێتەوە.

## شەقام وەکو توخمێکی هەڕەشە

لەڕاستیدا ئەم هێزانە لەپاڵ پێکهاتە سیاسییەکاندا داینەمۆیەکی تری سەرەکی بزوواندنی کۆمەڵگەو بەڵکو زۆر کاریگەرتریشن لەهێزە سیاسییەکان، ئەگەر هێزە سیاسییەکان هەموو قورسایی خۆیان لەکۆکردنەوەی جەماوەردا لەساتەکانی هەڵبژاردنە جیاوازەکاندا بخەنەکار ئەوا ئەم هێزە کۆمەڵاتیانە توانای هەمیشە بزوواندنی جەماوەرو هۆشیارکردنەوەیان هەیە لەساتی لادانی دەسەڵات لەبەڵێنەکانی و ئەو هەڕەشانەی رووبەڕووی ژیانی ئێستاو ئاییندەیان ئەبێتەوە بەتایبەتی کاتێك دەسەڵات خواستی تێپەڕکردنی بەرنامەو یاسایەکی هەبێت لەڕێگەی شەرعیەتی دیموکراسی و گروپە

••••



پەرلەمانییەکانییەوە. ئەم هێزانە قورسایی خۆیان ئەخەنەوە سەرشەقام و راستەوخۆ لەڕێی هەژاندنی ئەو ناوەندە مرۆییانەوە کەڕاستەوخۆ رووبەڕووی هەڕەشەکان ئەبنەوە، شەقام وەکو توخمێکی هەڕەشە بۆ سەردەسەڵات نمایش ئەکەنەوە. ئەم هێزانەش مێژوویەکی دێرین و رەگ و ریشەیەکی زیاد لەدووسەدەیان لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا هەیە کەوائەکات سەنگیان لەڕووی جەماوەریی و تەنانەت قەبارەی رێکخراوەیی و مرۆییشەوە زۆر لەهێزە سیاسییەکان زیاتر بێت، بۆیە هیچ دەسەڵاتێکی فەرەنسی ناتوانیت بەبێ دانوستانو گوێگرتن لەمەرج و داخوازییەکانی ئەم هێزانە هیچ یاسایەك تێپەڕێنێت.

ئەو پێکهاتە سەندیکاییانەی کەئەمڕۆ خولقێنەری رووداوە گرنگ و هەڵچوونەکانی فەرەنسان بریتین لەسێ سەندیکای سەرەکی کرێکاران و پیشەیی کەپێشتر ئاماژەم پێکرد لەناو هەناوی بزووتنەوە سیاسییە شۆڕشگێریی و سۆشیالیزمەکەی فەرەنسادا لەدایکبوون ئەوانیش:

کۆنفیدراسیۆنی گشتی کار، میراتگری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنەی پاریس و چەپی مارکسیزم ودواترCGT کەوتنە ژێر کارتێکەری پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی و ئێستا بەرگریکار لەمافە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی کرێکاران و کارکەرانی بوارە جیاوازەکانە.

هێزی کار کە لەباڵی ریفۆرمخواز و میانڕەوی ئەوەی پێشوو پێکهات و ئامادەییەکی دیاری لەنێوەندی پیشەوەرانFO و چەپی سۆشیالیستدا هەیە.

کۆنفیدراسیۆنی فەرەنسی دیموکراسی کار، کە لەسەرەتادا بریتی بوو لەسەندیکای کرێکارانی کاتۆلیکی CFDT فەرەنسی و لەقۆناغەکانی گەشەسەندیدا بەرەو هێزێکی سەندیکایی چەپی نزیك لەسۆشیالیستەکان گۆڕرا. ئەمانەولەپاڵ هێزە سیاسییە چەپەکانی فەرەنسی و هێزە کۆمەڵایەتی و مەدەنیەکانی دی وەکو

••••

خوێندکاران و بزووتنەوەکانی مافی مرۆڤ و ژنان و خێزان و بەرگریکارانی هەژاران و کەمدەرامەت و بێ لانەو بیانییە پشتگوێ خراوەکان و هتد... بەشێوەیەکی ئاسایی بەرامبەر دەسەڵاتی راست و رێکخراوی خاوەنکارەکانی فەرەنسی (مێدێف) ئەوەستنەوە کەخواستی ئەوەی هەیە کۆمەڵگەو دەوڵەتی فەرەنسی بەرەو تا دێت سەرمایەدارییەکی ئازادو رەها ببات و لەرێگەی کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت و بەتایبەتی کردنی هەموو بوارە ئابوورییەکانەوە بەتایبەتیش بوارە خزمەت گوازارییەکان فەرەنسا لەبەها کۆمەڵایەتی و سۆشیالەکانی داماڵێت. ئەمەش ناوەڕۆك ومانای ئەو ناسەقامگیریی و هەمیشە هەڵچوونەی کۆمەڵگەی فەرەنسی نیشان ئەدات کە بەمەترسیەوە لەئاییندەی خۆی ئەڕوانێت، وەڵامێکی تووڕەییەکانی ئەم دواییەی شەقامی فەرەنسیمان بۆ روون ئەکاتەوە.

## فەلسەفەی سارکۆزی

لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی سارکۆزی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا لە ٢٠٠٧ بریتی بوو لەدابڕان، دابڕان لەرابووردوو، والاکردنی تواناکانی فەرەنسا بەسەر دنیاداو گێڕانەوەی رۆڵی سەرەکی لەئەوروپاو جیهاندا. بەڵام دواتر ئەوەی فەرەنسییەکان هەستی پێئەکەن ئەوەیە کەدەسەڵاتی سارکۆزی جگە لەتاکڕەوێتی و چڕکردنەوەی دەسەڵات لەخودی خۆیداو مەرکەزیەت هیچیتر نییە، لەهەمانکاتدا چەمکی دابڕان لای ئەو بریتی بوو لەزیاتر گەیاندنی کۆمەڵگەی فەرەنسی بۆ ئاستی هەژاری و لێسەندنەوەی ئەو دەستکەوتانەی کەهێزە سەندیکایی و چەپ و کۆمەڵایەتییەکان بەخەباتێکی دوورودرێژ بەدەستیان هێناوە لەوانە بیمەی کارو مافی خانەنشینی لەتەمەنی شەستساڵیدا، سەپاندنی یاسای سی وپێنج سەعات کار لەهەفتەیەکدا لەلایەن حکومەتی چەپ بەڕابەری



لیۆنێل جۆسپانی سۆشیالسیستەوەو گەلێ دەسکەوت و خزمەتگوزاریتر وەکو کەمکردنەوەی باج لەسەر کەم دەرامەتان و یارمەتی تەندروستی و هتد..، کە بەتێڕوانینی سارکۆزی و حکومەتی راستڕەو ئەمانە هۆکاری ئەو قەیرانە سەختە ئابوورییەن کەفەرەنسا تێیدا ئەژی،لەپاڵ ئەوەشدا قەیرانی ئابووری جیهانی بووە هۆی زیاتر سەختبوونی لەسەر فەرەنسا کەبەدەر نییە لەو سیستەمە جیهانییە سەرمایەدارییەی پێکەوە تیایدا کارلێکەرو کارلێکراوە بەقەیرانەکان.

فەلسەفەی سارکۆزی لەکاتی وەرگرتنی دەسەڵاتەوە لەژێر کارلێکەری دەسگای خاوەنکاران بریتیە لە(کارکردنی زۆر بۆ دەستکەوتی زۆر)، ئەو پێیوایە کە فەرەنسییەکان زیاد لەپێویست کار ناکەن و بۆ ئەوەی ئابووری فەرەنسا بگەشێتەوە ئەبێت فەرەنسییەکان زیاتر کار بکەن بۆ ئەوەی دەستکەوت و مانگانەی زیادەیان هەبێت و لەحاڵەتی هەژاری بێنەدەرەوە بۆیە خۆی و حکومەتەکەی و لەسەر خواستی مێدێف راستەوخۆ یاسای سی و پێنج سەعات کاریان خستە ژێر پرسیارەوەو بەهۆکاری هەموو قەیرانەکانیان داناو ناڕاستەوخۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایەیان راگەیاند بەرێگەدان بەدەسگاو کارگەکان بەخستنە کاری زیاتری کرێکاران و فەرمانبەران بەخواستی خۆیان. بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا رێکخراوە سەندیکاییەکان پێیانوایە کە ئەم بەرنامەیەی حکومەتی راست جگەلە سەندنەوەی مافێك کە بەخەبات بەدەستهاتووە هیچیتر نییەو لەهەمانکاتیشدا هیچ جۆرە دەوڵەمەندیی و دەستکەوتێکی زیادەی بۆ خەڵکی فەراهەم نەکردووەو ئەوەی لێرەدا سوودمەندە خاوەنکارو سەرمایەدارە گەورەکانی فەرەنسان کەدەسەڵات جۆرێك لەبەهەشتی دارایی بۆ خوڵقاندوون بەدەستبەرەڵاکردنیان لەدەوڵەمەند بوون و کەمکردنەوەی باج لەسەر ئەوان و زۆرکردنی لەسەر خەڵك.

کەواتە جەنگێکی ئاشکرای نێوان شەقام و دەسەڵات کەتیایدا هەر یەکەیان

••••

لەڕوانگەی دەربازکردنی فەرەنسا لەهەڵدێران و پاراستنی شوناس و بەها جیهانییەکانی ململانێی بەرەکەیتر ئەکات، جەنگێکە لەنێوان دوو تێڕوانینی جیاوازی مێژووی فەرەنساوە، دەسەڵات کەخۆی بەپارێزەری بەهاکانی جمهوریەت ئەزانێت ئەیەوێت هەردەم بەگێڕانەوەی هاونیشتمانیان بۆ ژێر باری یاساکان پێگەی جیهانی فەرەنسا بپارێزێت ئەگەرچی لەسەر حسابی پاشەکشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکانیش بێت بۆ هەمیشە بەزلهێزی مانەوەی فەرەنسا، شەقامیش بەهەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانیەوە بەرگری لەبەهاو چەندین دەسکەوتی مێژوویی ئەکات کەدەرەئەنجامی خەباتێکی بێوچانی خەڵکی فەرەنسان کە لەهەمانکاتدا ئەو دەسکەوتانە رەهەندی جیهانی و مرۆڤایەتیان هەیەو هەر پاشەکشێیەك لێیان لادانە لەو پەیمانە کۆمەڵایەتی و بەها ئاکارییانەی کەجمهوریەتی فەرەنسای لەسەر بنیات نراوەو تیایدا خودی مرۆڤ و هاونیشتمانی بەهای سەرەکییەو مەترسی گەورەی ئەوان لەوەدایە کەئێستا بەرەی راستی فەرەنسی بەڕابەرایەتی سارکۆزی خواستی ئەوەی هەیە فەرەنسا لەپرەنسیپەکانی جمهوریەت و لەسیمای سۆشیالی داماڵێت و بەرەو سەرمایەداریی جەنگەڵیی و شێوە ئەمەریکایی ببات.

## فەرەنسا بەها مرۆییەکانی لەدەستنەداوە

ئەوەی مەترسی لای

هێزە کۆمەڵایەتییەکان دروستکردووە ئەوەیە کە لەدوای شکستە مێژووییەکەی چەپ بەرابەری لیۆنێل جۆسپانی کاندیدی پارتی سۆشیالیست لەبەرامبەر راستدا لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ٢٠٠٢ کە لەوساوە فەرەنسا بەخواستێکی ناچاری

••••



بێت یان بەهۆی لێکداپچڕاوی و پەرتەوازەیی چەپ و نائاشکرایی بەرنامەی ستراتیژیان لەبەرامبەر جهیانێکدا کە لەلایەکەوە قەیرانی ئابووری تادێت تەنگی پێهەڵئەچنێت و هەستی تاکڕەوی وخودپەرستی لای کەسان ئەخاتە شوێنی بیرکردنەوەی دەستەجەمعی و هاوکاری و لەلایەکیترەوە گەمەکردن لەسەر مەترسییەکانی ئاسایش و توندوتیژیی و هەڕەشەی تیرۆر کەتیاییدا زۆرجار هاونیشتمانییە بەرەگەز بیانییەکان و تاوانبارکردنی سیاسەتی دەرگاکردنەوەی بێباکانەی چەپ ئەبنە قوربانی، خۆداخستنەوە لەناو شوناسی نەتەوەیی وهەلگری ترس لەوانی دی، فەرەنسای لەباوەشی دیماگۆگی راستدا حەشار داوە لەکاتێکدا هێشتا ئەم کۆمەڵگەیە بەها مرۆییەکانی خۆی لەدەستنەداوە. لەو ساتەوە هێزی راست ئەیەوێت هەموو ریفۆرمەکانی خۆی بەهەڵەکانی پێشووی چەپ و سۆشیالسیستەکاندا هەڵواسێت و ئەوان بەلێپرسراوی هەموو قەیرانەکانی فەرەنسا تاوانبار بکات تا ئەو رادەیەی کەهەرچی دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پێشووە لەنێو کۆمەڵێك ریفۆرم و یاسای راستڕەوی نوێدا هەڵبوەشێنێتەوە. ئەوەی لەمەشدا هاوکاری سەرخستنی ئەو پڕۆگرامەیە شەرعیەتی دەسەڵاتی دیموکراسییە لەکاتێکدا کەبەرەی راست بەتەنیا توانای ئەوەی هەیە لەپەرلەماندا کەخاوەنی زۆرینەی رەهای کورسییەکانە هەموو یاسایەك لەڕێگەی دەنگدانەوە تێپەڕێنیت، ئەم میتۆدو خوێندنەوەیەش بۆ دەسەڵات بەتەواوی بەلای هێزە کاریگەرەکانی ناو کۆمەڵگەوە کە بەشەقام ناوی ئەنێین رەتکراوەیەو هەرگیز تێناپەڕێت، بەلای ئەو هێزانەوە حوکمکردن تەنها مانای پەیوەندی هێزی نێوان زۆرینەو کەمینە نییە، بەڵکو حوکمکردن ئیدارەکردن و لێپرسراویەتی کۆمەڵگەو دەوڵەتە بەهەمیشە ئامادەبوونی مێژوو و ئەو بەهایانەی بەرهەمی خوێن و خەباتن کەهەرگیز بابەتی گەمەی دەسەڵات

••••

هەواڵنامەی کتێب

نین، بۆیە کەمینە دواجار ئەگەر لەناو دەسگا شەرعییەکانی دەسەڵاتدا وەکو پەرلەمان و سیناو ئەنجومەنی دەوڵەت نەتوانێت رێگە لەپڕۆژە ترسناکەکانی حکومەت بگرێت ئەواهەژاندنی شەقام هەمیشە چەکێکی ستراتیژی و کاریگەرترە بۆ شکست پێهێنانی ستراتیژی دەسەڵات، تائاستی روخاندنیشی و ئەزموونەکانی پێشووی ئەم ململانێیە راستی سەرکەوتنی شەقامی بەسەر دەسەڵاتدا سەلماندووە بەشکست و هەڵوەشانەوە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتەکانی راستی ( ئالان ژوپێ، جان پییێر رافاران، دۆمۆنیك دوڤیلپان و فراسوا فییۆن ) لەئەنجامی تەقەللای سەپاندنی پڕۆژە راستڕەوییەکانیان بەسەر شەقامدا. ئەوەی ئێستاش لە فەرەنسادا جێی سەرنجڕاکێشانە بەتایبەتی لەدوای رووداوەکانی دوای ناوەڕاستی (٢٠١٠) وە لەسەرگۆڕینی یاسای خانەنشینی لەشەستساڵیەوە بەشەست و دووساڵ کەبەشێکە لەکۆی قەیرانەکانی فەرەنسا، ئەوەی شەقام نیشانی دەسەڵاتیدا، شکست هێنانێتی لەئیدارەکردنی کۆمەڵگەداو نەمانی پردی دڵنیایی و باوەڕە لەنێوان جەماوەرو توێژی حوکمڕان و دارمانی خودی دەسەڵاتە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا کەئەشیت بەتەنیا لەبەرامبەر هەڵچوونی سەرجەم شەقامی فەرەنسیدا بمێنێتەوە. تەنانەت گۆڕانکاری لەکابینەی حکومەتداو لابردن و جێگۆڕکێ بەهەندێك وەزیر تەنها هەوڵێکی بێهودانەی دەسەڵاتە بۆ هێورکردنەوەی شەقام لەخۆ ئامادەکردنیدا بۆ جەنگی داهاتوو، چونکە بەلای شەقامەوە هەرچەندە دەسەڵات بەزەبری شەرعیەتی پەرلەمانی و پشتگوێ خستنی هەموو ئەکتەرە گرنگ و کاریگەرەکانی ناوکۆمەڵگەو تەنانەت پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و بەها مێژووییەکانی فەرەنساش، وەکو مارتین ئۆبری سکرتێری یەکەمی پارتی سۆشیالستی فەرەنسا وتی ( حکومەتی راست ناعەدالەترین پڕۆژەی یاسای خانەنشینی لەجیهاندا سەپاند) و هەرچەندە شەقاملەبەرەیەکی ئەو جەنگەدا



شکستی هێنا بەڵام هێشتا جەنگەکە تەواو نەبووەو ئەو لەئێستاوە هەرەسی سەرجەم ستراتیژی دەسەڵات و مانەوەی راگەیاندووە، تاڕادەیەك کەڕاست ئەخوازێت لەگەڵ شکستی داهاتووی خۆیدا سەرجەم هەموو ئەو دەسکەوتانەش لەناو بەرێت کەسیما جیهانیە مرۆییەکەی فەرەنسای پێناسراوە. بەلای هەندێکەوە راستی فەرەنسی وێنەیەکی دیماگۆگی فەرەنسای لەبەرامبەر دەرەوەدا راگرتووە کەتیایدا فەرەنسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی هەلگری گوتارە مرۆڤگەراو جیهانییەکەی ئەم میللەتەن شەرم لەفەرەنسی بوونی خۆیان ئەکەن، پێیانوایە فەرەنسا لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا هیچ بەهایەکی نەماوە بەرگری لێبکات، دەسەڵاتێك کەبەئاشکرا لەیاساکانیدا جیاکاری رەگەزپەرستی لەنێو هاونیشتمانەکانیدا بکات، بەهەزاران لەقەرەج و بێدەرەتانەکانی رۆمان فڕێ بداتە دەرەوەی سنوورەکانی و هەڕەشەی سەندنەوەی رەگەزنامەی فەرەنسی لەبیانییەکان بکات، تاوان و ناسەقامگیریی ئاسایش بخاتە پاڵ بیانییەکان و سانسۆر بخاتەسەر ئازادییەکان و بەسەدان هەزار خێزانی بێدەرەتان لەخانوو بێبەش بکات بەهۆی یاسا جیاکارییەکانی و سنووردانان لەبەردەم نافەرەنسییەکاندا بۆئەوەی هەردەم لەپەراوێزی کۆمەڵگەدا بمێننەوە، تا ئەو رادەیەی یەکێتی ئەوروپا سەرزەنشتی سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە بکات کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی یەکێتی ئەوروپاو مافی مرۆڤدا یەکناگرێتەوە، ئیدی شتێکی وای نەماوە لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم دەسەڵاتەدا شانازی پێوە بکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

# فەرەنسا وڵاتێكی نەخۆش و لاوازە

**فەرەنسا كە وەكو بەشێكی جیهان**

كەوتۆتە ژێر كارلێكەری ئەو قەیرانە ئابوورییەی لەهەناوی سیستمە سەرمایەداریی و رۆژئاواییەكاندا تەقییەوە بەتایبەتی لەژێر سایەی گەورەترین زلهێزی ئابووری جیهان كەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە، لەئەنجامی نابووتبوونی یەك لەدوای یەكی بانكە مەزنەكان، بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، كەمی خۆراك و بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی خۆراك و شمەكە سەرەكییەكانی ژیان، سستبوونی گەشەسەندنی ئابووری كەئەمانە تاڕادەیەك خۆری سەرمایەداریی و رۆژئاوایان بەرەو ئاوابوون نزیك كردۆتەوە، فەرەنسا لەناو سەرجەم ئەم قەیرانەدا كەوتۆتەوە ناو بازنەی قەیرانە تایبەتییەكانی خۆیەوە كەبریتین لەقەیرانی ئابووری و بێكاریی و هەژاری، قەیرانی شوناس و ڕێكخستنی پەیوەندییە ئاڵۆزەكانی ناو پێكهاتەكانی و مامەڵەی شوناسە بیانییەكانیتر كە نەتوانراوە لە كەلتورو شوناسی فەرەنسیدا بتوێنرێنەوە كەئەمە بەردەوام كێشەیەكی دیاریكردنی شوناسی لای فەرەنسا خوڵقاندووە، دواجار قەیرانی فەرەنسا وەكو خودی خۆی و مێژووەكەی و پێگەی لەلایەكەوە لەناو كۆمەڵگەی ئەوروپی و یەكێتییەكەیدا كەئەندامانی چیتر بالادەستی هەندێك هێزیان پێ قبوڵ ناكرێ لەوانە فەرەنسا كەخۆی لەقەیراندا ئەژی و شوێنی فەرەنسا لەدنیایەكدا كە تادێت رۆڵی سیاسی لەمەسەلە گرنگەكاندا پەراوێز ئەخرێت و لەڕووی ئابووریشەوە بەچەندین قۆناغ ئەكەوێتە دوای ئەو زلهێزە ئابوورییە نوێیانەی پەلاماری دنیایان داوەو خۆری گەشیان لێهەڵكراوە وەكو چین كەئێستا بووەتە دووەهەمین هێزی ئابووری دنیاو چاوەڕوان ئەكرێت لەماوەی چەند ساڵێكی كەمدا ببێتە هێزی یەكەم. لەنێو دۆزەخی ئەم قەیرانانەدا حكومەتە یەك





لەدوای یەكەكانی راست لەفەرەنسا لەهەوڵێكی بێهودەدا بوون بۆ خستنەوە سەر پێی فەرەنساو دەربازكردنی لەقەیرانە ئابووری و سیاسی و شوناسییەكانی، لەكاتێكدا كە فرانسوا فییۆنی سەرۆك وەزیران دانی بەوەدا نا كەخەزێنەی دەوڵەت خاڵییەو ئەو ئەبێت لەسەر بودجەیەكی نێگەتیف و بەتاڵەوە كێشەكان چارەسەر بكات، بۆیە بەلای راستەوە تاكە ڕێگا لەوانەیە كەمكردنەوەی خزمەتگوزارییەكانی دەوڵەت و بیمەكانی سۆشیال و تەندروستی و زیادكردنی باج و ناچاركردنی خەڵكی بێت بۆ زیاتر ئیشكردن تاوەكو فەرەنسا بتوانێت مەرجەكانی ڕێككەوتننامەی ماستریت ١٩٩١ جێبەجێبكات كە لەدوا گۆڕنكارییەكاندا لەڕێككەوتننامەكانی ئەمستەردام، نیس، لیشبۆن ٢٠٠٩، بڕیاریان لەسەر دراوە وەكو مەرج بۆ هەموو وڵاتە ئەندامەكانی یەكێتی ئەوروپی كەئەبێت ئابوورییەكەیان لەئاستێكدا بپارێزن كەرێژەی قەرزە گشتییەكانی هەر وڵاتێك لە ٪٦٠ زیاتر نەبێت و رێژەی دابەزینی بودجەی نەگاتە خوار ٪٣.

بەڵام فەرەنسا بەپێی نوێترین توێژینەوەو ئامارەكان لەو ئاستە ئابووری و پێگەیەدا نییە كەمەرجەكانی ڕێككەوتننامەی ماستریتی جێبەجێكردبێت. لەبەر رۆشنایی ڕێكخراوی چالاكی و پەرەپێدانی ئابووری كە چاودێری وڵاتەكانی ئەوروپا ئەكات، فەرەنسا یەكێكە لەپێشەوەی ئەو وڵاتانەی ئەوروپا كەزۆرترین رێژەی بێكاریی هەیەو لەدوای هەریەكە لەئیسپانیا كەرێژەی بێكاریی تیایدا ٪١٩، سلۆڤاكیا٪١٤، هەنگاریا٪١١، پۆرتوگال و فەرەنسا دێن كە ٪١٠.١ بێكاریی تێدایەو ئەمەش رێژەیەكی بەرزو هۆكارێكی سەرەكی قەیرانەكانی فەرەنسایە جگە لەوەی قەرزی گشتیی فەرەنسا لە٪٦٨ تێپەڕی كردووە. هەروەها لەژێر سایەی ئەوقەیرانە جیهانییەدا ئێستا رێژەی گەشەسەندنی ئابووری ساڵانە لەفەرەنسا زۆر لەسستی و پاشەكشێدایەو كە لەكۆتایی ٢٠١٠ دا تەنها ٪١.٥ و چاوەڕوان ناكرێت لە ٢٠١١ دا لە

١.٦٪ تێپەڕێت کەئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بەبەراوردکردنی لەگەڵ هاوسێ ئەوروپیەکانیدا کە ئەو ڕێژەیە لەئەڵمانیا ٢.٢٪، لەبەریتانیا ٢٪، وە لەوڵاتێکی بچووکی وەکو سوید ٤.٥٪، بێگومان ئەمە هەرگیز بەراورد ناکرێت بەو ڕێژە هەڵچووەی گەشەی ئابووری لەوڵاتی چیندا کە لە ٢٠١٠ لە ١٠.٩٪ تێپەڕیوەو لە ٢٠١١ دا ئەگاتە ١٤٪. کەواتە فەرەنسا لەهەموو ڕوویەکەوە وڵاتێکی نەخۆش و لاوازە. ئێستا هێزە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی پێکەوە بەدوای هۆکارەکانی ئەو لاوازیەو چارەسەریدا ئەگەڕێن، ئایا ئەمە تەنها بەشێکە لەو قەیرانەی جیهانی گرتۆتەوە ؟ ئایا هەڵەی پەسەندکردنی یۆرۆیە وەکو دراوی یەکگرتووی ئەوروپا، ئایا والاکردنی یەکێتی ئەوروپایە بۆ وڵاتانی تر کە بەئابووریەکی لاوازەوە خۆیان کرد بەو ڕێکخراوەداو زیاتر بارگرانیان بۆ ئەندامە ڕەسەنەکانی پێشوو خولقاندووە؟ ئایا خەتای والاکردنی سنوورەکانی ئەوروپایە لەبەردەم کۆچی نایاسایی و مامەڵەی بێ چاودێری ئابووری و جووڵەو ئاڵوگۆڕی پارەی قاچاخ ؟ یان ئایا وەکو رامسفێڵدی وەزیری پێشووی بەرگری ئەمەریکا وتی : فەرەنسا پیر بووەو سەربە کیشوەرێکی پیرە؟ ئەمانە سەرجەم ئەو پرسیارانەن کەبەرەی ڕاستی فەرەنسا لەچارەسەرکردنیدا زیاتر چەکی پەلاماردانی زۆربەی خەڵکی فەرەنسای هەڵبژاردووە بەزیادکردنی گوزەرانێکی سەختترو باجی زیاترلەسەریان و هێنانەخوارەوەی ئاستی کڕین و لێسەندنەوەی دەستکەوتەکانی پێشوویان، لەپاڵ سەختی ئەو قەیرانە جیهانییەی ژیانی هەریەکەیانی گرتۆتەوە. بەڵام هەموو پڕۆژەکانی حکومەتی ڕاست بۆ خستنەوە سەرپێی ئەم وڵاتە شکستیان هێنا، هەر لەیاسای ( کاری لاوان، کۆنترای کاری یەکەم و دواهەمینیان یاسای خانەنشینی ) جگە لەو بەرنامە ئاییندەییەی حکومەت دایناوە بۆ هێنانە خوارەوەی یارمەتییەکانی دەوڵەت لەبوارەکانی سۆشیال و تەندروستی و بیمەی بێکاریی،





کەواچاوەروان ئەکات بتوانێت چەند سەد ملیارێك بگەڕێنێتەوە بۆ بودجەی دەوڵەت. بەڵام ئەوەی تیایدا زەرەرمەندە زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی فەرەنسین کەدواجار بۆ بەرگریکردن لەژیانی ئێستاو ئاییندەی خۆیان تەنها شەقامیان بۆ ئەمێنێتەوە کەتیایدا ڕووبەڕووی زوڵمەکانی دەوڵەت ببنەوە، هەربۆیەشە لەوەڵامی سەپاندنی دوا یاسادا بەشێوەیەکی بێوێنە ئەم جارەیان شەقامی فەرەنسی هەژا کەهەر جارێك بەمانگرتنی ملیۆنیەوە خۆی بەرامبەر دەسەڵات نمایش ئەکرد، کەتیایدا هێزە کاریگەرەکانی سەندیکاو کۆمەڵگەی مەدەنی پێشەنگ و بزوێنەری ئەو مانگرتنانە بوون کەبەدەر نەبوون لەتووڕەیی و توندوتیژیی و تیایدا کۆمەڵگەی فەرەنسی بەرجەستەی هەموو خواستەکانی خۆی ئەکرد، ڕزگاربوون لەهەژاری ، لەئابووریەکی لاواز، لەپێشێلکاری مافی کەسایەتی، لەپەراوێزخستنی توێژە نافەرەنسییەکان و بەگشتی تووڕەیی لەدەسەڵاتێك کەوێنەی فەرەنسا نمایش ناکات، ئەو پەیامەی ئەو هێزانەش ڕایئەگەیەنن، ئەوەیە کەجەنگی نێوان شەقام و دەسەڵات لەفەرەنسادا کۆتایی نەهاتووە، ئەمە قەدەری گەڕانە بەدوای شوناسی فەرەنسیبووندا.



هەواڵنامەی کتێب

# گــۆڕانی کــۆمەڵایەتی لەبەردەم تێزە جــیاوازەکاندا

## دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و رۆڵی هۆشیاری زانستی لە پرۆسەی گۆڕاندا

ئومێد قەرەداغی

یەکەم: سەرەتایەك دەربارەی چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

دووەم: لە نێوان گۆڕان و پێشکەوتندا

سێیەم: کاریگەری فاکتەری هۆشیاری زانستی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا

چوارەم: کوردستان لە بەردەم ئەگەری گۆڕاندا

••••



## یەکەم : چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

گۆڕانی کۆمەڵایـەتی یەکێکە لـەو بابەتانـەی کەبـە درێـژایی چـەندین سـەدە جێگـەی گفتوگـۆ و شـیکردنەوەی فەلسـەیی و زانسـتیی جۆراوجـۆر بـوە، بابـەتی لێکدانـەوە و بەداواداچـوونی قـووڵ بـوە، پرسـیار لـە خـودی گـۆڕان و گواسـتنەوەی کۆمـەڵگا لـە دۆخێکـەوە بـۆ دۆخێکـی دیکـە، پرسـیار لـە زەمینـەو فاکتـەرەکانی گـۆڕان پرسـیاری جـددی و گـرنگ بـوون، پرسـیار لـەوەی داخـۆ خودی گۆڕان چییە؟ بـە چ جووڵەیـەکی کۆمـەڵگا ئـەوترێت گۆڕان و چ جوڵەیـەکی دیکە بـە گـۆڕان لـە قەڵـەم نـادرێ؟ داخـۆ فاکتـەرەکانی گـۆڕان کامانـەن و لـە چ هەلومەرجێکدا گۆڕان دێتە کایەوە؟ تایبەتمەندییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی چییە؟

سەرەتا لەسەر چەند تێزێك لە بـارەی خـودی چـەمکی گۆڕانـەوە رادەوەسـتین و پاشـان وردتـر لەسـەر راڤـەکردنی چـەمکی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی رادەوەسـتین ، کۆمـەڵناس بـۆرس کـۆهین دەڵێـت (( هـەر جـۆرە گۆڕانێـك لـە پێکهاتـە و بونیـادی کۆمـەڵگادا، یـاخود رێکخـراوی کۆمەڵایەتیـدا رووبـدات بـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی نـاو دەبرێت )) [١] توێژەری بواری زانستە کۆمەڵایەتییـەکان مـۆریس جنزبـرج دەڵێـت (( گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە گـۆڕان لـە بونیـادی کۆمـەڵگادا، ئـەم گۆڕانـەش کـۆی بونیـاد و قـەبارە و شـێوەی رێکخسـتنی کۆمەڵایـەتی دەگرێتـەوە)) ، سـامویل کـوینج دەڵێت (( گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو گۆڕانەیە کە لـە شـێوازی ژیـانی مرۆڤایەتیـدا روو ئەدات و گۆڕان سروشتی هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتییە)) [٢]

غـی روشـیە چـوار تایبەتمەنـدی سـەرەکی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی دیاریـدەکات ئـەوانیش : یەکـەمیان : گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی دیاردەیـەکی گشـتیی و بـەربڵاو و

••••

زۆربەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە ، دوەمیان: گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا روو ئەدات، سێیەمیان: گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەیمومە و بەردەوامی هەیە، چوارەمیان: گۆڕانی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکی بونیادییەو ریشەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە

بەم پێییە جەختکردنەوەیەکی بەردەوام هەیە لەسەر گۆڕینی بونیادی کۆمەڵگە وەك سیمای سەرەکی هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی راستەقینە.

لە باری فەلسەفی و تیۆریشیەوە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی گفتوگۆی قووڵی فیکری و فەلسەفی دروستکردوە، بەچەندین شێوە و لە چەندین روانگەوە هەوڵی وەلامدانەوەی پرسی گۆڕان دراوە و تەفسیری جیاوازی بۆ کراوە، لەم روانگەیشەوە رەنگە کەم بابەت هەبێت هێندەی چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتی توێژینەوەی سوسیۆلۆژیا و فەلسەفی هاوچەرخ بێت، لە هەمانکاتدا کەم بابەتیش هەبێت هێندەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خرابێتە نێو جەدەلە ئایدۆلۆژی و پراگماتیستییەکانەوە، چونکە باسکردن لە گۆڕانی مێژوو یان گۆڕانی کۆمەڵگاکان و هێزەکانی گۆڕان بەتەنها باسکردن نییە لە رابردوو بەڵکو باسکردنە لە داهاتووش ، ئەگەرێکە لە پێشمانەوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هێزەکانی گۆڕان پرسیاری گرنگی نێو فەلسەفە و فیکری هاوچەرخن، هەربۆیە راڤە و تێگەیشتنی جیاواز بۆ چەمکەکە هاتۆتە ئاراوە، بیرمەندی ناسراوی کۆمەڵناسی ئۆگوست کۆنت باوەڕی وایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسەیەیە کە گەشەکردنی عەقڵ و هۆشیاری رۆڵی سەرەکی بنچینەیی دەبینێت تیایدا، گوێزانەوەی مرۆڤایەتی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی لە رێگەی گەشەکردنی عەقڵییەوە بەدیهاتوە ، ئەو سێ قۆناغی بنچینەیی بۆ پرۆسەی گۆڕان لە مێژوودا دیاری دەکات ، قۆناغی یەکەم قۆناغی باڵادەستی ئایین و پیاوانی ئایینییە و قۆناغی دواتر باڵادەستی فەلسەفەدێت و لەم





قۆناغەدا گەشەکردنی عەقڵ بەدیدێت ، بەلام دوایین قۆناغ لای ئۆگست کۆنت قۆناغی زانستە و تاکە قۆناغێکە توانای ئەوەی هەیە زانیاری یەکلاکەرەوە و دڵنیا بە مرۆڤ ببەخشێت،هێزی راستەقینەی ئەم گۆڕانەش گەشەکردنی عەقڵ و هۆشیارییە[٣]

ئەم بۆچوونەی کۆنت بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی ناکۆکییەکی توندی لەگەڵ بیری ماتریالیزمی مێژوویی و دیالێکتیکدا هەیە، مارکس لە شیکردنەوەی گۆڕاندا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەگاتە ئەو باوەڕەی بوونی کۆمەڵایەتییە هۆشیاری کۆمەڵایەتی خەڵقکردوە،بوونی مێژووییە هۆشیاریی مێژویی بەرهەمهێناوە ، بە مانایەکی دی هزر و هۆشیاریی بەرئەنجامی پەیوەندییە پەیوەندییە مادییەکانی کۆمەڵگان بەتایبەت پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ، بۆیە هەرچەشنە گۆڕانێك لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و فاکتەرەکانی بەرهەمهێناندا دەبێتە هۆی گۆڕان لە هۆشیاری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا ، بۆیە بنچینەی راستەقینەی هەموو گۆڕانێك بریتییە لە گۆڕانی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان[٤]

بەمشێوەیە لای مارکس ئەوەی بنچینەی گۆڕانە گۆڕانی فاکتەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە، هەمیشە لە دوای هەموو گۆڕانێکی راستەقینە و ریشەیی لە بونیاد و پەیوەندییەکانی بەهەمهێناندا گۆڕانی راستەقینە سەراپای کۆمەڵگاشی گرتۆتەوە ، ئەو شیکردنەوانەی مارکس بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگای کۆیلایەتییەوە بۆ سیستەمی فیودالیزم و لە فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداری خستبێتیە روو نموونەیەکی شیکاری و بەرجەستە بوە بۆ رۆڵی یەکلاکەرەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا .

## دووەم : لە نێوان گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا

لـــە ســــەردەمی نوێدا جەدەلێکی فیکری و سیاسی توند لەمەڕ چەمکی پیشکەوتن و گۆڕان هاتە ئاراوە، جەوهەری بیرۆکەی پێشکەوتن بریتییە لە (( باوەڕبوون بەوەی کە کە رەوتی مێژوو بە ئاراستەی باشترکردنی ژیانی ماددی مرۆڤ هەنگاو دەنێت و دەبێتە هۆی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانییەکی باشتر و باشتر ))[٥] (( پێشکەوتن ((بیرۆکەیەکە ئەزموون و مێژووی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ دیاری دەکاتو پێیوایە کاروبارەکانی مرۆڤ بە بەردەوامی بەرەو باشبوون ئەڕۆن ))[٦]

بیرمەند و زانستخوازی ناسراو فرانسیس بیکۆن بیرۆکەی پێشکەوتنی وەك بابەتێکی جددی هێنایەوە ئاراوە، فرانسیس بیکۆن ( ١٥٦١-١٦٢٦) باوەڕی خۆی نیشاندا کە لەسایەی زانستەوە بە گشتی و زانستە پراکتیکییەکان بە تایبەت رۆژ بەرۆژ مرۆڤایەتی هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت و زانست روخساری جیهان دەگورێت، بیکۆن بە یەکەم بیرمەند و زانستخواز دادەنرێت کە پێشبینی پێشکەوتنی بەردەوامی مرۆڤایەتی لە رێگەی زانستەوە کردوە ، زانست دەتوانێت خۆشگوزەرانی دابین بکات، دوای ئەو ئورغانو بیرۆکەی هاتنە ئارای کۆمەڵگایەکی رێکخرا و سیستماتیزەکراو دێنێتە ئاراوە کە ئەتوانێت رێژەیەکی یەکجار گرنگ لە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری دابین بکات.

لەسەردەمەکانی دوای بیکۆنیشدا رەنگدانەوەی بیرۆکەی پێشکەوتن ئەبینین، پێشکەوتن ریشەیەکی قووڵی لە نێو ئەدەبیاتی مارکسیزمدا هەبوە ، بەوەی مارکسیزم لە بنەرەتدا مێژوو وەك پەرەسەندنێکی بەردەوام تەماشا ئەکات، سۆشیالیزم وەك حەتمییەتی مێژوو تەماشا ئەکات ، مێژووی مرۆڤایەتی وەك





زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو لێکدەداتەوە کە هەر قۆناغێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتی دەکرێ بە قۆناغێکی پەرەسەندووتر لە قۆناغی پێش خۆی لە قەڵەم بدرێت ، بەڵام ئەم پێشکەوتنە وەك هێڵێکی راست ناڕوات بەڵکو بەشێوەیەکی پێچاوپێچە، بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە لە خۆ دەگرێت بەڵام سەرەنجام بەرەوپێشچوونی گرنگ لە ژیانی مرۆڤایەتی بەدیدێت، زیاتر لەمەش مارکس جەختکردنەوەیەکی بێشومار لە کاریگەری تەکنیك ئەکا لە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا،بگرە جەوهەری گۆڕانەکان بریتییە لە گۆڕینی تەکنیکی ، گۆڕان لە کۆمەڵگای کۆیلایەتییەوە بەرەو کۆمەڵگای فیودالیزم بەرهەمی گۆڕانە لە فاکتەرەکانی بەرهەمهێناندا، یان بەرهەمی گۆڕانە لە تەکنیکی بەرهەمهێناندا ، گۆڕانیش لە سەردەمی فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداریی بەهەمان فاکتی گۆڕینی تەکنیك و شێوازی بەرهەمهێنان بووە ، مارکس سەراپای مێژوو وەك زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو تەماشا ئەکات کە هەر قۆناغێکی نوێ قۆناغەکانی پێش خۆی تێپەڕاندوە و بەمەش پێشکەوتن وەك پرۆسەیەکی بەردەوامی مێژوو نیشان ئەدات، لەو مێژووە بە دواوە ژمارەیەك لە نووسەران و بیرمەندانی بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان کاریان لەسەر جێگیرکردنی چەمکی پێشکەوتن کردوە لە جیاتی چەمکی گۆڕان ، بیرمەند و کۆمەڵناسی ناسراو ( ولیەم ئوجبرن) لە ساڵی ١٩٢٢ کتێبێکی گرنگی بڵاوکردوە بە ناوی ( گۆڕانی کۆمەڵایەتی ) کە لەم کتێبەدا بە ووردی کاری لەسەر دانەدواوەی بیرۆکەی گۆڕان کردوە و بیرۆکەی پێشکەوتن وەك مەسەلەیەکی جددی دێنێتە پێشەوە ، بیرۆکەی پێشکەوتن کۆمەڵێك بنچینەی سەرەکی وەك بنەمای بوونی خۆی دیاریدەکات و لەسەر ئەو بنچینانەوە پێی لەسەر گەشەکردنێکی بەردەوامی مرۆڤایەتی و شارستانییەت دادەگرێت، بێگومان ئەو پێشکەوتنەش بە هێڵێکی راست ناڕوات بەرێوە ، بەڵکو وەك



هەواڵنامەی کتێب

ئاماژەمان پێکرد شێوەی پێچاوپێچە و بەپێی هەلومەرجە جیاوازەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان ئاڵوگۆڕی تایبەتی تێدایە.

بیرمەندانی بیرۆکەی پێشکەوتن چەندین بنەمای سەرەکی بۆ بیرۆکەی پێشکەوتن دەستنیشان ئەکەن لەوانە، یەکەمیان: مرۆڤ خاوەن ئیرادە و سروشتێکی چاکەخوازانەیە : بیرمەندانی ئەم تیۆرە پێیان وایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی چاکەخوازە ، باوەڕێکی بنچینەییان هەیە بە ئیرادەی هاوڵاتی بۆ گۆڕان و رزگاربوون لە وەهمەکانی ئایدۆلۆژیا و تاریکییەکانی ستەمکاری، خەونێکی بەردەوامی هەیە بۆ بەدیهێنانی دادپەرەوەری و ژیانێکی باشتر ، ئەم سروشتە چاکەخوازی و خەونە بەردەوامەی مرۆڤ بۆ دادپەروەری بنچینەی گەشەکردنێکی بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتییە ، بەڵام ئەم پێشکەوتنە بە یەك هێڵ و یەك ئاست و خێرایی ناڕوات ، بەڵکو ئاست و خێرایی جیاوازی هەیە و لە هەندێك قۆناغدا زۆر بە سستی دەڕوات و گرفت و فەوزای کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە بەڵام سەرەنجام پێشکەوتن و ئاییندەیەکی باشتر خۆی دەسەپێنێت [٧]

دوەمیان : پێشکەوتنی تەکنیك و زانستە پراکتیکییەکان:

بیرۆکەی پێشکەوتن باوەڕی وایە مێژووی مرۆڤایەتی سەرومڕ مێژووی زنجیرەیەك گەشەکردنە و ئەم گەشەکردنەش ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنیك و توانای عەقڵی و هۆشیاری مرۆڤە ، بە تایبەت لە سەردەمی نوێدا مرۆڤ لە رێگای پێشکەوتنە تەکنیکیەکانەوە ئەتوانێت جیهانێکی نوێ بەرهەمبهێنێت کە جیهانێکی شاسیتە بێت بە مرۆڤ و ئەم توانا عەقڵی و هۆشیارییەی مرۆڤیش ناوەستێت و بەردەوام تەکنیکیش لە پێشکەوتن و گەشەکردندا دەبێت و هۆشیاریی مرۆڤ قۆناغ و ئاستی جیاوازدەبڕێت و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ بەدیدێت،





بەم پێیەش لە سایەی تەکنیك و بەرەو پێشچوونە تەکنیکی و هۆشیارییەکانی مرۆڤەوە پێشکەوتنێکی هەمەلایەنە و سەراپاگیر بەرهەمدێت

سێیەمیان : ناکۆکییەکان بە ئاڕاستەی پێشکەوتندا:

مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی ناکۆکییە جۆراوجۆرەکانە، جەوهەری ناکۆکییەکانیش بەدیهێنانی رێژەی زیاترە بۆ خۆشگوزەرانی، بەمەش لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان هەوڵدەدەن میکانیزمو کەرەستەی باشتر بدۆزنەوە، ئەم هەوڵە بەردەوامەی مرۆڤیش بۆ دۆزینەوەی نوێ سەرەنجام پێشکەوتنی جیاواز لە هەموو بوارەکاندا بەدیدەهێنێت، ئەبێتە هۆی دۆزینەوەی کەرەستەی نوێی زانستی و بابەتی بۆ بەدیهێنانی ژیانی باشتر و کۆنترۆڵکردنی سروشت، مرۆڤ بەدوای میکانیزمی نوێدا دەگەڕێت، سەرمایەداریی قۆناغێکی گەشەکردووترە لە فیدودالیزم و فیودالیزمیش لە کۆیلایەتی ، سەرمایەداریش خاوەنی کۆمەڵێك دژیەکی ناوخۆییە کە سەرەنجام ئیرادەی مرۆڤ و خەباتی مرۆڤ بۆ پێشکەوتن و ژیانی باشتر بەدیدێت .

بەمشێوەیە بیرمەندانی پێشکەوتن بە هەموو توانایانەوە بەرگرییەکی توند لە پێشکەوتن ئەکەن و پێ لەسەر پێشکەوتنێکی بەردەوامی مرۆڤایەتی دادەگرن

لە راستیدا بیرۆکەی پێشکەوتن سەرەرای ئەوەی وەك بیرۆکەیەکی زاڵ سەپابوو بەسەر ناوەندی فیکری و زانستی خۆرئاوایدا بەڵام لە سەردەمی نوێدا و بەتایبەت لە سەدەی بیستدا و دوای روودانی جەنگە جیهانییەکان کە لەسایەی پێشکەوتنی تەکنیکی و بەرهەمهێناندا روویاندا، ئیدی مانایەکی راستەقینەی بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی نەهێشتەوە، بیرۆکەی پێشکەوتن بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتە بەردەم رەخنەی فەیلەسوفان و بیرمەندانی بواری فەلسەفە و مێژوو و



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵناسی، یەکێك لەو کەسانەی بە توندی رەخنەی لە بیری پێشکەوتن گرت و ئەوەی روونکردوە کە پێشکەوتن مانایەکی راستەقینەی نییەو لەگەڵ رەوتی زانستیانەی مێژوودا ناگونجێت فەیلەسوفی ناسراوی ئەڵمانی ئوزواڵد شپنجلر بوو ،شپنجلر لە کتێبی ( دارمانی شارستانیەتی خۆرئاوا) رەخنەی توندی لە بیرۆکەی پێشکەوتنی بەردەوام گرت ، نەك هەر ئەوە بەڵکو داوای پێداچوونەوەیەکی کۆپەرنیکۆسی کرد بەسەر زۆربەی ئەو چەمك و بابەتانەی کە پێشتر و لە هزری خۆرئاوایدا چەسپاوون و وەك بەڵگەنەویست تەماشاکراون، شپنجلەر لە شیکردنەوەی قوڵی مێژووی شارستانییەکاندا گەیشتە ئەو باوەڕەی شارستانییەکان بەرەو پێشەوە ناچن بەڵکو ژیانی شارستانییەکان لە خولگەیەکی دیاریکراودا دەسوڕێتەوە، چەند قۆناغێك دەبڕێت و پاشان دەگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا، ژیانی شارستانییەکان وەك ژیانی بونەوەرێکی زیندوو وایە، وەك چۆن بونەوەرێکی زیندوو قۆناغەکانی لەدایك بوون ، منداڵی ، لاوی ، پیری و مردنی هەیە ، ئاواش شارستانییەکان هەمان سروشتیان هەیە و ئەمرن ،باوەڕن بوون بەوەی کە شارستانییەتێك هەبێت بەردەوام گەشە بکات، وەك ئەوە وایە باوەڕمان بەوە هەبێت زیندەوەرێك هەبێت بە بەردەوامی گەشە بکات، ئەمە لە کاتێکدا زیندەوەر خولێکی ژیانی هەیە و بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات و سەرەنجام دەمرێت، شارستانییەتیش بە هەمان شێوە خولێکی داخراوی خۆی هەیە[٨]

بیرمەندانی دیکەی رەخنەگر لە بیرۆکەی پێشکەوتن پێ لەسەر ئەو بۆچوونە دادەگرن کە بەش بە حاڵی مرۆڤایەتی مەرج نییە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنیك دۆخی ژیانی مرۆڤایەتی پێشکەوتنی بەخۆوە بینینی بێت ، یان ئاستی داهات و خۆشگوزەرانی باشتر بوبێت، بۆ ئەمەش نموونە بە سەردەمی نوێ دەهێننەوە کە سەرەرای بەرەو پێشچوونی تەکنیك و بەرهەم زۆرینەی مرۆڤایەتی هەژارە و

••••



نادادپەروەریی باڵادەستە ، رێژەی هەژاری لە جاران زیاترە و نوخبەیەك باڵادەستن بەسەر ژیانی ئابووری و خۆشگوزەرایدا، ئەمە جگە لەوەی لە سایەی پێشکەوتنی تەکنیکیدا جەنگە گەورەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی بەرپابوون ، کە تا دوا سنوور ماڵوێرانی و تراژیدیایان بۆ مرۆڤایەتی هێنا ، بۆیە مەرج نییە پێشکەوتنی تەکنیك پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بگەیەنێت و هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە نیشانی بدات لەگەڵ بەرەوپێشچوونە تەکنییەکاندا رێژەی خۆشگوزەرانی زیاتر بوە، بۆیە رەخنەگرانی بیرۆکەی پێشکەوتن بیرۆکەی گۆڕان وەك ئەڵتەرناتیڤی بیرۆکەی پێشکەوتن دێننە ئاراوە ، پێیان وایە دەشێت گۆڕان بۆ پێشەوە بێت و ئەشێت گۆڕان بۆ دواوە بێت یان بە ئاڕاستەیەکی نێگەتیڤدا بێت

## سێیەم : کاریگەری فاکتەری هۆشیاریی زانستی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا

یەکێك لە پرسە گرنگەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتییە لەفاکتەرەکانی بەردەم گۆڕان، زیاتر لەوەش دەستنیشانکردنی پێگەی هۆشیاریی زانستی لە دروستبوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، بەشێوەیەکی گشتی بیرمەندان و سۆشیۆلۆژیستە هاوچەرخەکان و بیرمەندانی پێشتری سەردەمی رۆشنگەری لە ئەوروپا جەختکردنەوەیەکی بەردەوامیان لەسەر گرنگی پێگە و بایەخی هۆشیاریی زانستی لە پرۆسێسی گۆڕانی گۆمەڵایەتیدا هەیە ،بیرمەندی عەرەبی هشام غەسیب بە وردی لە تێزی سەردەمی رۆشنگەری کۆڵیوەتەوەو دەستنیشانی پێگەی گرنگی هۆشیاریی زانستی کردوە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، ئێمە لەم نوسینەدا سوود لە هەندێك تێزی ئەو بیرمەندە عەرەبییە وەردەگرین و

••••

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵدەدەین لە چەند روانگەیەکی سەرەکییەوە سەرنجی پەیوەندی هۆشیاریی زانستی بدەین بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە:

یەك: پەیوەندییەکی جەدەلی لە نێوان هۆشیاریی زانستی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، هیچ مانایەکی راستەقینە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی نامێنێتەوە ئەگەر هۆشیارییەکی زانستی لە ئارادا نەبێت، وە هەر چەشنە گۆڕانێك بەبێ هۆشیارییەکی زانستی زیاتر لە فەوزا و ئاژاوە نزیك دەبێتەوە نەك گۆڕانێکی تەندروست، بگرە بیرمەندانی سەردەمی رۆشنگەری جەختکردنەوەیەکی زۆریان لەسەر ئەم رۆڵە گرنگەی زانست هەبوە، بەڵکو پێیان وابوە بیرکردنەوەی زانستی بە بیرکردنەوەی زانستی دانانرێت ئەگەر ئامانجی گۆڕانی کۆمەڵایەتی نەبێت ، لێرەدا دروشمە ناسراوەکەی فرانسیس بیکۆن دێتەوە یاد : ،مەعریفە هێزە ، هێزە لە پێناو دەستبەسەراگرتنی سروشت [٩] لای بیکۆن مەعریفە بە سروشتی خۆی کردەیەکی کۆمەڵایەتی گۆڕان ئامێزە، بەو سیفەتی کە هێزێکی کۆمەڵایەتی گرنگە و ئامانجی گۆڕین و باشترکردنی ژیانی مرۆڤە ، ئەم چەمکە لای رینیە دیکارتیش بوونی هەیە ، هەوڵەکانی دیکارت بۆ بونیادنانی زانستێکی گەردوونی نویٚ و یەقین ،گوزارشتە لە ئیرادەیەکی مێژوویی نویٚ لە ئامانجی دامەزراندنەوەی جیهانە ، سەرلەنویٚ شێوەپێدانەوەیەتی لەسەر بنچینەی زانست ،بەمەش لای بیرمەندانی رۆشنگەری پەیوەندیەکی جەدەلی توندو بەهێز لە نێوان هۆشیاریی زانستی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە ، نە دەتوانین باس لە بوونی گۆڕانێکی راستەقینە و تەندروست بکەین بە بێ هۆشیاریی زانستی و نە هۆشیارییەکی زانستییش هەیە ئامانجی گۆڕان و باشترکردنی دۆخی مرۆڤ و کۆمەڵگا نەبێت، لە قۆناغەکانی دواتری فیکری خۆرئاوایدا ئەم تێزە بوو بەبابەتێکی گرنگی فەلسەفی





و سیاسی ، رەنگە مارکس و ئەنجلز یەکێك لە گرنگترین ئەو بیرمەندانەبن کە پێ لەسەر گرنگی هۆشیاریی زانستی دادەگرن لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا ، مارکس لە شیکردنەوەی بێ ئەنجامی خەباتی چینایەتی چینە چەوساوەکان بە درێژایی مێژوو گەیشتە ئەو باوەڕەی کە هۆشیارییەکی زانستی رێبەرایەتی خەباتی ئەو چینانەی نەکردوە بۆیە خەباتی چینایەتی بێ ئاکام بوە ، مارکس جەختکردنەوەیەکی توندی لە گرنگی هۆشیاریی زانستی و تێکەڵبوونی ئەم هۆشیارییە زانستییە بە جەماوەر هێنایە ئاراوە، ئیدی لێرەوە لە ئەدەبیاتی مارکسیزمدا سوسیالیزمی زانستی دەبێت وەك هۆشیاریی چینە چەوساوەکان بوونی هەبێت، وە ئەبێت پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەهێز لە نێوان خەباتی چینایەتی و هۆشیاریی چینایەتی بوونی هەبێت، هەمان ئاڕاستەش لای بیرمەندانی لیبراڵی وەك ڤۆڵتێر و رۆسۆ و ئەوانیدی هەبوە ، کە پێیان وابوە پێویستە هۆشیاریی دیموکراتی سنووری دەستەبژێر تێپەڕێنێت و ببێت بە هۆشیارییەکی جەماوەری فراوان .

دوو:پەیوەندییەکی بەهێزلە نێوان هۆشیاریی زانستی و بەرهەمی کۆمەڵایەتیدا هەیە، چونکە لەسەردەمی نوێی سەرمایەداریدا بەرهەمهێنان راستەوخۆ پشت بە تەکنیك دەبەستێت و تەکنیکیش پشت بە زانست دەبەخشیت، ئەگەر لە قۆناغی پێش سەرمایەداریدا پیشەگەرەکان پشتیان بە بەرهەمی دەستی و هەندێك توانای تایبەت و ئەزموونی کارکردن بەستبێت ، یان ئەگەر لە قۆناغی فیودالیزمدا کشتوکاڵ و بەرهەمی کشتوکاڵی پشت بە توانا و زەوی بەستبێت ئەوا لە سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا توانا و ئاست و رادەی بەرهەم پشت بە تەکنیك و هێزی مەکینە ئەبەستێت و ئەمەش شتێکە راستەوخۆ پشت و بە رادە و



هەواڵنامەی کتێب

گەشەی زانست ئەبەستێت ئیدی لێرەوە پێشکەوتنی تەکنیك راستەوخۆ پێشکەوتنی ئاستی بەرهەمهێنانی ئابووری و بەرهەمی کۆمەڵگا بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پێشکەوتنی تەکنیك و فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان و دۆخی ئابووری پەیوەندییەکی جەوهەری بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە ، ئیدی زانست و هۆشیاریی زانستی رۆڵی هەرە گرنگ و یەکلاکەرەوە ئەبینێت .

سێیەم: هۆشیاریی زانستی بە سروشتی خۆی توشی بەریەککەوتن و رووبەرووبونەوە ئەبێت لەگەڵ ئەو پرەنسیپە تەقلیدییانەی بیروباوەڕە ئایینی و خێڵەکییەکاندا کە نەگونجاون لەگەڵ عەقڵ و زانستدا، کە نایەنە ژێر باری شیکردنەوەی زانستی و بەڵگەهێنانەوە، هۆشیاریی زانستی بنچینەی هەرەگرنگی بیناکردنی دنیابینییەکی زانستی و عەقلانییە ، ئیدی لێرەوە جەدەلێکی رەخنەگرانەی توند دێتە ئاراوە و عەقڵ و هۆشیاریی مرۆڤ سەبارەت بە بابەتە جیاوازەکان ئەکاتەوە ، زانست بە سروشتی خۆی کەشفی راستییە بابەتی و مادییەکان ئەکات، لە چەندین خاڵی گرنگدا رووبەروبەنەوە روو ئەدات لە نێوان بیری ئایینی و بیری زانستیدا ، لەوانە بیری ئایینی و نەریتی دواکەوتوو خوازیاری دەسەڵاتێکی رەهایە بۆ تەفسیرکردن و بیناکردنی هۆشیاریی مرۆڤ بەڵام زانست جگە لە دەسەڵاتی زانست خۆی دەسەڵاتێکی دیکە بەسەریدا قەبوڵ ناکات و بواری تێگەیشتنی زانستیانە دەهێنێتە ئاراوە ، بیری ئایینی موقەدەس و دەق و رەمزە پیرۆزێنراوەکانی مێژوو وەك دەقێکی سەروو مێژوو تەماشا ئەکات و بواری رەخنەو پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نادات، بەڵکو لەم دیدەدا ئەوەی ئەرکی مرۆڤە ملکەچکردن و گوێرایەڵییە، بەڵام هۆشیاریی زانستی دەق و رەمزە ئاینییەکان وەك هێزێك کە شایستەی ئەوە بێت مرۆڤ بۆی ملکەچ بێت وەرناگرێت،





بەڵکو وەك کێڵگەیەك بۆ توێژینەوە و بابەتێك بۆ تێڕامان و گومان و پرسیار وەری دەگرێت ، بگرە بنچینەیەکی زانستی بۆ بیناکردنی هۆشیاریی بونیاد ئەنێت ، بیری ئایینی و خورافی هەمیشە جەخت لەسەر بوونی ئیرادەیەکی رەها ئەکاتەوە بەسەر ئیرادەی مرۆڤەوە و وەك جەبرێك بەسەریدا سەپاوە ، ئەمەش هەم پێچەوانەیە لەگەڵ دیدی زانستدا کە ئیرادە و باوەڕبوون بە خۆ بۆ مرۆڤ دروست ئەکات ، هەمیش وەك زانایانی کۆمەڵناسی جەختی لێدەکەنەوە بیروباوەڕی جەبرییەت دژە لەگەڵ بەها و ئاڕاستەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا[١٠] کەشفکردنی راستییە زانستییەکانیش کۆی هۆشیاریی و دنیابینی مرۆڤ بۆ دەرەوە ئەگۆڕێت و ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئەبێت، وەك چۆن دۆزینەوە گەردوونییەکانی کۆپەرنیکۆس هەموولایەکی هەژاند و بناغەی گەردووناسی لاهوتی هەڵتەکاند،هەروەها زانستی نوێ لە چەندین لاوە درزی خستە لاهوتەوە و سەرەنجام لاهوت لەوە کەوت بتوانێت مافی تەفسیرکردنی هەبێت، ئەم دۆزینەوانە بێگومان رۆڵی گەورەیان بینی لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و قۆناغێکی تازە بوو لە مێژووی خۆرئاوادا بە جۆرێك سەراپای ژیانی خۆرئاوای گۆڕی ئەم حاڵەتەش رەنگدانەوەی یەکجار کاریگەری لەسەر هزر و بیری خۆرئاوایی و لەوێوە بەشێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆرئاوای گۆڕی .

چوارەم: هۆشیاریی زانستی پەیوەندییەکی گرنگی هەیە بە گەشەپێدانی تواناو لیهاتوویی لە هەموو بوارە جیاوازەکانی رێکخستن و گەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر لە لایەکەوە زانست رۆڵی گەورەی هەبێت لە بەرهەمهێنان و پێشخستنی تەکنیکدا ئەوا هۆشیاری زانستی رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە کارپێکردن و گەشەپێدانی ئەو تەکنیکەدا ، پێشکەوتووی تەکنیك لە نێو سیستمی



هەواڵنامەی کتێب

سەرمایەداریدا بە تەنها و بەبێ پێشکەوتنی هۆشیاریی زانستی و بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و لێهاتوویی بۆ بەرهەمهێنان و کارپێکردنی ئەو تەکنیکە شتێکی مومکین نییە ، بەڵکو هەمیشە و هەموو پێشکەوتنێکی تەکنیکی پێویستی بەوەیە لە خوارەوە و لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا هۆشیاریی زانستی پێشبکەوێت ئینجا تەکنیك دەتوانێت رۆڵی شیاوی خۆی ببینێت

لەلایەکی دیکەوە پێشکەوتنی هۆشیاریی زانستی زەمینە خۆشدەکات بۆ بیناکردنی مۆدێلێکی نوێی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی پەیوەندییە مرۆییەکان بە ئاڕاستەی گەشەکردنی ئازادییەکان و پاراستنی مافەکان .

ئەگەر هۆشیاریی زانستی و عەقلانی مرۆڤ سەبارەت بە خۆی ، بەرانبەر بە دەوڵەت و ئەرك و لێپرساوییەکانی ، بەرانبەر بە ئازادی وەك مافێکی سروشتی تاك پێشنەکەوێت ئەوا ناتوانێت لە چوارچێوە تەقلیدییەکانی پەیوەندییەکان دەربچێت و هەنگاو بۆ پێشکەوتن و بنیادنانی مۆدێلێکی نوێی پەیوەندی بنێت، هەرکاتێکیش هۆشیاریی زانستی مرۆڤ سەبارەت بە خودی خۆی و ئەرك و ماف و ئازادییەکانی پەرەی سەند ئەوکات زەمینە بۆ گەشەی مۆدێلی نوێی پەیوەندی و رێکخستنی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە، وە ئەمەش دەبێتە خاڵێکی بنەڕەت لە پرۆسەی دروستبوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا ، لە مێژووی گۆڕانکارییەکانی جیهاندا هەمیشە دروستبوونی ئەم هۆشیارییە بنچینەیەکی گرنگ بوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بگرە گریمانەیەکی واقیعییە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین تایپی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای خۆرئاوایی لە جەوهەردا بەرهەمی کارلەسەرکردنی فیکر و ئەندێشەی بیرمەندانی خۆرئاواییە، بەرهەمی بڵاوکردنەوە ئایدیای لیبرالیزم و بەرگریکردنی ئازایانەیە لە ئازادییە تاکەکەسییەکان ، گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرەو ئاشنابوون بە ماف و ئازادییەکان بنەمایەکی گرنگی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە.

••••



## چوارەم : کوردستان لە بەردەم ئەگەری گۆڕاندا

لە دوای روخاندنی بلۆکی رۆژهەڵات و جاڕدانی سیستمی نوێی جیهان بەرابەرایەتی ئەمریکا کە هاوکات بوو لەگەڵ راپەڕینی خەڵکی کوردستانی عێراق و ئاوەڵابوونی دەرگاکانی ئازادی ، زنجیرەیەك گۆڕانی یەك لە دوا یەك و خێرا جیهانی گرتەوە، رووداوەکان و بابەتە نوییەکان هێندە بە خێرایی دێنە ئاراوە بێ هیچ گومانێك بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وێنەی نەبوە، بەڵکو گۆڕانەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی وێنەیەکی تازەی بە روخساری جیهان بەخشیوە، جیهانگیریی و دەرکەوتەکانی جیهانیان خستۆتە حاڵەتی دۆشدامان و بەرەنگاربوونەوەوە، کۆمۆنیکەیشن و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن سەراپای سیستمی پەیوەندیکردنیان گۆڕیوە ، جیهان لە رێگەی ئینتەرنێت و سەتەلایت و هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندیکردنەوە بەرووی یەکتردا کراونەتەوە و ئاگاداری کۆی ژیان و کەلتووری یەکترن.

هەرێمی کوردستانی عێراق یەکێکە لەو ناوچانەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو کەوتۆتەبەردەم ئەم تەوژمە نوێیانەی جیهانەوە، سەتەلایت هات و کۆمەڵگای کوردی کردەوە بەڕووی کەلتوور و ژیار و شارستانییە نوێییەکاندا، تەکنەلۆژیای مۆبایل هات و شێوازێکی نوێی پەیوەندی پەرەپێبدا و ئەو پەیوەندییە تەقلیدییەی ناو سیستمی خێڵایەتی تێکشاند، ئینتەرنێت هات نەك هەر کاریگەر بوو لەسەر کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی بەرووی کەلتوور و بەهای ژیاری ئەوانیدیکەدا، بەڵکو کارێکی کرد کە مرۆڤ ئیدی ساتێکی نەمێنێت بۆ تەنهایی ،

••••

هەواڵنامەی کتێب

کچێك لە ژورەکەی خۆیەوە لەرێی ژوورەکانی چاتەوە پەیوەندی بە هەموو دنیای دەرەوە ئەکات ، کورێك بە هەمان شێوە، ئەمانە هەموو زەمینەی بەهێزیان سازکرد تا مۆدێلی تازەی پەیوەندیکردن بێتە ئاراوە، ئەمە لەلایەکەوە لە لایەکی دیکەوە بیری ئایینی و تەوژمی ئایینی لە گەشەکردندان، ئافرەتی بالاپۆش و دەرکەوتە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەهێز ئەبن ، نەریتە خێڵەکییەکان بەهێزن و کارایی خۆیان بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە دادەنێن، لە کۆمەڵگای کوردیدا بە شێوەیەکی سەیر دژەکان پێکەوە گەشە ئەکەن، لەیەك کاتدا بانگەشە بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکان و سەلەفییەتی ئایینی دەکرێت، خێڵایەتیو مۆدێرنە پێکەوە گەشە ئەکەن ، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەمەیە ، ئایا ئەم دۆخە گوزارشت لە چیدەکات؟ ئەگەر گوزارشتە لە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ئەوا گرنگترین ئەگەرەکانی ئەو گۆڕانە چییە؟ ئایا ئاڕاستە و ئایندەی ئەو گۆڕانە بۆ کوێ دەچێت؟ گرنگترین دەرکەوتەکانی ئەو پرۆسەیە کامەیە؟ ئەگەر ئەو گوزارشتەی مارکس بخوازین کە دەیگوت سەرمایەداریی یان بەرەو سوشیالیزم دەڕوات یان دەگەڕێتەوە بۆ بەربەرییەت ، ئێمەش دەتوانین بڵێین ئایا کۆمەڵگای کوردی بەرەو کۆمەڵگای کراوە و دیموکرات ئەڕوا یان ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای خێڵەکی و ستەمگەر.

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لە هەندێك لە هێزەکانی گۆڕان و دژە گۆڕان لە کۆمەڵگای کوردیدا دەسنیشان بکەین و دواتریش شیکردنەوەی خۆمان بۆ خودی پرۆسەکە بخەینەروو، ئەگەرچی ئاماژە بەوە ئەکەین توێژینەوەی ئەگەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی هێزەکانی گۆڕان و نەگۆڕانی کۆمەڵگای کوردی نەك هەر بابەتی توێژینەوەیەکی سەربەخۆیە بەڵکو بابەتی کتێبێکە و پێویستی بەکاری مەیدانی و توێژینەوەی وردتر هەیە ،بەڵام ئێمە لێرەدا و بە پێی پێویستی



بابەتەکەمان ئاوڕی لێدەدەینەوە و هەوڵی شیکارکردنی ڕەوشەکە ئەدەین:

**یەکەم: فاکتەرەکانی گۆڕان:**

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوریدا کۆمەڵێك دۆخی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە بوونەتە ئەگەری بەهێزی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا

گرنگترین ئەو فاکتەرانەش کە ئەم ئەگەرەیان بە شێوەیەکی جددی هێناوەتە ئاراوە بریتیین لە :

١-هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندیکردن : ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی وەك بەشێکی ئەم جیهانە بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتۆتە ژێر کاریگەری پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی دنیاوە ،مۆبایل و ئینتەرنێت ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەرییان هەیە لە هەڵوەشاندنەوەی مۆدێلی پەیوەندییە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگادا، هەر لە پەیوەندیی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا ئەگاتە سەر پەیوەندییە سۆزدارییەکان، هەر لە پەیوەندییە سیاسییەکانەوە تا ئەگاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوخۆی ئەندامانی یەك خێزان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ژورەکانی چاتکردن مۆدێلێکی تازەی پەیوەندیکردنی هێناوەتە ئاراوە ، بواری تازەی گفتوگۆ و لەیەکتر تێگەیشتنی دروستکردوە، ئەم دۆخە وایکردوە چیدی مۆدێلی سوزداری هەمان مۆدێلەکەی پێشوو نییە و بە هەمان ریتم نەڕوات، چیدی ژن و پیاوی کورد کۆت ناکرێن بە پرەنسیپە تەقلیدییەکان کە بواری تێکەڵی و گفتوگۆ نادەن ، بەڵکو ژوورەکانی چات و سایتە کۆمەڵایەتییەکان بوار دەرەخسینن سەدان کاتژمێر پێکەوە قسە بکەن و دوورترین و بێدەسترین مرۆڤ ئەتوانێت زۆرترین پەیوەندی بنیات بنێت، مۆبایل بە هەمان شێوە ژمارەیەکی بێ شومار پەیوەندی بۆ مرۆڤ

بونیاد ئەنێت، ئینتەرنێت و مۆبایل سەردەمی تەنهایی مرۆڤیان کۆتایی پێهێنا، کۆتاییهاتنی سەردەمی تەنهایی مرۆڤ لە راستیدا کۆتایهاتنی کۆی خەونی هەزارساڵەی سیستمی تەقلیدی کۆمەڵگا بوە، کۆمەڵگای نەریتی و تەقلیدی بە درێژایی سەدان ساڵی رابردوو کاری لەسەر تەنهاکردنی مرۆڤ کردووە، کاری لەسەر نەهێشتنی پەیوەندیی کردوە، ئایینەکان جەختی بەردەوامیان لەسەر تەنهاکردنی رەگەزیی کردۆتەوە ، کەمترین بواریان بۆ تێکەڵبوونی دوو رەگەزەکە نەهێشتۆتەوە، سیستمی خێڵایەتی و پیاوسالاریی لەژێر هەژموونی تێزی مەزنی پیاودا چونکە لە هەر تێکەڵبوون و پەیوەندییەکدا شانسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی زیاد ئەکات، ئیدی لێرەوە ئێمە دەرکەوتەکانی ئەم کۆتاییهاتنی سەردەمی تەنهاییە دەبینین،زۆربوونی پەیوەندییە سوزدارییەکان لە رێگەی ئینتەرنێتەوە، بە ئەندازەیەکی بێ شومار لاوان روو لەم جۆرەی پەیوەندی ئەکەن، کاتێکی زۆر و بەرچاو بۆ ئەمە تەرخان دەکرێت ، بێگومان ئەمەش سەرەتایە و لە داهاتووشدا زیاتر دەرکەوتەکان ئاشکرا ئەبن .

٢-کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی بەرووی کەلتووری ئەویدی جیاوازدا:

هاتنی سەردەمی نوێ و پێشکەوتنی تەکنیکی پەیوەندی و گواستنەوە بە تەنها خۆی لە فراوانکردنی پەیوەندی و مۆدیلی پەیوەندیدا نابینێتەوە بەڵکو دەروازەیەکی بێ وێنەی کردەوە بۆکرانەوە بە رووی ئەویدی جیاوازدا، بۆ کرانەوە بە رووی کەلتوور و فەرهەنگ و مۆدێلی ژیان و ژیاری شارستانییە جیاوازەکاندا، ئێمە رۆژانە لە رێگەی ئامرازەکانی گەیاندنەوە ژیانی هەموو ماڵێکی خۆرئاوایی دەبینین، ئاشنا ئەبین بە مۆدێلی ژیانی خۆرئاوایی و رادەی کراوەیی و خۆشگوزەرانی ئەو شارستانییەتەی پێی ئەوترێت خۆرئاوا ،ئەمە سەرەرای ئەوەی کە کۆچ و سەفەری کورد بۆ دەرەوە تا ئەندازەیەك کاریگەری هەبوو لە سەر





گوێزانەی وێنەی ئەویدی بۆ نێو واقعی کۆمەڵگای کوردی و بۆ ئاوێتەبوون بە ئەویدی جیاوازی خاوەن فەرهەنگ و کەلتوور، هەموو ئەمانە وایانکرد هەستێکی تایبەت لای تاکی کورد دروست ببێت و تیایدا هەست بە داخراویی و رەهەندی نا مرۆیی کەلتوری لۆکاڵی بکات و پتر لە هەر کاتێك رەهەندە مرۆیی و گەردوونییەکانی ژیاری خۆرئاوایی سەرنجی تاکی کورد رابکێشێت، ئەم کاریگەر بوونەش هەم خواستی تێپەراندنی کەلتووری نەریتسالاریی لای مرۆڤی کورد دروستکردووە و هەمیش توشی قەلەق و بەریەککەوتنی کردووەلەگەڵ ئەم کەلتوورەدا، ئەمەش سەرەڕای دەرکەوتە نێگەتیڤەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و تاك، بەڵام یەکێکە لە فاکتە بەهێزەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هەموو پرۆسەیەکی گۆڕان سەرەتا بە بەریەککەوتنی کۆن و نوێ و دروستبوونی قەلەق لە رەوایەتی و مرۆیی بەها و کەلتوور و ژیانی کۆمەڵایەتی دەست پێ ئەکات .

٣- گەشەکردنی بزاڤی گۆڕانخوازی و رەوتی نوێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

خەونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و رزگاربوون لە نەریتسالاری و بیناکردنی مۆدێلێکی نوێی پەیوەندی کە لەسەر بنەمای یەکسانی و داد و بەهای مرۆڤدۆستان بونیادنرابێت مێژوویەکی درێژی هەیە لە نێو رۆشنبیریی کوردیدا ، هەر لە بێکەسەوە کە دەڵێت( نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە... سەرپۆش فرێدە چ وادەی شەرمە) تا ئەگاتە رۆشنبیرانی ئەمرۆ خەونی بەهێزی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە و شەڕی راستەقینە کراوە، ژمارەیەك رۆشنبیر بەدیدی کراوە و ئومێدی گەورەوە لەم مەسەلەیە ئەڕوانن و خەبات لە پێناو ئازادیدا ئەکەن، رۆشنبیرانی لیبراڵ و دیموکرات بە توندی لەم پێناوەدا شەڕ ئەکەن، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە هێزی رۆشنبیریی گۆڕانخوازی راستەقینە کە بەرگریی لە کۆی بەها و بابەتە



هەواڵنامەی گزینگ

مرۆییە راستەقینەکان بکات کەمە و ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران کەمتر ئاوڕیان لەو بابەتە جدییانە داوەتەوە

٤-کاریگەری جیهانگیری و دنیای نوێ بە تەنها لە بوونی تەکنیك و شێوازی نوێ پەیوەندیکردندا نەماوەتەوە بەڵکو مۆدێلاتی دیکەی سەرمایەداریی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەمرۆ لە کوردستان کەڵەکەبوونێکی بەرچاوی سەرمایە دەبینین، راکردنێکی بەردەوامی مرۆڤ ئەبینین بەدوای مۆدێلی نوێی کاڵا و بەرهەمهێناندا، ئەمەش فشارێکی گەورەی دارایی خستۆتە سەر خێزانەکان و ناچاری کارکردنی کردوون بەشێوەی زیاتر و فراوانتر، بەجۆرێك کەم خێزان هەیە تەنها یەکێکیان کاربکات، هاوکات لەگەڵ کارکردنی پیاوان ئافرەتانیش لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کار ئەکەن و رۆڵی ئابووریی گرنگیان هەیە لە دابینکردنی بژێوی خێزاندا، ئەمەش روداوێکی گرنگە و هەنگاوێکی بنەڕەتییە بە ئاراستەی بەشداریکردنی ژن لە ژیانی ئابووریدا و ئەمەش دەبێتە پرەنسیپێکی گرنگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.لە باری مێژووییەوە هەمیشە بەشداری ژنان لە بواری ئابووریدا و دەرچوونیان لەماڵو خێزان بنەمای گرنگی گۆڕان بوە ، بگرە ئەوە یەکێك بوە لە فاکتەرە بنچینەییەکانی گۆڕان لە سەردەمی نوێی کۆمەڵگای ئەوروپیدا، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت لە داهاتووشدا پتر لە هەر کاتێکی دیکە روڵی هەبێت لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.



## دووەم: فاکتەرەکانی نەگۆڕانی کۆمەڵایەتی:

### یەك: کەلتووری نەریتسالاری کەڵەکەبوو:

کوردستان وەك کۆمەڵگایەکی نەریتی خاوەن کەلتوورێکی کەڵەکەبووی سەدان ساڵەیە و ئەم کەلتوورە تێکلاوییەکی گەورەی رۆحی و ئەخلاقی بۆ مرۆڤی کورد دروستکردووە، لەم رێگەیەوە بەرگرییەکی توند ئەکات لە مانەوەی هەژموونی خۆی، کەلتوور و نەریتی باڵادەست کە سەدان ساڵە خاوەن بڕیاری گرنگە بۆ زۆربەی پرسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وا بە ئاسانی جێگەی خۆی نابەخشێت بە کەلتوور و بەهایەکی دیکە بەڵکو بەرگری لە بوون و مانەوەی خۆی ئەکات ، ئیدی لەم ساتەوەختەدا بەریەککەوتنی توند لە نێوان دەرکەوتەکانی مۆدێرنە و بەها تەقلیدییەکانی کۆمەلگادا دەبینین، بەرزبوونەوەی رێژەی کوشتنی ژنان لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل، بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاق یان گرفتی کۆمەڵایەتی نێو خێزان لەسەر پەیوەستبوون بە ئینتەرنێت ، یان خۆ سوتاندنی زیاتری کچان بەهۆی لە دەستدانی ئازادییەکانیانەوە، ئەمانە هەموو هێمای بەرگریی کەلتوور و سیستمی نەریتسالاری سەدان ساڵەی کۆمەلگای کوردیدن و شەڕی ئەون لە پێناو مانەوەدا .

### دوو: دامەزراوە ئایینییەکان:

دامەزراوە ئایینییەکان کە خۆی ئەبینێتەوە لە رێکخراوی مەلاکانی کوردستان و ئەوقاف و پارتە ئیسلامییەکان و تەریقەتە ئاینییەکان دەکرێت بە یەکێك لە جەمسەرە بەهێزەکانی نەگۆڕان لە قەڵەم بدرێن، ئەم دامەزراوانە بە

کۆمـەڵێك ئایـدیای ئایینییـەوە رووبـەرووی واقیـع ئەبنـەوە و وەزیفـەی سـەرەکی خۆیـان بـە بـەرگریکردن لـەو ئایدیایانـە ، لـە راستیشـدا پەیوەندییـەکی بـەهێز و توکمە لە نێوان ئایدیای ئایینی و نـەریتی سەپاوی کۆمـەڵگای کوردیـدا هەیـە ، هـەم نەریت لەگەڵ تێزی ئاینیدا تـا ئەندازەیـەیکی زۆر چەسپاو و یـەکانگیرە هـەم تێـزو دیدی ئاینیش لەگەڵ بەهای نەریتی کۆمەڵگای کوردیدا تەبایە و پشتگیریی ئـەکات، بەمـەش ئـەم دامـەزراوە ئایینیانـەی کۆمـەڵگای کـوردی بـە ئەندازەیـەکی زۆر دژە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتین و خوازیـاری بنیاتنـانی مـۆدێلێکی نـوێی ژیـانی کۆمەڵایـەتی نیین کە جیاوزبێت لە دیدی ئایینی و نەریتی.

**سێیەم: دام و دەزگا نەریتییەکان:**

دام و دەزگا نەریتیەکان هـەموو ئـەو دەزگـا و دامـەزراوە جیاوازانـە ئەگرێتـەوە کە ئایدیای مانەوەی کەلتوور و مۆدێلی باڵادەستی سیستمی نـەریتی و پیاوسالاریی پـەخش ئەکـەن و پاسـاوی کۆمەڵایـەتی و بگـرە فیکـری و سیاسـی بـۆ نـەگۆڕانی کۆمەڵایـەتی دەهێننـەوە، دەشـێت ئـەم دام و دەزگایانـە لـەنێو حزبێکـی مۆدێرنـدا بوونیـان هـەبێت، یـان دەشـێت لـە نێـو دەزگایـەکی رۆشـنبیریدا بـن، یـان دیوەخـانی ئاغایـەکی کوردسـتان، لـە نێـو هـەموو ئەمانـەدا ئـەم تێـزە نەریتییـە ئەگـەری ئـەوە هەیە خۆی نمایش بکات و ببێتە لەمپەر لەبەردەم گۆڕاندا

بـەم شـێوەیە کوردسـتان لـە قۆنـاغی گۆڕاندایە،دەشـی فاکتـەرەکانی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی پـتر کاریگـەر بـن و مـۆدێلێکی نـوێی ژیـان و پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی بهێننە ئاراوە، دەشێت بە پێچەوانەوە هێـز و مـۆدێلی کـۆنی نێـو ژیـانی کۆمەڵایـەی بەردەوام بێت و باڵادەست بێت ، پـتر بـەرگریی لـە بـوون و مانـەوەی خـۆی بکات و بوونی خۆی بسەلیمێنێت

••••



## سەرچاوەکان


١- بـروس کوهین،سـەرەتایەك بـۆ کۆمەڵناسـی،وەرگێرانی هـێمن شـەریف، خانـەی بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم ٢٠١٠،لا ٣٠٩

٢- HTTP://WWW.SOCIALTEAM.COM/FORUM/ARCHIVE/INDEX.PHP?T-١٤٦٦.HTML

٣- د. عبدالباسط عبدالمطعي، اتجاهات النضرية في العلم الاجتماع، ١٩٨١

٤- د.علي ليلة، نضرية كـارل مـاركس و البحـث عـن النشاة الراسماليـة المعاصـرة، المكتبـة المصريةللطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة الاولي، السنة ٢٠٠٦، ص٨٤

٥- - HTTP://CONDOR.DEPAUL.EDU/~DSIMPSON/AWTECH/PROGRESS.H

٦- HTTP://WWW.EHOW.COM/ABOUT_٥٠٩٨٥١٦_IDEA-PROGRESS.HTML

٧- علـي سـتمان البيضـاني، التقـدم الاجتمـاعي محـور الحضـارة الانسـانية و اسـاس بنـاء السياسي، موقع الحوار التمدن ، عدد ٣٢٠٠، ٢٩-١١-٢٠١٠

٨ -عبدالرحمن بدوي ، اشبنجلر، الناشر دارالقلم، الطبعة الاولى، السنة ١٩٨٢، ، ص١٧

٩- د.هشام غصيب، التفكير العلمي و التغير الاجنماعي، موقع الشؤال التنوير

١٠- ر.ك.ريدي، المجتمع العربي في المرحلة التغير،ت/ د. عبـدالعزيز النجـار، الطبعـة الاولى، دار السودانية،ص٩٩


••••

هەواڵنامەی کتێب

# کۆچەریانی سەردەم و پەنابەرانی ئازادی

**(کاریگەریی و ئاراستەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان)**

ئەکرەمی میهرداد

پەیوەندی نێوان دیموکراسی و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لە دوو قۆناغی گرنگی سیستەمی دیموکراتیدا پەیدا دەبێت . قۆناغی یەکەم ، سەردەمی پەیدابوون و جێگیری سیستەمی دیموکراتیە ، واتە ئەو سەردەمەی کە دامودەزگاو دەسەڵاتەکانی حکومەت و سیستەمی دیموکراتی دەبنە بەشێك لە ژیانی خەڵك . لەم سەردەمەدا بکەر و هێزی بڕیاردەر لە کۆمەڵگادا سیستەمی دەسەڵاتدارە و هێز و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەبنە پاشکۆ یان وابەستە بەو سیستەم و دەسەڵاتەوە.

بەڵام قۆناغی دووەم ، بە قۆناغی پەیدابوون و بەهێزبوون و سەربەخۆیی و کاریگەری بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان ئەژمار دەکرێت.لەم قۆناغەدا، کە لەسەرەتای

••••



ساڵانی ١٩٥٠ ی سەدەی ڕابردو هەتا ئێستا بەردەوامە ، بکەرو هێزی کۆمەڵایەتی خەڵك دەتوانن کاریگەر بن لەسەر بڕیار و بەرنامەکانی حکومەت و دەسەڵاتەکان ، هەروەکو چۆن دەتوانن ئازاد و سەربەخۆبن بۆ ئەفراندنی شێوازێك لەبەشداری سیاسی و هێنانەدی بیر و دیدگای سەربەخۆیی خەڵك و هێزە کۆمەڵایەتیەکان لەبەرامبەر سیستەمە دەسەڵاتدارەکاندا.

یەکەم کەس کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بە کۆچەر ناوهێناوە بیرمەندو کۆمەڵناسی ناوداری ئیتالیایی ( ئەلبێرتۆ میلۆچی ) لە کتێبی Nomads of Present کەلەساڵی ١٩٨٩ چاپی کردووە ئەم کتێبە یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی بزوتنەوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی[١] .

## ئاراستەکانی ئایندە: نەخشی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی

بزوتنەوە

کۆمەڵایەتی یەکان وەکو شێوەکانی دەرگیری و خەبات کەلەژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمی مۆدێرنەدا گرنگی فراوانی هەیە، ڕێنما گرنگەکان بۆ ئاڵوگۆڕی دەروونی ئایندە فەراهەم دەکەن. لەلای ئەوانەی کە مۆدێرنیتی باڵاتر لەهەموو پرسە پێویستی یەکان هاوڕێ لەگەڵ سەرمایەداری یان سەردەمی پیشەسازی سەیردەکەن، بزوتنەوەی کرێکاری بە باڵاترین شێوەکانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەزانن. نووسەرانی پەیڕەوی مارکس بزوتنەوەی کرێکاری بە (پێشەنگی مێژوو) دەزانن، بەڵام ڕەخنەکارانیان زیاتر بۆئەوە هەوڵ دەدەن کە بیسەلمێنن بزوتنەوەی کرێکاری تەنها لەقۆناغە سەرەتاییەکانی ئاڵوگۆڕی سامانی پیشەسازیدا کاریگەری ئاڵوگۆڕخوازیان هەبووە و لە قۆناغەکانی دواتردا دەگۆڕێن

••••

به گروپێکی خاوەن بەرژەوەندی لەنێوان گروپ و لایەنەکانی دیکەدا. واتە ئەم رەخنەگرانەی مارکسیزم بڕوایان وایە کە بزوتنەوەی کرێکاریی سەرەڕای گرنگیو کاریگەریی لە رابردوو، ئێستا و ئایندەشدا بزوتنەوەو بکەرێکی کۆنە، نەك نوێ. بێگومان هەتا ئێستاش سەرمایەداری هەر سیستەمێکی چینایەتی و خاوەن بەرژەوەندی چینایەتی یەو خەباتەکانی بزوتنەوەی کرێکاریش دەیەوێت (لەو دیوی) ئەم سیستەمەوە بەردەوام بێت و هێشتا هەر جێگاو نەخشی ماوە. لەم زەمینەیەدا دەبێت بوون و نەخش و کاریگەری بزوتنەوەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی بەگرنگ سەیر بکرێن و دەتوانن کە رەهەند و ئاراستە تازەکانی کۆمەڵگا بنەخشێنن.

ئازادی بیروڕا و بزوتنەوە دیموکراتیەکان کە ڕیشەیان لە زەمینەی کارکردەکانی پاراستنی دەوڵەتی مۆدێرندا هەیە، لەڕوانگەی شیکاری و تا رادەیەکیش مێژوویدا، جیاوازن لە بزاڤەکانی کرێکاریی. بزوتنەوە دیموکراتیەکان کە بەشێك بوون لە شێوازەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی و بزوتنەوەکانی خوازیاری مافەکانی بەشداری سیاسی لە خۆیان دەگرن ئەم جۆرە لەبزوتنەوە، ئەنجومەنە سەرەتاییەکانی بۆرژوایین، کە مارکس لە روانگەی چینایەتی خۆیەوە رەخنەیان دەکات و وەکو بەشێك لەدیدگاو سیستەمی سەرمایەداری چاویان لێدەکات. هەرچەندە مارکس لەو سەردەمەدا بەدروستی ئەم رەوشەی لێکداوەتەوە، بەڵام لەو جێگایەدا کە (مافەکانی دیموکراتیك) بەشێوەیەك دەهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی بەیانی چینایەتی، دروست بیر ناکاتەوە. ئەم شێوەیە لە مافەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان و داکۆکی و پاراستنیان لە سامانە سیاسیەکانی مۆدێرنە هەر لەدەسەڵاتی سۆسیالیستی تا سەرمایەداری گرنگی سیاسی کاریگەریان هەیە.



بزوتنەوەکانی کرێکاریی و دیموکراتی و ئازادیخوازیی، بزوتنەوە (کۆنەکانن)و لە ئەوروپا و ئەمریکادا سەدەیەك پێش ئێستا یان لەسەدەی رابردوودا بەشێوازی جیاواز و کاریگەر بەشێك لە مێژوویان نەخشاندووە. بەڵام هەندێك جۆری دیکە لە بزوتنەوەکان کە بە (بزوتنەوەی نوێ) ناسراون لەم دەهانەی دواییدا هەژموون و نەخشی بەردەوامیان هەبووە لە کوردستانی خۆمان بزوتنەوەکانی رابردوو کە ئاوێتە بوون لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کورددا بەشێك بوون لە ژیانی رابردووی پڕ ئازارو پڕ خەبات و کاریگەریی. یەکێك لەو بزوتنەوە تازانەی ئەوروپاو ئەمریکا بزوتنەوەکانی ئاشتی و دژی جەنگن، کە مەیدانی خەبات و کرۆکی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیان لەدژی توندوتیژیی جلیوە دەدات و بەتایبەتی لەبەرامبەر هێزی سەربازیی و چەکداریدا. لەم سەردەمەدا (ئاشتی) وەکو (دیموکراسی) دەبێت بەجیاواز لە رابردووی کۆن بیری لێ بکەینەوەو لە هەوڵی ئەوەدابین بیکەینە بەشێك لە کاروچالاکی گشتی و جەماوەری و لەماناو فەرهەنگی ئازادی و دادپەروەریدا بالآیان بکەین. بزوتنەوەی تازە لە روانگەی خەڵك و جیهانیانەوە دەڕوانێتە هەموو پرسەکان، نەك لەروانگەی دەسەڵات یان هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی دیاریکراو. ئەوان بڕوایان بەوەیە کە دیموکراسی چوارچێوەدراوە و خراوەتە ژێردەستی رەحمەتی دەسەڵاتەوە، یان دەسەڵاتەکان بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوون دیموکراسی دەستەمۆ بکەن لە بەرژەوەندی خۆیان. بەڵام بزوتنەوەی تازە دەیەوێت دیموکراسی بداتەوە بەخەڵك و گشت لەبەرهەمەکانی ئازادی و ماف و عەدالەت بەهرەمەند بن. (ئاشتی) لەلای دەسەڵاتە کۆنەکان و تازەکان تەنها لەوەدا سنووردارکراوە کە لەنێوان خۆیاندا شەڕ نەبێت و سامان و دەسەڵاتو وڵاتەکان لەنێوانیادا دابەشبکرێت. لەم زەمینەیەدا خەڵکی هەرێمی

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆش و کوشندەیان هەیە، کە شەڕی نێوان هەردوو حیزب هەڵایسا و بەردەوام بوو، خەڵك کرانە سووتەمەنی و قوربانی، کە ئاشتیش سازکرا بەرهەمەکەی تەنها بۆ هەردوو دەسەڵاتە شەڕکەرەکە بوو. کار گەیشتە رادەیەك کە هەردوو کەسی یەکەمی پارتی و یەکێتی لە پەرلەمان و بەدیار چاوی هەموانەوە وتیان ئێمە دەستمان لەو شەڕەدا نەبووە. بزوتنەوەی ئاشتی کە بێگومان دژی جەنگ و توندوتیژیی و دامودەزگای چەکداریی و چەوسێنەرە، لەوە زیرەکتر و وریاترە کڵاوی دەستەڵاتداران بچێتەسەری و لەبەرژەوەندی ئەوانیش خۆی رزگار کردووە، چونکە ئاشتی لەلای بزوتنەوەکانی ئاشتی پەیامێکی گشتی و مافدارو ئازاد و دادپەروەرن لەبەرژەوەندی هەموان و بەتایبەتیش قوربانیەکان. بزوتنەوەکانی ئاشتی زۆرباش ئەوە دەزانن کە لە جەنگ و رێکەوتنی نێوان دەسەڵات و دەوڵەتەکان زیان و قوربانی هەر بۆ خەڵکە، بۆیە ئەوان متمانەیان بە بەڵێنی ئەوان نی یە و خۆیان بڕیاریان داوە کە هێزو بکەری کاریگەرو نەخشێنەری زەمینەی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری بن.

لە روانگەی ئاشتی خوازی و مرۆڤدۆستی یەوە دەڕواننە ژینگەو شوێن و فەرهەنگی ژیان و بۆئەم مەبەستەش بزوتنەوەکانی ژینگەپارێزی و سەوزەکان ماناو فەرهەنگی تازەیان بۆ ژیان هێناوەتە دی. شێوەکانی رابردووی بزوتنەوەکانی (سەوز) لەسەدەی هەژدەدا هەبوون و کۆنترین شێوازیشیان لەژێر کاریگەری رۆمانتیزمدا بوون و تێدەکۆشان لە بەرامبەر پیشەسازی مۆدێرندا بەشێوازی کۆن و نەریتی داکۆکی لەزەوی و ژینگە بکەن. لەبەرئەوەی کە سەرمایەداری لەو سەردەمەدا و هەتا ئێستاش بەرژەوەندی خۆی بالاتر لە ژیان و ژینگەو زەوی بەشایستە دەزانێت، بۆیە ئەوکاتە بزوتنەوەکانی ژینگەیی چوونە ناو ریزەکانی بزوتنەوەکانی کرێکاریی. بەڵام جیاوازیی و رەوایی نێوان ئەم دوو





بزوتنەوەیە، کرێکاریی و سەوز، لەم سەردەمەدا رەنگدانەوەی هۆشیاریی بەهێزو باڵای ژینگەپارێزانە بەرامبەر بەو پەیامەی کە گەشەی پیشەسازی و چەکداریی ژێر دەسەڵاتی سەرمایەداریی یان هەر سیستەمێکی دیکە، کە چ مەترسیەکی هەیە بۆ هەمووان لە جیهان.

بزوتنەوەی مافە مەدەنی یەکان لەهەردوو دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ یەکێکە لەو بزوتنەوە تازانەی کە فراوانترو بەهرەمەنتر لە سیستەم و روانگەی (جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ) هاتە مەیدانی ئازادی و دژایەتی توندوتیژیی هەڵاواردنی نەژادیی و بەدەستهێنانی ماف و سەروەریی تاك. ئەم بزوتنەوە فراوانتر لە بەڵێنەکانی دەسەڵاتەکان هاتنە رەوشی کاریگەریی بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافانە. تایبەتمەندییەکانی ئەم بزوتنەوەیە، وەکو هەموو بزوتنەوە تازەکان ئەوەمان پێدەڵێت کە ماهیەتی مرۆڤایەتی و ئازادیخوازیی و مافدانی لەسەر دەستی ئەم هێزو بکەرە نوێیانە دەتوانێت لەرێگای خەباتی گشتی، نەك حیزبی یان سیاسی، لە رێگای خەباتی دیموکراتی و ریفۆرمیستی، نەك شۆڕشگێڕیی و توندوتیژیی، لەرێگای پلورالیزمی سیاسی و فیکری، نەك پاوانخوازی و نەهێشتنی جیاوازیی، ماناو فەرهەنگی نوێ بۆسەردەم و بۆ دیموکراسی و بۆ مرۆڤایەتی بەدەست بهێنێ.

هەروەها بزوتنەوەکانی فیمنیستی و ماف و ئازادییەکان بۆ ژنان بەشێکی گرنگ و جیهانین لەو بزوتنەوە تازانە. ئەم بزوتنەوەیە وەکو هەموو بزوتنەوە ناوبراوەکان لە پرس و گومان و بیرکردنەوە دەربارەی مۆدێرنێتی هاتنە مەیدانەوە. ئەم بزاڤانە هەر لەهەمان سەرەتاو روانگەوە دەستیان پێکرد کە ئامانجی سەرەکیان بەدەست هێنانی ماف و ئازادی سیاسی و یەکسانی ئابورییە بۆ هەمووان، یان لەلای ئەوان بۆ ژنان. ئەوان بەئاشکرا کەوتنە رەخنە لە سیستەم و نەریتی کۆن و توخمە پێکهێنەرەکانی پەیوەندی رەگەزیی. بیرکردنەوەی بزاڤی



هەواڵنامەی کتێب

فیمینستی دەربارەی ئەوەی کە ڕەگەزێتی چی یە و چۆن تایبەتمەندییەکانی بونیادی ناسنامەی کەسێتی دەسازێنێ، ئەمڕۆ لەگەڵ دیدگاو تیۆری گۆڕانخوازدا پەیوەندی بەهێزی هەیە. داکۆکی کردن لە تاکێتی و ناسنامەی تاك و بەتایبەتیش لەئازادی و سەربەخۆیی ژنان یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی سەردەمو تەنانەت فراوانتریشە لە خودی پەیامەکانی مۆدێرنێتی و بەشێوەی جیاواز هەموو ڕەوشەکانی سیستەم و دەسەڵاتی نەریتی دەخاتە ناو ڕەخنەوە. ئەگەرچی فیمینیزم گەلێك ڕێبازو مەکتەب و دیدگاو جیاوازیی تێدایە، بەڵام دەتوانێت ئەو سەرچاوانە ئامادە بکات کە ڕوانگەی نەریتی و واقعی مۆدێرنێتی تێپەڕێنن و ئاسۆو ئامانجی تازە بۆ کۆمەڵگاو بۆ ژنان بنەخشێنێ.

سەرئەنجام بزوتنەوەکانی لاوان و خوێندکاران لەدوای ڕاپەرینی مانگی مای ساڵی ١٩٦٨، دیدگاو جیهانبینی تازە بۆ خودی بزوتنەوەکان و بۆ دیموکراسی و ئازادی و مافەکانیش دەنەخشێنێ. لاوان و خوێندکاران کە دەیانوت دەسەڵاتمان ناوێت، بەڵام هەموو ماف و ئازادی و دادپەروەرییەکمان لەدەسەڵاتەکان دەوێت. یان هەروەکو بیرمەندان دەڵێن ئەوان هیچیان بۆ دەسەڵات نەدەویست، بەڵام هەموو شتێکیان لەدەسەڵات دەویست. ئەم ڕوانگەیەش دیدگاو جیهانبینی تازەیەو سەبارەت بە دەسەڵات و پەیوەندی ماف و ئازادییەکان بە دەسەڵاتەوە. ئەوان حیزبیان نەبوو، سەندیکاو ڕێکخراویان نەبوو، دەسەڵات و ئابوورییان نەبوو، سەرکردەو ڕابەری نەریتی و کاریزمییان نەبوو. بە کورتی هیچ کام لە بکەرو ئۆرگانەکانی دەسەڵات و ڕژێمیان نەبوو، بەڵام جەماوەرییان هەبوو، دیدگای ڕۆشنیان هەبوو، داواکاری کۆنکریت و ئاشکرایان هەبوو، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە سەرنەکەوتن. ئەم بزوتنەوەیەش وەکو هەموو بزوتنەوەکانی دیکە، لەدیدگاو هێزو پێداویستی و دروشم و ئامانجدا تازەبوو.

••••



سەرەنجام دەتوانین بڵێین کە ئەم بزوتنەوانە چەند تایبەتمەندی و دیدگای گرنگیان هەبوو، کە دەبنە سەرچاوەو زەمینە بۆئەوەی کە نوێ بن و لە گۆڕانەکانیشدا بەرەو نوێبونەوە بچن.

**یەکەم:**

هەموویان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی بوون. واتە پشتیوانەکانیان حیزب، دەسەڵات، ئابووری، سەندیکا و ئایین و نەتەوە نەبوون و هێزو بکەرە کۆنەکانیان بەهێزو پشتوانی خۆیان نەدەزانی و لەدژیشیان نەبوون. بکەرو هێزی ئەوان نەوەیەکی دیکەو هێزو جەماوەرێکی دیکە بوون.

**دووەم:**

دیموکراسیخواز، ئازادیخواز و ریفۆرمیست بوون، واتە شۆڕشگێڕو هەژموون خواز نەبوون. دەسەڵاتیان نەدەویست، بەڵام هەموو ماف و ئازادی و دادپەروەرییان لەدەسەڵات بۆ خەڵك دەویست.

**سێیەم:**

سەربە پەیڕەو یان بیروباوەڕێکی دیاریکراوی ناوەندی نەبوون، بەڵکو بڕوایان بە پلورالیزمی فکری و سیاسی و گفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەکان هەبوو. ئەوان لێبوردەیی و جیاوازی و فرەیی خواز بوون.

**چوارەم:**

ئەو هێزو بکەرانە بوون کە ڕۆشنگەر و ماهیەت خواز بوون. دەچوونە ناو ناوەڕۆك و ماهیەتی شتەکانەوە. لەلای ئەوان دیدگای تاك خوازی و پێوەری جیهانی کرابووە ڕوانگەو میتۆدی بیرکردنەوە. نەخشی تاك بۆ ئازادی و ماف و سەربەخۆیی کرابووە بەردی بناغەی ماف و ئازادی و عەدالەت و سەربەخۆیی بۆ گشت و مرۆڤ (وەك تاك) کرابووە ئامانج، نەك هۆکار.

••••

هەواڵنامەی کتێب

پێنجەم:

ڕەخنەگرو ڕەخنەکاری بەردەوام بوون و لەڕەوشی هەمیشەیی ڕەخنەییدا بوون بەرامبەر بەخۆیان و بزوتنەوەکەیان و دۆستەکان و دەسەڵاتەکان.

شەشەم:

بکەرو هێزێکی بەردەوام بوون، وەستاو و جێگیرنەبوون، بەڵکو گۆڕاو شەپۆلدار و ناجێگیربوون.

حەوتەم:

هەمیشە پارێزەر و داکۆکیکار بوون لە لاوازو هەژاران و پەراوێزکراوو دەرکراوەکان و لەروانگەی ئەوانەوە و بەپێوەری باڵاکردن و بەهەرەمەندکردنی ئەوانەوە داوایان دەکرد مووچە، ژیان و ماف و ئازادی و کەرامەت بکرێتە سیستەم و یاسا و فەرهەنگ.

هەشتەم:

هەروەکو (ئەلبێرتۆ میلۆچی) دەڵێت ئەوان پرشنگەکانی ئایندەیان نیشان دەدا و تا ڕادەیەکیش هۆکارەکانی هێنانەدی ئایندەیان بەدەست دەهێنا[٢].

نۆیەم:

بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمیشە بەرامبەر دەخوێنێتەوەو لەدیدگاو بیرکردنەوەیدا (ئەوی دی) یان (ئەوانی دیکە) لەبەرچاو دەگرێ و نەخش و کاریگەریان دەخوێنێتەوە .





## بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چی یە؟

کۆمەڵناسان و کۆمەڵناسی سیاسی بەم شێوەیە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەن : (بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەشێوەی گشتی هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی یان گشتی یە بۆ بەرەوپێشەوەبردن یان بەرەنگاریی لەبەرامبەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەلە کۆمەڵگایەکدا روو دەدەن و خۆشیان بەشێکن لەو گۆڕانە) و (بزوتنەوە کان لەرێگای هەژان، یان جوڵانەوەی ناو خەڵك، نا ئارامی، کۆششی گشتی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ڕۆشن، بەتایبەتی گۆڕانکاریی لە هەندێك نیهادو دامەزراوەی کۆمەڵایەتیدا بەئەنجام دەگەن. بزوتنەوەکان هەرچەندە لەوانەیە کە لەنێوان ئەندامانیدا شێوەیەك لە ڕێکخراوبوون هەبێت، بەڵام بەشێوەی گشتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی ڕێکخراو نی یە[٣].

ئەگەر بخوازین جیاوازی و بەراوردی نێوان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و پارتە سیاسیەکان بزانین، پێویستە لەم پێناسانە زیاتر ڕۆشنی بکەین. واتە لایەنی ڕێکخراوبوون یان سازمانداریی لەنێوان حیزبەکان و بزوتنەوەکان ئەگەرچی یەکێکە لەجیاوازییەکان، بەڵام ئاکامی کار بەدەستەوە نادات. لەبزوتنەوەکاندا هیچ شێوەیەك لە (کارتی ئەندامێتی) یان (ئابوونەی بەشداربوون) نابینرێ، یان ئەو ئۆرگان و ڕێکخراوانەی کە ناوەندو ستادی فەرماندارین، بەڵام خودی ئەمانەش جیاوازییەکان بەتەواوی ڕۆشن ناکەنەوە. چونکە لەوانەیە لە بزوتنەوەکاندا جۆرێك یان چەندێك ڕێکخراو، حیزب یان فۆرماسیۆنی سیاسی هەبن. واتە دەکرێت لە بزوتنەوەکاندا وێرای بوونی جەماوەری زۆرو پەراگەندەو

ناڕێکخراو، حیزبەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و کاری سیاسی دیاریکراویش هەبێت. سەرەنجام ئێمە ناتوانین لەبونیادو پێکهاتەکاندا جییاوازی ئاشکرا و ڕۆشن لەنێوان حیزب و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەین.

لایەنی جیاواز و ڕۆشن لەنێوان ئەم دوانەدا دەبێت لەماهیەتی بیرکردنەوەو بونیادی دروستبووندا پەیدا بکەین. لەکاتێکدا کە ئەحزاب و فۆرماسیۆنە سیاسییەکان کاری یەکەمی خۆیان بەوە داناوە کە دەبێت خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بکەنە کاری ناوەندیی یا پێکهێنانی شێوەیەکی دیکەیان لە حکومەت کردۆتە ئامانج، بەڵام بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بە ڕەخنەگرتن و نەیاریی جەماوەریی ڕەوایی سیاسی کۆن بخەنە ژێر گومان و پرسیارەوە . بەدەستهێنانی هەلومەرجی بیروڕای گشتی بۆ ئەو ڕەخنە ونەیارییە کاری یەکەمی بزوتنەوەکانە بۆ گۆڕانی سیاسی، بەڵام پارتەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەیانەوێت ڕاستەوخۆ لەڕێگای خۆیانەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسی بکەن. بکەری بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی پشت بەستنە بەکارەکانی سیاسی، جەماوەری، فکری و بەدەستهێنانی پلورالیزمی گشتی بۆ ڕەخنەو نەیاری لە دەسەڵاتی سیاسی کۆن. بەڵام حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەیانەوێت لە ڕێگای تەنها سیاسەتەوە ئەم کارە بکەن و بکەری ڕاستەوخۆش تەنها سیاسەت و حیزبی سیاسی بێت. هەرچەندە لەوانەیە حیزبەکان بەشێك بن لە بزاڤی کۆمەڵایەتی یان بە پشت بەستن بەهێزی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕی سیاسی بەدەست بهێنن، بەڵام لەلای ئەوان بزاڤی کۆمەڵایەتی، هەژانی گشتی و هێزو توانای جەماوەری دەبێت بکرێتە هۆکار بۆ ئامانجی سیاسی دیاریکراو. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەروانگەی ڕەوایی پلورالیزمەوە دەڕوانێتە گۆڕانەکان، بەڵام حیزبی سیاسی دەیەوێت دیدگای سیاسی خۆی بکاتە مەبەست و ئامانجی ناوەندی.



بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی کە شەپۆلی ئاسۆییە بۆ گۆڕانکاری جەماوەریی، بەڵام حیزبی سیاسی دەیەوێت خۆی لەسەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتدا جەماوەر خانەبەندی بکات و ستونێك لەهەژموون و بەرژەوەندی خوارەوەی دەسەڵاتی سیاسی خۆی ریزبکات.

یەکێکی دیکە لەبونیاد و هۆکارەکانی پەیدابوونی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، کە بێگومان دەبێتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانیشی ئەوەیە کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەیەوێت خەبات بۆ سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی زیاترو ڕزگاربوونە لەدەستی هەژموونی دەسەڵات و حکومەتەکان یان حیزب و ڕێکخراوەکان.

چەمکی سەربەخۆیی کەلەزەمینەی ماف و ئازادییەکاندا سەرهەڵدەدات و یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی ڕۆشنگەریی و دواییش مۆدێرنیتی بەرەو پێشتری دەبات، لەلای هەردوو بیروباوەڕی لیبرالیزم و مارکسیزم دەبێتە یەکێك لەپێگە گرنگەکانی بیرکردنەوەو خەبات. لیبرالیزم کە باسی سەربەخۆیی دەکات وەکو بەشێکی گرنگ لە ماف و سەرورەریی تاك بۆی دەڕوانێ و لەم زەمینەیەشدا دەسکەوتی گرنگی بەدەست هێناوە. بەڵام لەلای مارکسیزم سەربەخۆیی چینایەتی پرۆلیتاریا دەبێتە پێگەی یەکەمی خەباتی کرێکاران و یەکەمین هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر دەسەڵات و هێزە بۆرژواییەکان. یەکەمین کەس کە باس لە چەمکی سەربەخۆیی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەکات، بەشێوەی سەربەخۆیی چینایەتی، کارل مارکسە، بەڵام ئەلکسی دی توکڤویل گرنگی زیاتر بە سەربەخۆیی بزوتنەوەی دیموکراتی دەدات کەلەلایەن هێزی ناوەڕاستەوە یان چینی ناوەندەوە پشتیوانی دەکرا. زاراوەی (سۆسیال دیموکراسی) وەکو بەشێك لە بزوتنەوەی کرێکاری ئەوە نیشان دەدا کە دەکرێت سەربەخۆیی چینایەتی و دیموکراسیانەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی

کرێکاران یەکێك یان پێگەیەکی گرنگ بێت بۆ چەمکی سەربەخۆیی.

لەدوای قۆناغی دووەمی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی یەکان، واتە لەدوای سەردەمی بزوتنەوەکانی کرێکاریی، دیموکراسی و ئازادیخوازیی و پەیدابوونی بزوتنەوە تازەکانی کۆمەڵایەتی (بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان، ئاشتی خوازان و ژینگەپارێزان، بزوتنەوەکانی مافەکانی ژنان، بزوتنەوەکانی لاوان) پرسی گرنگ لە بونیادو دیدگای بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا سەرهەڵدەدات، کە ئەویش پرسی (خۆبەدیهێنان) و (خۆبەڕێوەبردن)ە. بزوتنەوەکانی قۆناغی یەکەم، واتە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە کۆنەکان هەمیشە لەلایەن دیدگاو هێزێکی سیاسییەوە بەدی دەهێنران و بەڕێوەدەبران و تا رادەیەکیش لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی ئەو دیدگاو هێزە سیاسیانەدا بوون، یان بیروباوەڕێکی سیاسی دیاریکراو کرابووە مانفێست و ئامانجی کۆتاییان. بۆئەم مەبەستەش سێ نمونە و دیاردەی مێژوویی گرنگمان لەمێژوودا بەجێ هێشتووە، بزوتنەوە کرێکارییەکان لەبەر رۆشنایی و فەرمانی مارکسیزم، سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمدا رێنمایی دەکران. بزوتنەوەکانی دیموکراسی لەلایەن بیروباوەڕی لیبرالیزمەوەو بزوتنەوەکانی ئازادیخوازیی نەتەوەکان لەلایەن ناسیۆنالیزم و دیدگای دەوڵەتی نەتەوەوە بەڕێوە دەبران. بەڵام بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە تازەکان لەم زەمینەیەدا دوو پرسی گرنگیان بەدەست هێناوە، یەکەم ئەوەیە کە خۆیان خۆیان بەدی هێناوەو هیچ دیدگاو هێزێکی سیاسی (دیاریکراو) نەخشی سەرەکی نی یە و خۆیان خۆیان بەڕێوە دەبەن و هیچ هێزێك (پێشڕەو) یان (بەڕێوەبەر) نی یە.

دووەم، ئەگەرچی لەوانەیە لەناو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا چەند بیرو دیدگای سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکری هەبێت، بەڵام هیچیان رابەرو سەرکردە نین و هەمووشیان دەتوانن کاراو کاریگەر بن. پرانسیپی پلورالیزمی سیاسی و



فکری بەشێکی گرنگە لە جیهانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە تازەکان. بۆئەم مەبەستە یەکێك لە کۆمەڵناسە ناسراوەکان بەناوی تام باتامور دەڵێت: (لە رەهەندی خۆ بەدیهێنانی بزوتنەوەکاندا، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەو هێزانەن کە سیستەم و جێگرەکانی بیرکردنەوەو دەسەڵاتدارێتی و مێژوویی دەخەنە بەردەم رەخنەو خەبات و لە هەوڵی ئەوەدان کە تەکامولی کۆمەڵگا بەرەو کەناڵ و رێگا جیاوازەکان ئاوەڵا بکەن).[٤]

بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمەی خۆمان هەروەکو بزوتنەوەکانی تازەی کۆمەڵایەتی لەدوای دەیەی ١٩٦٠ بزوتنەوەکانی رزگاریخواز و ئازادی بەخشن کە بنەمای بیرکردنەوەو شێوەی کاری سیاسیان خەبات و تێکۆشانی جەماوەرییە لەدژی ستەمکاران و تایبەتمەندی چەوسێنەری ئەو سیستەم و دەسەڵاتانەی کە بەناوی ئازادی، نیشتمانی و دیموکراسی یەوە پایەگای هەلپەرستی و گەندەڵی و چەوسانەوە بەهێز دەکەن. هەروەها ئەم بزوتنەوانە لەروانگەی چینە هەژارو ستەملێکراوەکانەوە خەباتی جەماوەریی و گشتی بەرەو پێش دەبەن.

دوای ئەوەی زانیمان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چی یە و جیاوازی و بەراورد لەنێوان بزوتنەوەکان و پارت و لایەنە سیاسیەکانمان ئاشکراکرد، و هەروەها بەراوردی نێوان شێوەکانی کۆن و نوێی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیمان ئاشکراکرد. ئێستا دەبێت سەبارەت بە کارایی و سەرکەوتنی درێژ ماوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی باس و لێکۆڵینەوە بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## زەمینەی یەکـــەم

زەمینــەی یەکـەمی ئـەم پرســە ئەوەیــە، کـە دەبێــت بزووتنـەوەی کۆمەڵایـەتی خـاوەنی وتـارو دیـدگاو بەرنامەیـەکی وەهـا بێـت کـە بتوانـێ هـەژان و سـەرهەڵدانی جوڵانـەوەو شـەوق و بـەڵێنی لـە زەمینـەی چالاکی سیاسیدا بـەردەوام بکـات. ئـەم وتـارو دیدگایـە کـە لەوانەیـە دەربـارەی ئـازادی و مافـەکان، دادپـەروەریی، ئـازادی ژنـان و لاوان یـان ئامـانجێکی گشـتی بێـت بـۆ کۆمـەڵگاو دەبێـت لەروانگـەی زۆربـەی خەڵکـەوە شـایانی لایـەنگری و پشـتیوانی بێـت، یـان دەبێـت پشـت بـە تیـۆری فەلسـەفەیەك ببەسـتێ کـە بتوانـێ پرسـە سەرەکیەکانی کۆمـەڵگا ڕۆشـن بکاتـەوەو ئامـانج و ڕێگاکـانی گەیشـتن بـەو پرسـانە ڕۆشـن بکاتــەوەو ســیماو کەناڵــەکانی کۆمــەڵگای مافــدارو ئــازادو دادپــەروەر بنەخشــێنێ. تیــۆری بزووتنــەوەی کۆمەڵایــەتی پایــەدارو بــەردەوام دەبێــت لەهێنانـەدی مانـاو فەرهـەنگ و ناسـنامەی خـۆی کەلەلایـەن زۆربـەی کۆمـەڵگاوە شایانی پشتیوانی و ستایش بێت لەهەوڵدا بێت و هێنانەدی فەرهـەنگی جیاواز لـە نەریت و فەرهەنگی کۆن یەکێکە لەو زەمینـە گرنگانـەی کـە بزووتنـەوەی خـاوەن دوورنماو هێزی بەردەوام دەنەخشێنێ.

## دووەمین زەمینە

دووەمــین زەمینــەو مــەرجی گــرنگ بــۆ ســەرکەوتن و بــەردەوامبوونی بزاڤــی کۆمەڵایــەتی ئەوەیــە کــە دەبێــت لــەخاڵ و کــاتی گەشـەکردنیدا بتوانێـت گـروپ ولایـەنی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و فەرهـەنگی ڕێکخراو و پایەدار دروست بکات. یان دەبێت ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی کە پێشتر



هەبوون و ڕاستەوخۆ بەشێك بوون لە خـەباتی بەدەستهێنانی دەسـەڵات و لـەدوای ئەم پرسە هەلومەرجی سوود وەرگـرتن لـەوان بـۆ ریفـۆرم و گـۆڕان لـەئارادا بێـت، دەبێت لەلایەن بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی یەوە سوودیان لێ وەربگیرێ و بـۆ سـوودی بزووتنەوەکە بەکار بهێنرێن.

## سێیەمین زەمینە

سـێیەمین زەمینـەی بـەردەوامی بزووتنـەوەی کۆمەڵایـەتی لەســەردەمی ســازدان و گەشــەو سەرکەوتنیشــدا دەبێــت بزانێــت بکـەرو هێــزو کاریگـەریی کۆمـەڵگا کامانـەن و پلوورالیزمی سیاسـی و فکـری لەنێوانیانـدا بکاتـە دیدگاو ڕوانگەی فەرهەنگی و دەبێت بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك بێـت کـە هـەموو کـەس و بەتایبـەتی هـەژاران و لاوان و پـەراوێزکراوەکان دەسـتیان پـێ بگاتو بیکەنە ئامراز و ئامانجی خەباتی خۆیان.

لـەکۆتایی سـەدەی بیسـتەمدا بزووتنـەوەکانی کۆمەڵایـەتی ئـەو هۆکـارو ڕێگایانــەن کــە هــەموو ئەنــدامانی کۆمــەڵگا بتــوانن بــە هۆیانــەوە نــارەزایی و نەیاریی‌و جیـاوازی خۆیـان بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و بـەبێ یارمـەتی و نەخشـی ئەوانی دیکە (حیزب و ڕێکخراو و لایەنەکان) بەرامبەر بـە دەسـەڵات و سیسـتەمی فــەرەمانڕەوا ڕابگەیــەنن. هــەروەها بەرامبــەر بــەخودی دەســەڵاتدارانی بزووتنەوەکـەی خۆشـیان یـان بەرامبـەر هاوکـاران و هاوپەیمانانیشـیان جیـاوازی و کاریگـەریی خۆیـان ڕابگەیـەنن. لـەم نێوانـەدا بزووتنـەوەی کۆمەڵایـەتی دەبێتـە خـاوەنی دوو سـەنگەر یـان زەمینـەو هێزەکـان. لەلایـەك هێـزی کۆمەڵایـەتی و جـەماوەریی نـاو بزووتنەوەکـەو لەلایـەکی دیکـە پـارت و لایەنـە سیاسـی و کۆمەڵایــەتی و فەرهــەنگی یــەکان. بەتایبــەتیش حیزبــەکان کــە هۆکــاری

هەواڵنامەی کتێب

بەدەستهێنان یان پاراستنی دەسەڵاتی سیاسین و هەربۆیەش دەتوانن توانای فراوان و هێزو بەڕێوەبردنی کاریگەریی سیاسەتەکانی کۆمەڵایەتیان هەبێت لەسەردەمە جیاواز و درێژماوەکاندا. لەنێوان ئەم دوو شێوازە لەکاری سیاسی هەمیشە جیاوازی و ناکۆکی پەیدا دەبێت. لەم زەمینەیەدا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی یان رووناکبیران و تیۆرمەندانو کاربەدەستانی سیاسی ناو ئەم بزووتنەوانە دەبێت لەهەردوو ئاراستەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کاربکەن و هەردوو ئاراستەکە بەشێوازی پەیوەندی و کاریگەریی نێوانیان یەکتر بخوێننەوەو گەشەی پێ بدەن و بەردەوامی بکەن.

## پەیوەندی و بەراوردی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و پارتی سیاسی

زۆربەی تیۆرو دیدگاکانی کۆمەڵناسی سیاسی بڕوایان بەوەیە کە جیاوازی و بەراوردی نێوان پارتە سیاسیەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان زۆر رۆشن نییەو هەندێکی دیکەش بە پێچەوانەوە بیردەکەنەوە. لەم زەمینەیەدا دەبێت دوو قۆناغی گرنگ لەژیانی پارتەکان و بزووتنەوەکان بخەینە بەرچاوی سەرنجو لێکۆڵینەوە. قۆناغی یەکەم، کە بەقۆناغ و سەردەمی یەکەمی مۆدێرنیتی دەناسرێت و لەم زەمینەیەدا هەوڵ و خەباتی پارتەکان و بزووتنەوەکان کە لەهەرسێ دیدگای سۆسیالیستی و دیموکراسی و نەتەوەیەیدا لەهەوڵی بەدیهێنانی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی دڵخوازی خۆیانن و ئەم ئامانجانەیان کردۆتە کۆبەندی خەبات و هیواکان و بۆئەو مەبەستەش خەڵك و بزووتنەوەکان





هۆکارنو دەسەڵاتی سیاسی و حیزبەکانیش دەکرێنە ئامانج.

قۆناغی دووەم کە لەدوای دەیەی ١٩٥٠ لەئەمریکاو دەیەی ١٩٦٠ لەئەوروپا دەست پێدەکات دوو جۆری تازە لەبزاڤی کۆمەڵایەتی و پارتی سیاسی پەیدا دەبن، کە ئامانجی سەرەکییان هێنانەدی دەسەڵات و سیستەمی سیاسیی نییە بەڵکو گۆڕانە لەژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندی دەسەڵاتەکان نا، بەڵکو لەبەرژەوەندی خەڵك. لەم دیدگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا یان لەم پارت و بزووتنەوانەدا خەڵك و جەماوەر ئامانجن و دەسەڵات و پارتەکان هۆکارن.

لەقۆناغی یەکەمدا بەراورد و جیاوازی نێوان پارت و بزووتنەوەکان بەم جۆرە دەبێت:

**یەکەم**، پەیوەندی و بەشداری لە بزووتنەوەکاندا پێویستی بە پابەندبوونی تەواو بە جۆرێك لە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆجی نییە، بەڵام بەشداری و ئەندامێتی لەپارتەکاندا وا دەخوازێت کە پابەندبوونی تەواو بەبیروباوەڕی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە یەکێك بێت لە مەرجەکانی بنیاتنانی ئەو پارتانە. حیزبە سیاسییەکانی لیبرالی، سۆسیالیتی، ناسیۆنالیستی و ئایینی نمونەی ئەم پرسەن.

دووەم، سیفاتی رێکخراوەیی حیزبەکان لە روانگەی خۆیانەوە وا پێویست دەکات کە لایەنی دیسپلین و ئاستەکانی رێکخستن و بیرۆکراتی هەبێت وهەموو پارتە کۆنەکان بەوجۆرەن. لەپارتەکاندا رەوشی رێکخستن و فەرمان و ئاستەکانی سەرەوەوخوارەوە بەئاشکرا دەبینرێت، بەڵام لە بزووتنەوەکاندا زیاتر حاڵەتی ئازادی و کۆبوونەوەی گشتی و بەشداری کردن لە چالاکیەکاندا دەبنە پێوەری بەشداریی.



هەواڵنامەی کتێب

**سێیەم**، ئامانجی یەکەم و پیرۆزی حیزبەکان بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە و لەروانگەی دەسەڵات و پێکهاتەی بیرۆکراتی دەسەڵاتەکانەوە پارتەکان دروست دەکرێن. ئامانجە زۆرو درێژماوەکانی حیزب بەردەوام دوا دەخرێت بۆ سەردەمی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و گۆڕینی دەسەڵاتی کۆن.

**چوارەم**، لەبەرئەوەی کە پارتەکان سەربە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای تایبەتن هەربەو ئەندازەش دەیانەوێت یەکێتی ریزەکانی حیزب و پاشان یەکێتی ریزەکانی کۆمەڵیش لەدەوری بەرنامەو بیروباوەڕی خۆیان بەدی بهێنن. یەکەمین کاری حیزب، تەنانەت پێش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتیش، هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی یەکێتی لەدنیاو ژیانی پڕ لە جیاوازی و فرەیی.

**پێنجەم**، قەتیس مانی کاری حیزبەکان تەنها لەکارو مەیدانی سیاسی و دانانی حیزب و سیاسەت بە ناوەرۆك و سەرۆکی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ و رای گشتی. یەکێك لەکارە دژوارەکانی حیزب هەوڵدانە بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی ناوەندێتی سیاسی و دەسەڵاتی ستوونی کە بەشەکانی دیکەی خەبات و رای گشتی بکرێتە پاشکۆی حیزب [(٥)]

قۆناغی دووەمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، یان سەردەمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە تازەکان بەوە دەناسرێت کە نەك تەنها رەخنەو دابڕانە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کۆن، بەڵکو رەخنەو جیاوازیشە لە حیزب و دەسەڵاتی کۆن. یەکێك لە رەخنە سەرەکیەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دەیەی ١٩٦٠ و گروپە رادیکال و فەرهەنگییەکانی ناو پارتەکانی کرێکاریی و سۆسیالیستی لەبەرامبەر و دژ بە (سیاسەتی هاوڕایی) کە پارتەکانی ئەو دەمە دەیانویست بیکەنە روانگەو سیاسەتی دەسەڵاتدار. بزووتنەوە و گروپە سیاسیەکانی سەربەو بزووتنەوانە، بەتایبەتی گروپەکانی (چەپی نوێ)، (سەوزەکان)، (ئاشتی خواز) و (چەپی فەرهەنگی) سەرەتا لە روانگەو میتۆدی بیرکردنەوە دەستیان کرد بە رەخنە لە پارتە کۆنەکان و لەجێگای تاك رەهەندی و تاك بیروباوەڕی بڕوایان هێنا بە پلورالیزمی سیاسی و فکری.

هەروەکو چۆن بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان زادەی ئەو بکەرو هێزە تازانەیە کە ئەو سەردەمە لە رەوشی پێکهاتن و کاریگەریدا بوون، هەر بەو شێوەیە گروپە سیاسی و فکرییەکانیشیان لەلایەن ئەو بکەرو هێزانە ئافەرین کرابوون. پارتە کۆنەکان یان سەر بە بیروباوەڕێکی دیاریکراو بوون، یان پابەندی سیاسەت و سیستەمێکی حوکمڕانی دەستنیشانکراو بوون و یان پێگەو زادەی چینایەتیان داکۆکی بوو لە چین و بەرژەوەندی چینایەتی دیاریکراو. بەڵام گروپە سیاسیەکانی ناو بزاڤە تازەکان بەو رادەیەی کە بڕوایان بە پلورالیزمی سیاسی و فکری بوو، هەر بەو ئەندازەیەش ئەو پلورالیزمەیان لە بکەرو هێزو کاریگەری مەیدانیدا پەسەند کردبوو، چونکە ئەوان داکۆکی یان لە ماف و ئازادی و عەدالەت و سیستەمی بەهرەمەند بۆ هەمووان دەکرد.

کە رەهەندی سیاسی و گروپە سیاسیەکانی ناو بزافی کۆمەڵایەتی تازە جیاوازو دابڕاو بێت لە پارتی چینایەتی و ئایدۆلۆژیی، ئەی سەرەنجام چی دەکاتە تەوەرو بڕبڕەی دروستبوونی، بێگومان جگە لە پلورالیزمی سیاسی و فکری و خوێندنەوەی بکەرو هێزەکان بۆ یەکتری. پارتە تازەکان، یان نەوەی نوێی پارتی سیاسی لەسەردەمی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێدا، ئاسۆو ئامانجی گشتی وەکو ماف و ئازادی و دادپەروەریی، خوێندنەوەی بەرامبەرەکان و لێبوردەیی و ئاشتی خوازیی، مرۆڤدۆستی و بوونی مرۆڤ بەلوتکەی ئامانجەکان دەکاتە فەلسەفەی دروستبوون و هێمای کارو خەباتی ، واتە ئەو پرس و دیاردانە دەکاتە ناسنامەو فەرهەنگ و عەقڵی گشتی خۆی کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بڕوای پێ بوو.

••••

لەکاتێکدا کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کۆن لەسایەو ڕەحمەتی هێز یان حیزبی دیاریکراودا گەشەی دەکرد و بەرهەمی دەدا، وەکو نموونەی بزووتنەوەی کرێکاریی گرێدراو بە مارکسیزم و سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم، یان بزووتنەوەی دیموکراتی ڕێنمایی کراو لەلایەن لیبرالیزم و سەرەنجام بزاڤی نەتەوەکان لەژێر سەرکردایەتی ناسیۆنالیزم و مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوە. لەکاتێکدا کە هێز و حیزب و بیروباوەڕی سیاسی دیاریکراو سەرکردەو پێشڕەو و کۆبەندی خەباتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کۆن بوو، بەڵام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تازە پارت وبیروباوەڕو هێزە سیاسیەکان بە یەکێك لە بکەرە (گرنگەکان)ی ناو بزووتنەوەکە چاولێدەکات و لەگەڵ هێزو بکەرەکانی دیکەدا (کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕەگەزیی، زانستی) لە ڕوانگەو میتۆدی پلورالیزمی سیاسیدا پەسەندیان دەکات. لەبەرئەوەی کە ڕیزبوون یان پلەبەندی لەنێوان هێزو بکەرەکاندا ئاسۆییە، یان دەبێت ئاسۆیی بێت نەك ستوونی، بۆیە هیچکام لەو هێزو بکەرانە سەرکردەو بڕیاردەر نین و ئەوانی دیکە شوێنکەوتوو یان بڕیار جێبەجێکەربن. ئەزموونی بزووتنەوەکانی خوێندکاران و لاوانی ١٩٦٨، بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکان، ئاشتی خوازان و ژینگەپارێزان، بزووتنەوەکانی ماف و ئازادی ژنان و سەرەنجام بزووتنەوەی هاوپشتی پۆلۆنیاو نەخشی کرێکارانی گدانسك ئەوەمان پێدەڵێن کە سیستەمی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تازەو نەخشی پارتەکان، سیستەمێکی ئاسۆیی و پلورالیزمی سیاسی و بیرکردنەوەیە.

بیروباوەڕو پارت و هێزی سیاسی لەسەردەمی تازەی بزووتنەوەکاندا بڕوایان بە بیرۆکراسی سیاسی و حیزبی هەرەمی گەورە یان زەبەلاح نییە. ئەم بڕواو دیدگایەش لەبەردووهۆیە، یەکەم دابەشبوونە چینایەتی و بیروباوەڕی و





سیاسیەکان بەرادەیەك کاریگەرو بەرچاوە کە خۆشبەختانە هیچکام لە هێزەکان ناتوانن ببنە هێزی زۆرایەتی و پێکهێنەری حکومەت و کابینەکانی و لەم نێوانەشدا دابەشبوون دەبێتە زەمینەی مادی و گشتی بۆ ئازادی و فرەیی. دووەم، لەبەرئەوەیە کە بکەرو هێزی تازەی کۆمەڵایەتی دێتە مەیدانی بوون و کاریگەریی. سەرئەنجام هەرەم و بیرۆکراسیەکانی جاران تێکدەچێت و دابەش بوون و پلۆرالیزم جێگایان دەگرنەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە نە حیزب و لایەنی سیاسی پان و بەرین دروست دەبێت و نە ئەو حیزب و لایەنە سیاسیە تازانەش دەتوانن هەرەم و بیرۆکراسی لەو هێزە تازە و زیندوو پلۆرالیستییە پێك بهێنن. لەم سەردەمەدا حیزبەکان بە ئەندام کەمن و بە بیرۆکراسی لاواز و بەکاریگەریی جەماوەریی و خەڵکی دەبنە بەشێکی گرنگ و کاریگەر لە بزووتنەوەکان، بەڵام نەك پێشڕەو و بڕیاردەر.

## پارتەکان و دیموکراسیی نوێ

**سیستەمی دیموکراسی لە ڕۆژئاوا تا**

ئێستا دوو قۆناغی ئاشکرای بەخۆوە دیوە، یەکەم قۆناغی دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەو نیشتمان. لەم قۆناغەدا ڕوانگەی دەسەڵات و سیستەمی فەرمانڕەوایی دەبێتە هێزو بکەری یەکەم و لەو ڕوانگەیەوە هەموو ڕەوش و پرسەکان بەڕێوە دەچێت. بیریاران و شارەزایانی دیموکراسی ڕۆژئاوایی دەڵێن حکومەت و دەسەڵاتەکان یان سیستەمەکانی ئەوان بڕیاردەری گشتی بووە لەهەموو پرسەکان و خەڵك و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یان پاشکۆکراون یان بێدەنگن.



هەواڵنامەی کتێب

قۆناغی دووەم کە هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوون و بەهێزبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ماف و ئازادی و دادپەروەری یان بۆ بەشداری سیاسی گشتی خەڵك لەو سیستەمانەدا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات و دیموکراسی دەخاتە رەوش و سیستەمێکی بەشدارو ئازادو بەهرەمەند لەروانگەی هەمووانەوە. لەم قۆناغەدا هەروەکو چۆن بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان یان هێزە جەماوەرییەکان لە پشتیوانی و یەدەك بوونی پارت و دەسەڵاتەکانەوە دەگۆڕێن بۆ بزووتنەوە ئازادو سەربەخۆکان لەبەرژەوەندی خەڵك، هەربەو شێوەیەش پارتەکان گۆڕانکاریی گرنگیان بەسەرادێت و لەهەردوو روانگەی بونیادو دیدگاو لەلایەك و بەشداری و کاریگەری ئەوان لەلایەکی دیکەوە دەبێت بە پرسە گرنگەکانی پارتەکان. لەم بەشەدا باسی ئەوە دەکەم کە زەمینەی گۆڕان و نوێبونەوەی پارت و هێزە سیاسیەکان لە سیستەمی نوێنەرایەتی و بەشداری لەدەسەڵات و بەڕێوەبردنی سیستەمی دیموکراسیدا چی بەسەردێت و ئەو زەمینانە چین کە کاریگەر دەبن لەم پرسانەدا.

## زەمینەی یەکەم

ئەگەر ژیان و بەرژەوەندییەکانی خەڵك جیاواز و فرەن.

ئەگەر هەرکەسێك یان هاوڵاتیەك رستێك پێداویستی و داواکاریی هەبێت کە پەیوەندییان هەیە بە ژیان، کار، خێزان و پەروەردەی منالان، و ئاسایش و سەربەخۆیی و ئازادییەوە. بۆیە دەبێت ئەوە پەسەند بکەین کە ئەستەمە بتوانین سیاسەت و رەوشێکی گشتی دیاریکراو بونیاد بنێین کە هەموو ژیان، بەرژەوەندی و ئاسایشی هاوڵاتیان لەخۆ بگرێت و سیاسەتێکی باش و گونجاو بێت بۆ زۆربەی کۆمەڵ و هەموو جیاوازی و فرەییەکانیش تیایدا بەهرەمەند بن.

بۆئەوەی ئەم پێداویستی و داواکارییانە سیفەتی نوێنەرایەتی و رەوشی یاسایی وەربگرن، پێویستی بە کۆدەنگی و لەبەرچاوگرتنی کۆبەرژەوەندی هەیەو دەبێت نوێنەرانی ئەم داواکارییانە لە حیزب و دەسەڵاتەکاندا لە هەموو ئاست و کاتەکاندا لەگەڵ یەکدی گفتوگۆ بکەن و سەرەنجام بتوانین نوێنەرایەتی گشتی بە ئاراستەی کۆدەنگی و خوێندنەوەی بەرامبەرەکان لە زەمینەی هەموو ماف و ئازادی و دادپەروەرییەکاندا بەدی بهێنین. پارتەکان و روانگەی نوێنەرایەتی هێزە سیاسیەکان لە دەسەڵاتەکاندا دەتوانن لەم زەمینانەدا (پێداویستی، داواکاریی و کاردانەوەکان) رەواییەکی باشتر و فراوانتر بۆ بوون و گەشەی ئایندەیان پەیدا بکەن.

ئەم پرسانە دوو ئاراستەو دیدگای گرنگ بۆ پارت و هێزە سیاسییەکان بەرهەم دەهێنێ، یەکەم ئەوان دەتوانن لەکۆی داواکاری و بەرژەوەندییەکان و کاردانەوەکان لە ئاراستەی تاك بەرژەوەندی (یان بەرژەوەندی چینایەتی) و تاك بیروباوەڕییەوە بەرەو رەوش و دیدگای فرەیی بچن و دیسان خۆیان نوێ بکەنەوە.

دووەم، پارت و هێزە سیاسیی کان دەتوانن لە بونیادی پێکهاتەو ناسنامەی فەرهەنگی و فیکریشدا لەحاڵەتی کۆمەڵایەتی یان چینایەتی دیاریکراو یان دیسپلین کراو خۆیان رزگار بکەن و هەوڵ بدەن هەرچی زیاتر لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی و خۆگرێدان بە چینێکی دیاریکراو یان توێژێکی دیاریکراو رزگار بکەن و بتوانن لەکۆی داواکاری و پێداویستی و کاردانەوەکان بەئاراستەی بەشداری گشتی نوێنەرایەتی تازە لەپارت و دەسەڵاتەکاندا ئاوا بکەن. هەرچی زیاتر ئەوان بتوانن لەتاك بەرژەوەندی و تاك نوێنەرایەتی دوور بکەونەوە زیاتر دەتوانن لە هاوپەیمانی بەرژەوەندی تایبەت و لەهەلومەرجی دەسەڵاتی کەمایەتی بیرۆکراتی دوور بکەونەوە. یەکێك لە دوژمنە گەورەکانی ئازادی و دیموکراسی، بوونی هەڵاواردن و ئیمتیازاتی ئابووری و سیاسی و دەسەڵاتی

کەمایەتیە بیرۆکراتەکانە. زۆربەی پارتەکانی سەردەمی یەکەمی دیموکراسی کە تاناوەڕاستی سەدەی بیستی خایاند لەئەوروپا و ئەمریکا تووشی ئەم نەخۆشیانە بوون و هەموو پارت و دەسەڵاتەکانی جیهانی سێ تا ئێستاش هەر نەخۆشن.

## زەمینەی دووەم

ئەگەر پارتەکان بتوانن ببنە نوێنەری سیاسی فرەداواکاریی و فرە بەرژەوەندی و کاردانەوەکان، هەربەو ئەندازەیە دەتوانن لەزەمینەی فەرهەنگی و تیۆری و ناسنامەیشدا رەوشێکی ئازادترو کراوەترو فرەتر بەرهەم بهێنن و سەردەمی تاك بیرو باوەڕی و یەکێتی خوازی بیرەکان بەسەردەچێ. حیزب و هێزە سیاسیەکان ئەگەر بتوانن لەکۆی بیروباوەڕەکانی (دیموکراسی، سۆسیالیستی، نەتەوایەتی، فیمینیستی، مۆدێرن و پۆست مۆدێرن) ئەڵتەرناتیفی باشتر بەرهەم بهێنن، بێگومان باشتر دەتوانن لەداخوازی و بەرژەوەندییەکانی هەموو خەڵك تێبگەن و سەرئەنجام لەزەمینەی مادی و هەم لە زەمینەی فکریشدا رەوش و سیستەمی ناوەندێتی بیرۆکراسی بەسەر دەچێت. زەمینەی مادی و کۆمەڵایەتی ئەم پلۆرالیزمە لە بیروباوەڕدا بریتی یە لە تێگەیشتن لەکۆی بەرژوەندیەکان، تێگەیشتن لە کاریگەریی و داواکاریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و سەرەنجام هێنانەدی ئاشتی پایەدار لەقازانجی هەمووان.

دەبێت یاسای دیموکراسی و پارتە سیاسیەکان رێگا بدات بە بزووتنەوەکانی ماف و ئازادی و دادپەروەری بۆ خۆرێکخستن و بەدیهێنانی داواکاری یاسایی و یاساییکردنی نوێنەرایەتی ئەوان لەهەموو ئاستەکانی پارلەمان و حکومەت و





دەسەڵاتی دادوەری و رای گشتیدا. ئەمەش لەرێگای نوێنەرایەتی پارتەکان و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەچێت بەرێوە. پارتی سیاسی و دەسەڵاتی حکومەتی نابێت وا بیربکاتەوە کە خۆیان ناوەندی هەموو کارو دەسەڵات و بڕیارێکن، بەڵکو دەبێت ماف و پرانسیپی بەشداری سیاسی گشتی بکرێتە یەکێك لە رێگاو کەناڵەکانی رەوایی دیموکراسی لەم سەردەمەدا. رێگا گرتن لە بیرۆکراسی و دەسەڵاتی ناوەندی پارت و حکومەتەکان، هەر بەتەنها بڕواو ئایدیایەك نییە بەڵکو دەبێت رێگاو میکانیزمی بۆ بەرهەم بهێنێت و ئەو رێگاو میکانیزمەش بێگومان بەشداری سیاسی و فراوانکردنی نوێنەرایەتی دیموکراسییە لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو ئابوریدا.

## زەمینەی سێیەم

لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵی خەڵکدا دوو کایە یان زەمینە هەیە یەکێکیان پێی دەڵن (کۆمەڵگا یان ژیانی سیاسی) کە بریتییە لە پارت و حیزبەکان، ئەوی دیکەیان ناوی (ژیانی کۆمەڵایەتی یان گشتی)ە کە بریتییە لە کۆمەڵ و ژیانی خەڵك. پەیوەندی نێوان ئەم دوانە راستەوخۆ نییە، بەڵکو بەهۆی هەندێك هۆکاری ناوەنجی و بەهۆی کاری ئەوانەی دەبنە بکەری ناوکۆیی نێوان ئەم دوانە. رێکخراوەکان، میدیاکان، یەکێتی و رێکخراوە پیشەییو خەڵکی یەکان، روناکبیران، کۆڕوکۆمەڵ و یانە ئابورییەکان ئەو هۆکارو پەیوەندییانەن کە لە پانتایی و قوڵایی کۆمەڵگادا دەتوانن زەمینەی دیموکراسی فراوانتر بکەن و بزافە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابورییەکانیش باشتر گەشە

بکەن. کاری ئەم ناوەندانەی پەیوەندی لەنێوان سیستەمی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا چەند ڕێگاو هەڵبژاردنی جیاوازی سیاسی بۆ بەشداریکردن و دەوڵەمەندکردنی دیموکراسی بەدی دەهێنێت. ئەم هۆکارانە دەتوانن ببنە زەمینەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی باش (یان گونجاو) بۆ سەرهەڵدانی پارتە تازەکان یان ریفۆرم و چاکسازی پارتە کۆنەکان.

سنووردارکردن و ڕێگاگرتن لە دیموکراسی لەلایەن دەسەڵات و حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوە، لاوازکردن یان ڕێگاگرتن لەم هۆکارانەی پەیوەندی و کاریگەری نێوان ژیان و سیاسەت. یەکێك لەو نموونانە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بازاڕو ئابورییە. چەمکی بازاڕ و ئابووری ئازاد واتە ئازادکردنی ئەوانە لەدەستی دەسەڵات و پاوانخوازیی و دانەوەی سوود و بەرژەوەندی ئابورییە بەهەمووان بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی. لەرۆژئاوا و جیهانی سێ زۆربەی پارت و دەسەڵاتەکان لەدوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات پەیوەندی و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی خۆیان بەسەر بازاڕ و ئابوریدا پیادە دەکرد و بازاڕ و ئابووری کرایە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ ئیمتیازو دەوڵەمەندکردنی دەسەڵاتداران و زەمینەی هاتنەدی گەندەڵی (فەساد)ی ئابووری سیاسی لێرەوە دەست پێدەکات. لەمەش خراپتر ئەوەیە کە ئەو گەندەڵی یە دەکرێتە ڕەسمی و پاڵپشت کراو لەلایەن دەسەڵاتەوە. بۆ پاراستنی ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە (دەسەڵات لەگەڵ ئابووری و بازاڕ) دەسەڵات و حیزب پشت دەکاتە خواستەکانی جەماوەر و بەهێزکردنی بیرۆکراتی و تەشەنەسەندنی گەندەڵی نزمتر یان کەمتر لەخوار دەسەڵاتدارانەوە لەیاسا، ئابووری، کاروباری حکومەت، زانکۆو خوێندن و هەموو زەمینەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵات وادەکات کە گەندەڵی ڕەسمی و پاڵپشت کراو بکاتە فەرهەنگ یان نەریتی گشتی. ئەزموونی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لە حکومەتی هەرێم ئەم حاڵەتە بە ڕۆشنی بەیان دەکات.

پەیوەندی نێوان پارت و دەسەڵاتەکان لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەریی و مەدەنیەکان بەشێوەی (ڕاستەوخۆ) نەك لەڕێگای هۆکارەکانی پەیوەندی و کاریگەری دەبێتەهۆی پاشکۆیەتی ئەو ڕێکخراوانە و سەرەنجام لاوازبوون و بێدەسەڵاتی ئەو ناوەندانە. بۆ پاراستنی ئەم پاشکۆیەتییە بێگومان دەبێت کە خودی ئەو ڕێکخراوانە بکرێنە بەشێك یان پەراوێزێکی دامێن لەو حیزب و دەسەڵاتانە. ئەزموونی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی بۆ مانەوەو بەهێزکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ژیانی کۆمەڵایەتی لەلایەن سیستەمی سیاسی و سەرئەنجام پاشکۆکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەڕێگای ئەو بەناو ڕێکخراوە جەماوەرییانەوە، بەشێکە لە چەوسانەوەی خەڵك بەناوی دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنییەوە.

## زەمینەی چوارەم

بەڵام سەرەڕای بوونی ناوەند و هۆکارەکانی نێوان ژیانی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی نابێت وا تێبگەین کە پارتەکان و دەسەڵاتەکان (سەربەخۆن) لەکاریگەریی هێزە کۆمەڵایەتیەکان. هەرەسی ڕژێم و سیستەمە بەناو سۆسیالیستەکان پێش هەموو شتێك لەبەرسەربەخۆیی و دابڕانی ئەو حیزبانە بوو لەژیانی کۆمەڵایەتی و گشتی خەڵك. یان لەبەر ئەوەبوو کە ژیانی گشتی و کۆمەڵایەتی بێدەنگ و پاشکۆکرابوون.

دیموکراسی ئازادیخواز کە دەبێتە ناوەرۆکی سیستەم و ژیانی دیموکراسی لە قۆناغی دووەمی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکاندا لەگەل پرانسیپەکانی ڕاوێژکاری و

بەشداری وا پێویست دەکات کە هەموو بزاڤەکان بەهۆی ناوەندو هۆکارەکانی پەیوەندی و کاریگەری رێگای کارو بەشداری و نوێنەرایەتیان پێ بدرێت.ئەمەش دەبێت بە شێوەیەك بێت کە بتوانێ مانای جیاوازو فرە لە حیزبەکان بۆ بزاڤەکان و بۆ سیستەم و ژیانی دیموکراسی بەرهەم بهێنێ.

چی روودەدات کاتێك کە هێزە سیاسیی و دەسەڵاتەکان گوێ نەدەن بە داواکاری هێزە کۆمەڵایەتیەکان؟ چی روودەدات کاتێك پارتەکان دەیانەوێت راستەوخۆ لەرێگای خۆیانەوە بۆچوون و رێگاچارەی سیاسی پێشکەش بکرێت و رێگا نەدرێت بە بوون و کاریگەری ناوەندەکانی پەیوەندی و کاریگەری؟ یەکەمین ئاکام ئەوەیە کە سیفەتی نوێنەرایەتی لەو هێزە کۆمەڵایەتی و ناوەندانە دەسەنرێتەوە و تەنها حیزب و دەسەڵات دەبنە دەمڕاستی کۆمەڵ و کۆمەڵیش بێ دەنگ دەکرێت و دەخرێتە پەراوێزەوە. ئەم رەوشە ئەم بەرهەمە خراپانەی دەبێت:

هاوسەنگی و متمانەی نێوان حیزب و دەسەڵات لەلایەك و کۆمەڵگا وهێزە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەکی دیکەوە نامێنێ. دیموکراسی راوێژکاری و بەشداری و ئازادیخوازیی نامێنێ و تەنها هەڵبژاردن بۆ دانانی دەسەڵاتدارانی بیرۆکرات دەبێت. سنووردارکردنی دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە لەنێو دەبرێت. ئەم هەلومەرجەش دەبێتە سەپاندنی دەسەڵاتی حیزبەکان یان حیزبێك و دیموکراسیش تا ئەو سنوورانە کەم و لاواز دەکرێت. ئالان تۆرین، کۆمەڵناسی فەرەنسی لەکتێبی (دیموکراسی چییە) ئەم هەلومەرجە ناو دەنێت پارتیۆکراتی PARTIOCRATY.[٦]





## زەمینەی پێنجەم

کەس ناتوانێت دیموکراسی (لانی کەم لەئێستادا!) بەبێ بوونی پارت و هێزە سیاسیەکان وێنابکات. دیموکراسی بەبێ پارت و هێزە سیاسیە کاراکان بەمانای راستەقینە بوونی نییە. ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە دیموکراسی دەبێت نوێنەرایەتی بەرجەستە بکات، هەربۆیە دەبێ هێزە سیاسیەکان و رێکخراوە مەدەنی و فەرهەنگیەکان لەپێناوی خزمەتی ماف و ئازادی و دادپەروەریی و بەشداریدا بەشێك بن لەو سیستەمە نوێنەرایەتی یە. بوونی بکەرە جیاواز و هێزە فرەکان لەناو حیزب و دەسەڵاتەکاندا وادەکات کە دیموکراسی هەمیشە رەوشی ریفراندۆمی بەخۆوە بگرێت، کەلە هەموو ئاستەکانی پارتەکان، کۆمەڵی مەدەنی و ناوەندەکانی پەیوەندی و کاریگەری نێوان ژیانی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی بەئەنجام بگات. بەلام تەنها دەسەڵاتی پارتەکان یان (پارتیۆکراتی) دیموکراسی لاواز و شێواو دەکات یان سەرەنجام لەناوی دەبات و سیفەتی نوێنەرایەتی قۆرغ دەکات لە حیزب یان دەسەڵاتی سیاسیدا. نمونەی دیموکراسی وڵاتانی عەرەبی و کوردستان لەم زەمینەیەدا ئاشکراو دیارن. لەم کاتانەدا بەبێ سەرهەڵدانی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو سنووردارکردنی دەسەڵاتی حیزبەکان و حکوومەتەکان و بوژانەوەی لایەنەکانی راوێژکاریی، بەشداری و ئازادیخوازیی بۆ دیموکراسی مەوجود، دیکتاتۆریی و پاوانخوازیی و فەساد هەرڕەشە لەنیشتمان و لە هەمووان دەکات.

# بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵناسی سیاسیدا

**گرنگیدانی**

کۆمەڵناسی و بەتایبەتی کۆمەڵناسی سیاسی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەکو خودی ئەو بزووتنەوانە دابەش دەکرێت بۆ دوو قۆناغ و سەردەم. لەقۆناغی یەکەمدا دوو دیدگاو پەیڕەوی تیۆری نەخشی سەرەکیان هەبوو لە شیکردنەوەو ئاناتۆمی ئەو بزووتنەوانە. لەبارەی مێژووییەوە دیدگاکانی بزووتنەوە دیموکراتیەکان و چینایەتیەکان سەرەتای کاری تیۆری و فەرهەنگی بوون لەم مەیدانەدا. هەردوو پەیڕەوەکەش بە جۆرێکی بونیادیی یان چینایەتی‌و سیاسی خاوەن مەبەستی دیاریکراو باس ولێکۆڵینەوەیان دەکرد. دیدگای مارکسیستی وەکو سیستەمێکی تیۆریی و چینایەتی خاوەن مەبەستی سیاسی دیاریکراو (سۆسیالیستی) تەماشای بزاڤەکانیان دەکرد و هەموو پەیڕەوەکانی ناو ئەم دیدگا چینایەتی یە هەرلەخودی مارکسەوە تا سۆسیال دیموکراسی،کومۆنیزمی روسی، نیومارکسیزم و پەیڕەوەکانی مارکسیزمی فەرهەنگی بەشێوەیەك دەیانڕوانیە بزاڤی کۆمەڵایەتی کە بەشێکە یان پەراوێزێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە بۆ ئامانج و سیستەمێکی دیاریکراوی سیاسی کە سیستەم و دەسەڵاتی سۆسیالیستی یە. ئەم تیۆرو پەیڕەوانە لە ئەوروپا زۆر بڵاوو کاریگەر بوون و سەردەمی هەژموونیان هەتا نیوەی دووەمی سەدەی رابردووی خایاندو سەرەنجام لەلایەن دیدگاو تیۆری سەردەمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تازەکان کەوتنەبەر رەخنەو شیکردنەوە.

بەڵام لە ئەمریکا تیۆری (کارکردگەرایی بونیادی- Structural Functionalism) کەلەلایەن کۆمەڵناسی ناوداری ئەمریکایی (تالکۆت



پارسۆنز)ەوە دانرابوو، هەژموون و دەسەڵاتی تەواوی هەبوو بۆ باس و شیکردنەوەی بزاڤەکان لەسەردەمی یەکەمدا. روانگەی بونیادگەرایی کە دەتوانێت کاریگەریی تەواوی هەبێت لەسەر بزاڤەکان و شیکردنەوەی ئەو بزاڤانە لەبونیادی سەرهەڵدان و دروستبوونیاندا وەکو بەشێك لە بزووتنەوەی سیاسی مۆدێرنێتی بۆ دیموکراسی و سەرخستنی سیستەمی حوکمڕانی دیموکراسی نەریتی کە بەسیستەمی لیبرالیزمی نوێنەرایەتی ناسراوە دەبێتە میتۆد و ئامانجی شیکردنەوە بۆ بزووتنەوەکان. سەرەنجام ئەم تیۆرەش هەروەکو مارکسیزم، بەڵام بە جیاواز لەوان، وا سەیری بزاڤەکانی دەکرد کە بەشێکن یان پەراوێزی جەماوەریی و گشتین بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کەسەرخستنی سیستمی دیموکراسی سیاسییە.

لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی بیست و سەردەمی کاریگەریی بزاڤە تازەکان، هەروەکو لەلاپەڕەکانی پێشودا باسمکردن، تیۆری و دیدگای تازە دێتە ناو کۆمەڵناسی سیاسیەوە بۆ ئاناتۆمی و شیکردنەوەی ئەو بزاڤانە و بەهەمووشیان دەوترێت دیدگای بزووتنەوە تازەکان لە کۆمەڵناسیدا و دەکرێن بەچوار دیدگاو تیۆری کۆمەڵناسی:

١_ دیدگاو تیۆری رەفتاری گشتی

٢- دیدگاو تیۆری کۆکردنەوەو ئامادەکردنی سەرچاوەکانی بزووتنەوەکان

٣- دیدگاو تیۆری رەهەندی سیاسی بۆ بزووتنەوەکان

٤- دیدگاو تیۆری بزووتنەوە تازەکان[٧]

ئەم دیدگاو تیۆرانە خەریکن بەشیکردنەوەو ئاناتۆمی بزاڤەکان و هەریەکەیان لەروانگەو (مەبەستی) خۆیانەوە، یان لەلایەنێکی دیاریکراوەوە باس ولێکۆڵینەوەی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و سیاسی و جەماوەریی بۆئەو بزاڤانە دەنووسن.

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم، ئاناتۆمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان

سەرەڕای بوونی دیدگاو تیۆریی جیاواز بۆ بزاڤەکان، بەڵام دەبێت سەرەتا زەمینەیەکی گشتی تیۆری کۆمەڵناسی بۆ ئاناتۆمی هەموو بزاڤەکان بەکۆن و تازەوە بنووسین و ئەم زەمینەیە بکەینە دەستپێکی گشتی بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاینده. چونکە پێش ئەوەی کە دیدگاو تیۆری جیاواز هەبێت، شتێك هەیە یان دەبێت کە وەکو دیاردەیەکی گشتی لەژیانی کۆمەڵگاکاندا دەرئەکەوێت و کاریگەریی فراوان و قووڵی دەبێت، کەپێی دەوترێ دیاردەی بزووتنەوەکان. دەبێت ئەم دیاردە گشتیە لەسەرەتادا بیناسین و پاشان لێکۆڵینەوەی رەهەند و خوێندنەوەی لایەنەکانی بۆ ساز بدەین.

زەمینەکان، دیاردەکان یان لایەنەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کامانەن کەوا دەکات ئەم دیاردەیە یان جووڵانەوەیە بکاتە بزاڤی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی بەهێز لە کۆمەڵگا بکات.

یەکەمین زەمینە یان دیاردە ئەوەیە کە جۆرێك یان شێوەیەك لەرەفتاری گشتی و جووڵانەوەی جەماوەری پەیدا دەبێت و بەشێك یان هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوەو کاریگەریی لەسەر یارو نەیاری ئەو دیاردەیە دەبێت. دەڵێی سەردەمێکی تازە یان کۆمەڵگایەکی تازە دروست بووەو جۆش و خرۆش دەبێتە بەشێك لە تابلۆکانی کۆمەڵگا. بەم دیاردە و زەمینەیە دەڵێن SOCIAL-BEHAVIOUR لەفەرهەنگی کۆمەڵ ناسیدا.

دووەمین دیاردە ئەوەیە کە نەیاری و ناکۆکی تازە یان باوەڕو پەیڕەوی تازە دروست دەبێت و باوەڕو پەیڕەوە کۆنەکان دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوەو کۆمەڵگا دابەش دەکات بەسەر کۆن و تازەدا. گشتیترین گۆڕان یان دیاردە ئەوەیە

••••



کە هەلومەرجی هەمیشەیی یان هەتا ئەوکاتە بەردەوام بەرەو لەرزۆکی دەچێت و جۆرێك گۆڕان دەست پێدەکات کە بیرکردنەوەو پەیڕەوی دامەزراو لەسەر بەرژەوەندی کۆن یان (سیاسەتی دامەزراو لەسەر بناغەی بەرژەوەندییەکان) دەکەوێتە بەر رەخنەو نەیاریی وناکۆکی تازە. هەمیشە بزووتنەوەکان لەم زەمینەیەدا دیاردەی تازە یان رەخنەی تازە دەکەن بە باڵای نەیاریی و ناکۆکیەکان.

دیاردەی سێهەم ئەوەیە، هەرچەندە رەفتاری گشتی و نەیاریی و ناکۆکی تازە بەشێوەی سیستەماتیك و عەقڵانی و دامەزراو دەرناکەون، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەم کاریگەرە بونیادییەدا یان لەم کاردانەوە گشتیەدا زەمینەکان یان روخسارو دیاردەکانی (کاروکردەوەی عەقڵانی) دەرئەکەون و سەرچاوەکانی بیرکردنەوە، سیاسەت و سیستەمی تازە رۆژ بەرۆژ پەیدا دەبن و دەبنە روخسارو دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا.

دیاردەی چوارەم و ئاکامی دیاردەکان ئەوەیە کە کۆمەڵگا لەرەوشی پابەندبوون بە دەسەڵات یان سیستەم و نەریتی کۆنەوە بەرەو رەوشی کۆمەڵگای بزووتنەوە (MOVEMENT SOCITY) دەچێت و هەموو لایەنەکان، ناسنامەکان یان میکانیزمەکانی کۆمەڵگا دەچێتە حاڵەتی جووڵانەوە و ئارامی و جێگیریی پێشوو بەرەو لاوازبوون یان نەمان دەچێت و هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا دەهەژێت یان دەلەرزێت.

کاتێك کە دیاردەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەرئەکەون، جگە لەوەی کە دەسەڵاتی کۆن، سیستەمی پێشوو، وەفاداریی جاران، نەریت و بیرکردنەوەی دێرین و جێگیریی هەتا ئەو ساتە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم دیاردانەوە، تەنانەت خودی دیدگاو پەیڕەوە فیکرییەکانیش دەکەونە بەر رەخنەو جێگاکانیان بەجێ دەهێڵن بۆ دیدگاو پەیڕەوی فیکری تازە.

••••

١_ لەزەمینەی ڕەفتارو جووڵانەوەی گشتیدا

ڕەفتارو بزووتنەوەی جەماوەریی و گشتی دەبێتە زەمینەو سەرچاوە بۆ بیریاران و لێکۆڵیاران و لەم سەردەمەدا زۆرێك لەنووسەران و روناکبیران لەرێگای بیرکردنەوەو نووسینەکانیانەوە دەبنە بەشێك لە بزاڤی گشتی و هەوڵدەدەن کەلەو بزاڤانە تێبگەن و ئەگەر پێویست بکات، میتۆدو روانگەی جارانیان بەجێ دەهێڵن و بەشوێن روانگەو تیۆری تازەدا دەگەڕێن. لەکاتێکدا خەڵك خەریکی خۆپیشاندان، ئاهەنگ گێڕان یان کۆبوونەوەو مانگرتنن، بیرمەندان و نووسەرانی ناو ئەو ئاپۆرانە بیر لەمیتۆدو روانگەی گونجاوترو ئازادترو گشتی تر دەکەنەوە، یان پێداچوونەوە دەکەنەوە بە نووسین و دیدگاو تیۆرەکانی جاراندا. هەروەکو چۆن پاڵەوانی ناو شەقامەکان، میدیاکان، رۆژنامەکان و سەراپای کۆمەڵگا خەڵکی خاوەن بزووتنەوەن، هەر بەوشێوەیە بکەرو هێزەکانی ناو بیرو نووسینەکانی شارەزایان و رووناکبیرانیش دەبنە خەڵك و جوڵانەوە. ئەم رەوشە هێندە کاریگەرە کە سیاسەتی کۆن (لایەنگرو نەیاری دەسەڵاتی پێشوو) دێنە ئەم مەیدان و جوڵانەوەیەو قسەکان، دروشمەکان و ئامانجەکانی کۆمەڵگای خرۆشاو دەچێتە بەرنامەی سیاسی هەمووانەوە و تەنانەت ئەوانەش کە بەدرۆ لەگەڵ بزاڤەکەن، یان دوژمنین.

٢_ لەزەمینەو دیاردەی کارو کردەوەی عەقلانیدا

دابڕان لە دیدگای پابەندبوون و پشتیوانی لە بکەرە کۆنەکان (حیزب و دەسەڵات و سەندیکاو رێکخراوەکانی سەربەوان) و بەرپاکردنی ئەڵتەرناتیفی نوێ کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیە. واتە تێکدان یان بەجێ هێشتنی سیستەمە

••••



کۆنەکان (دەسەڵاتدارێتی و بیرکردنەوەو نەریتەکان) وپشت بەستن بە خەڵك و بەرهەمهێنانی جۆرێك لە نائارامی و رەخنەو پرسیار. ئەم دیدگایە لەکۆمەڵناسی تازەدا و لەدوای بزووتنەوەی لاوان و خوێندکارانی ١٩٦٨ پێی دەوترێ (رەخنە لە میتۆدی کاریگەری بونیادی ئەمریکایی).

دابڕان لە میتۆد و روانگەی کۆمۆنیستی یان چینایەتی دامەزراو لەسەر بناغەی نەیاریی و ناکۆکی چینایەتی و ئەڵتەرناتیڤی سیاسی و سیستەمی چینایەتی و رووکردنە هێزە کۆمەڵایەتیە تازەکان (هێزی فەرهەنگی و فیکریی، چینی ناوەندی تازە، تەکنۆکراتانی خاوەن دیدو پرۆژە، لاوان بەهەردوو رەگەزەوە، داواکارییە گشتیەکان)

٣_ لە زەمینەی نەیاریی و ناکۆکی تازە

گرتنەبەری سیاسەت و دیدگای فراوانتر و والاتر لە دیدگاو مۆدێلی کۆن و نەریتی و بەجێهێشتنی هێزە سیاسیەکانی هەتا ئەو کاتەو تەنانەت بەجێ هێشتنی ئەو هێزو لایەنانەی کە نەیاربوون لەبەرامبەر سیستەم و دەسەڵاتی کۆن. ئەو هێزو لایەنانەی کە تائەوکاتە هیوادارو داواکاری بزاڤی کۆمەڵایەتی بوون (مەبەستم هێزە سیاسیەکانە) لەناو بزووتنەوەی گشتیدا یان ون دەبن (نموونەی پارتی کۆمۆنیست و گۆرباشۆف لەسۆڤیەتی دوای ١٩٩١) یان دەبێت خۆیان تازەبکەنەوە . لەبەرامبەر ئەم هێزە کۆنانەدا بزاڤی کۆمەڵایەتی روو دەکاتە دیدگاو پەیڕەوی پلۆرالیزمی سیاسیی (نمونەی سەندیکاو بزووتنەوەی هاوپشتی پۆڵۆنیا) و کۆمەڵگای خاوەن بزووتنەوەی گشتی بۆ ماف و ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەشداری سیاسی گشتی و کرانەوەی زیاتر بەرەو رووی خەڵك بزووتنەوەکانی.

••••

٤_ لەزەمینەی کۆمەڵگای بزووتنەوەییدا

لەم زەمینەیەدا دوو بیروڕای گرنگ و کاریگەری کۆمەڵناسی دێتە گۆڕێ و دەیەوێت بەچاوی سەرنجەوە تەماشای ئەو بزووتنەوەیە یان کۆمەڵگای بزووتنەوەیی بکات. یەکەمیان، ئەوەیە کە ئەم بزاڤە یان کۆمەڵگایە هەرچەندە کاردانەوەی بەرامبەر بە سەردەمی کۆن و سیستەمی جێگیرو بەهای نەریتی هەیە، بەڵام بۆخۆی بەدوای ئازادی تازە و کارو کردەوەی ئازادانەدا دەگەڕێت. ئەم دیدگا کۆمەڵناسیە بۆ کاری ئازادی کۆمەڵایەتی هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوونی هێزە تازەکان و داواکاری و خواستە تازەکان.

خاوەنی تیۆری (کاری ئازاد) لەبەرامبەر تیۆری (کاردانەوەی ناچاری) ئالان تۆرینی فەرەنسیە کە یەکێکە لە تیۆرسازانی بزووتنەوە تازەکان، کە ڕەخنە لەتیۆری (کاردانەوەی ناچاری) تالکۆت پارسۆنز دەگرێت.[٨]

ئەم دیدگا تیۆریە سەرەرای ئەوەی کە ڕاستەوخۆ پشت دەبەستێ بە هێزو ماناو ناسنامەی کۆمەڵایەتی تازە، بەڵام ئازادییەکی زیاتر لەجاران بۆ خەڵك بەدەست دەهێنێ و ئەویش ئەوەیە کە بزاڤی کۆمەڵایەتی هێندە ئازادە کە کاردانەوەکانی خۆی بەرامبەر بە کۆنیش بەجێ دەهێڵێ و بەم مانایە کۆمەڵگا دەخاتە حاڵەتی بزووتنەوەو جوڵانەوەی ئازاد یان ئازادترەوە.

دیدگای دووەم، دیدگای نووسەری ناوداری ئیتالیایی یە، بەناوی (ئەلبێرتۆ میلۆچی) و لەکتێبی (کۆچەرانی ئێستا) کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا نووسیویەتی. دەیەوێت پێمان بڵێت کە بزاڤە کۆمەڵایەتیە کۆچەرەکان بکەینە نیشتەجێ و کۆمەڵگاش بەناوی ئەوانەوە بێت و ڕەوشی کۆمەڵگا بەردەوام و لەئێستادا ڕەوشی بزووتنەوەیی بێت. هەربۆیەش کۆچەرانی ئێستای





کردۆتە ناوی بزاڤەکان، چونکە کۆچەریی ئەگەری بوونی لەرابردوو یان ئایندەدا زیاترە و ئێستا حاڵەتی نیشتەجێ و ئێستایی دەدات بەدیاردەکان. ئەمەش بۆیە وایە لەبەرئەوەی ئێمە هەموو شتەکان دەبێت لە (ئێستا و ئێرە)دا بناسین و ئەگەرەکانی رابردوو پایەدارنین و ئەگەرەکانی ئایندەش ڕەنگ بێت نەیەنەدی![٩]

## دووەم: دیدگاو تیۆرەکانی نێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان

دوای دابڕان لە میتۆدو نەریتی کاریگەریی بونیادی لە ئەمریکا یان دەرباز بوون لە تیۆری تاکگەرایی **لیبرال لەلایەک و دابڕان لە ڕوانگەی چینایەتی تیۆری مارکسیزم بەهەموو باڵەکانیەوە**[١٠] دەبێت ئەم دیدگاو تیۆرە تازانە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

١_ **دیدگاو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی** کە فراوانترە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی هێزو توانای جەماوەری و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکان وەك دیاردە، بەڵکو هەوڵ دەدات کە ڕەفتارو کاری گشتی و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکان وەك کارو چالاکی بۆ پەیداکردنی (مانای نوێ) بخاتە ناو بازنەی بیریاریی و تیۆرییەوە. گرنگی و کاریگەریی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان یان ڕەفتارە گشتییەکان تەنها لەوەدا نیە کە جوڵانەوەو جۆش و خرۆش و نائارامی و نەمانی هاوسەنگی جاران دەخاتە ناو کۆمەڵگاوە، بەڵکو لەوەشدایە کەئەم ڕەفتارو جوڵانەوانە دەتوانێت مانای تازە یان مانا تازەکان بۆ ژیان و هەلومەرجی کۆمەڵگا بەرهەم بهێنێ. بێگومان ئەم مانا تازانە بەرەو فەرهەنگ و ناسنامەی نوێ دەڕێت و سەرەنجام وەفاداری و هاوپشتی تازەش لە بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تازە فەراهەم دەکات. نموونەکانی بزاڤەکانی ١٩٦٨ی فەرەنسا و ئەوروپا، بزووتنەوەی هاوپشتی لە پۆلۆنیاو بزاڤە

ناوبراوەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم زەمینەیەدا درەخشانە.

### ٢ـ دیدگاو تیۆری کۆکردنەوەو ئامادەکاری سەرچاوەکان

ئەم تیۆرە لەرەهەندی عەقلانی و خاوەن ستراتیژو ناسینی ماهیەتی بزووتنەوەکان دەکۆڵێتەوە. ئەم دیدگایە دەیەوێت لەناو بزاڤی ئاپۆرەدار وبەرواڵەت نائارام و پشێو، رەهەندی عەقلانی و شیکردنەوەی توخم وزەمینەکانی ناو بزووتنەوەکان بناسێ. روانگەی ئەم تیۆریە کە رەخنەیە لەروانگەی کاریگەری بونیادی خودی بزووتنەوەکان، قوڵتر دەڕوانێ و دەچێتە لایەنی ستراتیژیك و تەنها کاری خۆی سنووردار ناکات بە کاریگەری بزووتنەوەکان لەبونیاد یان کات و رەوشێکی دیاریکراو. ئەم تیۆریە لەچەند زەمینەی گرنگدا کاردەکات و شیکردنەوەی ستراتیژی بۆ هەموو ئەو زەمینەو رەوشانە دەکاتە ئامانجی خۆی.

### أـ کۆکردنەوەی کۆمەڵایەتی وەکو هۆکارێک بۆ گۆڕانی فەرهەنگی:

گۆڕانی فەرهەنگی وەکو زەمینەو ئامانج لەتیۆرەکانی کۆمەڵناسیدا سێ ئاستی گرنگی هەیە، کە ئەوانیش مانا، ناسنامەو فەرهەنگی تازەن. ئەمانەش بەمانای دابڕان لەماناو فەرهەنگ و ناسنامەی کۆن و تەنانەت لەهەموو زەمینەکانیشدا و وەرچەرخانە بەرەو نوێکردنەوەی ئەمانەو بەرهەم هێنانی وەفاداری گشتی تازەیە. گرنگترین رەوش و ناوەڕۆکی ئەم تیۆرانە ئەوەیە کە کاریگەری بزاڤەکان لەوەدایە کە بکەرو هێزو کۆمەڵایەتیە بەشدارەکان دەتوانن یان دەبێت هەوڵەکان بەئاراستەی ئەوە بەرن کە دەربازبن لەسیاسەت و پەیڕەوی دامەزراو لەسەر بناغەی بەرژەوەندی و دەسەڵاتداریێتی کۆن. چونکە دەشێت و





دەکرێت بکەرە کۆنەکان، بەتایبەتی بکەری سیاسی و دەسەڵات، ئەو زەمینانە بەکاربهێنن بۆ ژیانەوەی سیاسەت و پەیڕەوی کۆن بەناوی تازەوە. یان دەتوانن لەناو بزووتنەوە تازەکاندا جارێکی دیکە سەردەربێننەوە و ببنە بکەرو تەنانەت سەرکردەی ئەو هێزو بزووتنەوە تازانە. پەیوەندی نێوان بزاڤی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی فەرهەنگی لەسێ ئاستی گرنگدا دەتوانێت ئاکامەکانی بزووتنەوەکان بەدی بهێنێ و بکەرەکانی ناو ئەو بزاڤەش باشتر دەتوانن بەهۆی گۆڕانی فەرهەنگیەوە هێزو سەرچاوەکانی بزووتنەوەکە باشتر کۆبکەنەوەو ئامادەی بکەن.

**یەکەم**، بەرنامەو دیدگاو پلانی نوێ، واتە خاوەنداریێتی لە وتاری تازە.

دووەم، پشت بەستن بەهێزو بکەری نوێ و ئەو بکەرانە دەبێت پەیوەندی نێوانیان بەشێوەی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی بێت. واتە دەبێت هەموویان سەربەخۆو خاوەن بڕیار بن و نابێت هیچیان سەرکردەو ئەوانی دی پاشکۆ بن.

سێیەم، پلۆرالیزمی سیاسی و فکری و حقوقی دەبێت بکرێتە ژینگەی فەرهەنگی بۆ بزووتنەوەکەو دورکەوتنەوە لەتاك فەرهەنگی و تاك رەهەندی و تەنانەت فراوانترکردنی بزووتنەوەکە لەرەهەندەکانی بزووتنەوەی سیاسی.

هەروەکو زانیمان یەکێك لەدیدگاو دیاردەکانی هەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی دەرکەوتنی رەفتاری گشتی و کۆمەڵایەتیە کەلە خۆیدا دوو مانای گرنگ بەرهەم دەهێنێ. لەلایەك، رەنگدانەوەی ناتوانایی نیهادو میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیە لەبەرهەم هێنانەوەی ئاشتی وتەبایی کۆمەڵایەتیدا و لەلایەکی دیکەش بەیانکردنی هەوڵەکانی کۆمەڵگایە بۆ نیشاندانی کاردانەوە بەهەلومەرجەکانی قەیرانی لەرێگای بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی بیروڕای هاوبەش وەکو بونیادە تازەکانی هاوپشتی کۆمەڵایەتی. زەمینەی گرنگ و



هەواڵنامەی کتێب

کاریگەری ناتوانایی و لاوازی نیهاد و دەسەڵات و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، نەخشی مەحرومیەت و نائومێدی گشتیە لە دەرکەوتنی رەفتاری گشتیدا. ئەم زەمینەیە نەخشێکی گرنگی هەیە لەکاردانەوەو دروستبوونی بزاڤەکانداو زۆربەی کۆمەڵناسانیش بڕوایان وایە کە ئەم زەمینەیە بەهێزترین و فراوانترین زەمینەیە بۆ هێنانەدی رەفتاری گشتی و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لەبزاڤەکاندا.

ئاراستەی لێکۆڵینەوەی دیدگاو تیۆریەکان و سەیرکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان وەکو داینەمۆکانی گۆڕان و بەتایبەتی گۆڕان لەسیستەمی ماناو بەهاکاندا لەلایەن بیرمەندانی (مەکتەبی شیکاگۆ) دەستیپێکرد. ئەم پەیڕەوە فیکرییە بەگەشەپێدانی رەفتاری کۆمەڵایەتی و کردنی ئەم دیدگایە بەناوەندێکی پسپۆری لێکۆڵینەوەکان هاتە مەیدانەوە. رەفتاری کۆمەڵایەتی دەتوانێ هەلومەرجەکانی گۆڕانی خێرا لەبونیاد و ئەحکامی کۆمەڵایەتیدا بەدی بهێنی و لەم نێوانەشدا دەرکەوتنی هیواو پابەندی بە بزاڤی کۆمەڵایەتی و رێکخراوەکانی، جوڵانەوەی دانیشتوان و هێنانەدی نائارامی و هەندێك جاریش ئاشووب، بەدیهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی و پشتیوانی، پەیوەندی فراوان و لاوازیی و هەرەسی چوارچێوە کۆنەکانی فەرهەنگی کۆن و گشتی و دەرکەوتنی هەلومەرجی تازە کە تاك و کۆمەڵەکان بەرەو شێوازی تازەی سازمانی کۆمەڵایەتی دەبات. لەراستیدا رەفتاری گشتی وەکو رەفتاری هێنانەدی گۆڕان پێناسە دەکرێت و بۆئەم مەبەستە دوناتێلا دیلاپۆرتاو ماریۆ دیانی لەکتێبی (پێشەکیەك دەربارەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان) دەڵێن: (بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، هەم وەکو بەشێکی پێویستی کارکردی سروشتی کۆمەڵگاو هەم وەکو سەرهەڵدانی رەهەندێکی فراوانتر بۆ گۆڕانکاری پێناسە دەکرێت)".





سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەکان داینەمۆی گۆڕانن، هەروەها لەم گۆڕانەشدا دەستیان دەگات بەماناو فەرهەنگی تازە. لەم زەمینەیەدا تەواوی دیدگا و تیۆرەکانی مەکتەبی هاوچەرخی رەفتاری گشتی لە کۆمەڵناسیدا دەیەوێت مامەڵەی لەگەڵ بزاڤەکاندا بەشێوەیەك سیمبۆلیك یان مانادار بێت. واتە گەڕان بەدوای ئەو مانایانەدا کە یاریزان و بکەرەکانی ناو بزووتنەوەکە بەرامبەر بونیادە کۆنەکانی کۆمەڵایەتی کاری پێدەکەن و بڕواشیان بەوەیە کە هەرچی هەلومەرجەکانی بونیادو پێکهاتەی کۆن کاریگەرییان لەسەر خەڵك کەمتر بێتەوە، ئەم رەهەندە ماناداره‌ی بزاڤەکان گرنگی زیاتر پەیدا دەکات. کاتێك کە سیستەمەکانی بەهای کۆن بونیادی بەهێز بۆکاری کۆمەڵایەتی بەرهەم نەهێنێ، ماناو هەوڵی تازە سەرهەڵدەدەن کە هەلومەرجەکان بەنادروست دەزانن‌و لەهەوڵی ئەوەدان کە بیگۆڕن. رەفتاری گشتی لەبزووتنەوەکاندا وەکو ئەو کاروچالاکیانە سەیر دەکرێن کەلەدەرەوەی پێناسەی کۆمەڵایەتی نەریتی لەدایك دەبن و رەفتارێکن فراوانتر لەنەریت و فۆرمە فەرهەنگیە کۆن و دەسەڵاتدارەکانن.

بەبڕوای مەکتەبی رەفتاری گشتی سەرچاوەی پەیدابوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیانی سیستەمی بەهایی ناکۆك و ئەو گروپانەیە کەلەبەرامبەر یەکدا نەیاریی دەنوێنن. ئەم سیستەمە بەهایی و گروپە کۆمەڵایەتیانە وەکو کاریگەرە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێن و بەدەگمەن کۆمەڵگاکان لەم توخمانە پاك دەبنەوە. گۆڕانکاریەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و رژێمی بەهاو فەرهەنگەکان دەبێت لەچوارچێوەی یەك رەهەندی تەکامولی فەرهەنگیدا شیکردنەوە بکرێن، واتە ئەو رەهەندەی کەلەناویدا

بیروڕای تازە لەمێشکی کەسەکاندا بەهەرم دێن. کاتێك کە نەریت و بەهای کۆن چیدیکە ناتوانن بونیادێکی ڕەزامەند بۆ ڕەفتاری گشتی بەدەست بهێنن، تاك ناچاردەبێت ڕەخنە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بەشێوەی جۆراوجۆر بگرێت. بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کاتێك سەرهەڵدەدات کە هەستی نەیاریی و ناڕەزایی گشتی و فراوان پەیدابێت و بونیادو پێکهاتە کۆنەکان نەتوانن خەڵك و تاکەکان رازی بکەن و وەڵامی ئەو هەستە نەیارو ناڕەزایانە بدەنەوە.

**ب_ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی سەرچاوەکان وەکو کارێکی عەقڵانی**

لەم زەمینەیەدا ئێمە سێ دیدگامان هەیە کەلەسێ پەیڕەوی کۆمەڵناسی جیهانیدا باسکراون. بەڵام ئەوەی بۆئێمە گرنگە ئەوەیە کەم ئەم سێ مەکتەبە کۆمەڵناسییە بەلایەنە گرنگەکانی (عەقڵانیەتی) بزووتنەوەی نوێ دەناسێنێ و لێرەوە دەتوانین سەرچاوەکانی عەقڵانیەتی بزووتنەوە تازەکان بناسین یان پەیدایان بکەین.

*A*- تیۆری کۆمەڵناسی کارکردگەرایی

ئەم تیۆرە هێزو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکان بە بکەرو یاریزانی نا عەقڵانی دەناسێنێ و ڕەفتاری گشتی تەنها لە ئەنجامی کاردانەوەی بەدکارییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەزانێ.

لەم تیۆرەدا کاری کۆمەڵایەتی تەنها بەکاردانەوەی سیاسەتی مەوجود وەسف دەکات، کە ئەم پەرچەکردارە خاوەنی عەقڵانیەت و ڕەهەندی ستراتیژیك نییەو بەرنامەو پلانی بۆ ئایندە نابێت. ئەم دیدگایە هەرچەندە نێگەتیف دێتە بەرچاو بەڵام دەتوانێت ناڕاستەوخۆ ئەوەمان پێ بڵێت کە بزووتنەوەی نوێ

••••••



ئەگەر فراوانتر بڕوانێتە ئایندە و دەرباز بێت لەتەنها کاردانەوەی کۆن دەتوانێ ئاسۆو ئامانجی عەقڵانی و ستراتیژی ئایندەیی هەبێت. لەم زەمینەیەدا دەبێت چاودێر بین بەسەر ئەو کەس و لایەنانەوە کە تەنها بەمەبەستی کاردانەوەی (کۆن) هاتوونەتە ناو بزووتنەوەی (نوێ) و بەتایبەتی سەرکردە و کاربەدەستەکان.

*B* - تیۆرو دیدگای (مامەڵەکردن) یان مەکتەبی هاوچەرخی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.

ئەم تیۆرو دیدگایە بۆیە لایەنگیری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە تازەکان دەکات، چونکە دەتوانێ کە بەهاو ماناو ناسنامەی نوێ بەرهەم بهێنێ بۆ هەموو پرس و کایەکان.

*C*_ تیۆری کۆمەڵناسانی ئەمریکا لەدوای دەیەی ١٩٧٠ کۆمەڵناسانی ئەمریکا لەدوای ئەزموونی (بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکانی ئەمریکا لەدەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠، بزاڤەکانی فیمینستی، بزووتنەوەکانی ئاشتی و دژی چەکی کۆکوژ، بزووتنەوەکانی سەوز و بزووتنەوەی نەتەوەکان) دەگەنە ئەم بڕوایانەی خوارەوە دەربارەی بزووتنەوە تازەکان.

١_ بزووتنەوە تازەکان دەتوانن دابڕاو بن لە شێوەکانی نەریتی کاری سیاسی کۆن، یان دەتوانن ئەم شێوە نەریتی یانە بەرەو رامالین بەرن.

٢_ بکەرو کەسانی خاوەن دیدگای تازە دەتوانن بەشێوەی عەقڵانی و سیستەماتیك لەم بزووتنەوانەدا کاریگەربن.

••••••

٣_ ڕێکخراوەکان (سیاسی و مەدەنی) دەتوانن نەخشی سەرەکی لەم بزووتنەوانەدا ببینن و کاریگەربن لەکۆکردنەوەی سەرچاوەکاندا.

٤_ بزووتنەوەکان بەشێکن لەرەهەندو تابلۆی سیاسی گشتی و لەوەش زیاتر دەتوانن خاوەن ڕەهەندی سیاسی تازەبن.

٥_ بزووتنەوەکان دەتوانن لەهەردوو ڕەوشی ڕێگرەکانی بەردەم بزووتنەوەو هۆکارەکانی بەهێزبوونی بزووتنەوەکەدا بیروڕایان هەبێت.

٦_ هەمەجۆریی و فرەیی ئەو سەرچاوانەی کە دەبێت ئامادە بکرێن. (مەبەست لەزەمینەکانی لایەنگیرییە، واتە لایەنگیری حقوقی، سۆزداری، سیاسی، فکری).

٧_ پەیوەندی و هاوپەیمانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ لایەنەکان.

٨_ تاکتیکەکان_ دەربارەی چۆنیەتی بەرێخستن، بەشداری و سەرپەرشتی بزووتنەوەکان.

٩_ لێکۆڵینەوەکان_ دەربارەی مەسرەف و تێچوون و بەرژەوەندی و ڕادەی بەشداری لە ڕێکخراوەکانی ناو بزووتنەوەکە.

سەرەنجام ئەم خاڵانە (١-٩) پێمان دەڵێن کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تازە کاری عەقڵانی، ئامانجدارو ڕێکخراوە یان دەبێت وابێت.

لەتیۆری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (لەدوای ١٩٧٠) ناسین و ئاشکراکردنی نەیاریی‌و ناکۆکیە بونیادییەکان (نێوان خەڵك و دەسەڵات) بەس نین، بەڵکو دەبێت ئەو هەلومەرجانە دابین بکرێن کە توانای ئاڵوگۆڕی نەیاریی و نارازی بوونی خەڵکیان هەیە بەرەو بەرێخستن و کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی بەرپاکردنی بزووتنەوەکان. تواناکانی کۆکردنەوەو سازکردن لەدوو زەمینەی سەرچاوەی مادی (کار، پارە، بەرژەوەندی واقعی، خزمەتگوزارییەکان) و هەم





بەسەرچاوەی مرۆیی (هەژموون، پابەندبوون و بەڵێنی ئەخلاقی، بڕوا، خۆشەویستی)دا بەئەنجام دەگەن.

یەکێك لەو سەرچاوانەی کە بزووتنەوە تازەکان بەسەرچاوەی گرنگ و کاریگەریان زانیوە و لەو ڕێگایەوە رووبەری بزووتنەوەکانیان فراوانتر و کاری بزووتنەوەکانیان بەهێزتر کردووە، پێی دەڵێن تۆڕەکانی پشتیوانی *Solidarity Network*. ئاراستەی عەقلانی دەتوانێ بەهۆی بوونی تۆڕەکانی هاوپشتی سەرچاوەکانی هێز کۆکردنەوە لە پابەندبوون و بڕوابوون بەخێری گشتی فراوانتر بکات و پەیوەندی بزووتنەوەکە بەرەو پەیوەندییەکی ئاسۆیی بەرێت و دەربازبێت لەپەیوەندی ستوونی و بریارڕدانی هەرەمی و بیرۆکراتی. تۆڕەکانی هاوپشتی دەتوانن ڕێکخراوە جیاوازەکان، توانافرەکان، شوێنەکانی کاروژیانی بەشداران لەپەیوەندی ئاسۆیدا سازو ڕێکخراو بکەن و ئەم زەمینە و بکەرانەش سەرەتای ڕێگری جەماوەرییە لە سەرهەڵدانەوەی دەسەڵاتی بیرۆکراتی و پاوانخواز و کۆنترۆڵگەر. هەروەها تۆڕەکانی هاوپشتی دەتوانن ژینگەیەك بن بۆ بکەرە تازەکان و نەخشێنەرە گشتییەکان و لەم ژینگانەشدا ڕەوش و شێوەکانی کارو چالاکی خۆیان بۆ فراوانکردنی سەرچاوەکان و بەهێزکردنی پشتیوانیەکان لەناوەوەو دەرەوەی بزووتنەوەکاندا مەیسەر بکەن. بکەرە گرنگەکانی ناو تۆڕەکانی هاوپشتی دوانن: هێزەکانی گۆڕان و نەخشی کەس و بکەرە هۆشیارەکان.



هەواڵنامەی کتێب

**سێیەم: رەهەندی سیاسی (نارەزایی بزووتنەوەکان بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی)**

دیدگای کۆمەڵناسی سیاسی نوێ سەبارەت بە بزووتنەوەکان لەدوو رەهەندی سیاسی گرنگدا پەیدا دەبێت. یەکەم، میتۆدی فیکری بەرامبەر بەرەهەندی سیاسی بزووتنەوەکان و دووەم، مامەڵەو شیکردنەوەی دیدگاو تیۆرییەکانە بەرامبەر بە پرۆسەو بەشداری بزووتنەوەکانە لە رەهەندی سیاسیدا. پرسی یەکەم ئەوەیە کە میتۆدی فیکریی کۆمەڵناسان بەرامبەر بەرەهەندی سیاسی بزووتنەوەکان لەدوو روانگەوە دەبێت. یەکەمیان ئەوەیە کە هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ و نابێت بەدوور بێت لە رەهەندی سیاسی و دووەمیان ئەوەیە (بەتایبەتی بۆ بزووتنەوە تازەکان) کە نابێت رەهەندی سیاسی تاکە نمایندەی بزووتنەوەکە بێت (ئێستا گۆڕان لەم رەوشەدایە) یان رەهەندی سیاسی کۆنترۆڵی بزووتنەوەکە بکات (داستان و بەسەرهاتی راپەرینی ساڵی ١٩٩١ نموونەی بەرچاوە).

میتۆدی یەکەم (واتە خاوەنداریێتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە رەهەندی سیاسی) هەربەتەنها ئەوە نییە کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دیدگا یان بۆچوون و ئامانجی سیاسی هەبێت، کە بێگومان بوونی ئەمانە پێویست و چارەنووس سازن، بەڵکو دەبێت ئەوەش بەچاوی سەرنج و گرنگ تەماشای بکرێت کە دەسەڵاتی ناو رەهەندی سیاسی بزووتنەوەکە و بەمانای فراوانی دەسەڵات، واتە هۆکاری ئەنجامدانی کارەکان بەشێوەی مەبەست و سیستەماتیك سەیر بکرێت. لەم زەمینەیەدا ئانتۆنی گیدنز، وتەیەکی گرنگ و کاریگەری هەیە: (هاودەردی بەرامبەر بە بەدبەختی بێبەشان، لەهەر شێوەیەکی سیاسەتی رزگارخوازیدا

••••••

نەخشی دیاریکەری هەیە، بەڵام هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم سیاسەتە بەزۆری پەیوەندارە بە نەخش و کاریگەری هۆکارە نایابەکانەوە)[١٢]. هۆکارە نایابەکان، سیاسەت و دەسەڵات ئەو هۆکارانەی ناو بزووتنەوەکانن کە دەتوانن بەشێوەی سیستەماتیك و بەرنامەڕێژی بزووتنەوەکان بەڕێوەبەرن یان لەئامانجی نزیك ببنەوەو لەم کاروانەشدا دەسەڵات و سیاسەت بەرەو رەوشی بڕیاردان و ناوەندێتی هەنگاو دەنێت. هەموو ئەو بەرنامەو بزووتنەوانەی کە لەناویاندا (ئەوانی دیکە)ی تێدایە، هەمیشە ئەگەرەکانی بوونی فرەیی یان نارازی بوون و ئاڵوگۆڕی تێدایە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانیش وەکو هەموو ئەو بەرنامەو رێکخراوانە لەم حاڵەتە پارێزراو نییە. سەرەڕای ئەم هۆشداریانەش، بەڵام دەسەڵات هەمیشە لەهەوڵی بەرژەوەندی تایبەتی یان هۆکاری ستەمکاری سەیر ناکرێت و توخم و دیدگای واقیعبینی لەهەموو رەوشەکاندا دەبێت کاریگەربێ و پەیگیرانە کاری هەبێت.

میتۆدی دووەمیش ئەوەیە کە نابێت هیچ دیدگایەکی سیاسی یان سیاسەتێکی دەسەڵاتدار، سەرەڕای پێویستی و کاریگەر بوونی، نەخشی یەکەمی ناوەندی و تاکە بڕیاردەر بێت لەبزووتنەوەکاندا و هەر بزووتنەوەیەك یەك نوێنەر و بڕیاردەری هەبێت، کە سیاسەت یان دەسەڵات بێت، ئیتر ئەو بزووتنەوە لە حاڵەتی بزووتنەوەیی دەرئەچێت و دەبێتە کۆمەڵان و جەماوەری پاشکۆی سیاسەتی دیاریکراو. لەم زەمینەیەدا دەبێت ئەوە بزانین کە یەکێك لە ئامانج و کارە گرنگەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی رزگاربوونە لە دەسەڵات و سنوورداری دەسەڵاتی سیاسی و لە هەوڵی پلۆرالیزم و رزگاری هەموواندایە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی.

گرنگیدانی کۆمەڵناسان بەرەهەندی سیاسی بزووتنەوەکان، وێڕای میتۆدی فکری بزووتنەوەکان بۆ رەهەندی سیاسی، گرنگی دەدات بەمامەڵەو بەکارو

••••••

بەرنامەی سیاسی (تاکتیك و ستراتیژی) بزووتنەوەکان بۆ خاوەنداریێتی لەدیدگاو ڕەوش و پەیڕەوی سیاسی عەقلانی. لەم زەمینەیەدا بەبڕوای شارەزایان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەیەوێت ئەم ئامانجانە بەدەست بهێنێ، یان لەم ڕەوشانەدا بزووتنەوەکە گەشە دەکات:

أ_ ئاراستەو گرنگیدانی سیستەماتیك بۆ ناسینی ژینگەی سیاسی و دامەزراوەیی کارو چالاکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی.

ب_ زەمینەی سەرەکی بۆ دیدگاو تیۆرەکانی ڕەهەندی سیاسی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، بوونی پەیوەندیە لەنێوان بکەرو یاریزانانی سیاسی دەسەڵاتدارو خاوەن سیستەم و نەیاران و ڕەخنەگرانی ئەو سیستەم و دەسەڵاتە.

ج_ ڕەخنە لە سیستەمی پێشوو، بوونی پەیام و بەرنامەی ئایندە بۆ بزووتنەوەکە.

د_ ناسینی بونیادی هەلومەرجی سیاسی. دیدگاو ناسینێك کە زۆرترین سەرکەوتن لەناسینی تایبەتمەندی و هەلومەرجی دەرەوەی گەشەی بزافی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێ. نموونەو زەمینەی ئەم کارەش:

کرانەوەو داخرانی سیستەمی سیاسی نەیارو ناجێگیری لەهەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕی بەشداری خەڵك لەهەڵبژاردن، دەست ڕاگەیشتن بە هاوکاران و هاوپەیمانان، تەحەمولی کاربەدەستان لەبەرامبەر نەیاریی و نارەزایی خەڵك.

(سیدنی تارۆ) یەکێك لە بیرمەندان و شارەزایانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەخوێندنەوەی خۆی دەربارەی سەردەمەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و نەیاریی و نارەزایی لە ئیتالیا، چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ شیکردنەوەو ناسینی چەمکی (بونیادی هەلومەرجی سیاسی) سوود لەم ئاڵوگۆڕانە وەردەگرێ:





أ_ ڕادەی کرانەوە یان داخرانی دەستڕاگەیشتن بەمەیدانی سیاسەتی ڕەسمی یان دەسەڵاتدار.

ب_ ئەندازەی جێگیریی یان ئاڵوگۆڕ لەریزبەندی سیاسیدا لەنێوان هێزەکان.

ج_ دەست ڕاگەیشتن بە هاوپەیمانانی ئایندە و هەلومەرجی ستراتیژیکی ئەو هاوپەیمانانە.

د_ نەیاریی و ململانێی سیاسی لەنێوان نوخبەو دەسەڵاتدارانی سیاسیدا، لەناوەوەو لەدەرەوە[٣].

پرسێکی دیکەو گرنگی ڕەهەندی سیاسی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، پرسی چۆنیەتی نوێنەرایەتی و ڕێکخستنی بەش و ئۆرگانەکانی ئەو بزووتنەوەیەیە. لەم زەمینەیەدا دەبێت دوو پرانسیپی گرنگ و کاریگەر باسبکرێت، یەکەم ئەوەیە کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمیشە زیاتر لەنوێنەرێك و ڕێکخراوو ئۆرگانی نوێنەرایەتی دەبێت. دووەم، پەیوەندی نێوان ئەم نوێنەرانە لەلایەك ئاسۆییەو ستوونی نیە و لەلایەکی دیکەش میکانزمێکی فیدراڵی و هەندێك جار کۆنفیدراڵی لەنێوان ئەو نوێنەرانەدا دەبێت و هەریەك لەوان سەربەخۆیی دەبێت، بەڵام هەمووشیان هاوبەشی و هاوکارییان بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەکەیە. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت لەم ڕێگاو کەناڵانەوە نوێنەرایەتیەکانی خۆی سازبکات.

١- نوێنەرایەتی و کەناڵی پارلەمانی، دەبێت بکرێتە نوێنەری ڕەسمی و یاسادانەری ئەو بزووتنەوەیەو نوێنەرانی پارلەمانیش هەردەم ئەوەیان لەبیربێت کە نوێنەری ماف و ئازادی و عەدالەت و بەشداربن لەبەرژەوەندی خەڵك و بزافی کۆمەڵایەتی.

٢_ ڕێکخراو یان حیزبی سیاسی. فەلسەفەو بونیادی ڕێکخراوو حیزبی

سیاسی سەردەمی بزاڤەكان جیاوازە لە فەلسەفەو بونیادی حیزبی سیاسی لەسەردەمی دەسەڵاتەكان و وەك لەپێشتر باسمكردووە. ئەم فەلسەفەو بونیادە جیاوازەش لەبەرژەوەندی خودی خەڵك و بزاڤی خەڵكە.

٣_ رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی. یەكێتی و سەندیكاكان، رێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان كە لەنێوان خۆیاندا پەیوەندارن و هەروەها پەیوەندارو سەربەخۆو ئاسۆیین لەمامەڵە لەگەڵ نوێنەرایەتی پارلەمان و حیزبیدا.

٤_ نەخش و كاریگەریی میدیا، راگەیاندن و رووناكبیران لەناو بزاڤی كۆمەڵایەتیدا. زۆربەی بیرمەندان و روناكبیران بڕوایان وایە كە نەخشی رووناكبیر لە دنیای ئازادو دیموكراسیدا نەخشێكی بەهێزو كاریگەرە و روناكبیران دەتوانن هەمیشە لەبەرژەوەندی گشتی و لەروانگەی ماف و ئازادی و دادپەروەری‌و بەشداری گشتیەوە هەڵوێست وەربگرن ولەو زەمینانەدا كارو لێكۆڵینەوە و بەشداری بكەن. هەر بزاڤێكی كۆمەڵایەتی نەخش و كاریگەری رووناكبیران لەناو خۆیدا پەسەند نەكات، بێگومان ئەو بزاڤە دەكەوێتە دەستی سیاسەتی پەتی یان بەرژەوەندی دەسەڵات و هەژمونخواز.

٥_ نەخش و كاریگەری شارەزایان و كارناسانی ئەو بوارانەی كەراستەوخۆ پەیوەندییان بە چارەنوسی بزاڤی كۆمەڵایەتی و پرسەكانی خەڵكەوە هەیە. نەخشی ئەوكەسانە لەبوارەكانی سیاسەت، ئابوری، بیری كۆمەڵایەتی، فەرهەنگ، تەندروستی، دەروون ناسی، ئامار، یاساو دەستور و ..هتد، دەتوانێ ئەو رێگاو كەناڵ و زانیاریانە بدات بە بزووتنەوەو هەڵسوڕێنەران و ئاراستەدەرانی بزاڤی كۆمەڵایەتی كە بڕیاری دروست و ناسینی شارەزا لە سروشتی كۆمەڵگاو بزووتنەوەو دەسەڵات و میكانیزم و پێدراوەكانی ئەمانە بزانن و شیكردنەوەی





زانستی و بەرنامەییان بۆ بكەن. نەخشی شارەزایان دەكرێت لەهەرسێ ئاراستەی راوێژكار، بەشداری و بڕیاردان بەچاوی سەرنج وبەهاوە سەیربكرێت. مادام بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی و پێكهاتەكان و نوێنەرانی بەشێكن لە هەلومەرجی راوێژكاریی، بەشداریی و ئازادیخوازیی، هەربۆیە بزووتنەوەی كۆمەڵایەتیش لەنێوخۆیدا دەبێت ئەو پەیامە بگرێتەبەر بۆ بكەرو نوێنەرەكانی، كە خودی بزووتنەوەكە دەیەوێت لەناو كۆمەڵگاو لەدەسەڵاتدا نەخشی هەبێت.

### چوارەم، بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی تازە لە كۆمەڵناسیدا

دیدگاو تیۆرەكانی كۆمەڵناسی و بەتایبەتی كۆمەڵناسی سیاسی گرنگی زۆری داوە بە بزووتنەوە كۆمەڵایەتیە تازەكان و ئەم دیدگاو تیۆرانە لەدوو روانگەوە تەماشای ئەم بزاڤانە دەكەن. یەكەم، بەهۆی بزووتنەوە تازەكانەوە دیموكراسی سەردەمی دووەمی خۆی دەستپێكردووە. واتە لەدوای نەخش و كاریگەری بزاڤەكانی مافە مەدەنیەكان لەئەمریكا، بزووتنەوەكانی لاوان و خوێندكارانی ئەوروپا، بزووتنەوەكانی فیمینستی و جێندەر، بزاڤەكانی دژی جەنگ و ئاشتیپەروەریی و بزووتنەوەكانی ژینگەپارێزیی لەساڵانی ١٩٥٠ بەدواوە هەتا ئێستا (لەرۆژئاوا) ئەم هێزو بكەرە تازانە هاتونەتە مەیدانی كاریگەریی و چیدیكە سیاسەت و دەسەڵات ناتوانن نەخشی ناوەندی و بڕیاردەری كۆتایی بن لە كۆمەڵدا. دووەم، لەوەدایە كە بزاڤی كۆمەڵایەتی لەمەودوا هێزی زەخیرەو جەماوەری رەدوو كەوتوو نابێت بەرامبەر سیاسەت و دەسەڵات، بەڵكو بزاڤی كۆمەڵایەتی دەیەوی بۆخۆی بكەرێكی سەربەخۆو بەشدار بێت لەنێو دیموكراسی‌و لەرەهەندەكانی راوێژكاریی، بەشداریی و ئازادیخوازیدا. خودی ئەم رەهەندانەش هەر لەلایەن ئەو بزاڤە تازانەوە بۆ دیموكراسی زیادكراون، یان

بکەری دەسەڵات و سیاسەت دەبێت ئەوە بزانێت کە لەلایەن بزاڤە تازەکانەوە ئەم رەهەندە ناوبراوانە هێنراونەتە نێو دیموکراسیەوەو دەسەڵات و سیاسەتیان ناچارکردووە کە پەیڕەویان لێبکەن.

ئەو تیۆرمەندانەی کەلەم زەمینەیەدا کاری گرنگ و بەشداری کاریگەرییان کردووە، سێکەسن، کلاوس ئۆفە لە ساڵانی هەشتای سەدەی بیست، ئالان تۆرین هەرلەو ساڵانەداو ئەلبێرتۆ میلۆچی لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٩ کاری گرنگ و تیۆرێکیان بۆ بزووتنەوە تازەکان ئەنجامداوە[١٤].

## کلاوس ئۆفە ، ١٩٨٥

بزووتنەوە تازەکان رەخنەیەکی بونیادی و فراوانتر لەسیاسەت لەبەرامبەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی نوێنەرایەتیداو بەناوی دیموکراسی رادیکال ئەگەر و پێشبینیە دامەزراوەییەکان و شێوە نەریتی یەکانی (سیاسەتدانی)یان بیرکردنەوەی سیاسی کۆن دەخاتە نێو رەخنە و ئاستەنگەوە. لەبەرامبەر بزووتنەوەکانی کرێکاریی (وەك نمونەیەك لە بزاڤی کۆمەڵایەتی کۆن) بزووتنەوەی تازە بەهرەمەندە لە نوێبونەوەو گۆڕانی تازە و خاوەنی دیدگاو تیۆری رەخنەگرانەی تازەیە لە زەمینەی مۆدێرنیزم و پێشکەوتندا. بزاڤی کۆمەڵایەتی خاوەندارە لەبونیادی سازمانی و رێکخراوەیی ئاسۆیی (نامەرکەزی) و بەشدارێتی، داکۆکی دەکات لەهاوپشتی و بەشداری نێوان خەڵك لەدژی دەسەڵات و ناوەندێتی بیرۆکراسی و دەیەوێت کەشوهەوای سەربەخۆیی و هاوکاری بخاتە جێگای بەهرەو امتیازی مادی. بەبڕوای ئۆفە تایبەتمەندی گرنگی بزاڤی کۆمەڵایەتی تازەبوونی چوارچێوەو رێکخراوی کراوەو شەپۆلمەندە، بەشدارییەکی فراوان و نائیدیۆلۆژیك بەرهەم دەهێنێ و

••••••



ئاڕاستەکەی زیاتر بەرەو ئەوەیە کە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و فراوان لەجێگای ئاڵوگۆڕی ئابووری فەراهەم بکات[١٥].

## بیرمەندو کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی ئالان تۆرین :

بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەم سەردەمەدا، نەیارانی پەراوێزی سیستەمی دەسەڵاتدار نین، بەڵکو ئەو هێزە تەوەری و کاریگەرانەن کە بۆ کۆنترۆڵی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی خەبات دەکەن و هەروەها لەپێناوی شێوەدانی مێژوویی لەنێوان خۆشیاندا لەرەوشی خەبات و تێکۆشاندان.

بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی ئەم مانیفێستەی ئالان تۆرین دەربارەی بزاڤی کۆمەڵایەتی، چاکتر وایە دیدگاکانی ئەو بەخاڵ بنووسم:

١_ بەبڕوای ئەو، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسین. لەو شوێنەوە کە رێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەمی کارو چالاکی کۆمەڵایەتین و بزووتنەوەکانیش هۆکاری گشتی و کۆمەڵایەتی کاری کۆمەڵگان، بۆیە دەبێت بە پێچەوانەی هەندێك لەو تیۆرانەی کە بزاڤی کۆمەڵایەتی بە دیاردەو رووداوی هەڵاوەردەو هەژێنەر دەزانن، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەدڵی ژیانی کۆمەڵایەتیدا نەخش و کاریگەرییان هەیە.

٢_ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەسەردەمی دووەمی دیموکراسیدا لەهەوڵی ئەوەدا نین کە سیستەمی خاوەندارێتی و هۆکارەکانی بەرهەم هێنانی مادی کۆنترۆڵ بکەن (هەروەکو دیدگای کلاسیکی مارکسیستی بڕوای پێیەتی)، بەڵکو ئەوان خەبات بۆ شتێك دەکەن کە تۆرین بە (مێژوومەندی) ناوی دەبات. دیدگای ئەو بۆ هەلومەرجی مێژوویی یان مێژوومەندی شتێکە کە شێوەیەکی تازەیە لە

••••••

دووباره بیرکردنەوە و بەرهەمهێنەری ئەو رەهەندانەیە کە بەهۆیانەوە کۆمەڵگا لە رێگەی ئەندێشەو کارو چالاکی ئاگایانەوە کاری کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی خۆی دووبارە بەرهەم دێنێتەوە.

٣_ هەر کۆمەڵگایەك لەنێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا رەوش و هەلومەرجی خۆی دیاری دەکات: مامەڵەو جیاوازی نێوان چینی دەسەڵاتدار کە دەیەوێت مێژووەمەندی کۆمەڵگا تایبەت بکات بەخۆی و لەو رێگایەوە سیستەم و رێکخستنی دەسەڵاتدار زاڵ بکات و چینی ژێردەستە کە هەوڵ دەدات مێژووی خۆی بنەخشێنێ و هەلومەرجی مەوجود بهەژێنێ و کارو مامەڵەی خۆی ئاشکرابکات و شێوە تازەو ناوازەکانی ئەندێشەمەندی، کارو ژیان بەرهەم بهێنێ. هەرچەندە ئەو لەگەڵ مارکسیستەکاندا هاوڕایە کەلە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا مامەڵەی سەرەکی لەنێوان سەرمایەداران و پرۆلیتاریادایە، بەڵام بڕواشی وایە کە شیکردنەوەی ئابووری پەتی لەم مامەڵەیەدا هەڵەیە. چونکە خەباتی چینایەتی یان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تەنها پەیوەندار نییە بە دەسەڵاتی سیاسی و کۆنترۆڵی سیستەمی خاوەنداریێتی، بەڵکو خەبات و تێکۆشانە بۆ بەهرەمەندیی خەڵك لەمافی هەڵبژاردن و کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان.

٤_ ئالان تۆرین بڕوای وایە، لەمڕۆدا بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان راستەوخۆ لەهەوڵی ئەوەدایە کە خەبات بکات بۆ هێنانەدی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا و خەڵکیش لە کۆمەڵگا لە رێگای خەباتی فەرهەنگیەوە دەتوانێ کاریگەریی هەبێت. تۆرین بەهێنانەدی تێزی (سیاسەتی فەرهەنگی) یەکێکە لە پێشڕەوان و نوێکارانی کۆمەڵناسی سیاسی تازەو یەکێکە لە بیرمەندە کاریگەرەکانی (وەرچەرخانی پۆست مۆدێرن). لەلای ئەو کاری کۆمەڵایەتی یان چالاکی کەسەکان بریتیە لە رەفتاری یاریزانێك یان نەخشوانێك

••••••



کە بەهۆی مەیل و باوەڕی فەرهەنگیەوە رێنمایی دەکرێت و لەدەروونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا پەیدا دەبێت، کە تایبەتمەندیی ئەم خەباتە فەرهەنگیە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیە بۆ ئاڵوگۆڕەکان لەبەرامبەر فەرهەنگی دەسەڵاتداردا. ئەمەش بە (مەیل و بیروباوەڕی مەزنی فەرهەنگی) دەزانێ کە بەهۆیەوە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا بەشێوەی بیروباوەڕی جیاواز رێك دەخرێت. کاری تۆرین بەسیاسەت و گۆڕانی فەرهەنگی ناوەستێ، بەڵکو ئەو لەهەوڵی ئەوەدایە بیسەلمێنێ کە: خەبات بۆ شیکردنەوەو بیروڕای جیاواز و بەهاکان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بێتەدی و رێگایەك بۆ ئێمەش پەیدا بکات هەتا بەشی مەزنی هەڵسوڕانی بزاڤی کۆمەڵایەتی، تەنها بۆ هێنانەدی رەهەندی سیاسی نەبێت بەمانای سنوورداری سیاسەت، بەڵکو خەبات بێت بۆ ئاڵوگۆڕی (سیاسی) بەمانای فراوان و کۆمەڵایەتی وشەکە.

٥_ سەرئەنجام، بەهۆی دیدگاو تیۆرەکانی ئالان تۆرین، بزاڤی کۆمەڵایەتی بەهرەمەند دەبێت لەجۆرێك لە گوتار بۆ بەرهەمهێنانی دیدگای سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوان، بەرهەم هێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی وناسنامەی کۆمەڵگای جیاواز لەدەسەڵاتی وەخت. ئەم گوتارەش بەو شێوەیە نابێت کە بزاڤی کۆمەڵایەتی دەبێتە تەنها ناسنامەی (راستەقینەی) نەیاران یان (هەلومەرجی واقعی) خۆی ئاشکرا بکات، بەڵکو دەبێت ئەوان بخاتە خەبات و جیاوازی ستراتیژی و دروستکەری ناسنامەو بەرنامەی تازە کە دەرەوەی خۆشیان بخەنە ناو سنووری خۆیانەوە. ئەمەش ئەو گۆڕانەیە کە تۆرین ناوی دەنێت (گۆڕان و پێناسەی تازەی پەیوەندی و هەلومەرجەکان کە هێڵەکانی خەبات لە چوارچێوەیاندا رەسم دەکرێت. گۆڕان لە دیدگای خەڵك دەربارەی ماف و بەرژەوەندی راستەقینەی خۆیان و رازیکردنی ئەوانە بۆئەوەی لە روانگەی

••••••

جیاوازی خۆیانەوە تەماشای خۆیان و جیهانی خۆیان بکەن. لەوەش زیاتر تۆرین ئەوەمان فێردەکات کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی تەنها لەرێگای ئاشکراکردنی حەقیقەتەکانەوە نابێت، بەڵکو دەبێت زیاتر لەرێگەی رەخنەو ئاستەنگی چەمکی کۆن و بەرهەمهێنانی چوارچێوەی تازەبێت کە گۆڕان تیایدا ئاسان و خوازراو بێت[١٦].

## ئەلبێرتۆ میلۆچی: گۆڕان لەتیۆری (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ)

میلۆچی یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە دیدگای فرەو پلورالیستی هەیە سەبارەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. بۆ دوور کەوتنەوە لە نەریتی جەبرگەرایی مارکسیستی و کاریگەری بونیادی ئەمریکایی ئەو پەنا دەباتە بەر دوو نەریتی تیۆری کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و بونیادی هەلومەرجی سیاسی و رووکردنە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تازە. ئەتوانین بڵێین کە میلۆچی سەنتێزێك لەنێوان هەردوو تیۆری کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و تیۆری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ بەرهەم دەهێنێ. بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی تیۆری میلۆچی دیدگاکانی ئەو بەخاڵ دەنووسم.

١_ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان خاوەنی ئاست و دیدگاو چالاکی فرە و پلورالیستین هەرلە مامەڵەی سیاسییەوە بگرە هەتا کاردانەوەی بەرگریکاریی و رەخنەو ئاستەنگی رێساکانی رۆژانەی ژیان. هەروەها گروپە بکەرو یاریزانەکانی کە فرەو زۆرن بە بەڵگەو هۆکاری جیاواز بەشدارن لەبزووتنەوەکەدا. لایەنگیریو بەشداری لەهەر بزووتنەوەیەکدا، بە پەیڕەوی لەتیۆری کۆکردنەوەی سەرچاوەکان، چەند ئاست و بەشداری تێدایە و ئەمەش وادەکات کە پلورالیزمی بزاڤی کۆمەڵایەتی نوێ لەهەردوو ئاستی دیدگاو بکەرێتیدا پەیدا ببێت.

••••••



٢_ بەبڕوای میلۆچی گرنگترین خاڵ دەربارەی کارو چالاکی گشتی لەوەدایە کە ناسنامەی گشتی کەم و زۆر پایەدارو بەردەوام دەبێت پێکبێت لەهێنانەدی (ئێمە)یەك لە ئامانجەکانی هەمووان و شێوە جیاوازەکانی هاوپشتی و رێکخستن. لەم بۆچوونەدا میلۆچی نزیك دەبێتەوە لەتیۆری هەلومەرجی سیاسی بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. واتا چۆنیەتی سازکردنی ئاستەکانی کاردانەوە، لایەنگیریی، مامەڵە، خەبات و سازماندانی بزاڤی کۆمەڵایەتی و رەوشی رێکخستنی ئاستەکانی نوێنەرایەتی.

٣_ لەلای ئەو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەرێگای (تۆڕەکانی مەلەوانی ناهەستیار) بەهێز دەبن و شەپۆلەکانی زیاتر دەبێت و کەبەهۆی ئەوانەوە ئەزموونەکانی ژیان دەگوازێتەوە، ئەزموونی تازە بەرهەم دەهێنێ و ناسنامە گشتییەکان لەژیانی رۆژانەدا فەراهەم دەکات. بەبڕوای ئەو بوونی بزاڤەکان وەکو هەنگاوی نابەردەوام و ئەندامێتی مەلەوان و شەپۆلدارو ناجێگیر دروست دەبن و هەربەم شێوەیەش کاریگەری و هەژموونی خۆیان پەیدا دەکەن و دەیپارێزن. بزووتنەوەکان بەشێوەیەکی رێژەیی بەدەگمەن وەکو دیاردەی تەواو دیارو ئاشکرا دەرئەکەون. لەم دیدگایەوە میلۆچی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە (کۆچەریانی ئێستا) ناودەبات و بڕوای بەوەیە کە ئەم کۆچەرانە زۆر لە وڵاتەکان و کۆمەڵگاکان نامێننەوە، بەڵام دەتوانن چالاکی و کاریگەریی گرنگیان هەبێت.

٤_ میلۆچی هەروەکو ئالان تۆرین بڕوای بەوەیە کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە بناغەدا رەخنەو ئاستەنگی (فەرهەنگی)یە بەرامبەر کۆمەڵگای دوای پیشەسازی و مۆدێرن. لەم کۆمەڵگایەدا زانیاری و شارەزایی و ئاگایی خەڵك بە ئەندازەیەکی زۆر فراوان بووە، هەربۆیە دووبارە بیرکردنەوەی خەڵك دەربارەی ژیان و پێداویستی و بیروباوەڕەکانی دەتوانێت سوودی زۆر لە بیرو

••••••

دەسکەوتی جیهانی بکات و ئاگایی تاك لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەرەو باڵا دەچێت. میلۆچی لەبەرئەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و جیهانی رەوشی نوێی بەرهەم هێناوە، بۆیە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیش دەبێت وەك (نوێ) تەماشای بکرێت، چونکە ئەو کێشەو پرسانەی کە ئەمانە وەڵامی دەدەنەوە یان کاردانەوەیان بۆیان هەیە جیاوازە لە کێشەو پرسەکانی رابردوو لەسەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا.

٥_ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پێش هەموو شتێك لەهەوڵی گۆڕانی (مانا) و (فەرهەنگ) دایە و تەنانەت ئەم ماناو فەرهەنگە تازەیە لەخودی پێکهاتەو هۆکارو ئامرازەکانیشدا رەنگ دەداتەوە. شێوەکانی سازمان و ژیان لەلای بزاڤی کۆمەڵایەتی تازە لە خۆیاندا ئامانجن نەك هۆکار، لەکاتێکدا لەلای بزاڤی کۆمەڵایەتی کۆن (نمونەی بزاڤی کرێکاریی) ئەم شێوازانە هۆکارن بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە خەباتی ئابووری و سیاسی ئەو چینەیە. کەلێن و جیاوازی نێوان بواری گشتی کۆمەڵگاو بواری تایبەتی تاك بەپێچەوانەی رابردوو وەکو ناکۆکی و بەرامبەرکێ تەماشا ناکرێت، بەڵکو وەکو پەیوەندی و کاریگەری بۆ تەکامولی یەکتر بیری لێدەکرێتەوە. ئەمەش بەو مانایەی کە ئەزموون و ئامانجەکانی ژیانی تایبەتی پەیوەندی راستەوخۆو تەکامولی هەیە لەگەڵ بەڵێن و ئامانجە گشتیەکاندا کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەبەر.

بزووتنەوەی ژنان باشترین نمونەیە بۆئەم مەبەستە، چونکە ئەم بزاڤە هۆکارو هەوڵی گۆڕانکارییە لەپەیوەندی نێوان ژن و پیاو لەبواری تایبەتی و ئابووری و سیاسی و یاسایی گشتیدا.

٦_ خەباتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تازە لەپێناوی (ناسنامە)دایە و ئەم خەباتە هەوڵێکە بۆ وادارکردنی بەرامبەر بەپەسەنکردنی ئەو شتانەی کە





ئەندامانی بزووتنەوەکە بڕوایان پێیەتی، بزووتنەوەکان بۆ سەلماندنی شتێك هەوڵدەدەن کە لەلایەنەکانی دیکە (بەتایبەتی دەسەڵات و هەژموون و نەریتی کۆن) نکۆڵی لێدەکەن. ناسنامەی خەڵك و بەشدارانی بزاڤی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر دەسەڵات یان دەسەڵاتەکان (سیاسی، ئابوری، هەژموون و نەریت) پرسێکی گرنگی بزاڤی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پۆست مۆدێرنە لە خوێندنەوەو یەکتر قبوڵکردنی بەرامبەرەکان. ناسنامەی بزاڤی کۆمەڵایەتی وەك (ئەوی دی) بەرامبەر بەدەسەڵات (بەمانای فۆکۆیی) وا دەکات کە بزاڤی کۆمەڵایەتی لەناو خۆشیدا (ئەوی دی) یان (ئەوانی دی) پەسەند بکات. لەم زەمینەیەدا باشترین کارو سەرەتای بیرکردنەوە دەبێتە ئەوەی کە بزاڤی کۆمەڵایەتی (ناسنامەی تاك) پەسەند بکات و لە پەیوەندی بەشێوە تازەکانی چالاکی گشتی دا بیان سازێنێ. ئاشکراترین بەڵگەی ئەم بیرکردنەوەیە ئەوەیە کە تاکەکان تەنها لەبەرئەوەی لە بزووتنەوەکاندا بەشداری دەکەن چونکە (مانایان دەداتێ) یان (ئەوان مانا دەدەنە بزووتنەوەکان) و بەبڕوای خۆیان بزووتنەوەکان نیازو پێداویستی تایبەتیان دەهێنێتەدی.

لەو جێگایەوە کە ناسنامەی تاك پێویستی بەدانپێدانان و بەرەسمی ناسینی ئەوانی دی هەیە، هەربۆیە لە خۆیدا پرسێکی کۆمەڵایەتیە. ناسنامە تەنها لە ماهیەتی خۆیدا ناتوانێ لەدەرەوەی ئەو پەیوەندیانەی کەمانای پێدەبەخشن پەیدا ببێ.

٧_ رەهەندی سیاسی بزاڤی کۆمەڵایەتی لەلای میلۆچی بەوشێوەیەیە کە بزاڤی کۆمەڵایەتی پەیوەندی رووکەشی لەگەڵ سیاسەتی دەسەڵاتداری رەسمیدا هەیە، ئەوان ناتوانن و نابێ لەرەهەندەکانی سیاسیدا بتوێنەوە، چونکە ئەو مامەڵەو کاردانەوانەی کە بزاڤی کۆمەڵایەتی پێی هەڵدەستێ کۆت و بەندی

رژێمی مەوجود دەشکێنێ و تەنانەت کۆت و بەندی هەموو رژێم و سیاسەتەکان دەلەرزێنێ. میلۆچی کە رەهەندی (سیاسی) بەکاردەهێنێ بەشێوەی سنووردار سوودی لێوەردەگرێ و بەپەیوەندی سیاسی پێناسەی دەکات و دەڵێ: ( دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نارۆشنی و ناپەیگیری و ناوبژیوان لەنێوان بەرژەوەندی جیاواز لەرێگای کاروبڕیاردانەوە) و لەهەرجێگایە کە بەرژەوەندییەکان دەربکەون و بڕیارەکان بدرێن پەیوەندی سیاسی پەیدا دەبێت، واتا نەك تەنها لە سیستەمی سیاسی وڵاتەکاندا بەڵکو لەنیهادو دامەزراوەکانی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی و ناوچەیشدا. هەروەکو زانیمان بزاڤی کۆمەڵایەتی لەبنەمادا بەدوای هێزی کۆمەڵایەتی و هاوپشتیدا دەگەڕێ و دەیەوێت لەزەمینەی فەرهەنگ و ماناو ناسنامەی تازەدا بکەربێت و لێرەشەوە گرنگترین کارکردی سیاسی ئەوان کارکردنە بەمانای ئەو ئاماژە و پەیامانەی کە مامەڵەو پەیوەندیو کێشە پەنهان و دەسەڵاتیەکانی ئەو ئاشکرا دەکات.

مامەڵەو پەیوەندی و کێشە پەنهانەکانی دەسەڵات لەرێگای هۆکارەکانی گشتی ونیشتمانی و عەقلانی و تەکنیکیەوە ئەو لەمپەرانەن کە دەسەڵات دەیانخاتە بەردەم رێگای بزاڤی کۆمەڵایەتی تازە، میلۆچی لەم زەمینەیەدا دەڵێت: بەو شێوەیەی کە هەندێك لە رێگرو لەمپەرەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ ناتوانرێت بەتەواوی چارەسەر بکرێن و نموونەی چەکی ئەتۆمی باسدەکات و بڕوای وایە کە نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی کارێکی نەشیاوە و نە سوود وەرگرتنی ئازاد لەو چەکە. بۆیە بزاڤی کۆمەڵایەتی ئەم کێشانە بە کێشە (میتاسیاسی) یان فراوانتر لە سیاسەت تەماشا دەکات و لەرێگەی هەلومەرجی گشتی و کۆمەڵایەتی ئاشکرایان دەکات و لەگەڵ رەهەندەکانی سیاسەتی دەسەڵاتدار ناسازگار دەبن و گومانی زۆر لەلای خەڵك لەگەڵ ئەو رەهەندانەدا دروست دەکەن[17].

••••••



**سەرچاوەکان:**


•• انتونی گیدنز ، پیامدهای مدرنیت ، ترجمەی محسن **ثلاثی** ، نشر مرکز ، چاپ سوم ١٣٨٤ ، تهران ، ل ١٩٣ .

•• انتونی گیدنز ، هـ س پ ، ل ١٩٣ .

•• باتامور ، جامعە شناسی سیاسی ، ترجمەی منوچهر کاشانی ، انتشارات کیهان ، چاپ اول ١٣٦٦ ، ل ٥٧ و ل ٧٥ .

•• باتامور ، هـ س پ ، ل ٥٩ .

•• خوێنەری بەڕێز دەتوانێ بۆزانیاری زیاتر دەربارەی پارت و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان بڕوانێتە لێکۆڵینەوەی ( پارت و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان لە سەردەمی دیموکراسی دا ) لە نوسینی نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە .

•• الان تورين ، ماهی **الديمقراطية** ؟ ترجمە ، حسن قبيسی ، دارالساقی ، بيروت ١٩٩٥.

•• دونا تیلا دیلا پورتا ، ماریو دیانی ، مقدمە ای بر جنبشهای اجتماعی ، ترجمەی محمد تقی دلفروز ، انتشارات کویر ، چاپ اول ١٣٨٣ .

•• جان لچت ، پنجاە متفکر بزرگ معاصر ( از ساختار گرایی تا پسامدرنیتە) ترجمەی محسن حکیمی ، انتشارات خجستە ، چاپ اول ١٣٧٧ ، ل ٢٧٨ .

•• کات ناش ، جامعە شناسی سیاسی معاصر ، ترجمەی محمد تقی دلفروز ، انتشارات کویر چاپ دوم ١٣٨٢ ، ل ١٦٨ .

•••• هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٠ .

•••• دوناتیلا دیلاپورتا، ماریۆ دیانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩ .

•••• انتۆنی گیدنز، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٤ .

•••• دوناتیلا دیلاپۆرتا، ماریۆ دیانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥ .

•••• کات ناش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢ .

•••• دوناتیلا دیلاپۆرتا، ماریۆ دیانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨ .

•••• کات ناش، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١٦٨-١٧٣ .

•••• کات ناش، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٨-١٧٣ .


••••••

هەولنامەی کتێب

# دەســـــەڵات لـــــــە وڵاتانی جیهانی سێ یەم

حسین مەعرووف پوور

دەسپێك:

دابەش کردنی وڵاتانی دونیا لە سەر شێوازی دەسەڵات  یا سیستەمی سیاسی و حوکمداریێتی کارێکی ئەستەمە. هەندێ لە توێژەران وەك لوسین پای، فرێد ریگزو فرانسیس ساتێن کە لە سەر سیستەمی دەسەڵاتداری لە رۆژهەڵات لێکۆلینەوەیان کردوە زۆر ساکارانە ( بەڕای نووسەر) سیستمگەلی سیاسیان بە رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی دابەش کردوە ،کە واتە بەڕای ئەوان وڵاتێکی رۆژهەڵاتی وەك فلیپین کە خاوەنی سیستمێکی دیموکراتیکی سیاسیە لە تەك وڵاتی دەسەڵات خوازی(توتالیتاریسم) ئۆگاندا لە یەك ریزە داندراون. یا خود بە ڕای ئەوان تورکیەی دیموکراتیك و میسری دەسەڵاتخواز ، یا چینی کۆمۆنیست و کۆماری

••••••



ئیسلامی ئێران بە سیستم گەلێکی هاوشێوە بەرێوە دەچن.

لە هەمبەر ئەو هەڵەیە هەندێ لە توێژەرانی بواری سیاسی سیستم گەلی تێکەڵاو دەهێننە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە بەو واتایەیە هەمو سیستمگەلی سیاسی تا رادەیەك چەند فاکتۆری نەریتی و نوێ لە خۆدەگرن.

بە گشتی دەتواندرێ بوترێ کە هەبونی سیستمگەلی سیاسی لێك جیاواز و جۆراوجۆری کلتور و کۆمەڵگا سیاسیەکان کێشەی زۆری بۆ نهۆم بەندی سیستمە سیاسیەکان کە ئاماژە بە تایبەتمەندی هاوبەشەکانی ئەو سیستمانە بکات ساز کردوە.

نهۆم بەندی سیستمگەلی سیاسی لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەوە بیری فەیلەسوف و روناکبیرانی بە خۆوە سەرقاڵ کردوە. ئێفلاتون یەکەم کەس بوە کە سیستمگەلی سیاسی نهۆم بەندی کردوە و هەنوکەش ئەم نهۆم بەندیە بایەخی زانستی هەیە . هەڵبەت هەر وەك کارۆل پوپێر دەڵێت: ئەورۆ گرینگ نیە کە چ سیستمێکی سیاسی لە وڵاتێك زاڵە، بەڵکو گرینگ ئەوەیە کە خەڵك هەر کاتێ ویستیان بتوانن دەسەڵات بگۆڕن و یا گۆڕانی بە سەرا دابێنن.

لێرەدا منی توێژەر نامەوێ سیستمگەلی سیاسی بە شێوازێکی نوێ دابەش کەم و نهۆم بەندێکی نوێ پێشنیار کەم، بەڵکو دەمەوێ شێوازی دەسەڵاتداری لە وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتن (کە کوردستان و عێراقیش لە خۆ دەگرێت) بهێنمە بەر باس و لێکۆڵینەوە چون هەر وەك دیارە ئامانجی ئەو وڵاتانە پێشکەوتن و گەشەسەندنە و بە رای توێژەر ئەرکی سەرەکی لە هەنگاو نان بۆ لای گەشەسەندن لە سەر شانی دەوڵەت و دەسەڵاتە.

••••••

## مێژووی دەسەڵاتداریێتی لە وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم

جیهانی سێهەم لە گەڵ زیاتر لە ٢٠ وشەی تر بە وڵاتانی دواکەتوو دەوترێ کە هەر کامیان باری مانایی و دەروونناسی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەر کام لە تیۆری داڕێژان جەخت لە سەر دروست بونی یەکیان و هەڵە بونی ئەوانی تر دەکەن. چەمکی جیهانی سێهەم یەکێ لە بەربلاوترین و باوترینی ئەو وشانە بوە کە بە گروپێکی گەورە لە وڵاتانی جیهان(کە زۆرینەی وڵاتانی ئاسیایی، ئافریقایی، ئامریکای لاتین لە خۆ دەگرێت) دەوترێ.

مێژووی دەسەڵاتداری و دەوڵەت لە هەندێك لەو وڵاتانە کەمتر لە سەد ساڵە. قارەی ئافریقا کە پتر لە ٥٠ کیشوەرلە خۆ دەگرێت تەنیا دو وڵاتی میسر و ئەتیۆپیا خاوەنی مێژوویێکی کۆن لە بواری دەسەڵاتدارین ئەویش میسر لە ژێر چەپۆکی سەردەمی کلۆنیسم بە پێچەوانەی ئەتیۆپیا نەیتوانی سیستمی دەسەڵاتداری خۆی راگرێت. رەوشی وڵاتانی ئامریکای لاتینیش باشتر لە رەوشی ئافریقایەکان نیە و مێژووی دەسەڵاتداری لە ئامریکای لاتین دەگەرێتەوە سەردەمی کلۆنیسم و دوای ئەو سەردەمە.

وڵاتانی ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی ئەوەڵین دەوڵەتە بەهێز و ئێمپاتوریە گەورەکانی سەردەمی کۆن و سەردەمی ناوەڕاستن. وڵاتانی چین ، ئێران،هێند ،تورکیە و تایلەند بەجێماوی ئەو دەوڵەتانەن.ئاسەواری کلتوری و کۆمەڵایەتی ئەو میراتە هەنوکەش لە هەندێ لەو وڵاتانە ماوەتەوە. بۆ وێنە سیستمی پادشایەتی لە تایلەند هەنوکەش بەردەوامە و لە چین و تورکیە شێوازو نەریتە بیرۆکراتیکەکانی ئەورۆ، هەنوکەش لە ژێر کاریگەری نەریت و شێوازە بیرۆکراتیکە کۆنەکانی ئەوڵاتانەیە.

••••••



هەڵبەت لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەنا ئەو وڵاتانە کە خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتی دێرینن، وڵات گەلێکی زۆر دەبینرێ کە مێژووی بە دەوڵەت بونیان لە ١٠٠ ساڵ کەمترە بە گشتی ئەو وڵاتە نوێیانە لە دابەش بونی ئێمپارتوریە گەورەکان (وەك عوسمانی) ساز بوون یا بەرهەمی چونە دەرەوەی وڵاتانی کۆلۆنیالیستن(وەك بریتانیا) یا لە هەڵوەشانەوەی زلهێزەکان (وەك یەکێتی سۆڤیەت) چێ بون.

بە گشتی مێژووی دەسەڵاتداریێتی لەو وڵاتانە کلتورێکی تایبەتی لە گەڵ خۆی هێناوە کە کاریگەری سەرەکی لە سەر شێوازی ئەوڕۆیی دەسەڵات لەو وڵاتانە هەبوە و هەیە.

## کێشە سەرەکیەکانی دەسەلات لە جیهانی سێهەم

وڵاتانی جیهانی سێهەم

دوای سەربەخۆیی لە گەل قەیرانی رەوایی (مەشروعیەت) بەرەوڕووبون. بە هۆی نوێبوونی سیستمی سیاسی و وابەستەیی ئەو سیستمانە بە باڵادەستی تاکی و عەسکەری و هەروەها بە هۆی دەست ڕۆیی هەمە لایەنەی هێزەکولۆنیستەکانی رابردوو لەو وڵاتانە، رەوایی سیاسی بەهێزی مێژوویی، رێکخراوەیی و گشتی بونی نیە و سیاسەتەکانی ناوخۆیی و بیانی پەیرەوی پێویستیە تایبەتەکانی ئەو کەسانەیە کە دەسەڵاتیان بە دەستە.

لە گرفتە سەرەکیەکانی تری وڵاتانی جیهانی سێهەم تێکەڵاوی قەومی و نەژادی و مەزهەبی ئەو وڵاتانەیە و هەروەها لەو وڵاتانە جیاوازێکی زۆری کلتوری و کۆمەڵایەتی دەبیندرێت.

••••••

بە گشتی هەندێ لە وڵاتانی جیهانی سێهەم وەك ئامریکای لاتین، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا و یا وڵاتانی باشوری کەنداوی فارس یەکپارچەیی قەومی، زمانی و مەزهەبیان هەیە لە حاڵێك زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێهەم خاوەنی جۆراوجۆری قەومی ، زمانی و مەزهەبین. ئەو جۆراوجۆریە و تێکەڵاویە کاریگەرێکی زۆری لە سەر ئەو وڵاتانە داناوە و بۆتە هۆی ناکۆکی سیاسی و کێشە بۆ دەسەڵات هەر بۆیە سەقامگیری لەو وڵاتانە زۆر کەم دەبیندرێت.

لە کێشەکانی تری وڵاتانی جهانی سێهەم کێشەی سنوورە، کە ئەوە شەڕ و ناکۆکی زۆری لە وڵاتانی دراوسێ لە جیهانی سێهەمی لێ بۆتەوە، کە بەردەوامی ئەو کێشە سنوری و سیاسیە لە جیهانی سێهەم نەتەنیا ریشەی ناوچەیی و ناوخۆیی هەیە بەڵکو قازانج، پێویستی و سیاسەتەکانی وڵاتانی زلهێزیش کاریگەریی بەرچاوی لە بەردەوامی ئەو کێشانە هەیە.

## کاریگەریی مێژوو و کلتووری سیاسی لە دەسەڵاتی جیهانی سێهەم

یەکێ لە سەرەکیترین هۆکارەکان کە دەبێتە هۆی جیاوازی سیستمگەلی سیاسی لە وڵاتانی دونیا بە گشتی و وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم بە تایبەتی بە رای توێژەر مێژوو و کلتووری سیاسی ئەو نەتەوەیە و بارودۆخی کۆمەڵایەتیە.

ئەوەی لە مێژوو بە جێ ماوە کاریگەرێکی ئەوتۆی لە سەر هەڵسوکەوتی سیاسی کۆمەڵ و ئەلیتەکان هەیە. زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێهەم کە دوای شەڕی دوەمی جیهانی بە سەربەخۆیی گەیشتوون لە ئاستێکی بەرچاودا تایبەتمەندی رێکخراوەیی ، ئیداری و رەفتاری سەردەمی کۆلۆنیزمیان بە میرات بۆ بەجێ ماوە. تەنانەت لە هەندێ وڵات وەك هیند زمانی دەوڵەتی پێشوی کۆلۆنیست (واتە بریتانیا)بە زمانی فەرمی ئەو وڵاتە داندراوە.

زۆرجار سیستمگەلی سیاسی خاوەن کێشەیەکی زۆری رەگەزیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتورین کە لە مێژوویەکی دوور بۆیان بەجێماوە. بە هەر حاڵ ناکۆکیەکانی دیرۆکی نێوان کلتورگەلی جۆراوجۆر کە ئەمڕۆ لە یەك وڵات دەژین سەرچاوەی زۆرێك لە کێشە سیاسیەکانی جیهانی سێهەمن.

بە گشتی سیستمی ئیدۆلۆژیك و پراگماتیستی لە رابردوو بەجێماون. تەنانەت سیستمێکی ئیدلۆژیك کە دەچێتە وڵاتێکی تر، بە پێی بارودۆخی ئەو وڵاتە گۆڕانی بە سەر دادێت. بۆ وێنە هزری مارکسیستی لە چین لە گەڵ کلتور و چواچێوەی باوەڕی کۆنفشیۆسی تێکەڵ بوو. لە راستی دا دەتوانین بڵێین کە هەست و لایەنگری سیاسی گشتی خەڵك هەر ئەو شتەیە کە لە دونیای ئاکادێمیك بە کلتووری سیاسی ناسراوە . لە راستی دا گرینگترین بەشی کلتووری سیاسی هەستی عاتیفی خەڵك سەبارەت بە دونیای سیاسی کە لەو رێگایەوە دەتوانین بزانین تا چ رادەیەك ئەوان سەبارەت بەو سیستمە(رژێم) سیاسیە بەرپرسیار و وەفادارن.

دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی کۆمەڵگاکان بە پێی مێژووی خۆیان خاوەنی چەندین جۆری کلتووری سیاسین کە جاری وایە لە هەندێ بوار دژی یەکترن بۆ وێنە لە هەڵسەنگاندنی کوردستان دەتوانی سێ جۆر کلتووری سیاسی پێش ئیسلام،کلتووری سیاسی ئیسلام و کلتووری سیاسی مۆدێرنیسم دیاری بکەین. لە وێنەیەکی تر ، بۆ باشتر ناسینی کلتووری سیاسی ئافریقا دەبێت جەخت لە سەر سێ میراتی بەجێماوی مێژوویی بکەین:

١- رێکخراو و نەریتەکانی پێش کۆلۆنیزم
٢- پێکهاتەی ئیداری، سیاسی و ئابوری سەردەمی کۆلۆنیزم

هەواڵنامەی کتێب

٣- ئەزموونی سەردەمی دژەکۆلۆنیزم و ڕێوشوێنەکانی ڕێکخراوەکان و سیاسەتی دوای کۆلۆنیزم

لێرەدا روون و ئاشکرایە کە لە نێوان چۆنێتی بریاردان و ڕێژەی بەشداری سیاسی و جۆری سیستمی سیاسی هەڵبژاردراو بۆ وڵات لە تەك کلتووری سیاسی و مێژووی ئەو وڵاتە پێوەندی راستەخۆ هەیە بۆیە بۆ ناسینی سیستمی سیاسی وڵاتێك دەبێت گرینگی بدەینە ئەو دو فاکتۆرە.

## کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە سەر دەسەلآت لە جیهانی سێهەم

لە وڵاتانی جیهانی سێهەم ناکۆکی رەگەزیەکان، شێواوی بواری سیاسی، نابەرابەریی و بوونی سیستمی بەهایی دژ بە یەك ، کێشە و گرفتی زۆری بۆ سەقامگیری پرۆسەی سیاسی ساز کردووە. کۆمەڵگا دەتوانێت گرفت بۆ سیستمی سیاسی سازکات و ئەوە ئەرکی سیستمی سیاسیە کە دەبێت بۆ راگرتنی سەقامگیریی سیاسی ئەو گرفتانە چارەسەر بکات.

جاری وایە بێ دەست تێوەردانی دەوڵەت ،هەندێ لەو دژایەتی کۆمەڵایەتیانە بۆ خۆیان لە بەین دەچن بەڵام هەندێکی تریش دەبێت لە لایەن دەسەلآت چارەسەربکرێن دژایەتی کۆمەڵایەتی بە شێوەی چینایەتی، ناوچەیی، کلتوریی و رەگەزی پەیدا دەبێت. هەندێك لە دژایەتیەکان بە شێوەی دابەش کردنی جیۆگرافی چێ دەبێت جاری وایە ناکۆکی نێوان گوند و شار دەبێتە هۆکاری سەرەکی زۆرێك لە دژایەتیە کۆمەڵایەتیەکان. ئەو رەوشە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەبیندرێت. لە شێوەکانی تری دژایەتی، ناکۆکی کلتووری یا





رەگەزیە. دژایەتیە کلتوریەکان، دەبێتە هۆی دابەش کردنی کۆمەلگا بە شێوەی رەگەزیی، زمانیی و مەزهەبی. زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێهەم لە بواری کلتووری پۆلۆرالیستن و خاوەنی میراتگەلی جۆراوجۆری رەگەزیی، زمانیی و مەزهەبین.لەو بارودۆخە دا دەوڵەت دەبێت لە نێوان گروپە جۆراوجۆرەکان هاوئاهەنگی ساز بکات.

دابین کردنی ئاسایش و سەقامگیری سیاسی لە رێگەی سەرکوتکردنی گروپ گەلی جۆراوجۆر بە دەست نایەت بەڵکو بەهێزکردنی پلۆرالیستی کۆمەڵایەتی لە پەنا پلۆرالیسمی کلتووری دەتوانێ گەرەنتی ئاسایشی نەتەوەیی بکات. زۆر کەم هەڵدەکەوێت دژایەتیەکانی نێو یەك کۆمەلگا تەنیا لە یەکێ لە بەشەکانی چینایەتی، ناوچەیی یا کلتووریی سەرچاوە بگرێت چونکە دژایەتیە کۆمەڵایەتیەکان هاوکات ناکۆکیە جۆراوجۆرەکان دەخەنە روو.

بە گشتی ئەو فاکتۆرگەلەی خوارێ دەتوانین بە هۆکاری بەهێزتر بوونی دژایەتیە کۆمەڵایەتیەکان لە جیهانی سێهەم بهێنینەوە:

١- فاکتۆری گرینگ لە بەهێزتر کردنی دژایەتیە کۆمەڵایەتیەکان چوارچێوەی گشتی ناکۆکیەکانە.

٢- فاکتۆری دووەم کە دژایەتیەکان بەهێزدەکات ئاستی گشتی سامان و سەروەت لە پرۆسە ئابوریەکانی داهاتووە.

٣- فاکتۆری سێهەم تایبەتە بە پێگەی ئەلیتەکان و رێبەرە سیاسیەکان.

٤- شێوازی چارەسەرکردنی دژایەتیەکان لە رابردوو، کە دەتوانێت کاریگەریی لە سەر پرۆسەی روبەرووبونەوە لەگەڵ کێشەکانی ئەورۆی هەبێت.

٥- خێرایی گوێزرانەوەی دژایەتیەکان بە ناوچەکانی تری دونیا لە ژێر سایەی ئنقلابی راگەیاندن. بۆ وێنە شۆڕشی قوتابیەکان لە فرانسە لە ساڵەکانی ١٩٦٧ تا ١٩٦٨



هەواڵنامەی کتێب

زۆر بە خێرایی وڵاتانی تری دونیا وەك ئامریکا و بریتانیا وئاڵمان ،.. گرتەوە.هەر ئەو جۆرەی دەبینین بارودۆخی کۆمەڵایەتی کاریگەریی بەرچاوی لە سەر دەسەڵات ودەوڵەت و هەروەها شێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە گەڵ کۆمەڵگا هەیە.

## رای بیرمەندانی کلاسیك سەبارەت بە دەسەڵاتداریتی لە جیهانی سێهەم

دارشتنی تیۆری سەبارەت بە دەسەڵات و حوکمداریتی لە وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم مێژوویەکی کۆنتری لە خودی چەمکی جیهانی سێهەم هەیە . زۆر پێش ئەوەی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دونیا بە جیهانی سێهەم ناو ببردرێت توێژەران و بیرمەندان سەبارەت بە جیاوازی دەوڵەت و دەسەڵات لەو وڵاتانە تیۆریان دارشتوە. بۆ وێنە هێرۆدۆت و ئەرەستۆ لە بیرمەندانی پێش زایین ئاماژە بە جیاوازی حوکمداریتی ئێرانی کۆن و یۆنان دەکەن و ماکیاوێلی جیاوازیەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە رۆژئاوایەکان دەژمێرێت.

راو بۆچونی هەندێ لەو بیرمەندانەی سەبارەت بە دەسەڵاتداریتی لە جیهانی سێهەم بەو جۆرەیە:

١- مۆنتسکیۆ و تیۆری سەرە رۆیی رۆژهەڵاتی
٢- مارکس و تیۆری شێوازی وەبەرهێنانی ئاسیایی
٣- ویتفۆگۆل و دەوڵەتی هیدرۆلیکی(ئاویی)
٤- ماکس وێبر وسیستمی پاتریمۆنیال(باوك سالاریی)

١- مۆنتسکیۆ و تیۆری سەرە رۆیی رۆژهەڵاتی:

مۆنتسکیۆ ئەوەڵین و گرینگترین بیرمەندێکە کە سەرنجی داوەتە جیاوازیەکانی دەسەڵات لە رۆژهەڵات و لەو وڵاتانەی ئەورۆ بە جیهانی سێهەم





ناوزەد دەکرێن. مۆنتسکیۆ لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی واتە "روح القوانین" بە بەکارهێنانی چەمکی «سەرەرۆیی رۆژهەڵاتی» تێدەکۆشێ بەراودێك لە نێوان دەسەڵات لە ئاسیا و لە ئەروپا بکات. مۆنتسکیۆ لە سەر بنەمای فئۆدالیسم لە ئەوروپا وهەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئیمپراتوریە گەورەکانی ئاسیا دەڵێت: ئاسیا هەموکاتێك ئێمپراتوری گەورەی لێ بوە، بەڵام لە ئەوروپا ئەگەری دامەزراندنی وەها ئێمۆراتوریەك نیە...... لە ئاسیا سیستمی دەسەڵاتداری هەمو کاتێك سەرەرۆیانە بوە چون ئەگەر دەسەڵات بەهێز و تاك رەوانە نەبێت، ئێمپراتوری هەڵدەوەشێت و دابەش دەبێت.

مۆنتسکیۆ یەکێ لە هۆیەکانی ئەو جیاوازیە، تایبەتمەندی جیۆگرافی رۆژهەڵات دەزانێت و دەڵێت: ( سروشتی جیۆگرافی ئاسیا ئەگەری دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەرەرۆیانە لە وڵاتێکی بەربڵاو دەرەخسێنێت، بەڵام سروشتی جیۆگرافی ئەورپا بە جۆرێکە کە تەگەرە دەخاتە بەردەم سازکردنی ئێمپراتۆریەتی گەورە).

مۆنتسکیۆ ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵات لە ئەوروپا لە سەر بنەمای یاسایە لە حاڵێك لە ئاسیا حکومەت لە سەر بنەمای زۆر دامەزراوە و لە هۆکاری ئەو جیاوازیە دا دەڵێت: ( وڵاتانی ئەوروپایی بۆ بەردەوامی دەسەڵات ناچارن پابەندی یاسا بن و ئەوەش دەبێتە هۆی چێ بونی بیری ئازادیخوازی لەو کۆمەڵگایانە لە حاڵێك لە ئاسیا هەستی کۆیلەیی و بندەستی زاڵە).

٢- مارکس و تیۆری شێوازی وەبەرهێنانی ئاسیایی:

شێوازی وەبەرهێنان یەکێ لە سەرەکیترین چەمك گەلێکە کە مارکلس بە کاری بردوە. بە رای مارکس تایبەتمەندی شێوازی وەبەرهێنانی ئاسیایی ئەوەیە کە لە و کۆمەڵگایانە دەوڵەت مالکی (خاوەن) سەرەکی زەویە. بە رای مارکس

شێوازی وەبەرهێنانی ئاسیایی و سەرەڕۆیی لە رۆژهەڵات بەرهەمی گۆڕان لە شێوەکانی موڵکایەتی، کار و رێکخستنی کۆمەڵایەتی و بە گشتی بەرهەمی شێوەی ژیانی هۆز و تایەفەگەریە. بە جێ بونی دەوڵەت و بوونی دەوڵەت بە مالکی سەرەکی زەوی کەڵك وەرگرتن لە هێزی کار و وەبەرهێنان راستەوخۆ کەوتە دەستی دەوڵەت. گودلیە دەڵێت کە بە رای مارکس دەوڵەت بۆ پارستنی موڵکایەتی خۆی لە سەر زەوی و کەڵك وەرگرتن لە بەشێك لە هێزی کار و بەرهەمەکانیان ناچار بە یارمەتی وەرگرتن لە هێز و زۆر بوو.

مارکس زۆر جار دووپاتی دەکاتەوە کە دەوڵەتی شێوازی وەبەر هێنانی ئاسیایی، بە لە ئەستۆ گرتنی موڵکایەتی زەوی و کۆنترۆڵی شێوازی کەڵك وەر گرتن لە زەوی گرفت لە هەمبەر بە تایبەتی بوونی موڵکایەتی زەوی سازدەکات و ئەو گەشە رادەوەستێنێت و دوو ئاکامی لێدەبێتەوە:

١- سەرەڕۆیی رۆژهەڵاتی

٢- گرینگی مەزهەب لە کلتوور و شێوازی هەڵسوکەوت لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی.

مارکس بە بەکارهێنانی چەمکی شێوازی ئاسیایی بێجگە لە شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگا ئاسیاییەکان، سەرنج دەداتە تایبەتمەندە سیاسیەکانی ئەو ولاّتانەش . هەڵبەت مارکس جەختکردنی هەندێ بیرمەند وەك مۆنتسکیۆ لە سەر فاکتۆرگەلی جیۆگرافی (وەك تایبەتمەندی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی) پەسەند ناکات و لە بەرامبەر دا جەخت لە سەر فاکتۆر گەلی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بە تایبەت شێوازی وەبەر هێنانی ئاسیایی دەکاتەوە.

مارکس باس لەوە دەکات کە شێوازی وەبەرهێنانی ئاسیایی لە ناوخۆی دا



پارادۆکسێکی چالاکی تێدانیە و ئەو رەوشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەو کۆمەڵگایانە گۆڕانی کۆمەڵایەتی زۆر بە شێنەیی بەرەو پێش بچێت. بە رایەکی تر مارکس دەڵێت: کە پارادۆکس گەلێك وەك دژایەتی نێو چینەکان( کە لە بەتایبەتی بوونی موڵکایەتی سەرهەڵدەدات) یا دژایەتی نێوان شار و گوند (کە لە جیاوازی نێوان ئابووری کشتوکاڵی گوند لە گەڵ ئابووری بازرگانی- پیشەسازی شار سەرهەڵدەدات) لە کۆمەڵگای رۆژئاوایی دەبێتە هۆی خێرایی وەچەرخان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لە حاڵێکی وەها پارادۆکس گەلێ لە کۆمەڵگای ئاسیایی بوونی نیە تا ببێتە هۆی خێرایی گۆڕان.

بە کورتی دەتوانین ئاوا بڵێین کە بە رای مارکس دەبێ لە نێو تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ولاّتانی ئاسیایی بە دوای هۆکاری بەردەوامی دەسەلاّتی سەرەڕۆیانە لەو ولاّتانە بگەڕێین.

٣- ویتفۆگۆڵ و دەوڵەتی هیدرۆلیکی(ئاویی)

ویتفۆگۆڵ بە یارمەتی زانیاریەکانی ئێنگلس لەبارەی " ئاوداشتن بۆ دابین کردنی دەوڵەتی هیدرۆلیك" تیۆری خۆی لە سەر سەرەڕۆیی رۆژهەڵاتی دادەڕێژێت.

وتفۆگۆڵ بە ئاماژە کردن بە تایبەتمەندیەکانی جیۆگرافی و بە تایبەت جەختکردن لە سەر بابەتی کەم ئاویی لە کۆمەڵگای ئاسیایی، هەڵدەستێ بە شیکردنەوەی تایبەتمەندی سیاسی کۆمەڵگای ئاسیایی واتە سەرەڕۆیی رۆژهەڵاتی. ئەو دەڵێت لەو ولاّتانە بە هۆی پێویستی زۆری کشتوکاڵ بە ئاوداشتن بە شێوەی دەستکرد(کاریز،ئاوبەند، سەد و کانالی راگوێزانی ئاو) و داماوی کەرتی تایبەت و کۆمەڵەی جوتیارەکان لە سازکردن و پاراستنی ئەو

سیستمانە،بەناچار دەوڵەت دەست وەردەداتە کاری وەبەرهێنان. بۆ وێنە دەوڵەت ئەرکی ساز کردن و پاراستنی تۆڕی ئاودێری بە ئەستۆ دەگرێت. ئەو شتە بە نۆبەی خۆی دەبێتە قایم کردن و بەردەوامی هێزی ئابووری دەوڵەت(موڵکایەتی لە سەر زەوی) و جیاوزی سیاسی ئەو (تاك ڕەوی).

بە گشتی کارڵ ویتفۆگۆڵ تەواوی بابەت گەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاسیا دەگەڕێنێتە سەر باسی ئاو و لە کتێبە بە نێوبانگەکەی واتە سەرەڕۆیی ڕوژئاوایی لە چەمك گەلێکی وەك مودیریەتی ئاو، ئابوری ئاو، یاسای ئاو، دونیای ئاو، سەرەڕۆیی ئاو، سیستمی ئاو ، ڕێبەری ئاو و دەوڵەتی ئاو کەڵك وەردەگرێت .

٤- ماکس وێبر وسیستمی پاتریمۆنیال(باوك سالاریی)

ماکس وێبر بە جەختکردنەوە لە چێ بوون و بلاّوبونەوەی پرۆسەی عەقڵانی بوونی ئابووری و سیاسەت لە ئەوروپا دەڵێت کە لە سیستمی پاتریمۆنیالی(باوك سالاریی) ڕۆژهەلاّت و دانانی دەوڵەتی مۆدێرن و بۆرۆکراسیەکانی عەقڵانی لە ڕۆژئاوا، لە بەرابەر سەرەڕۆیەکانی نەریتی، وەك سیستمگەلی سیاسی باوك سالاریی و سوڵتانی - کە بە رای وێبر لە کۆمەلگای ئاسیایی ، ئافریقایی و ئامریکای لاتین بوونی هەیە- دەست بە شی کردنەوەی هەندێ لە جیاوازیەکانی تری نێوان دەوڵەت گەلی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاّتی دەکات.

ئەو بەو سیستمانەی لە ڕۆژهەلاّت هەن دەڵێت سیستم گەلی پاتریمۆنیال(باوك سالاریی). ئەو دەڵێت کە لە سیستمی پاتریمۆنیال(باوك سالاریی) زۆرینەی سەرچاوە ئابووریەکان لە دەست باوك سالار یا سوڵتان دایە و سوڵتانیش لە ڕێگای دابەش کردن و بەخشینی ئەوسەرچاوانە لە نێوان فەرمانگوزارەکانی خۆی،لایەنگری وخزمەتگوزاری ئیداری و عەسکەری ئەوان





رادەکێشت ودەیپارێزێت لەو سیستمە دافەرمانگوزاران نۆکەری تایبەتی پادشان و خەڵکیش ڕەعیەتی ئەوانن. لەو سیستمە لە سەر بنەمای داب و نەریت چینێکی ئازاد بۆ خەڵك و فەرمانگوزارەکان دابین کراوە ، هەروەها لەو سیستمە مەڵبەندی تاکڕەوی پادشاکان زۆر بەربلاّوە و چون سنووری نێوان ئەو دوو مەڵبەندە بە یاسایەکی تایبەتی دیاری نەکراوە هەموکاتێ جۆرێك سەرلێشێوایی بۆ فەرمانگوزاران و ڕەعیەت چێ دەکات.

بە گشتی ماکس وێبر جەخت لە تایبەتمەندی بە تایبەتی بوونی هێز و مەشروعیەت (نەبوونی ڕێسا و یاسای گشتی) و هەروەها تاکڕەوی لە کۆمەلگای نەریتی نا ئوروپایی دەکات.

هەمو ئەو تیۆریانەی سەرێ کە ئاماژە بە تایبەتمەندیەکانی دەسەلاّت و سیاسەت دەکەن لە کۆمەلگای ڕۆژهەلاّتی کە ئەوڕۆ بە جیهانی سێهەم دەناسرێن دەتواندرێ بە سەرەتای باس گەلی تیۆریك لە بارەی دەوڵەت و سیاسەت لە جیهانی سێهەم بە ژمار بێنین، چلۆن هەنوکەش بە لانی کەم هەندێ لەو تایبەتمەندیانەی لەو تیۆریانە باسی لێکراوە لە جیهانی سێهەم دەبیندرێت و جێگای سەرنجە.

## تیۆرە نوێکان لە بارەی دەسەلاّت لە جیهانی سێهەم

باس و لێکۆڵینەوە لە بارەی دەوڵەت لەو ولاّتانەی ئەوڕۆکە بە جیهانی سێهەم دەناسرێ بە شێوەیەکی دیارتر لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم دەستی پێکردوە. ئەوان بە جەختکردن لە سەر مەسەلەی جیاوازی «نەریت» و «مۆدێرنیسم»، دەسەلاّت و سیاسەت لە کۆمەلگای جیهانی سێهەم بە تایبەتمەندی



هەوالنامەی کتێب

بەرچاوی «نەریت» دیاری دەکەن. دەستەبەندی دەوڵەت کارێکی ئەستەمە و هەر توێژەرێ بە لە بەرچاو گرتنی فاکتۆرێك یا فاکتۆر گەلێك تێدەکۆشی دەوڵەت و دەسەڵات دەستەبەندی بکات.

بۆ وێنە ئالمۆند و پاوێل لە سەر بنەمای چۆنێتی و ئاستی بەشداری سیاسی چوار سیستمی سیاسی لە یەکتر جیا دەکەنەوە:

١-دیموکراسی پیشە سازی: لەو سیستمە دا تاڕادەی لە سەدا شەستی ٦٠٪ ی خەڵك بە شێوەی چالاك و ٣٠٪ بە شێوەی شوێن کەوتویی لە سیاسەت بەشداری دەکەن و لە ١٠٪ ی بەجێماویش کارێکیان بە سیاسەت نیە.

٢- سیستمی سەرەڕۆیی پیشەسازی: ئەو سیستمە زۆتر لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا باوە. لەو سیستمە دا تا لانی لە سەدا دەی ١٠ ٪ خەڵك بە شێوەی چالاك ولە سەدا هەشتای ٨٠ ٪ بە شێوەی شوێن کەوتویی لە سیاسەت بەشداری دەکەن ولە سەدا دەی ١٠ ٪ بەجێماویش کارێکیان بە سیاسەت نیە.

٣- سیستمگەلی سەرەڕۆیانەی لە حاڵی دەرباز بوون: ئەو سیستمە لە جیهانی سێهەم باوە لەو سیستمە دا تا لانی ١٠٪ خەڵك بە شێوەی چالاك و ٦٠ ٪ بە شێوەی شوێن کەوتویی لە سیاسەت بەشداری دەکەن و ٣٠ ٪ بەجێماویش کارێکیان بە سیاسەت نیە.

٤- دیموکراسی نا پیشەسازی: لە وڵاتانی وەك هێند دامەزراوە و لەو سیستمە دا تا لانی ١٠ ٪ خەڵك بە شێوەی چالاك و ٣٠ ٪ بە شێوەی شوێن کەوتویی لە سیاسەت بەشداری دەکەن و ٦٠ ٪ بەجێماویش کارێکیان بە سیاسەت نیە.

••••••



هەندێ لە توێژەران لە سەر بنەمای فاکتۆرگەلێك وەك سەقامگیریی و ڕێکوپێکی دەسەڵات لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکۆڵێنەوە وەك هانتیگتۆن و زۆلبەرگ. لیپێست یەکێ لەو توێژەرانەیە کە سیستمگەلی سیاسی لە سەر بنەمای سەقامگیری و نا سەقامگیری دەستەبەندی دەکات:

١- دیموکراسیەکانی سەقامگیری ئەوروپایی (وەك بریتانیا)
٢- دیموکراسیەکان و دیکتاتۆریەکانی ناسەقامگیری ئەوروپا(وەك ئیسپانیا)
٣- دیموکراسیەکان و دیکتاتۆریەکانی ناسەقامگیری ئامریکای لاتین (برازیل)
٤- و دیکتاتۆریەکانی ناسەقامگیری ئامریکای لاتین (کوبا)(قوام،١٠٨،١٣٨٥)

هەندێك لە توێژەران لە سەر بنەمای دابەش کردنی هێزی سیاسی چەندین مۆدێل بۆ سیستمی دەسەڵاتداریی داناوە کە دەتوانین ئاماژە بە ئەوانە بکەین:

١- مۆدێلی ئەلیتەکانی دەسەڵاتدار: مووسکا دەڵێت لە هەمو کۆمەڵگایەك دوو چین دەبیندرێت یەکەم ئەو چینەی دەسەڵاتی بە دەستەو دووەم ئەو چینەی دەسەڵاتی بە سەر دا دەکرێت(چینی ژێر دەسەڵات). هۆگرانی تیۆری ئەلیتەکانی دەسەڵاتدار ، ڕوانگەی خۆیان لە سەر ئەو فەرزانە دارشتوە:

أ بناغەی ژیانی سیاسی شەڕ و بەربەرەکانێ لە سەر قودرەتە.
ب جیاوازیەکی ئاشکار لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵك دەبیندرێت.
ت گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ناوەڕۆکێکی دیاری کراوی هەیە.
پ ئازادی و دیموکراسی پێوەندی ڕاستەو خۆی لە گەڵ دەسەڵاتداریێتی ئەلیتەکان هەیە. لەو پرۆسەیە دا ئازادی دەبێ لە سەرەوەی دیموکراسی بەرابەر خواز دابندرێت.

••••••

هەواڵنامەی کێتی

٢- مۆدێلی پلۆرالیستی: لەو مۆدێلە چەندین گروپی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە یەکتر و لە دەوڵەت بوونی هەیە کە لە نێوان دەسەڵات و هاوڵاتی پێوەندی ساز دەکان. وەك رێکخراوە مەزهەبیەکان ویەکێتیەکانی کرێکاریی. هەندێك لە مرۆڤناسان پلۆرالیسمی کلتووریی دەهێنە بەر باس و لە سەر ئەو بڕوایەن کە جۆراوجۆریی گروپ و لایەنەکان پارادۆکسی کۆمەڵایەتی و لێك دوور بونەوەی لێ دەکەوێتەوە. لەو مۆدێلە هۆکاری لێکداشکان و لێك بڵاوبونی خەڵك، بابەت گەلی ئەرزشی دەزاندرێت بە قازانجە دیاری کراوەکان. وێنەی ئەو رەوشە لە دژایەتی رەگەزیی و قەومی ئافریقای باشور و نیجەریە دەبیندرێت.

٣- مۆدێلی پۆپۆلیستی: هۆگرانی مۆدێلی ئەلیتەکانی دەسەڵاتدار دەڵێن ئۆلیگارشی دەسەڵاتی بە دەستە پلۆرالیستەکان دەڵێن گروپە کۆمەڵایەتیەکان خاوەن دەسەڵاتن و وەلێ پۆپۆلیستەکان وەلامێکی یەکدەستیان بۆ ئەوەی کێ دەسەڵاتی بە دەستە نیە هەندێ دەڵێن تاك تاكی خەڵك دەسەڵاتدارن هەندێکی تریان دەڵێن کە گشت خەڵکی بە تێکڕا بڕیارە گرینگەکان دەردەکەن. بە گشتی پۆپۆلیستەکان خوازیاری دابەشکردنی هێز بە جۆرێکن کە لەو دا بەرابەری، برایەتی و بەشداری بەربڵاو بە زۆرترین ئاستی خۆی بگات.

ئەوان روانگەی خۆیان لە سەر ئەو فەرزانە دارشتووە:

أ هەر تاکێك دەتوانی بەرابەر لە گەڵ ئەوانی تر هێز بەکاربێنێت.

ب هەمو تاکەکان بابەتی سیاسیان پێخۆشە و بەشداری کردنی سیاسی لە ئاستێکی بان دایە.

ت خەڵك خاوەنی وەها تایبەتمەندیەکن کە دەتوانن

••••••



داوەری سیاسی و ژیرانەیان هەبێت.

پ خەڵك رۆڵێکی بەرچاویان لە بڕیاردانی سیاسی هەیە.

## بیر و ڕای توێژەرانی وابەستەیی لە بارەی دەسەڵات لە جیهانی سێهەم

أ ئێسوالدۆ سونکێل: لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە دەوڵەت لە جیهانی سێهەم وەلانراوەکە ئە وە پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی سەرمایەداری دەوڵەتی وابەستە هەیە و تەنیا ئەرکی دیاریکراوی ئەو دەوڵەتە دابین کردنی ژێرخانی پێویست بۆ ئاسان کردنی سەرمایەگوزاریی بیانیە و دەوڵەت لە جیهانی سێهەم فەرمانگوزاری سەرمایەی بیانیە.

ب فۆرتادۆ: لە سەر ئەو بروایە یە کە دەسەڵات لە جیهانی سێهەم لە دەست چەند گروپی جیاواز دایەکە بەردەوام بە دژی یەکتر دەوەستن و ناهێڵن بەرنامە بۆ گەشەسەندن دابندرێ. فۆرتادۆ دەڵێت کە لەو وڵاتانە دەسەڵات لە لایەك لە خاوەن زەویە گەورەکان ساز بووە کە پێوەندیان لە گەڵ بازرگانی بیانی هەیە ئەو لایەنە بەرگریی لە ئابووری ئازاد دەکات و دژی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە بابەت گەلی ئابوریە. لایەنی تری خاوەن دەسەڵاتیش بوونی هەیە کە ئەویش پێوەندی لە گەڵ بازرگانی بیانی هەیە و بڕوایان بە بازرگانی ئازاد هەیە بەڵام لە بواری ئابوری پشت ئەستوور بە دەوڵەتن و دەرەئەنجام بەشێکی تر لە دەسەڵاتداران هەن کە لە لایەن بازاڕی ناوخۆ بەرگری دەکەرن. بە رای فۆرتادۆ وەها لایەن گەلی لێك جیای دەسەڵاتدار لە جیهانی سێهەم دەبێتە هۆی بەهێز تر بوونی سەرمایەداری دەوروبەرو وابەستەیی ئابوری ناوخۆ بە بڕیارەکانی ناوەند کە ئەوە بە نۆبەی خۆی دەبێتەوە دواکەوتویی ئابوری و سیاسی.

••••••

هەواڵنامەی کتێب

ت   فالتۆ: بەرای فالتۆ لە جیهانی سێهەم بە هۆی جۆراوجۆریی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانکاری مێژوویی و جوڵانەوە جیاوازەکانی سیاسی، دەسەڵات و سیستمی سیاسی جۆراوجۆر دەبیندرێت. بە رای فالتۆ هێزێکی ناوخۆیی لە جیهانی سێهەم بە سەر دەسەڵات زاڵە کە لە رێگای کردەوەی کۆمەڵایەتی گروپە ناوخۆیەکان پیادە دەبێت بەڵام ئەو گرووپە ناوخۆیانە پێوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ هێزی دەرەکی وبیانی هەیەکە هۆکاری ئەو پێوەندیە قازانجی دوولایەنە و هاوبەشی لایەنی دەسەڵاتدار و لایەنی بیانیە. بە رای فالتۆ تەنیا کاتێك دەتوانین چینی دەسەڵاتداربەئامرازی بیانیەکان بزانین کەلەنێوان چینی دەسەڵاتدار و سەرمایەی بیانی پێوەندی راستەوخۆ هەبێت. بە رای ئەو لە وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەگەری گەشەسەندن هەیە بەڵام ئەو گەشەسەندنە گەشەیەکی وابەستەیە.

## بیر و رای توێژەرانی وابەستەیی لە بارەی دەسەڵات لە جیهانی سێهەم

أ   ئاندرە گوندر فرانك و دەوڵەتی پەراوێز(دەوروبەر)

فرانك تایبەتمەندی دەوڵەت و سیاسەت لە جیهانی سێهەم لە سەر بنەمای مۆدێلی دواکەوتویی و وابەستەیی شی دەکاتەوە. بە رای فرانك ئەوەی هۆکاری دواکەوتن لە جیهانی سێهەم دوو شتە:

١-  قازانجی ناوخۆیی ئەو کۆمەڵگایە کە جیاواز لە قازانجی وڵاتانی پێشکەوتوە .

٢-  زاڵبونی مێترۆپۆڵ (ناوەند) بە سەر ئەو کۆمەڵگایە کە ئەو زاڵبوونە بە گشتی لە هێزی عەسکەری مێترۆپۆڵ سەرچاوە دەگرێت.

••••••



بە رای فرانك دەوڵەتی پەراوێز(دەوروبەر)تا ئاستێکی بەرچاو – نە بە تەواوی – ئامرازی سەرمایەی بیانیە. فرانك لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە سەرەڕۆیی دەوڵەت لە جیهانی سێهەم هەرچەند لە سەرەتا دا لە قەیرانی لاوازی بورژوازی ناوخۆیی سەرچاوە دەگرێت بەڵام بە هۆی هەستی میلیتاریستی لەو کۆمەڵگایانە دا بە هێزتر دەبێت. بە رای فرانك میلیتاریسم لە تەواوی بەشەکانی کۆمەڵگای جیهانی سێهەم لە دەوڵەت را تا ئابوری وکلتوور و ئیدۆلۆژی یەك لە دوای یەك دەبیندرێت.

بە گشتی فرانك ناوەڕۆك و پێکهاتەی دەوڵەت لە جیهانی سێهەم لە سەر بنەمای چەوساندنی نێوان ناوەند و دەوروبەر شی دەکاتەوە و ئەو زنجیرەیە وەك پێوەندی چینایەتی لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەزانێت. بە رایەکی تر پێوەندی نێوان ناوەند و دەوروبەر وەك پێوەندی چینی زاڵی خاوەن دەسەڵات بە سەر چینی ژێردەسەڵاتە.

لە زنجیرەی چەوساندنەوەدا، چینی زاڵی ناوەند لە رێگەی چینی دەسەڵات داری دەوروبەر، چینی ژێردەسەڵاتی دەوروبەر دەچەوسێنێتەوە. لە راستی دا دەوڵەت لە کۆمەڵگای پەراوێز(دەوروبەر) لە ئەوڕۆوە کە لە دەست چینی زاڵی پەراوێز(دەوروبەر) دایە ئامرازی دەسەڵاتی چینی زاڵی ناوەندە.

ب   والرشتاین و سیستمی جیهانیی

فەرزی سەرەکی سیستمی جیهانیی ئەوەیە کە دونیای نوێ لە ئابوریەکی جیهانیی سەرمایەداریی چێ بووە هەر بۆیە بۆ ناسینی دەوڵەتێکی تایبەتی دەبێت ئابووری جیهان بناسین. بە رای والرشتاین دوو سیستمی جیهانیی لە مێژوو دەتوانین ببینین:

••••••

هەواڵنامەی کتێب

١- ئێمپراتوریە جیهانیەکان یا شارستانیە گەورەکان وەك شارستانیەتی چین، میسر و ڕۆما

٢- سیستمگەلی ئابووری جیهانیی کە لە وڵاتانی نەتەوەی دەسەڵاتدار و تۆڕی کۆلۆنیستەکانی ئەوان وەك بریتانیا و فەرانسە جێ بوون.

والرشتاین لە تیۆری سیستمی جیهانی خۆیدا سێ بەشی ناوەند ، دەوروبەر(پەراوێز) و نیوە دەوروبەر(نیوە پەراوێز) لە سیستمی جیهانی دەناسێت و ئاواشیان دەکاتەوە:

١- کۆمەڵگای ناوەند:

بەو وڵاتانە دەوترێ کە بەرهەمی کشاوەرزی- پیشەسازی کاریگەرترین شێوەی وەبەرهێنانە. دەوڵەتەکانی ناوەند بەهێزترین ورێك و پێکترین دەوڵەتەکانن کە تا سەدەی ١٩ تەنیا هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپای لە خۆ دەگرت بەڵام لە سەدەی بیستەم ئامریکا و ژاپۆنیش چونە نێو بەشی وڵاتانی ناسراو بە ناوەند .

٢- کۆمەڵگای دەوروبەر :

یا پەراوێز، ئەو وڵاتانە لە خۆ دەگرێت کە کاروباری ئابووری ئەوان سادە و دواکەوتە و بە گشتی بەکاربەرە نە سەرمایەبەر. ئەو دەوڵەتانە لە بواری عەسکەریی و ڕێکخراوەیی، لە ژێر کاریگەریی وڵاتانی ناوەنددان. زۆرینەی ئەو وڵاتانەی ئەوڕۆ بە جیهانی سێهەم دەناسرێن (بەشێکی زۆر لە ئاسیا، ئافریقا و ئامریکای لاتین) لەو دەستەیە دادەندرێن.

٣- کۆمەڵگای نیوە دەوروبەر (نیوە پەراوێز):

ئەو وڵاتانە لە خۆ دەگرێت کە هەندێ لە کاروبارە ئابورێکانیان وەك وڵاتانی ناوەندە و هەندێکی تر لە کار و بارە ئابوریان لە وڵاتانی پەراوێز د





ەچێت. دەستگای دەوڵەت لە وڵاتانی نیوە پەراوێز لە بەرابەر کاریگەری وڵاتانی ناوەند سەربەخۆیەکی زیاتریان لە دەوڵەتی پەراوێز هەیە، برازیل و ئارژانتین لەو دەستەیە دادەندرێن.

ت سەمیر ئەمین و قەیرانی دەوڵەتی نەتەوەیی

سەمیر ئەمین لە بارەی دەوڵەت لە جیهانی سێهەم تا ڕادەیەك بیروباوەری وەك فرانکی هەیە. ئەو لە سەر ئەو بڕوایەیە کە دەوڵەتی پەراوێز لە حاڵێك کە بە هۆی لاوازیی بورژوازیی ناوخۆ مەیلی بۆ لای تاکڕەوی هەیە بەڵام بە هۆی زاڵبوونی بیانی و گوشاری نێونەتەوەیی گرفتی دەست ڕۆیی(ئیقتدار) هەیە. بە رایەکی تر ئەو دەوڵەتە لە ناوەوە ڕوو دەکاتە سەرکووت و گوشاری عەسکەری لە حاڵێك لە دەرەوە لە ژێر کۆنترۆڵ و گوشاردایە.

سەمیر ئەمین هۆکاری سەرەکی دۆڕان و شکست هێنانی بەرنامە و ئیدۆلۆژی گەشە کردن لە جیهانی سێهەم «قەیرانی دەوڵەتی نەتەوەیی» دەزانێت. بە رای ئەو قەیرانی دەوڵەتی نەتەوەیی لەو کۆمەڵگایانە لە لایەکەوە بە هۆی سەرەڕۆیی نەتەوەیی(فرا ملی) بوونی ئابووریە و لە لایەکی تریش بە هۆی سەرهەڵدانی جوڵانەوە رەگەزیی، عەشیرەتی و مەزهەبی لەو وڵاتانەیە کە گرفتی زۆر بۆ دەوڵەت ساز دەکات.

بە رای سەمیر ئەمین دەوڵەتی نەتەوەیی بەو شێوەیەی لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە هێشتا لە جیهانی سێهەم ساز نەبووە ئەو شتەی لە جیهانی سێهەم لە ژێر ناوی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبیندرێت تەنیا جوڵانەوەی ڕزگاریدەرە(ئازادی بەخش)، بەڵام ئەو جوڵانەوەیانە تەنیا لە بواری بەدەست هێنانی سەربەخۆیی تا ڕادەیەك سەر کەوتوو بووە دەنا لە بواری سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و گەشەی ئابووری شکستیان هێناوە.

## تیلامان ئوێرس و تیۆری دەوڵەتی پەراوێز

بە رای ئوێرس دەوڵەت لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەم ( کە ئەو پێی دەڵێت دەوڵەتی پەراوێز) کۆمەڵگایەکە کە لە ئەودا سیستمی سەرمایەداری نە هاوکات لەگەڵ پەیدا بوون و گەشەسەندنی بەڵکو تەنیا کاتێك کە لە ولاّتانی تری دونیا بووە بە شێوەی زاڵی وەبەرهێنان رێگای پێدرا بێتە نێو شێوە وەبەرهێنانەکانی پەراوێز. بە رای ئوێرس ئەو وەدواکەوتنە بوو بە پەیدابوونی دوو تایبەتی لە ولاّتانی جیهانی سێهەم کە بریتین لە:

١- زۆری فۆڕم بەندی کۆمەڵایەتی: یانی بوونی هاوکاتی چەندین شێوەی وەبەرهێنان و بەردەوامی ژیانی گرووپ و چینە کۆمەڵایەتی و کلتووری تایبەت بە تاك تاکی ئەو شێوە وەبەرهێنانە لە یەك کۆمەڵگا

٢- بەرهەم هێنانەوەی وابەستە بە بازاڕی جیهانی، یانی فاکتۆرگەلی گشتی وەبەرهێنان و بەرهەم هێنانەوەی ئابوریەکانی پەراوێز چ لە بواری ئابوری چ لە بواری کۆمەڵایەتی کە بە گشتی لە رێگەی بازاڕی جیهانی بۆ ولاّتانی پەراوێز رادەگوێزرێت و لەو ڕووە لە ژێر کاریگەریی قازانجی ئابووری چینی دەسەلاّ تداری ناوەند و لە ژێر کۆنترۆڵی سیاسی ئەو چینە دایە.

ئوێرس لە سەر ئەو بڕوایەیە کە بەو هۆیەی بەرهەم هێنانەوەی ئەو کۆمەڵگایە وابەستە بە بازاڕی جیهانیە دەوڵەتی نەتەوەیی بە مانای راستەقینە لەوێ بوونی نیە. ئوێرس دەڵێت کە دەوڵەت لە جیهانی سێهەم بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی چوار ئامرازی لە بەر دەستە کە بە رای ئەو بریتیە لە پول،یاسا، ئیدۆلۆژی و زۆر. ئوێرس دەڵێت لەو ولاّتانەی پێوەندی کۆمەڵگا، پولی بوە پول ئامرازێکی بە هێزە بەڵام لە زۆرینەی ولاّتانی جیهانی سێهەم هێشتا پێوەندی





کۆمەڵایەتی پولی نەبووە. ئوێرس لە سەر ئەو بڕوایەیە کە یاساش بە هۆی جۆراوجۆریی فۆڕم بەندی کۆمەڵایەتی ئامرازێکی کاریگەر نیە. سەبارەت بە ئیدۆلۆژیش دەڵێت کە ئیدۆلۆژی دەبێتە هۆی ڕوو لە زیاد بوونی خواستەکانی خەڵك وبێجگە لەوەی هەندێ لە ئیدۆلۆژیەکان پڕ لە دژایەتی و دەرەئەنجامی دژ بە یەکن. تەنیا ئامرازێك کە دەمێنێتەوە ئامرازی زۆرە کە لەو سێ دانەیە سادەتر و کاریگەر ترە. هەر لەبەر ئەوەیە کە زۆرینەی ولاّتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم خاوەنی سیستمی سیاسی دیکتاتۆرین و عەسکەریەکان ڕۆڵی گرینگ و بەرچاو و جاری وایە سەرەکیان لە سیاسەت لاو ولاّتانە هەیە و رێکخراوە دیموکراتیەکان تەنیا بە ڕواڵەت بوونیان هەیە.

### دەرئە نجام:

هەروەك لە سەرەتای ئەو بابەتە باسمان کرد مێژوو دەسەلاّتداریّتی لە زۆرینەی ولاّتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم لە یەك سەدە تێناپەرێت کە خۆی ئەو شتە بۆتە هەستانی هەندێ کێشە بەو دەوڵەتانە .

مێژوو و کلتووری سیاسیش کاریگەرێکی بەرچاوی لە سیستمی سیاسی هەڵبژێردراوی ئەو ولاّتە و تەنانەت لە سەر شێوازی هەڵسوکەوتی دەسەلاّتداران لە گەڵ خەڵکی هەیە و لێرەش دا ئەوە کات و مێژووە کە دەتوانێ گۆڕان بە سەرکلتوورە خراپەکان بێنێت. زۆرینەی رەفتاری سیاسی خەڵك لە جیهانی سێهەم و تەنانەت لە تەواوی دونیا لە کلتووری سیاسی ئەو ولاّتە سەرهەڵدەدات هەر بۆیە دەبێت ئە و خاڵە گرنگەمان لە چاو دابێت بە هۆی رێژەیی (نیسبی) بوونی کلتوور واتە جیاوازی کلتوور لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر، ناتوانرێ



هەواڵنامەی کتێب

باس لە کلتوورییێکی باش یا خود خراپ بکرێ زۆر جار دیتراوە دابەزینی کلتوورێکی رۆژئاوایی لە ولاٌتێکی رۆژهەلاٌتی بە بێ ئامادەکردنی ژێرخانەکان رەوشێکی نێگاتیڤی لێبۆتەوە وهەروەها سیستمێکی سیاسی رۆژئاوایی کە بۆتە هۆی پێشکەوتنی ولاٌتێك بەو مانایە نیە کە دامەزراندنی ئە وسیستمە لە ولاٌتێکی ودواکەوتوو هەر ئەو ئاکامەی لێ دەبێتەوە.

زۆرێك لە توێژەرانی کلاسیك باس لە سەرەڕۆیی بوونی دەسەلاٌت لە رۆژهەلاٌت دەکەن و ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە دامەزرانی سیستمێکی دیمۆکراتیك لەو ولاٌتانە بەو هۆیانەی ئاماژەمان پێ کرد نامومکینە لە حالێك ئەورۆ دەیان ولاٌتی رۆژهەلاٌتی دەبیندرێت کە خاوەنی سیستمێکی دیمۆکراتیکە وەك تورکیە، لۆبنان ، فلیپین و یا هیندوستان کە بە گەورەترین دیموکراسی ناوزەد دەکرێت و ... هتد.





**سەرچاوەکان:**


١- اوروس تیلمان – ماهیت دولت درجهان سوم – ترجمه : بهروز توانمند - ١٣٦٢ – تهران – نشر ێگاه

٢- بشیریه حسین – تاریخ اندیشه سیاسی در قرن بیستم ( اندیشه های مارکسیستی ) – ١٣٨٦- تهران –نشر نی

٣- ساعی احمد – جهان سوم و مسائل ێن – ١٣٨٥- تهران – نشر سمت

٤- ساعی احمد–توسعه در مکاتب متعارچ -١٣٨٤- تهران- نشر قومس

٥- سریع القلم محمود – عقلانیت و ێینده توسعه یافتگی در ایران- چاپ سوم - ١٣٨٤تهران- مرکز پژوهش های علمی و مگالعات استراتژیک خاورمیانه

٦- سیف زاده احمد– نڤریه پردازی درروابگ بین الملل - ١٣٧٩ – تهران – نشر سمت

٧- روکس بروف رایان– نڤریه های توسعه نیافتگی – ترجمه علی هاشمی گیلانی –١٣٦٩- تهران – نشر سفیر

٨- عالم عبدالرحمن - بنیاد های علم سیاست-چاپ یازدهم - ١٣٨٤تهران- نشر نی

٩- مشیر زاده حمیرا – تحول درنڤریه های روابگ بین الملل – ١٣٨٣- تهران – نشر سمت

١٠-یانوس ال . اس . استاور – جامعه شناسی تاریخی تگبیقی جهان سوم – ترجمه : دکتر رچا فاچل –١٣٨٣- تهران – نشر سمت


هەواڵنامەی کتێب

# وتار

- چینی ناوەند.
- هەندێک راو سەرنج لەسەر پرۆژەو بەرنامەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا.
- عیلمانیەتی دەستور.

هەواڵنامەی کتێب

......

## چینی ناوەند

فەیسەڵ عەلی

خوێندنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و رەوشی چینایەتی یارمەتی تێگەیشتنی نەخشەی پەیوەندیی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەدا، هەروەها یارمەتی خوێندنەوەی مەساری بزاوتی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا دەداو ئیمکانیەتی گواستنەوە لەپێگەیەکی چینایەتی بۆ یەکێکی تر دەردەخات بەپێی ئەو مەرجانەی هێزە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان دیاری دەکەن.بەبێ ناسینی نەخشەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگە دەبێتە یەك کوتلە کەرواڵەت و دابەشبوونی رۆشن نابێت.

لێرەڕا، ئەو هەوڵە تیۆرییانەی بەزانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئابووری، سیاسییو کۆمەڵناسییەوە پەیوەستبوون، بەئاستێکی دیار لەتێگەیشتنی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەی خۆرئاوادا نەخشی هەبووە. نوسینەکانی کارل مارکس و ماکس فیبەر یارمەتیدەرێکی دیار بوون بۆ تێگەیشتن لەو پەرەسەندنانەی لەهەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدە روویانداوە

......

کەپەیوەستبوون بە کۆمەڵگەی خۆرئاوا، هەروەها پێش ئەوانیش نووسینەکانی ئیبن خەلدون یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەدەی چواردەیەمدا.

چەند کۆمەڵگە پەرەبستێنێ و شێوە بەرهەمدارییەکەی بەشێوەیەکی وردو جێگیر گەڵاڵە بێ ئەوەندە دەتوانرێ سروشتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بناسین، پێچەوانەکەیشی راستە، جیاوازییەکی گەورە لەنێوان نەخشەی چینایەتی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگە گەشەسەندووەکاندا هەیە. لەسۆنگەی ئەو پێشکەوتنانەی ئەو کۆمەڵگەیانە لەسەر هەموو ئاستەکان بەدەستیان هێناوە، تونرا بونیادێکی چینایەتی روون و جێگیر بینابکرێ کەیارمەتیدەری هێنانەدی ئاسایش و جێگیریی بوو، هەروەها زامنی ئاستێکی گونجاوی بزاوتی کۆمەڵاتیش بوو.

وەلێ ئەو حاڵەتە لەدەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتەواوەتی جیاوازە لەرووی باڵادەستی سیستمە سیاسییە زاڵمەکان و باوبوونی چەندین شێوازی بەرهەمداریی کە کۆن و تازەی پێکەوە کۆکردۆتەوە، لەگەڵ داخستنی ئاسۆی بزاوتی کۆمەڵایەتی لەبەردەم زۆرێك لەتوێژە کۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەکاندا. ئەوەش کە لەکۆتاییدا باوبوونی بەهای دارِمان و بێهیوایی ، کەوتنەوەی چەندین شێوەی ململانێی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

خوێندنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا یارمەتی تێگەیشتنی نەخشەی کۆمەڵایەتی نادا بەڵکو یارمەتی پێشبینیکردنی رەوتی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانیش دەدا، بەبێ چاودێریکردنی ئەو رەوشە شێوەکانی مانگرتن و خۆپیشاندان و بەگژداچوونەوەو شۆڕش دەبنە حاڵەتی لەناکاو و کتوپڕ.

هەوڵی تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی رەوشی چینی ناوەند لەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا رووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، لەوانە: پێناسە،

••••••



سەرهەڵدان و تەحەول و ئاستی کاریگەریی و پەیوەندیی بەدەوڵەت و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە. ئاستەنگەکانی لەسروشتی (مراوغە)ی خودی چینی ناوەندەوە سەرچاوە ناگرێ کە دەیخاتە پێگەی ناوەندیی توێژە کۆمەڵایەتییە هەژارو دەوڵەمەندەکانەوە، بەقەدەر ئەوەی لەسروشتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی گرتووە.

ئەو پرسە مەسەلەیەکی تر دەوروژێنێ کەپەیوەندیی بە ئاستی گونجانی شیکارو چوارچێوە تیۆرەکانی خۆرئاواوە هەیە کەچەند دەتوانرێ لێوەی واقیعی کۆمەڵایەتی جیهانی سێ بەگشتیی و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بخوێندرێتەوە. لەبەر ئەوەی زۆر زەرورە جیاوازی دەرکەوتنی مێژوویی و ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان و شێوازە جیاوازەکانی بەرهەمدارییان لەکاتی جێبەجێکردنی هەر تیۆرییەکی شیکاری لەبەرچاو بگیرێ کە ئامانجیەتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پەرەسەندنانەی پێوەی پەیوەستن شرۆڤە بکاو لێیان تێبگات.

## چینی ناوەند:

چینێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك خەڵکی ناو کۆمەڵگەیە کە هەمان پێگەی کۆمەڵایەتییان هەیە، چینی کۆمەڵایەتی لەدەرئەنجامی بەردەوام پۆلێنکردنی خەڵکییەوە هاتووە کە یەکتری لەگروپی دیاریکراودا خۆیان پۆلێن دەکەن، ئەو پۆلێنکردنەش لەسەر بنەمای چەند هۆکاریکی وەك، سامان، دەسەڵات، پێگەو نەسەب و ئاین و وەزیفە دەبێت.

خەڵکی لەمێشکی خۆیاندا ئەو کۆمەڵانە پۆلێن دەکەن، بڕواشیان وایە هێندێك لە هێندێکی تر باشترن، کۆمەڵناسان ئەو کۆمەڵانە بە چینی کۆمەڵایەتی ناو دەبەن و ئەو پرۆسەی پۆلێنکردنە کۆمەڵایەتییە بە پلەبەندی کۆمەڵایەتی وەسف دەکەن.

••••••

هەواڵنامەی کتێب

هەموو کۆمەڵگەیەك سیستمی پلەبەندی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ چینی کۆمەڵایەتی نییە. لەدەوڵەتانی خۆرئاوا، سستمی چینایەتی غەیرە رەسمییە. کۆمەڵناسان لەمەڕ پۆلێنکردنی گروپەکانی ناو چینەکانەوە رای جیاوازیان هەیە، هێندێکیان بەسەر سێ بەشدا پۆلێنیان دەکەن (باڵا، ناوەند،نزم)، هێندێکی تر لەنێوان ناوەندو نزمدا چینی کرێکاران وەك چینی چوارەم زیاد دەکەن، لەکاتێکدا هێندێکی تر چینی کرێکاران لەبری چینی نزم دادەنێن.

لەزۆربەی دەوڵەتەکانی خۆرئاوادا، خەڵکی دەتوانن لەچینێك یان گروپێکەوە بچنە ئەوی ترەوە، چەند سیمایەکی کەم روونی دەکاتەوە کە تۆ لەچ چین و گروپێکی کۆمەڵایەتیت. وەلێ لە هێندێك کۆمەڵگەش خەڵکی لە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەدایك دەبن، گۆڕان یان گواستنەوە بۆ چینێکی تری کۆمەڵایەتی زۆر قورسە ئەگەر موستەحیل نەبێت. سیستمی چینایەتی لەهیندستان چەسپاوترین سیستمە بەبەراورد بەدەوڵەتانی تر.

## دەرکەوتن:

کێشەی پەیدابوون یان دەرکەوتنی چینی ناوەند، تارمایی بەسەر چینی ناوەندی ناوچەکەدا بەجێهێشتووە، بەجۆرێك زۆر ئەستەمە بەبێ ئاماژەکردن بۆ سروشتی پەیدابوونی یان دەرکەوتنی و کاریگەرییەکانی لەسەر رەوشی ئێستا باسی لێوە بکرێت. سەرەتاکانی پەیوەستبەدەرکەوتنی ئەم چینە بەشێوەیەکی فراوان لەدوای دەرکەوتنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا روویدا، کاتێك دەوڵەتەکان دەرگای خوێندنیان بۆ توێژە هەژارەکان کردەوە، دواتریش بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوە فەرمییەکانی پەنای بۆبردن.

••••••



خوێندن بووە فاکتەری سەرەکی لەدیاریکردنی پێگەی تاك بەتایبەتی دوای ئەوەی پەیوەست بوو بەکارکردنی لە دامەزراوە فەرمییەکانی سەر بەحکومەت. لێرەوە دەکرێ بگوترێ دەرکەوتنی تازەی چینی ناوەندی ناوچەکە لەڕووی مادیی و مەعنەوییەوە بە سەربەخۆبوونی دەوڵەتەوە پەیوەست بوو. لەسەر ئاستی ماددی، دەوڵەت ئەو باوکەی کە خوێندن و وزیفەو شێوەکانی تری چاودێریی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکا، لەهەموو ئەوانە گرنگتر رازیبون و متمانە بەخشینە بە تاکەکان. لەسەر ئاستی مەعنەویش پەیوەستبوون بە دەوڵەتەوە پەیوەستبوون بوو بەپرۆژەی گەشەپێدانی نیشتمانی کە پێشکەوتن و گەشەکردن ئامانجی بوو، کارکردن و مەمەڵەکردن لەگەڵیدا جێی شانازی بوو.

سەرەتای چەکەرەی دەرکەوتنی چینی ناوەندی ناوچەکە بۆ ماوەی دەسەڵاتی ئیستعمار دەگەڕێتەوە، بوون وگرنگی خۆی لەرێگەی بەرهەڵستی ئیستعمارو سەربەخۆبوون بونیات نا، ئەوەش شەرعیەتێکی فراوانی پێ بەخشی بەو سیفەتەی ئەو چینە رۆشنفکرەیە کەدەتوانێ سەرکردایەتی کۆمەڵگە بکاو هەموو توێژەکانیشی هەڵسورێنێت.

ئەگەر ئەم چینە لەگەڵ ئەوەی لەسایەی دەگمەنی پرۆسەی خوێندندا ژمارەکەی کەمبوو بەڵام لەماوەی قۆناغی بەرهەڵستکاری ئیستعماردا قبولێکی جەماوەری فراوانی وەرگرت، لەدوای سەربەخۆبوونیش ئەم چینە هەمان پێگەی لەسەر ئاستی گەشەپێدان و بیناکردنی پرۆژەی دەوڵەتی نوێدا بەدەستهێنا، مەبەست دەوڵەتی دوای سەربەخۆبوونە. مانگی هەنگوینی نێوان ئەم چینی ناوەندەی دوای سەربەخۆبوون و دەوڵەت ماوەیەکی درێژی نەخایاند، دەوڵەت بەفراوانی دەرفەتی خوێندنی بۆ نەوەکانی ئەم چینە رەخساند، هەروەها رێگەی بەبزاوتێکی فراوانی توێژە هەژارەکاندا بۆ چوونە ناو ئەو چینەوە، هەروەها

••••••

هەواڵنامەی کتێب

هەڵوێستێکی سیاسی دژ بەدەوڵەمەندەکان لەبەرژەوەندی خاوەن داهاتە سنوردارەکان وەرگرت.

لەسایەی پەیوەندیی دەسەڵاتداریێتی نێوان حکومەت و نەوەکانی چینی ناوەندی پەیوەست بەدروشمەکانی ئازادی و بەرهەڵستکاریی ئیستعمار ئەو مانگی هەنگوینیە بەردەوام نەبوو، بەتایبەتی کەنەوەکان لەباوەشی ئاراستەی جیاوازی ئایدیۆلۆجیادا کە لەنێوان چەپ و راست و ئەسالەت و مۆدێرنەدا، پەروەردە بووبوون. لێرەوە پێکدادانی دیار لەزۆربەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەنێوان حکومەت و چینی ناوەندا روویدا، زۆرێك لە ئەندامانی چینی ناوەند خزێنرانە زیندانەکانەوەوچینی ناوەند کرایە تەنیا ئامرازێکی بەرهەمداریی دەستی حکومەت، یان تەنیا بووە توێژێکی کۆمەڵایەتی کارکەر وەك توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تری کۆمەڵگە.

دەرکەوتنی مێژوویی چینی ناوەند لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا زیانی گەورەی پێگەیاندو کردیە ئامرازێکی دەستی حکومەت. دەوڵەتانی ناوچەکە دوای سەربەخۆبوونیان حکومەتی شمولییان پێکهینا چ لەژێر ناوی نیمچە سۆسیالیستی یان لیبرالیدا، هەموو هەوڵ و ئاراستە فکرییەکانی چینی ناوەندیان سەرکوت کرد. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم چینە چوارچێوەیەکی دیاری بۆ خۆی پێکنەهێنا وەك چینی کرێکاران و یان سەرمایەداران، لەبەر ئەوە چینی ناوەندی ناوچەکە بە هی کوردستانیشەوە چینێکی هەجینەو هەماهەنگی لەنێویدا نییە. ئەم مەسەلەیەش لەبنەڕەتدا بۆ دەرکەوتنی ئەو چینە دەگەڕێتەوە کە ئەندامەکانی لەنێو چینەکانی ترەوە ئەندامێتیی وەردەگرن. بەتایبەتیش لەنێو چینی هەژارو کەم داهات یان ئەوەی لەچینی دەوڵەمەندەوە بەهۆی لەبارچوونی رەوشی دارایی و ئابوورییان دێنە ناو چینی ناوەندەوە. واتە چینی ناوەند لەسەر یەك بونیادی لێکچوو پێکنەهاتووە بەڵکو بونیادی هەمەجۆری هەیە

••••••



که هەم پشتیوانی ئەم چینە بووەو هەم خاڵی لاوازیشی بووە.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە، ئەم چینە لای خۆیەوە لەبەرژەوەندیی هەموو ئاراستە سیاسیی و ئایدۆلۆجی چەپ و راست و دیموکرات و محافزکارو ئاینی کاری کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بۆ خودی خۆی یەك بەرەی یەکگرتوو بۆ ئەوەی لێوەی رووبەرووی واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی بێتەوەو کار بۆ گۆڕینی بکات. ئەم چینە، هەموو ئاراستەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها بووەتە خۆراکدانی هەموو دامەزراوەکان لەپارتە سیاسییەکان و کۆمەڵە فکرییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەڵام لەگەڵ ئەو رۆڵەیشیدا بە تاکە چینی کۆمەڵایەتی دادەنرێ کە هێندە بۆ پێکهێنان و گەلاڵەکردنی ئەوانی تر کاردەکا ئەوەندە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی کار ناکات.

## رەوتی گۆڕانکارییەکان

چیدی نەدەکرا چینی ناوەند پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتدا وەك ئەوەی بەر لەقۆناغی سەربەخۆیی درێژەپێبدات. حکومەت بۆ زیاتر لەنیو سەدە دەسەڵاتداریێتی و سیاسەت و هاوپەیمانییەتیەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانکارییانەی حکومەت کاریگەری چ ئیجابی و چ سلبی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ چینی ناوەندا هەبووە. دوای سەربەخۆیی حکومەت لەپێناو ئامادەکردنی کادر بۆ بەرێوەبەردنی کاروبارەکانی خۆی بەئەرکی خۆی زانیوە پشتیوانی ئەو چینە بکات. بۆ نمونە دەرگای خوێندنی لەبەردەم تەواوی چینەکاندا والاکرد، ئەو هەنگاوەی حکومەت دوو پرسی زۆر گرنگی لەگەڵ خۆیدا هێنا،یەکەمیان سالانە بەهەزاران خوێندکاری لە پسپۆرییە هەمەجۆرەکان دەردەچواند، بە تێپەڕبوونی کات پرۆسەی خوێندن بایەخی کەمبووەو تەنیا بووە

••••••

ئامرازێکی پروپاگەندەی سیاسی دەستی حکومەت.

گرفتی دەرچوانی خوێندن لەم ئاستەدا نەوەستا، بەڵکو بەرەو پرسی دووەم هەنگاوی نا، کەئەویش چیدی حکومەت نەیدەتوانی ئەو هەموو دەرچووە لەدامەزراوەکانی خۆیدا جێ بکاتەوەو دایانمەزرێنێ بەحوکمی ئەوەی کە بودجەی گشتی ئەوەندە نییە تابتوانێ بەردەوامی بەو پرۆسەیە بدا،بەڵکو بەپێچەوانەوە باری حکومەتی گران دەکرد، دەرئەنجامەکەیشی بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاریی رووپۆشراوی لەدامەزراوەکانی حکومەت و بێکاریشی لەناو ئابووریی وڵاتدا بەرزکردەوە.

دوای ئەوە حکومەت بەرەبەرە بەحوکمی لاوازی تواناکانی لەوەی کە بەتەنیا بتوانێ ئابووری بەڕێوە ببات دەستبەرداری چینی ناوەندو کەمدەرامەتەکان بوو لەرێگەی گرتنەبەری بەرنامەکانی بەتایبەتیکردن و گۆڕانکاریی پەیکەری و وازی لەبەرنامە هەمەجۆرەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی هێنا کەساڵانێکی زۆر باربووی ژمارەیەکی زۆری توێژە هەژارو کەمدەرامەتەکانی دەکرد.

ئەو باربوو و یارمەتییانەی لەرێگەی بەرنامەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەشی دەکرد، زامنی ژیان و گوزەرانێکی تارادەیەك باشی بۆ زۆرێك لە توێژەکانی چینی ناوەند دەکرد بەتایبەتی کەزامنی خوێندن و خزمەتگوزاریی تەندروستی و گواستنەوەو دامەزراندن و جێگیریی نرخەکانی لەبازاڕ دەکرد بەجۆرێك کە دەیانتوانی بەهۆی سیاسەتی پشتیوانی حکومییەوە بەرگەی بگرن. بەڵام لەگەڵ جێبەجێکردنی سیاسەتی کرانەوەو گونجاندنی پەیکەرییدا، رەوشی چینی ناوەند گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات، چیدی خوێندن وەك پێشوو بەخۆڕایی نەماو حکومەت دەستبەرداری سیاسەتی پشتیوانیکردنی نرخەکان و دامەزراندنی دەرچووەکانی خوێندن بوو، بەرنامەی بەتایبەتیکردنی کەرتی گشتی دەستپێکردو دەستبەرداری ژمارەیەکی دیاری دەستی کاری کارگەو کۆمپانیاکان بوو، ئاستی گشتی نرخەکانی کاڵاو خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بەرزبوونەوەو جیاوازی نێوان داهاتەکان فراوان بوو توێژی سەرمایەداریی نوێ پێکهات.

کاتێك حکومەت بەجێبەجێکردنی سیاسەتی کرانەوە، هەنگاوی دەستبەرداربوونی چینی ناوەندی نا، ئەوە بەتەنیا هەنگاوێکی ئابووری نەبوو، بەڵکو خیارێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆجی بوو بۆ ئەوەی لایەنگیریی و هاوپەیمانییەتییەکانی خۆی لەپشتیوانیکردنی چینە هەژارو کەمداهات و چینی ناوەند بە ئاراستەی چینی دەوڵەمەندو توێژە مشەخۆرەکان گۆڕی، ئەو ئاراستە گۆڕینەی حکومەت دارمانی چینی ناوەندی زیاتر کردو بونیادی بەها تایبەتییەکانی گۆڕی بۆ پەیداکردنی پێداویستییەکانی ژیان،هەروەها بووە هۆی داخورانی حکومەت لەپشت بەستن بەچینی ناوەندو ئەو رەسیدە نیشتمانیو مێژووییەی هەیبوو لەدەست بدات.

ئەو دارمانە تەنیا لەسەر ئاستی ئابووری نەمایەوە بەڵکو گواستراییەوە بۆ بونیادی بەها تایبەتییەکانی چینی ناوەند، کە هێندێکی هەوڵیدا قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بەری کەوت بکات بە جێهێشتنی وڵاتەکانیان بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە ئاستی ئابوورییان بەرزەو دەتوانن لێوەی داهاتێکی باشیان دەست بکەوێ و زامنی ژیان و گوزەرانێکی تاڕادەیەك گونجاو بۆ خۆیان وخیزانەکانیان بکەن، یان ئەوەتا چوونە نێو گێژاوی گەندەڵی دارایی و ئیداری کە تەواو نابێ، یان ئەوەتا کەوتنە داوی هەژارییەوە.

زۆرێك لەدەوڵەتانی ناوچەکە بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بەناوی کرانەوەی ئابووری و ئابووریی بازاڕەوە دەستبەرداری پرۆژە ئابوورییەکانی بەناو سۆسیالیستی یان دادپەروەری کۆمەڵایەتی وخۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بوون، بۆ

شێوازێکی نوێ لەئاراستەی لیبرالی کەبەتایبەتیکردن و گونجاندنی پەیکەری سیمای دیاری ئەو شێوازە تازەیە، ئەو گۆڕانکارییە، گۆڕانکاری کارەساتباری بەسەر چینی ناوەندا هێناو بەرەو باوەشی توێژە هەژارەکانی بردەوە.

ئەو گۆڕانکارییانە دەریانخست کە چینی ناوەند ئەو بایەخەی سەردەمی سەربەخۆیی لای حکومەت نەماوە، حکومەت لەبری چینی ناوەند بەرەو پیاوانی کارو توێژە دەوڵەمەندو مشەخۆرەکان هەنگاوی نا. چوونە دەرەوەی کۆمەڵێك لەوانەی چینی ناوەندو دەوڵەمەندبوونیان لەرەفتارەکانی توێژە دەوڵەمەندەکان نزیك بوون و لەبەهاو رەفتارەکانی چینی ناوەند دوور کەوتنەوە.

چینی ناوەند بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا بونیادو بەهاکانی داهێزران و چیدی ئامانجەکانی ئەو رۆشنییەی جارانی نەما کە دژ بە ئیستعمارو هەوڵی سەربەخۆییان بۆ وڵاتەکانیان دەدا، هەروەها چیدی ئارەزوی بەشداریکردنی لەپڕۆژەی گەشەپێدان وڵاتی خۆی ناکا کە ئینتمای بۆی هەیە، ئەمەش دوای ئەو پڕۆژە نەتەوەییانە دێ، کە زۆربەی زۆریان شکستیان هێناوەو نەیان توانیوە ئامانجەکانی کە پێشتر لەسەردەمی خەباتی شۆڕشگێرانەدا بەجەماوەری خۆیان دابوو، مەدی شۆڕشگێڕیی بەرەو نەمان چوو، ئەو چینە سەرقاڵی رووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ژیان و بەرزبوونی نرخەکان بووەتەوە.

یەکێك لە گرنگترین ئەو لایەنە تازانەی کە بەچینی ناوەندەوە پەیوەست بوو لاوازی پێگەی کۆمەڵایەتی بوو، چیدی ئەو پێگەیەی جارانی نەما کە بەچینی خوێندەوار دادەنرا کەدەیتوانی سەرکردایەتی کۆمەڵ بکاو لەدروستکردنی بیرو ئاراستەی سیاسیی و ئایدۆلۆجیدا بەشداری بکات. لەسایەی دارمانی رەوشیی مادییدا توانای پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتیەکەیان لەدەستدا، لەو لاشەوە،لاوازی حکومەت هەروەها داهاتەکانیشی، کە بەهەزارەها فەرمانبەرو کرێکاری ناو





دامەزراوەکانی لەحاڵەتی هەژاری و کەمدەرامەتیدان، ئەو رەوشە وای کردووە کە رێژەیەکی بەرچاوی ئەو چینە ئەگەرچی بڕوانامەی زانکۆشیان هەیە باری گوزەرانیان خراپ بێت.

مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو تا ئەو رادەی کە چینی ناوەند بووەتە جێی گاڵتەی چینەکانی تر کرێکارو دەوڵەمەندەکان، یەکەمیان مەبەست کرێکارانە بەپێی پێوەرەکانی بازاڕ توانای دەستکەوتی زیاتری هەیە، لەبەر ئەوەی بەهای خۆنواندن و ڕواڵەتی خۆ بەشت زانینی وەك چینی ناوەند نییە، دووەمیشیان مەبەست دەوڵەمەندەکانە، بوونەتە حکومەتی راستەقینە کەدەتوانێ چینی ناوەند لەپڕۆژە تایبەتیەکانی خۆیدا وەگەڕ بخات، یان لەدامەزراوەکانی حکومەتدا بەبەرتیل و عمولەپێدان مامەڵەی لەگەڵدا بکا، ئەکتەری دیاری چیرۆکەکانی گەندەڵیی دامەزراوە حکومیەکان بەردەوام لە ئەندامنی چینی ناوەندن.

لەبەر ئەوەی چینی ناوەند کەوتۆتە نێوان گوشاری توێژە هەژارو کرێکارییەکان لەلایەك و لەلایەکی تر هەژموونی چینە دەوڵەمەندو مشەخۆرەکانو لەلایەکی تریشەوە پاشەکشێکردنی حکومەت لەوان و پشتیوانیکردنی لە چینێکی تر.

دارمانی ئەو رەوشەی ئێستای کۆمەڵ لەبەر دوو هۆکاری گرنگ دەخرێتە ئەستۆی چینی ناوەند، یەکەمیان لەبەر ئەو ژمارە زۆرەی کەهەیەتی، دووەمیان لەبەر ئەوەی چینی بەرهەمهێنەری هزرو رۆشنبیرییە.

لێرەڕا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان هەڵکەوتنی چینی ناوەندو ئیمکانیەتی روودانی پڕۆژەی روناکبیری و گۆڕانی راستەقینە لەناوهەناوی کۆمەڵگەدا دروست بوو.لەگەڵ ئەوەشدا لەهەلومەرجی ئەمڕۆی واقیعی کۆمەڵگەدا بەحوکمی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیی و ئایدیۆلۆجیانە وای کردووە زۆرێك بگەنە ئەو بڕوایەی کە

ئەم چینە بەرەو لەناوچوون دەچێت، هەرچەندە چەندین ئاماژە بۆ ئەو راستیە هەیە وەلێ زۆر زەحمەتە ئەوە رووبدات.

راستە ئێستا چینی ناوەند بەرەورووی توندترین شێوەکانی رووبەڕووبوونەوەو لاوازبوون بۆتەوە وەلێ پێشبینیکردنی لەناوچوون و داهێزرانی تارادەیەکی زۆر بەمانای لاوازبوونی خودی کۆمەڵگەو دەستبەرداربوونی پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دێت.

نەهاتنەدی ئەو بۆچوونەی سەرەوە بۆ چەندین لایەن دەگەڕێتەوە لەوانە ئەوەی پەیوەندیی بەگۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی ناوچەکە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئەوەی پەیوەندیی بەسروشتی خودی چینی ناوەندەوە هەیە. سەبارەت بەواقیعی کۆمەڵگە هێشتا لەململانێیەکی توند دایە لەنێوان ملدان بۆ پرۆژەی لیبرال کەلەلایەن خۆرئاواوە پشتیوانی لێ دەکرێ و ئەو پرۆژانەی تر کە بەنیشتمانی دادەنرێ و هەوڵی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەداو بەرژەوەندی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی لەبەرچاو گرتووە. هەروەها کۆمەڵگە هێشتا ئاوسە بە ململانێیەکی توندی نێوان هزری روناکبیریراستەقینەو ئەوی دی کە بەربەست لەبەردەم بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەدا دروست دەکات، ئەمە جگە لەوەی هێشتا مەسەلە سیاسیی و ئابوورییەکان بەلایەکدا نەکەوتوون و ساغ نەبوونەتەوە.

هەمو ئەو مەسەلانەو چەندینی تر تارمایی لەسەر بزاوتی چینی ناوەندو میزاجی سیاسی ئەو چینە داناوە، لەگەڵ ئەو متبوونەی بە روخساری ئەو چینەوە دیارە وەلێ هێشتا ئەو چینە بەحوکمی ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەی هەیەتی کەپەیوەستە بە خوێندنەوە، لەخراپترین حاڵەتیدا دەتوانێ درك بەو ئاستەنگ و کێشە چارەنووس سازانە بکا کە لەئێستاو لەداهاتووشدا رووبەڕووی کۆمەڵگە





دەبنەوە. بەهاو گرنگیی چینی ناوەند لەو هەستیارییە بەرزەو هوشیارییەوە سەرچاوەی گرتووە کەدەتوانێ لێوەی سەرەداوەکان بدۆزێتەوەو لەرێگەی ئەو ژمارە زۆرەی رۆشنبیرو بیرياری هەمەجۆرو هەمە ئاراستە کۆمەڵگە بەرەو کەناری ئارام ئاراستە بکات.

لەو لایەنانەی کاریگەری لەسەر سروشتی کاری چینی ناوەند هەیە ئەو رووبەرە فراوانەیەتی کە زەمینەی کاریگەریی سیاسیی و فکری و ئایدیۆلۆجی و سەندیکایی و خوێندن و چالاکی مەدەنی بۆ دەڕەخسێنێ، کە بۆ هیچ توێژو چینێکی تر لەبار نابێت. لێرەدا دەبێ چینی ناوەند ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە نەبێتە ئامرازی دەستی هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر چی لەناو چوارچێوەی سیاسەتی حکومەتێکدا کار دەکا بەڵام دەبێ زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرنامەی کارەکانیدا بێت، هەروەها دەبێ بۆ ئەوەی کاریگەری فکری بوونی خۆی لەکۆمەڵگە بسەپێنێ دیدو بۆچوونی خۆی بۆ توێژە کۆمەڵایەتییە هەژارەکان بگۆڕێ و بەچاوی نزم تەماشایان نەکات.

ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەپێدانە، چینی ناوەند ئەگەر بیەوێ سەرکەوتوو بێ و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بەهێز بکا دەبێ هەوڵی گرتنەخۆی توێژە کۆمەڵایەتییەکان بداو دەبێ لوتبەرزی و هەلپەرستی تێپەڕێنێ کە بوونەتە گەورەترین نەخۆشی ئەم چینەو لەدیارترین هۆکارەکانی داڕمانی ئەم چینەن.

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، کەحکومەت رۆڵی لە لاوازکردنی چینی ناوەندا هەبووە، بەڵام ئەوەی گومانیشی تێدا نییە کە ئەو چینە خۆیشی رۆڵی لەخراپکردن و داهێزرانی رەوشی خۆیدا هەبووە، تەماحە گەورەکانی ئەندامانی ئەو چینە تێکەڵی گەندەڵی دارایی و ئیداریی کردن، هەوڵەکانی ئەندامانی ئەو چینە لەپێناوی دەربازبوونی لەهەژاری و کەمدەرامەتی و چوونە نێو بازنەی دەوڵەمەندیی و

لاساییکردنەوەی رەفتارەکانیان، ناچاریکردوون هەموو شتێك بکەن ئەگەر بێت و ئەو رەفتارو هەنگاوانە لەگەڵ بەهاو ئەخلاقیاتە باوەکانیشدا نەیەتەوە.

کەس ناتوانێ بڕوا بەوە بهێنێ کە چینی ناوەند بەرەو نەمان دەچێ، بەڵام ئەم چینە بەردەوام بەرەو هەژاربوون و رەوشەکەیشی خراپ دەبێت. بەبێ گەڕانەوەی بۆ بەها ئەخلاقییەکانی پەیوەست بەم چینە، لەسەرووی هەموویانەوە پابەندبوونە بەمەسەلە نەتەوەییەکان و پشتیوانیکردنی حکومەت ئەگەر بێت و حکومەت بەو ئاراستەیدا هەنگاو بنێت، هەروەها دەبێ ئەم چینە دیدوبۆچوونی نوێ بۆ گۆڕان بخاتەڕوو بەمەرجێ توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەبەرچاو بگرێ بەتایبەتی توێژە هەژارو کەمدەرامەتەکان و بڕوای تەواوی بە مافی مرۆڤ هەبێت بەبێ گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە ئەو چینە ناتوانێ ئەو پێگە لەدەستچووەی بەدەستبهێنێتەوە ئەگەر بێت و وەکو جاران سوود لەپشتیوانیکردنی توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەرنەگرێت.

## دەرئەنجام

ئایندەی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی هەموو وڵاتانی ناوچەکە بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بەندە بە پێگەی چینی ناوەندەوە، جێگیربوونی، ئامادەی دەکا بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بزاوتی گۆڕان بەرەو ئایندەیەکی باشتر بکات.

لەدوای سەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی ناوچەکە، فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بەشدارییان لە ئەنجامدانی گۆڕانکارییدا کرد، بەڵام دوای ئەوەی ئاستی داهات دابەزیی و توێژی تر دەرکەوت.

••••••



پێوەری داهات تاکە پێوەری دیاریکردنی چینی کۆمەڵایەتی نییە، وەلێ رۆڵێکی گەورە دەگێڕێ چونکە بەبێ پارە خوێندن ناکرێ، بەبێ ئەوەش کەفائەت دروست نابێ، کەفائەتیش دەستی کاری شارەزاو بەتوانا بەرهەم دەهێنێ، هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکی پیشەوەران و بازرگانەکان لەهەموو بوارە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانن، بۆ ئەوەی دەرئەنجام بتوانرێ لێوەی هاوسەنگی کۆمەڵ بپارێزێ و لە لاسەنگی دووری بخاتەوە.

ئەگەر داهات کەمبێتەوە پاشەکەوتیش کەمدەبێتەوە، ئەوکات هەموو خەرجییەکان لەدابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان کورت دەبێتەوەو خەرجییەکانی خوێندن و تەندروستی کەمدەبێتەوە کە بە شادەماری ژیان بۆ بەرهەمهێنانی کەفائەت و خاوەن تواناکان دادەنرێت.

بۆ ئەوەی چینی ناوەند بتوانێ گەشە بکاو رۆڵی خۆی بگێڕێ پێویستی بەجێگیری مادییە، بەڵام دوای ئەو سیاسەتە ئابوورییانەی دوایی حکومەتەکان رەوشی ئابووریی چینی ناوەند روو لەخراپوونە، ئەمەش وا دەکا کەڕێژەیەکی چینی ناوەند بەناچاری بەرەو چینی هەژاران بچن، ئەو گواستنەوەیە ریزبەندییەکی چینایەتی تر دروست دەکا کە چینی ناوەندی تێدا نابێت، ئەوکات دوو جۆر دەوڵەمەندمان دەبێ، دەوڵەمەندی بۆماوەو دەوڵەمەندی کتوپڕ، هەروەها دوو جۆر هەژاریشمان دەبێ، هەژاری بەتوانا کەدەتوانێ بەشێکی دیاری پێداویستییەکانی ژیان وگوزەرانی خۆی دابین بکا، هەژاری بێ توانا کە ناتوانێ پێدوایستیی خۆراکی رۆژانەی خۆیان دابین بکەن.

دەرئەنجام ئەگەر بەوردی تەماشای ئەو دابەشبوونە نوێیە بکەین، پانتاییەکی فراوانی مادیی و مەعنەوی ئەو دوو توێژە دەوڵەمەندو هەژارە لێك جیادەکاتەوە. توێژی دەوڵەمەند جگە لە خەمی دابینکردنی پێداویستییە رواڵەتییەکان و

••••••

هەواڵنامەی کتێب

رابــــواردن بەتایبـــــەتی دەوڵەمەنــــدە کتوپڕەکــــان کــــە هــــیچ ئەســــاڵەت و ڕۆشنبیرییەکیشیان نییەو، بەردەوام ڕەخنەش لەهەر پرۆسەیەکی بەرەوپێشچوون دەگرن و ئەمە جگە لەوەی لەهەموو ئەوانەی لەدەوروبەریان ڕوودەدا بێباکن.

لەبەرامبەر ئەمەشدا، توێژێکی تر هەیە کە بەزەحمەت ئەگەر بتوانێ قوتی ڕۆژانەی خۆی دابین بکا، هیچ لۆجیکی نییە کە پێشبینی ئەوەی لێ بکرێ ڕۆڵێکی چالاکی لە گەشەپێداندا هەبێ بەتایبەتی کە نەپارەی هەیەو نە ڕۆشنبیری.

دوایش توێژێکی بچووك لەچینی ناوەند دەمەێنێتەوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بچوکتردەبێتەوە، ئەمیش‌بەتەنیا ناتوانێ لەسایەی ئەو ئەو هەلومەرجە ئابوورییەدا ڕۆڵی مەعنەوی بگێڕێ و ئاڵای گۆڕان هەڵبگرێ، چونکە ئێستا ئەو لەهەوڵی ئەوەدایە خۆی لەبەردەم ئەو ڕەوتە ڕابگرێ کەدەیەوێ بەرەو خوارەوەی ڕاپێچ بکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێویستی بە ژێرخانێکی پتەو هاندەرە (ڕۆشنبیری دیموکراتی) و یاسایە بۆ ئەوەی بتوانێ بەگوڕەوە بێتەوە نێو پڕۆژەکانی گەشەپێدانی سیاسیی وئابووری و ڕۆڵی گەشەپێدانی خۆی بگێڕێت.

لەبەر ئەوە تاوەکو پانتایی چینی ناوەند لەناو کۆمەڵگەدا فراوان نەبێ ئەستەمە کۆمەڵگە جێگیری بەخۆوە ببینێ و هەنگاوەکانی چاکسازیی و گۆڕانکاریی و پرۆسەکانی گەشەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

## هەندێك ڕاو سەرنج لەسەر پڕۆژەو بەرنامەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا

پ.ی. د. وەلی مەحمود حەمەد

ئەو پڕۆژانەی کە لەماوەی (٨ — ٩) مانگی ڕابردوودا گشتێنراون بەسەر تەواوی دەزگاکانی خوێندنی باڵاو زانکۆ و پەیمانگاکاندا ئەمانەن (دڵنیایی جۆریی، گۆڕینی سیستمی کۆلیجەکان بەفاکۆلێتی و پڕۆگرامی گۆڕانکاریی لەڕێنمایی و سیستمی خوێندنی باڵا ماستەر + دکتۆراو پڕۆژەی تواناسازیی و ناردنە دەرەوەو بیرۆکەی گۆڕینی هەردوو دەستەی خوێندنی تەکنیکی سلێمانی / هەولێر بە(٣) زانکۆی پۆلی تەکنیك (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)، دواین پڕۆسە لادانی زۆربەی هەرە زۆری ڕاگرەکان ئەگەر هەموویان نەبن).

ئەوەی من دەمەوێ لەم ڕاو سەرنج و نووسینەمدا لەسەری هەڵوەستە بکەم و بەشێوەیەکی وردو شیکاریی ڕای خۆم بدەم لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنم

هەواڵنامەی کتێب

لەبەرنامەکان و زانیاری و نزیکی خۆم لەناوەندی خوێندنی باڵاوە لەماوەی (٢٠) ساڵی ڕابردوودا بەم شێوەیە لەسەر هەر یەکێکیان دەیخەمەڕوو و لەهەندێك کاتدا بەگشتی لەسەریان قسە دەکەم. من لەساڵی ڕابردووەوە سەرەتای ئەمساڵ هەندێك وەستام لەسەر بابەتی پەروەردەو فێرکردن و گرفتەکان و هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی زانستی و چارەسەرەکانیشی، ئەوکات وابڕیارمدابوو نیازیشم وابوو بگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتەو لەسەر خوێندنی باڵاوگرفت و ئاستەنگ و چارەسەرەکانی بنووسم. وا ئەم دەرفەتەم بۆ ڕەخساوەو تێکەڵکێشی دەکەم لەگەڵ ئەم پێشهاتانەی کە لەوەزارەت و بەرنامەو پڕۆژەکانی هاتوونەتە پێشەوە.

تێبینی: (بەبۆچوونی من بەشێك لەو پڕۆژەو بەرنامانە لەوانەیە تا بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە گۆڕانکاریان بەسەردا بێت، چونکە زەمینەی لەبار نییە بۆ جێبەجێکردنیان یاخود ڕەنگە لەکاتی پیادەکردنیانیدا وا پێویست بکات گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، بۆیە داوای لێبوردن لەخوێنەرانی بابەتەکە دەکەم ئەگەر ئەوە ڕوویدا).

**یەکەم:** لەسەر پڕۆژەی دڵنیایی جۆریی بەڕاستی لەسەر ئەم بابەتە دەمەوێت سەرەتا ئەمە بڵێم کە ئەم بابەتە زۆر گرنگەو هەر دەبێت بکرێت بەڵام ئەوەی لەخودی پڕۆژەکەدا هاتووە چەند گرفت و هۆکارێکی خراپ هەیە لەسەر جێبەجێکردنی و میکانیزمی ئەم هۆکارە.

نموونە: لەیەکێك لەتەوەرەکانی ئەم پڕۆژەیەدا دەڵێت لەهەر کۆلیژو پەیمانگایەك مامۆستایەك (کۆ ئۆردینەیتەر) دەبێت بەم مەرجانە مامۆستایەکی





خاوەن بڕوانامەی بەئەزموون و لێهاتوو بێت، هیچ ئەرکێکی کارگێری پێنەسپێردرابێت و بەئارەزووی خۆی ئەم کارەو ئەم بەرپرسیاریەتییە بگرێتە ئەستۆ و ڕاگرو سەرۆکی بەش هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەریدا نابێت (دەبێت ژووری تایبەت، هێڵی ئینتەرنێت، ئامێری فۆتۆکۆپی، چەندین دۆڵابی تایبەت، ئیمکانیەتی تری قرتاسیەو شتی لەبەردەست دابێت). من دەپرسم بەم مواسەفاتە زۆربەی هەرە زۆری دەزگاکان کەسی نییە بەم مەرجانە ئەم کارە بکات. ئەی ڕاگری کۆلیژو پەیمانگاکان شەخسی یەکەمی بەرپرسی زانستی، کارگێری، دارایی نین لەدەزگاکانیان. ئەمە شێوازێکی کارکردن و ئالیەتی کارو پەیوەندی ناجۆر دروستدەکات لەنێوان ئەم مامۆستایەو ئەم بەرپرسی یەکەمە. سەرەڕای ئەمەش خوێندکار کراوەتە فاکتەرێکی گرنگی هەڵسەنگێنەری پڕۆسەکە (کەسێکی مامۆستا نییە لەکەش و هەوایەکی تەندروست ئەمە نەسەلمێنێ). بەڵام لەوەرگرتنی هەموو خوێندکارێك لەزانکۆ و پەیمانگاکان بەهەر جۆرە ئاستێك بن‌و لێدانی وانەو خوێندن بەکۆمەڵ لەهەر بۆنەیەك کەخوێندکاران بیانەوێت. گەڕانەوەی (عبور) و سەپاندنی گەشتە زانستییەکان (وەك ئەوەی ئەمساڵ لەپشووی هاوین و کۆتایی ساڵدا ڕەزامەندی حکومەتیان وەرگرتووە). لەحاڵەتێکدا کەوا خوێندکاری هاتوو لەشەشی ئامادەیی بەم ئاستە خراپە (کە هەمووماندەزانین بە چ ئاستێکەوە خوێندکار دێت) بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان و هەر بەردەوامەو ژمارەی خوێندکارانیش لەپۆلەکان لەستانداردی جیهانی تێپەڕاندووە کەمن پێموایە پڕۆژەکە بۆ ژمارەی زۆر کەمی خوێندکارو گروپاتە (پۆلی وامان هەیە (١٠٠) خوێندکاری تیایە). مامۆستای وا هەیە (٢) وانەی جیاواز لە (٢) بەشی پەیمانگا دەڵێتەوە ژمارەی خوێندکارەکانی (٣٠٠) خوێندکار دەبن نە ئەم دەتوانێ ئەمان هەڵسەنگێنێ و نە ئەوان هەڵسەنگاندنیان بۆ

مامۆستاکەیان ڕاستو دروست دەبێت چۆن ئەمە دەبێتە پێوەر. لەلایەکیترەوە کە لەپڕۆژەکەش ورد دەبیتەوە ئەم پڕۆژەیە زیاتر بۆ زانکۆکان و بابەتی خوێندنی ئەکادیمی گونجاوە بەلام بۆ پەیمانگا تەکنیکییەکان و خوێندنی تەکنیکی (پیشەیی و تەکنیکی) سەرتاپای پڕۆژەکە گۆڕانکاری دەوێت. من بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە دەڵێم چەندین ساڵمان پێویستە بۆئەوەی بگەینە ئاستی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەو چاکسازییکردن لەپڕۆسەی خوێندن و خوێندنی بالا چونکە لەمپەرەکان ئەوەندە زەقن و ئەوەندە قەبارەیەکی بەرچاویان هەیە (هەر) دەبێت جارێ ئەوان چارەسەر بکەین و بنبڕیان بکەین ئینجا دەستبکەین بەپڕۆسەیەکی وا ورد کەبەدوای جۆرو باشکردنی جۆرەکەیدا بگەڕێین. وا هەروا بەخێرایی پێشنیازەکانم بۆ چارەسەری کەم و کورتی و لەمپەری بەردەم دەستپێکردنی پڕۆژەی جێبەجێکردنی (دڵنیایی جۆریی) دەخەمە بەر دیدی هەموو لایەك و من ئەم شتانەم بۆ جەنابی وەزیرو نووسینگەو ڕاوێژکاری وەزیر نووسیوە بەلام بەداخەوە کاری لەسەر نەکراوە وەك پێویست بەڵکو جێبەجێکردنی (دڵنیایی جۆری)کراوەتە میحوەری سەرەکیتر لەمان.

١- ڕاگرتنی وەرگرتنی ئەم هەموو ژمارە زۆرەی خوێندکار لەزانکۆ و پەیمانگاکان چونکە ئاستی خوێندن دابەزیوەو گرفتی زۆری لەگەڵ خۆی هێناوەو بەردەوامیشە.

٢- بەهێزکردنی ستاف و زیادکردنی ژمارەکەی لەپەیمانگاکان و جۆرەکەی لەزانکۆکان.

٣- گوێگرتن لەزانکۆ و پەیمانگاکان بەوردی پڕۆژەی ئەوان لەگەڵ پڕۆژەو بیرۆکەی وەزیرو وەزارەت تێکەڵ بکرێت و گفتوگۆی کراوەو ڕووبەڕووتر بکرێت لەسەر ئەرزی واقیع نەوەك لەژوورەکاندا پڕۆژە

••••••



بنووسرێت بەفەرمان دابگیرێت بۆ خوارەوە.

٤- چاوخشاندنەوە بەهۆڵەکانی خوێندن و تاقیگەکان و هۆکارەکان و ئامێرو کەلوپەل و پێداویستییەکان و بەرزکردنەوەی ئەم ئاستە.

٥- مەشق پێکردنی مامۆستایانی پەیمانگاکان لەسەر هۆکارەکانیتری فێربوون و بینینی وڵاتانی پێشکەوتوو لەم بارەیەوە بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی ئەم کادرانە. (دەپرسم ئەگەر یەکێك لەگرفتە گەورەکانی پەیمانگاکان ئەوەبێ کەناتوانن شوێنی مەشقی هاوینەی (٢)مانگی بۆ خوێندکارانی قۆناغی دووەمیان بدۆزنەوە یان لەئاستی مەشقەکە ناڕازین و پێشمان چارەسەر ناکرێت چونکە دەرچوومان زۆرەو شوێنی کارو مەشق کەمە، چۆن دەبێت کاریگەریی نێگەتیفی لەسەر ئاستی تەکنیکی و پیشەیی ئەم دەرچووانە نەبێت؟ هەروەها لەسەر پڕۆژەی دڵنیایی جۆریش).

٦- خوێندکاری دەرچوو بۆ دۆزینەوەی کارو دامەزراندن لەئێستادا دڵنیا بێت کەهیچ کێ بڕکێیەك نییە لەنێوان ئەو و هەڤاڵەکانی بەڵکو چەندین پێوەریتر دەگیرێنەبەر هیچ هێزی خۆ ماندووکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆی لەلای گرنگ نابێت فاکتەرێکی بێ هێزی جێبەجێکردنی پڕۆژەی (دڵنیایی جۆریی)یە لەئێستادا بۆیە دەبێت سەرتاپا ئەمەش بگۆڕێت و کاری لەسەر بکرێتو بەردەوامیش بێت تادەبێتە ئەمری واقیع ئەمە پەیوەندی بەشێوازی دامەزراندنەوە هەیە.

٧- خودی پڕۆژەکە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە گونجاندنی زیاتری بۆ بکرێت لەمپەرەکانی پێشی لابرێت و کەم بکرێتەوە خوێندنی ئەکادیمی وخوێندنی تەکنیکی و پیشەیی لێك جیابکرێتەوە.

٨- بەم واقیعەی سیستمی ئێستای دەسەلاتەکان لەڕووی دارایی و زانستی و

••••••

هەواڵنامەی کتێب

کارگێڕییەوە هیچ پرۆسەیەکی دڵنیایی جۆریی ئامانجەکانمان ناپێکێت و ئەنجامی ناڕاست دەدات بەدەستەوە.

واتە دەگەینە دەرئەنجامی ئەوەی دەکرێت ئەم لەمپەرانە هەڵبگیرێت و دواتر دەست بەجێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەی (دڵنیایی جۆرییە)بکرێت بەپێچەوانەوە دەبێتە پڕۆژەیەکی بێ ناوەڕۆکی خۆ هەڵخەڵەتێنەری خەڵك و ماندووکەر. خۆشمان دەزانین بەردی گەورە بەزەحمەت دەهاوێژرێت دەکرێت لەسەرەتادا بچووکتری بکەینەوە بەبێ لەدەستدانی ناوەڕۆکی و دوای مەشق و ڕاهاتن ئینجا توانای هاویشتنی بەردی گەورەترو گەورەترمان دەبێت. هەم مامۆستا هەم خوێندکار هەم وڵات قازانج دەکات، پێچەوانەکەش دەبێتە هۆکاری ساردبوونەوەو زیان.

**دووەم: گۆڕینی سیستمی کۆلیجەکان بەفاکۆلێتی:**

ئەم بابەتەیان من شەخسی بەوردی هیچی لێ نازانم چونکە لەساڵی ١٩٨٢ تاوەکو ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا من لەگەڵ سیستمی بەش و کۆلیج و زانکۆ ڕاهاتووم بۆیە ئەو مامۆستاو هەڤاڵ و هاوپیشانە باشتر دەتوانن ئەم بابەتە هەڵسەنگێنن کە بینویانەو لەم جۆرە سیستمانە کاریان کردووەو خوێندویانە ئەوەندەی من بۆی گەڕاوم و پرسیارم کردووە هەردوو سیستم هەن چ ئەوەی کۆلیجەکان چ ئەوەی فاکۆلێتی ( لەعیراق لەساڵانی سەرەتای حەفتاکانەوە زانکۆی تەکنەلۆجیای بەغدا بەم سیستمە دامەزراوە بەڵام بەقانون ڕێکخراوە کە هەر بەشێکی ئەم زانکۆیە حسابی کولیەیەکی بۆ دەکرێت لەدەسەڵات و ماف و سەرۆکی بەشەکانی. زانکۆی تەکنەلۆجی حسابی ڕاگری کۆلیجەکانی زانکۆکانی تری بەغدایان بۆ





دەکرێت). لەعیراق جگە لەزانکۆی تەکنەلۆجی دەیان زانکۆی تر هەیەو هیچ کامیشیان بەوە تاوانبار ناکرێن چونکە سیستمی فاکۆلیتی نین زانکۆی باش و ئاست بەرزیشن، بگرە ئەگەر وەزعی سیاسی عیراق و شەڕ و شۆڕو گرفتەکانی کە ڕژێم بۆ سەرجەم وڵاتی دروستکرد ئەگینا زانکۆکانی موسڵ و بەغداد لەزانکۆ هەرە پێشکەوتووەکانی عیراق ئەژمار دەکران ئێستاش هەر مامۆستایەکی پێشوتری ئەم زانکۆیانە لەدەرەوەی عیراق لەهەموو زانکۆیەك دادەمەزرێن و کاریان دەدرێتی و جێگای ڕێزن و ئاستی زۆر بەرزیان هەیە. من و چەندان لەهەڤاڵانی تری هاوپیشەم دان بەوە دادەنێن کەوەزعی خوێندنی باڵای هەرێم باش نییە بەڵام پێمان وانییە هۆکارەکەی ئەوە بێت فاکولێتی نین و کۆلیژن بەڵکو چەندین هۆکاری تر هەیە.

١- لەوەزعێکی ئیداری و سیاسی و دارایی و زانستی زۆر خراپ کە تاکە زانکۆیەك دوای ڕاپەڕین هەبوو بۆیە دەڵێم زۆر خراپ. چونکە دوای ڕاپەڕین وەزعی کوردستان لەهەموو ڕوویەکەوە خراپ بوو. مامۆستاکانی ئەم زانکۆیە غەیرە کوردەکان ئەگەر (١٠٠٪) هەموویان نەبووبن ئەوە بەشێکی زۆریان کوردستانیان جێهێشت و بۆشایی دروست بوو. لەبەر بوونی شەڕی ناوخۆ و وەزعی خراپی گوزەران دەیانی تری کوردیش بەرەو ئەوروپا و هەندەران زانکۆیان جێهێشت.

٢- هاوزەمان تووشی دابڕانی عیراقی و دەولی هاتین و لەهەمان کاتدا بڕیاری کردنەوەی دوو زانکۆی تریش درا ( سلێمانی، دهۆك) لەم حاڵەتەدا بەشی زاکۆیەکمان کادر نەبوو چ جای (٣) زانکۆ و دابڕان لەدنیاش و هەژاریش بۆیە ئەم حاڵەتە مۆرکێکی خراپی لەسەر زانکۆکان داناوە و لەبنەڕەتدا پەنا براوە بۆ کادری ڕیزی دووەم و سێیەم بۆ بەڕێوەبردنی زانکۆکانی کوردستان دواتر دوو

دەستەش لەکوردستان دامەزران کەهەتا ئێستاش نەتوانراوە کەموکوڕییەکان چارەسەر بکرێت.

٣- ئەو چەند پرۆفیسۆر و دکتۆرایەی کە هەن لەچەند پسپۆرییەك هەر ئەوان دەکراو دەیانتوانی سەرپەرشتی نامەکانی ماستەرو دکتۆرا بکەن. ئەوانەی لەژێر دەستی ئەوان دەرچوون هەر ئەوانیش لەهەمان پسپۆری و بواری خوێندکاری خوێندنی باڵایان وەردەگرت بۆیە لەهەموو بوارو پسپۆرییەکان هاوتەریب بوارەکان نەچوونە پێش ئێستاش کاریگەریی ئەم بابەتە لەسەر زانکۆکاندا ماوەو دیارە. چونکە بەڕوونی لەهەندێك پسپۆریی کەموکوڕییەکە دیارەو هەندێکیش باشترە.

٤- بەپێی پێداویستی ناوچەکان و کاریگەریی و داواکاریی خەڵك و جەماوەر ناز لەسەر حزبەکان و شەڕی ناوخۆیی و ململانێی سیاسی و دوو ئیدارەیی چەندین کۆلیژو بەش کراونەتەوەو بێ پلان و وردبینیکردن و چەندین کەس لەخوێندنی باڵا وەرگیراون لەژێر ئەم کاریگەرییانە تاکار گەیشتە ئەوەی ئێستا (٤ زانکۆی نوێ بڕیاری کردنەوەی بە یەکجار دراوە بەدڵنیاییەوە زگماك چەندین گرفت و کێشەی بەدواوە دەبێت. ئاخر لەڕووی کوالێتییەوە لەزانکۆکانو ژمارە لەپەیمانگاکان کەموکوڕی زۆر هەیە لەدەزگاکانماندا (سەرەڕای ئەمەش ئەم زانکۆ تازانەش هێندەی تر بارەکەو ئەرکەکەی قورستر دەکەن).

بۆیە بەدیدو بۆچوونی من هەر گۆڕانکاریی و بەرنامەیەکی نوێ و سیستمێکی نوێ دوای دراسەکردن دەبێ هەموو لایەنە سلبی و ئیجابیەکانی لێك بدرێتەوە لایەنی دەروونی مامۆستاو خوێندکارانیش فاکتەرێکی بەهێزی هەر گۆڕانکاری و سیستمێکی نوێن. بۆیە بۆ ئەم سیستمی فاکۆلیتییەش پێشنیازم ئەوەیە بۆ وەزارەت سەرەتا هەر چوار زانکۆ نوێ یەکە بەم سیستمە دابمەزرێن



ئەگەر دواتر دەرکەوت کەسیستمێکی سەرکەوتووە، ئەوا دەکرێت زەمینەی بۆ بڕەخسێندرێت و ستێپ دوای ستێپ ئەم سیستمە بەسەر سەرجەم زانکۆکانی تریش جێبەجێبکرێت. چونکە شاهیدی جۆرێك لەم گۆڕانکاریانەین کەچەندین کێشەو گرفتیان دروستدەکرد کە لەکۆتاییدا دەرکەوت چونکە سەرەتا بێ پلانو وردەکاری ئەنجامدەدران هەربۆیەش ئیفرازاتی خراپیان لێدەردەکەوت. لەهەموو بارێکدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت ( مدخلاتمان لەپەروەردەوە بۆ دێت وە مخرجاتمان بەشێکی دەچێتەوە پەروەردە). ئەگەر میکانیزم و چاکسازیو هەماهەنگی نەبێت لەئەڵقەیەکی بەتاڵ بێ چارەسەر دەسوڕێتەوە و سیستمی کردنەوەی زانکۆ و کۆلیژەکان و کردنەوەی بەشەکان و دامەزراندن و گواستنەوەو وەرگرتنی خوێندکارو بەخۆڕایی خوێندن هەمووی هۆکارن و دەبێت لەهەر گۆڕانکارییەکدا حسابیان بۆ بکرێت چونکە یەکیان کاریگەریی لەسەر ئەوەی تر هەیەو کاریگەریی تریشی دێتە سەر.

بۆیە من پێموانییە هەر بە بڕیاری کۆلیژ گۆڕین بۆ فاکۆلێتی تەواوی گرفتەکان چارەسەر دەبن گرفتی تر نایەتە ڕێگا، بۆیە ئەمانەی سەرەوە هەمووی دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. پێویستە هەنگاوی حساب بۆکراو بهاوێژین و قەراریش جێبەجێکردن و کرداری کردنی گرنگە نەوەك گرنگی لەوە بێت کە بینووسیتەوەو ڕای بگەیەنی و بڵێی جێبەجێبکرێت. ( دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کەوا یاسای خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای زانکۆ و کۆلیژ و بەش دانراوە و دەبێت ئەم یاسایە هەموار بکرێت یان بگۆڕدرێت ئینجا سیستمی فاکۆلیتی جێبەجێبکرێت). بەپێچەوانەوە فەوزایەکی کارگێری دروستدەبێ.

بەڵام گەر لەبابەتی فاکولێتی (یاخود پەیمانگای تەکنیکی پسپۆر) لەیەك بواری تایبەتمەندددا ئەگەر بمانەوێ باسی جێبەجێکردنی ئەم بابەتە بکەین

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەش یەکسەر ناتوانرێت ئەنجامبدرێت چونکە سەرەتا دەبێت بڕیارەکە بەم شێوەیە بێت چۆن ئێستا لەسلێمانی (پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەرو پەیمانگای تەکنیکی کشتوکاڵی بەکرەجۆ هەیە) و لەهەولێر ( پەیمانگای تەکنیکی گەشت و گوزارو پەیمانگای تەکنیکی پزیشکی هەیە) هەر پەیمانگایەکی تری تازە و نوێ کەدەکرێتەوە وەك (چۆمان، مەخمور، ئاسکی کەڵەك .....هتد) تایبەتمەندو لەیەك پسپۆری بن. ئەگەرنا حاڵی حازر زۆربەی پەیمانگاکان لەیەك کاتدا بەشی (پزیشکی، کارگێری، تەکنەلۆجیان) هەیەو ئەگەر بتەوێت یاخود سیستەمی فاکۆلێتیان بەسەردا بسەپێنی ئەوا ناکرێت و ناگونجێت چونکە بۆ نموونە لەدەستەی سلێمانی بەشی کارگێری کار لە(سلێمانی، کۆیە، دوکان، هەڵەبجە، دەربەندیخان) هەیە واتە دەبێت ڕاگرێك سەرپەرشتی ئەم بەشانە بکات.

یاخود بەشی شیکاری نەخۆشییەکان لە(سلێمانی، کۆیە، کەلار، هەڵەبجە) هەیە واتە ڕاگرێك سەرپەرشتی ئەم بەشانە بکات لە چوار پەیمانگای جیا. بەڕاستی ئەمە نابێت چونکە دەبێت وەزعی خەڵك و ژیان و گوزەران و سروشتی خەڵکەکە لەبەرچاو بگیرێت بۆیە بەسێ قۆناغ دەتوانین ئەم پەیمانگایانە بکەینە پەیمانگای پسپۆری لەبوارێکی تایبەتدا.

یەکەم: هەر پەیمانگایەکی تازە پسپۆری یەکجۆری تیا بێت (پزیشکیی) (کارگێریی) (تەکنەلۆجی) هتد. واتە سەرەتا بەمە دەستپێبکات.

دووەم: زەمینەسازی بکرێت بۆئەوەی بزانین هەر پەیمانگایەك تواناو ئیمکانیەتی لەکامە پسپۆری باشە گرنگی بەم پسپۆریانەی بدرێت و هەوڵی سڕکردن و بچووکبوونەوەی پسپۆڕییەکانی تر بدرێت ( دامەزراندنی مامۆستاو تەکنیکی نوێ، وەرگرتنی خوێندکار، کڕینی کەل وپەل و پێداویستی، هتد).

سێیەم: لەقۆناغی سێیەم داخستنی ئەم بەشانەو گرنگی دانی تەواو بە



بەشەکانی تر کە لەپسپۆرییەکانی ئەم پەیمانگایەن و هەوڵی دابەشکردن و گواستنەوەی تەواوی کەل وپەل و مامۆستاو کارمەندو تەکنیکییەکانی (بەشە داخراوەکان) بدرێت. بەڵام ئەم پڕۆسەیەش بەڕۆژێك و دوو ڕۆژ ناکرێت و چەندین ساڵی تری دەوێت.

**سێیەم:** گۆڕانکاریی لەڕێنمایی و سیستەمی خوێندنی باڵا (ماستەرو دکتۆرا)و پڕۆژەی تواناسازی و ناردنە دەرەوەی خوێندکار.

دەتوانین ئەم بابەتە بکەین بەسێ تەوەرەوە:

١- خوێندنی ماستەر: ئەوەی من لێی ئاگادار بم باشترین بەرنامەی ماستەر هەبووە لەزانکۆکانی عیراق و کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە. چونکە سەرەتا بەکێبڕکێ خوێندکار وەردەگیرێت دواتر (٢) کۆرسی تیۆری هەیەو دوای ئەوە خوێندکار ساڵێك توێژینەوەی دەکات. خاڵە لاوازەکانی ئەم بابەتە ئەوەیە ( جۆرێك لەگلەیی و ناعەدالەتی ساڵانێکە هەیە لەوەرگرتنی خوێندکار لەسەر بابەتی (تێکڕای نمرەکانی خوێندکار ) چونکە چەندین مامۆستای زانکۆمان هەیە (تێکڕا) یان لەپەنجاکانە و بەسیستەمی بەدەرکردن لەمەرجەکان وەرگیراون). خاڵێکیتر ئەوەیە لەهەموو پسپۆرییەکاندا ناتوانرێت بڕوانامە بدرێت چونکە ستاف پێویست لەمامۆستایان نییە، خاڵێکیتر کە من بەزەقی دەیبینم لاوازیی تاقیگەکان و نەبوونی پەیوەندی و دەسەڵاتی باشە لەهەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی تری پێشکەوتوو یاخود ئەم ئیمکانیاتە لەئاستی پێویستدا نییە، ئەمانە کەم وکوڕیی بابەتی خوێندنی (ماستەر)ن.

٢- خوێندنی دکتۆرا: وەزارەت بەبێ ئەوەی وردەکاری لەوەدا بکات و

بەدوای دابچیّ هەر زانکۆیەك بەئارەزووی خۆی کۆرسەکانی خوێندن و چۆنیەتی دانانی پرۆژەکان و جۆرو کەسەکانی کەهەڵدەبژێردرێن بۆ گفتوگۆکان و تاقیکردنەوە گشتییەکان و ماوەی ئەم تاقیکردنەیەوەو چۆنیەتی ئەژمارکردنی نمرەو ئاستی خوێندکارەکان (واهەست دەکرێت  من خۆم هەم شاهیدبووم هەم گوێم لەگلەیی مامۆستایان بووە لێرەو لەویّ هەندێکجار گلەیی زۆر لەنامەیەکی دکتۆراو ئاستی زانستی نزمی کەسەکە کراوە هەندێکجار خەڵکی سادەی ئامادەی گفتوگۆ هەستی پێکردووە کەچی نمرەیەکی بەرزو خەیاڵی دراوە بە کەسەکە و وەرگرتنی بڕوانامەکەی تێپەڕێندراوە). وەزارەت و زانکۆکان پێویستە لیژنەیەکیان هەبێت بۆ ئەم بابەتە کاتی خۆی لەکۆتایی نەوەدەکاندا (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / بەغداد) کەسێکی پسپۆری بەنهێنی بەفەرمانێك تەکلیف دەکرد کەئامادەی گفتوگۆکان بێت (دکتۆرا) بەتایبەتی پێی دەوترا ( کابس علمی)، دواتر ڕاپۆرتی خۆی دەنووسی، هەبووە مامۆستاکان و کەسی خوێندکاری دکتۆرا سزا دراون (فەرمانم بینیوە لەزانکۆی بەغداد کەسەکە بێبەش کراوە لەدامەزراندن لەدەزگاکانی خوێندنی باڵا). مامۆستای گفتوگۆکە یان سەرۆکی لیژنە ساڵ و دوو ساڵ بێبەش دەکرا لەگفتوگۆ. بەبۆچوونی من ئەم خاڵە لاوازانە چارەسەر بکرێن و چاکسازی پێویستیان تێدا بکرێت زۆر جەوهەریتر بن لەم سەرئێشەیەی کەدروسکراوە (ئاخر ژمارەیەکی زۆرمان مامۆستا پێویستە بۆ ئەم هەموو زانکۆ تازەیەو ئەم هەموو پەیمانگا بیّ مامۆستایە). بەتایبەتی لەئێستادا.

٣-  پڕۆژەی تواناسازیی و ناردنە دەرەوە: بۆ زانکۆکان ئەمەیان پڕۆژەیەکی باشەو دراسەیەکی باشە پێشوەختە بیکەین بۆ ئەو پسپۆریانەی کە لەکوردستان نییەو کەمەو زۆر پێویستن  خەڵکی زۆر بەتواناو ئاست بەرز بنێردرێن بۆ





زانکۆکانی بیانی بۆ خوێندن (من ئەم هەموو گرفتی زمان و زمانی ( ئینگلیزی) کە کراوە بەدێوێکی زەبەلاح بۆ بابەتی خوێندنی باڵاو ناردنە دەرەوە وای نابینم چونکە زۆر وڵاتی دونیاش هەیە پێشکەوتوون و خوێندن و خوێندنی باڵاشیان هەیەو مەرجیش نییە خوێندن بە(ئینگلیزی) بێت).  من وای بۆ دەچم چەند زانکۆیەکی (ئاست بەرز)و ناسراو لەجیهاندا هەن لەووڵاتانی پێشکەوتوو کە بۆ کەس و لەبەر خاتری کەس ئاستی زانستی دانابەزێنن بۆیە ئەم زانکۆیانە هەڵبژێرین و گرێبەستیان لەگەڵ بکەین و خوێندکارو خەڵکی باش و ئاست بەرز بنێرین بۆ ئەو زانکۆیانە و کەفالەی باشیان لەسەر بکەین بەماڵ و پارەی مەسرەف و مووچە و دەرماڵەکان گەر خوانەخواستە هەر گرفتێکی هاتە پێش خۆیان بەرپرس بن لێی. بادەستپێبکەین چونکە (ئەمساڵ تەواو هەتا ئێستا ئەوهەموو ڕۆژنامەو چاوپێکەوتن و نووسینە کەچی هیچ هەنگاوی کرداریمان نەبینی). بۆیە من بەبۆچوونی خۆم ئەگەر دەستپێبکەین بۆ هەرسیّ بابەت (ماستەر + دکتۆرا + ناردنە دەرەوە) ئەم خاڵە سلبی و لاوازانەی باسمکرد لابرێن‌و نەهێڵدرێن و بە بەرنامەیەکی دراسەکراو دەستپێبکەین (ناعەدالەتی) نەهێڵدرێت و لابرێت و بەدەرکردن لەمەرجەکان دیاردەیەکی خراپەو نەهێڵدرێت. هەنگاوی مەزن و باش و پڕ بەرهەم دەبێت و ئەم پڕۆژە و پڕۆسەیەی ئێستا وەزارەت باسی دەکات و لەبەرنامەیدایە لەلایەك پڕۆسەکەی دواخست کە ئەمە باش نییە لەلایەك پڕۆسەیەکی ئاڵۆزی وایە کەزۆر مامۆستاو خوێندکاری کوردستان سەریان لێیدەرناچێت ئەمەشیان لەلایەك لەلایەکیتر هەیبەتی زانکۆکانی کوردستانی نەهێشتۆتەوە لەدنیا هەتا بەعیراقی خۆشمانەوە کاتی کردنەوەی دەرگای (تقدیم) و کێبڕکیّ لەسەر کورسییەکانی خوێندنی باڵاو دەرچوونی ناو و دەستپێکردنی خوێندن دیاریکراوە ئەمەی ئێستای کوردستان وەك ئەوەیە

کارەساتێکی سروشتی گەورە ڕوویدابێت چونکە کەس نازانێت زانکۆکانی کوردستان خۆیان چۆن خوێندنی باڵا دەکەنەوەو دەستپێدەکەن و مەرجەکان چین و ئەم بابەتە ئەوەندەش ڕاگەیاندن وروژاندویەتی بەمەبەستی جۆراوجۆر (نامورتاحی و بێمتمانەیی لای داواکاران و مامۆستایان و خەڵك دروستکردووە). هەتاوەکو کار بەوە گەیشتووە بەخاڵێکی سلبی ئەژمار بکرێت لەسەر وەزارەتمان.

تەواوی ئەم سێ تەوەرەی سەرەوە لەسەر خوێندنی باڵاو تواناسازیی گەر بێی بۆ پەیمانگاکان باسی بکەیت بەرنامەی بێسوودن، من بەلامەوە سەیرە لەماوەی (٨، ٩) مانگی ڕابردوودا چەندین یاداشتمان داوەتە وەزارەت یەك دوو کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو دەستەمان کردووەو دەستەکان کۆبوونەوەیان لەگەڵ جەنابی وەزیر کردووە باسی بابەتی چارەسەری ستافی پەیمانگاکانمان کردووە (هەموومان دەزانین زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایانی پەیمانگاکان هەڵگرانی بڕوانامەی بکالۆریۆسن و (تێکڕا)شیان نزمەو ساڵانێکە لەپەیمانگاکانن‌و وانەبێژن و شارەزاییان پەیدا کردووە، بەڵام هیچ کاتێك ئەم پڕۆژەو پڕۆسەیەی وەزارەت لەقازانجیان نییە ئێمە پاش ئەوەی لەکابینەی پێنجەم توانیمان وەزیرو وەزارەت و زانکۆکان قانع بکەین کەبڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەك ساڵە بدرێت بەم مامۆستایانەو ئامادەبکرێن بۆ ماستەر وەك سەرەتا دەستمان پێکرد بەڵام حاڵی حازر ئەم بابەتە بەقوربانی پڕۆسەکەی وەزارەتمان کراوەو ژێر پێکەوتووە وەك ئەوەی ڕوو لەنەمان دەکات و ئێمە پەیمانگاکان هیچ نووسراو و سەرنجێکمان نەدابێت بەوەزارەت وەك ئەوەی داوامان کردبێت پڕۆسەکە ئیتر لەقازانجمان نییەو با پڕۆسەی دبلۆمی باڵا ڕابگیرێت. سەرەڕای ئەوەش ئەو پارەیەی کەبۆ خوێندن و ناردن تەرخانکراوە کادری پەیمانگاکان سوودمەند نابن چونکە هەموو لایەك دەزانین تا زانکۆکان خەڵکیان پێویست بێت کەس ناچێ بۆ پەیمانگاکان (هەتاوەکو بڕیارەکانی پێشتریش دەیانوت یەکەم‌و دووەم و سێیەمی بەشەکان لەزانکۆکان دادەمەزرێن و چوارەم و پێنجەم لەپەیمانگاکان) کەچی ئەمەش جێبەجێ نەکرا بەداخەوە!! بۆیە هەمیشە خەڵکیش لەلای ئێمە حەزی لەزانکۆیەو دەتوانێ هەنگاوێك خێراتر لەدەستکەوت‌و ئاواتەکان و خوێندنی باڵاش نزیك بکەوێتەوە. بۆیە ئەم پارەیەش کەبۆ ناردنە دەرەوەیە لەپەیمانگاکان سوودی ئەوتۆی لێنابینین مەگەر ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ دابنرێت( ڕێژە بدرێت بەزانکۆکان و ڕێژەیەکیش بۆ پەیمانگاکان و ڕێوشوێنی ڕێکاری توند بگیرێتە بەر بۆ کاتی ناردن و هاتنەوەی کەسەکان ئەگینا وەزعی پەیمانگاکان هەروەکو خوێ دەمێنێتەوە).

بۆیە هەموو لایەك دەبێت لەپێش چاو بگیرێت خوێندنی باڵا لەکوردستان و ناردنە دەرەوەش لە پەیمانگاکان حسابیان بۆ بکرێت چونکە بەردەوام خوێندکاری زۆرو بەردەوام وەزعی ستافیش لەبەرچاو ناگیرێت و پێشبینی ئایندەش لەبەرچاو نەگیراوە وەك پێویست. گرنگی دان بەپێگەیاندنی کادری ناوەند نییە کەبەداخەوە وەزارەتی خوێندنی باڵاش بەعەمەلی و بەرنامەی کاری بۆتە بەشێك لەگرنگی نەدان‌و پێ نەزانینی گرنگی کادری مام ناوەند. چونکە ئەمڕۆ لەدنیادا تاوەکو دەرچوویەکی زانکۆ پێدەگات دە دەرچووی پەیمانگاکان پێدەگەن ڕاستەوخۆ دەچن بۆ ناوەندی کارکردن و بەرهەمهێنان و ئاوەدانکردنەوە. لێمان ڕوونە تەواوی (٣) تەوەری گرنگی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵاکەی هەر تیا نەماوە لەبەرنامەی وەزارەت) خێرو قازانجی نابێت بۆ پەیمانگاکان وەك پێویست تکایە بەپەلەو خێرا چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو وەزعی پەیمانگاکان لەبەرچاو بگیرێت. چاکسازیی لەتەواوی پڕۆسە کۆنەکە بکرێت و هەنگاوی نوێ و پتە و بۆ

پرۆسەکە هەڵبنێین بەڵام ڕاوەستان و ڕاگرتنی خراپەو دەبوایە ئێستا دەرگای (تقدیم) کردن لەزانکۆکان بکرێتەوە بۆ دبلۆمی باڵای یەك ساڵەش.

**چوارەم:** لەم بەشەی نووسینەکەمدا لەسەر هەردوو پرۆژەکەی تر دەدوێم.

١- گۆڕینی هەردوو دەستەی خوێندنی تەکنیکی سلێمانی و هەولێر بۆ سێ زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر – سلێمانی – دهۆك.

من لەسەر ئەم تەوەرەیان ئەوەندە لەسەر لایەنی زانستیی و ناوەڕۆکەکەی ناوەستم و ئەوەندەی لەسەر جەوهەری بابەتەکە ڕادەوەستم و سەرنجەکانی خۆم دەنووسم. جارێ پێش هەموو شتێك و پێشان وتومە ئەوەندە ستاف پەیمانگاکان کەمەو کەم و کورتی زۆری بەرچاوی تیایە ئەگەر بێی و بتەوێ ستانداردی جیهانی بەسەر پەیمانگاکاندا جێبەجێبکەیت، دەبێت هەندێك لەو پەیمانگایانەو هەندێك بەشی ئەم پەیمانگایانە دابخرێت. ئەگەر هەرسێ پارێزگای هەرێم و ژمارەی خوێندکارو مامۆستا و پەیمانگاو کۆلیژی تەکنیکی بەراورد بکەیت لەگەڵ باقی (١٥) پارێزگاکەی عیراق کەتەنها یەك دەستەیان هەیەو دەسەڵاتی ڕاگرەکانو پەیمانگاو کۆلیژەکانیان زۆر لەوەی کوردستانیش باشترن. تا وەفدێکی دەستەکانی کوردستان سەردانی وڵاتێك و بەشداری خولێك دەکەن، ئەوان چەندین کارو چالاکی و سەردان دەکەن. بگرە دەستەی بەغدا لەزۆربەی پسپۆڕییەکان خوێندنی باڵاشیان هەیە بەسیستمێکی زۆر کراوەتر لەوەی لای خۆمان کاردەکەن خۆیان دەسەڵاتی دارایی و کردنەوەی خول و شتیان زۆر لەوەی لای ئێمە

••••••



لەکوردستان زیاترە (دەزگاکانیان بۆخۆیان دەتوانن پارە پەیدا بکەن). ئێمە دەیان و سەدان کێشەی جۆراو جۆرمان هەیە کەمترین گوێگرتن لەپەیمانگاکان بووە ساڵانێکە. ماوەی ساڵێکە داوامان کردووە چەند گۆڕانکارییەك لە(أجوری) ئەو مامۆستاو بەرپرسانە بکرێت کەسەرپەرشتی دەوامی ئێواران دەکەن کەچی هیچ وەڵامێك نەبووەو چەندین جار یاداشتمان داوەو هیچی وەڵامی نەبووە خۆمان زووتر داوامان کردبوو کەخۆمان خوێندنی بەپارە و ئێواران بکەینەوە و بتوانین پەیمانگاو مامۆستایانیش زیاتر سوودمەندبن کەچی ڕازی نەبوو وەزارەت لەناکاو و بێ پلان و بێ ڕەئی وەرگرتنمان سەدان خوێندکاری نمرە کەمی ئاست نزمیان بۆ ناردین چەندین جار نووسراومان بۆ ناوەندی وەرگرتن کردووە چەندین کێشەمان لەگەڵ ژمارەی زۆری خوێندکاران هەبووەو هەر ساڵەو هەر جارەی بەبیانوویەك هەر ژمارەی زۆریان بۆ ناردووین هەموو جارێك لە(منحە) و پارە و پوول پشکی کەمترو بەشێکی کەمتر بۆ دەستەکانی خوێندنی تەکنیکی دانراوە، لەجیاتی چاککردنی ئەم بارە لارە و گرنگی پێدانی زیاترو گوێڕاگرتنی زیاتر و باشتر لێمان بۆ چارەسەرەکان داواکراوە کە ئەم دوو دەستەیە بکرێت بە سێ زانکۆ. چەندین گرفتی دارایی و زانستی لەگەڵ خۆی دێنی چونکە دەبێت (٣) سەرۆك زانکۆ و (٩) یاریدەدەر و (٣) باڵەخانەو نزیکی (٣٠) بەڕێوەبەرایەتی دابنرێت جگە لەوەش ئێستا دەستەکان ئەوەندە لەژێر مایکرۆسکۆپی چاودێریی و نەشتەری ڕەخنەکان نین بەڵام کە بوون بە زانکۆ ئەم کەم و کورتیانە هەمووی زەق دەبێتەوە بگرە پەسەند نابێت بە پێوەرە جیهانییە زانراوەکان چونکە دەبێت بەراورد بکەین لەنێوان ژمارەی خوێندکار و ژمارەی بەشەکان لەگەڵ بڕوانامە و پلەی زانستی و ژمارەی مامۆستایان و خۆشمان دەزانین لەڕووی سایکۆلۆجییەوە ناوی زانکۆ لەلایەن خوێندکار و

••••••

ماموستایانەوە زیاتر خوازراوە، بۆیە دوور نییە داوابکرێت پەیمانگاکان ببن بەکۆلیج بەمەش زەرەرێکی گەورە لەئایندەی ئاوەدانیو بەڕێوەبردن دەدەین چونکە خەڵك زۆربەی دەچێتە کۆلیجەکان و ڕووکەشانە بڕوانامەکان دەبن بەبکالوریۆس بەم حاڵەتەش کەسەکان لەڕووی دەروونی و بڕوانامەکانیانەوە کارەکانی تر بە ئاستێکی نزمی دادەنێن بەرامبەر خۆیان نایکەن، بۆیە چەندین گیروگرفتی لابەلا تووشی گەنجان و دەرچووانی ئەم وڵاتە دەبێتەوەو کارێکی خراپ دەکەین ناوی بێ ناوەڕۆك پەسند بکەین و هەوڵی بۆ بدەین چونکە حاڵی حازر وای دەبینم. ئەگەر ئەمەش بکەین کاتێکی باشی دەوێت بۆ بەهێزکردنی ستاف، بەم بڕیارە و بەم هەنگاوە کوردستان دەکەینە وڵاتی زانکۆکان وای لێ دێ ئیشکەری مام ناوەند لەکوردستان نامێنێ هەمووی دەکەین بە دەرچووی زانکۆ، دوایی خەڵك کەیفی خۆیەتی کاری دەست دەکەوێ یان نا؟ چۆن ژیان دەگوزەرێنێ. سەرەڕای ئەمانەش ئەگەر بە وردی بەراووردی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی وەزارەت بکەین (فاکۆلێتی و خوێندنی باڵا لەگەڵ گۆڕینی هەردوو دەستە بە (٣) زانکۆ). دوو شتی لەیەکتر جیاوازن یەکیان بەرەو مەرکەزیەتی زیاتر ئەوەی تر بەرەو پەرتکردنی زیاتری تواناکان (گەلۆ ئەو هەموو زانکۆیە هەرکەس بەجیا حسابات و کتاباتی ستاف و ئیمکانیەتی لەگەڵ ناکرێت — تەرازوویەکی لاسەنگی ناجۆری ناڕێك دەردەچێت. بۆیە من بە دیدو بۆچوونی خۆم پاش چەندین ساڵ لەبواری خوێندنی باڵاو خوێندنی تەکنیکی ئەوەندە بە پڕۆژە و بیرۆکەیەکی زانستی بۆ چارەسەری کێشەکانی نازانم. تەنها ئەوەندە نەبێ ماموستا و خوێندکاری وڵاتەکەم وەك حاڵەتی دەروونی بەباشی دەزانن و گرنگ ئەوەیە ماموستا و خوێندکاری زانکۆ بن بەڵام ئاستی زانکۆکەو بەرهەمی زانکۆکەو ئایندەی خەڵکەکە و وڵات چییە ئەوەندە گرنگ نەبێ لایان یاخود

••••••



ناوەکە گرنگترە). بەبۆچونی من ئەم بڕیارە پێداچوونەوەی دەوێت.

٢- گۆڕین و لادانی زۆربەی هەرەزۆری ڕاگرەکان ئەگەر هەموویان نەبێت.

ئەو نووسراوەی وەزارەت و ئەو داوایەی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزارەت بەڕاستی جێگای سەرسوڕمان بوو چونکە تەنها لە حاڵەتی ئینقلابی عەسکەری شتی واڕوو دەدات ئایا پاداشتی خەڵکێك کەساڵانیکی تەمەنی خۆیان لە خزمەت و دروستکردنی ئەو دەزگایانە دانابێ ئەوهایە، باشە یەکێك زانیاری تەواوی لەسەر چۆنیەتی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دەزگاکانی خوێندنی باڵا هەبێت و دوایی دێت ئاوا بەنووکی قەڵەم هەموویان لەیەك ئاستدا سەیر دەکات چاك و خراپ و ماندوو نا ماندوو زیرەك و تەمبەڵ گەندەڵ و پاك، مستەحەق و نامستەحەق (ڕۆژانێ کە مووچەکانمان بایی (١٠) ڕۆژی مانگی نەدەکرد ڕۆژانێك کە لەناو ئاگرو ئاسنی شەڕی ناوخۆ و گوللەبارانی شەقامەکان کە مووچە و مانگانەکان بە (٤٠) ڕۆژ و زیاتر دەدرا دوای سەردانی ئەم و ئەو و ڕەزامەندی دانی هەردوو حزب بەڵام زانکۆکان و کۆلیژەکان و پەیمانگاکان دانەخران و گەورەترین پاڵپشتی حکومەتی کوردستان و ئیدارەی کوردی کرا). ئاوەها ئەمڕۆ لە خۆشی و ئارامی و تا ڕادەیەك سەقامگیری خەڵکەکەی گوڵبژێر دەکرێت و باش پاداشت دەکرێت و ئەوانی تریش سەرنجیان ڕائەکێشرێت و ئاگادار دەکرێنەوە یان هەروا (عقوبە) دەدرێن چ ڕەوای حەقە کام عورف و پێوەر ئەمەی قبوڵە؟

من هەردەم لەگەڵ گۆڕین و چاکسازی و باش کردنم بەڵام بەویژدان بەبەرنامەو بە عەدالەت. کێ دەڵی (٥٠) ڕاگر لەکاتی گۆڕینیان (١٠)یان شایانی ئەوەن بگۆڕدرێن و سەرنجیان ڕابکێشرێت، بەڵام لە دانانەوەی (٥٠) ڕاگری نوێ بە (CV) و بانگەواز (٢٠ – ٣٠) ڕاگری نا شایستەو نەشارەزا و خراپتر لەوانی پێشوو ئەو پۆستانە ناگرنە دەست. من بەهیچ شێوەیەك دژی گۆڕین نیم و

••••••

هەواڵنامەی کتێب

بەهیچ شێوەیەك دیفاعی موتڵەق لەسەر ڕاگرەكان ناكەم بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە ساردبوونەوەی خەڵكی لێنەكەوێتەوە و ناعەدالەتی تیا نەبێ و وەك یەك جێبەجێ بكرێت دەبوایە (لەسەرجەم زانكۆكان و لەسەرجەم پەیمانگاكان وەك یەك پرۆسەی دانان و لابردنەكە بكرێت؟!). دواتر ئەگەر بابەتی گۆڕین و بەخشینی ڕاگرەكان لەسەر بنەمای ئەوەیە كە لە یاسای ژمارە (١٠)ی خوێندنی باڵادا هاتووە كە چوار ساڵ ڕاگر لەپۆستەكەی دەمێنێتەوە (بە بیانووی جێبەجێ كردنی یاساكە، باشە خێرە ڕاگر هەیە تازە دانراوە كەچی پلەكەی مامۆستایە كە دەبوایە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێت)، باشە خێرە سەرۆكی زانكۆ هەیە تازە دانراوە كەچی پلەی زانستی یەكەی (مامۆستایە). دواتر بۆچی بۆ دانانی پۆستەكان لەسلێمانی بە (CV) و كێبڕكێ دەبێت و دادەنرێن، كەچی لەسۆران و هەولێر و زاخۆ و دهۆك یەكسەر كەسەكان دادەنرێن. من ناڵێم ئەوانەی لەوێش دانراون شیاو و شایستە نین بەڵام بێ متمانەییەكی لای مامۆستایان دروست كردووە چونكە بۆچی لەهەموو شوێنێك وەكو یەك نییە خۆ بۆ ئەم بابەتە هیچ بیانوویەك نایخوات چونكە با بانگەوازی بۆ بكرایە و مانگێك چاوەڕوانی ئەوە بكرایە ئەگەر هیچ كەس داواكاری و (CV) ی پێشكەش نەكردایە ئینجا هەموومان ئەم بیانووەمان پەسەند دەكرد لەدانانی ڕاستەوخۆ. نەدەبوو لەم پرۆسەیە ئەم جیاوازییە لەنێوان هەولێرو دهۆك و سۆران لەگەڵ كۆیەو سلێمانی و گەرمیان بكرایە. یان هیچ نەكرایە یاخود هەمووی وەك یەك جێبەجێ بكرایە. دەیان كەم و كوڕیی لە لەش و هەیكەلی خوێندنی باڵادا هەیە نازانم بۆ ئەم بابەتە خراوەتە یەكەمینیان (لەسەفەرێكمدا بۆ بریتانیا لەو بابەتە پرسیارم كرد كە ئایا چۆن ڕاگرو سەرۆكی زانكۆ لەلایان دادەنرێت و دەگۆڕێت. لەوەڵامدا ڕاگری كۆلیژەكە وەڵامی دامەوە كە خۆی چەندی داوا دەكات

••••••



بیگۆڕن و بیەخشن بەڵام ستافەكە و حكومەت بەزۆر لەبەر سەركەوتوویی و شارەزایی هەر دایدەنێنەوە). هیچ دەسەڵات و حزبێك لە دوونیادا نیە بەوڵاتە زۆر پێشكەوتووە دیموكراسیەكانیش كە پۆست و بەرپرسیاریەتی ببەخشنەوە و بیدەن بە هەركەسێك. چونكە لەوانەیە لە كاتی هەر ئەزمەیەك و پێشهاتێكی خراپ لەوانەیە ئەو كەس و پۆستانە زۆر خراپ زیانیان پێ بگەیەنن و دژیان بوەستنەوە. ( بەبیر هەڤاڵان و هاوپیشەكانم دێنمەوە كە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لەكاتی مۆدیلی خۆپیشاندان و ناڕەزایی و لێدانی دەوامی خوێندكاران بەرپرسی دژە حكومەت هەبووە هانی خوێندكارانی داوە بۆ نەچوونە پۆل و خۆ پیشاندان و هەڵلا بەخۆرایی و بەناڕەوا). ئێمە دەزانین چ سەرئێشەیەكیان دروستكرد. خاڵێكی تری ئەم بابەتە ئەوەیە ئایا كاتێ كە وردبیتەوە لەنووسراو و یاداشتەكەی یەكەمی وەزارەتی خوێندنی باڵا كەداوای گۆڕین و لادانی ڕاگرەكان دەكات دابەشیكردوون بەسەر (ڕاگرێك كە چوار ساڵی تەواو كردووە، ڕاگرێك بە وەكالەت دانراوە، ڕاگرێك كە لە چەندین كۆلیجی جیا جیا ئەم پۆستەی بۆماوەی چوار ساڵ بینیوە، ڕاگرێك كەشوێنەكەی لە پسپۆڕیەكەی خۆی نییە ). ناوەڕۆكی نووسراوی یەكەم ئینقلاب نیە؟! ئەدی چییە باشە، ڕاستە حكومەتێك ئەو هەموو خەڵكەی دانابێ لەو پۆستانە ئەوەندە بێ كەڵك و بێ خێربووبن هەموویان بەیەكەوە دەبێ بگۆردرێن. باشە ئەگەر ئەم گۆڕین و لادان و دانانەوە بۆ باشكردن و نوێكردنەوە بێت ( من لەهەموو مامۆستایان دەپرسم سەرۆكی زانكۆكان و دەستەكان و یاریدەدەرەكانیان بەدەسەڵات تر و بەرپرسیارێتی زیاتریان نەبووە لەم وەزعەی خوێندنی باڵا؟ هەیانە زیاتر لەچەندین ساڵە لەو پۆستەیە، بۆچی گۆڕین و لادان باسی ئەوانی تیا نییە؟ بۆ زانین بۆ ئەوانیش یاسای ژمارە (١٠) هەر هەیە و دەیانگرێتەوە). ئەوەش پرۆسەكەی خستۆتە ژێر

••••••

هەواڵنامەی كتێب

پرسیارەوە چونکە چاکسازیی دەبێت لەوەوە دەست پێبکات کە هۆکاری گەورەتری خراپەکانە نەوەك ئەوەی کەم دەسەڵات ترە چونکە ئەوەی بە دەسەڵات ترە زیاتر توانای باشکردن و خراپکردنی هەیە. (لە دەقی مادەی (٥٦)ی یاساکە هاتووە کە یاسای ژمارە (١٠)ی خوێندنی باڵا لە ڕۆژی دەرچوونی لە وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و یاساکە لە ژمارە( ٩٠ ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/١١)ی وەقائیعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە واتە تەمەنی یاسایی یاساکە تەنها (٢) ساڵە. بۆیە لەڕووی یاساییەوە فەرمانەکە هەڵەی گەورەی تیایە، چونکە دەڵی بۆ جێبەجێ کردنی مادەی چواردەمی یاسای ژمارە (١٠) کە ئەویش دەڵێت ڕاگری کۆلیج و پەیمانگاکان بۆ چوار ساڵ دادەنرێت ( هەرچەندە نەیوتووە نابێت بمێنێتەوە یاخود دابنرێتەوە)) من دەڵێم هەر ڕاگر و بەرپرسێك ئەگەر (١) مانگیش بوو دانرا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو یەکسەر بیگۆڕی، چونکە لەوانەیە ئەگەر یەکێك بزانێ تەمەنی (٤) ساڵە و تەواو کاریگەری سلبی لەسەر ئەداو ئیشکردنی هەبێت (هەرچەندە ئەم بابەت و بابەتەی دوایی ئەم نووسینەم خوا یاربێ لە شوێنێکی تر دێمەوە سەر ئەم نووسینە).

به بۆچوونی من گۆڕین و گۆڕانکاریی و چاکسازیی زۆر پێویستە بەڵام ئەو پڕۆسەیە بە لەسەرخۆ و هەنگاو بەهەنگاو دەکرێت و دەبێت مامۆستایان و خوێندکاران و هەموو لایەك لە جێبەجێ کردنی سەرجەم خاڵەکانی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو یاسای ڕاژەی زانکۆیی دڵنیا بکرێن و پشت ببەستن بە جێبەجێ کردنی عادیلانە نەوەك ئینتقائی خاڵەکانی هەڵبژێردرێت سەرەڕای ئەوەش گۆڕانکاریی بە دوو شێواز دەکرێت یاخود لەسەرەوەی هەرەمەکە یاخود لە بنکەی هەرەمەکە واتە یاخود لە سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەرەکان و ڕاگرەکانو سەرۆکی بەش و یەکەکان دێتە خوارەوە یاخود لە پڕۆسەی دامەزراندن و



دامەزراندنی بەرپرسی یەکەکان و بەشەکان و ڕاگرەکان بەرەو سەرەوە دەچێت بەڵام ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزارەت لەناوەڕاستی هەرەمەکەوە دەستی پێکردووە. بۆیە شێوازێکی سەیرە چاوەڕوانی دەرچوون و هاتنی ڕێنمایی ترو چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بڕیاری تریان لێدەکەین چونکە بەم شێوازەی ئێستای تۆزێك ڕەقەو هەندێك مافی ئەو ڕاگرانەی تیا پێشێلکراوە چونکە نایەڵێ لەشوێنەکانی خۆیان یان شوێنیتر کێبڕکی بکەن و دابنرێنەوە بەڵکو زیاتر لەدەرکردن دەچێت؟!. خاڵێکی کە سەرنجی لەسەرە لیژنەی چاوپێکەوتن و هەڵبژاردن و دانانەکەیە چونکە ئەمەش دەخرێتە ژێر پرسیارەوە بەپێی سەرەتاییترین زانیاری لەسەر پڕۆسەی (CV) پێشکەش کردن و وەرگرتنی هەندێك پۆست پێوەرەکان زیاتر میزاجی بووە و حەقانی عادل نەبوون. (لە هەندێك حاڵەتدا خوودی یاسای ژمارەی (١٠) ی پێشێل کردووە؟!). ناکرێت بە بەندێکی یاساکە خەڵك لابەریت و لەهەمان کات بە پێشێل کردنی بەندێکی تری یاساکە خەڵك دابنرێت. سەرەڕای ئەمەش دەبێ وەزارەتی خوێندنی باڵا بە یەك پێوەر لە زاخۆوە تا خانەقین بڕیارەکانی جێبەجێ بکات چونکە بەم شێوازەی ئێستا جێگای پرسیار و ڕەخنەگرتن دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی (C.V) و کێبڕکێ کەس نازانی پۆینت و پێوەرەکان چین (تەمەن، خزمەت، بڕوانامە، پلەی زانستی، شارەزایی، دەم و چاو، .......... هتد) پۆینتەکان لەسەر چین ئەمەش گلەیی و ڕەخنە هەڵدەگرێت، چونکە خەڵك هەیە پێش (C.V) پێشکەش کردن دەیزانی دادەنرێت و مسۆگەری کردبوو؟

لە کۆتاییدا دەڵێم خۆزگە لەڕوانگەی تەسك هەموو پڕۆسەکە تەماشا نەکرێ و بەڕێوە نەچێت خۆزگە سوود و قازانج و زیانی پڕۆسەکە لەپێش چاو بگیرایەو حسابی بۆ بکرایە. هیوادارم ئەم نووسین و ڕا و سەرنج و تێبینی و

پێشنیازانەی منیش بەچاوی ڕەشبینی و تاك لایەنە سەیر نەکرێت و لێکدانەوەی نامەنتقی و ناواقیعی بۆ نەکرێت، چونکە من لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بێ گرفتی جێبەجێ کردنی و ڕوونەدانی ئیفرازاتی خراپ لەسەری نووسیومە ئەگینا دووپات و دەپاتی دەکەمەوە بۆ هەڤاڵان و هاوپیشەکانم و مامۆستایان و لایەنەکانی بەرپرس و پەیوەندیدار هەمیشە خۆم بە خزمەتکاری وڵاتەکەم و هەر کەسێك دادەنێم کە بزانم لەخۆم دڵسۆزتر و پاکترو ئیشکەرترەو لە ڕابردوودا ئەوەمان پەیڕەو کردووە داهاتووشمان شاهید دەبێت. ئەم نووسینەم لەو ڕوانگەیەوەیە هیوادارم دڵی کەسم نەڕەنجاندبێ و کەسم زویر نەکردبێت چونکە ڕەئی و بۆچوونی خۆمم نووسیوە و خۆم بە کارمەندێکی ماندووی ئەم دەزگایە دەزانم ((بە ماڤی خۆشمی دەزانم کە من ڕۆژێك درێغیم نەکردبێ لەخزمەت بۆچی ڕەئیم نەبێ لەم هەموو پڕۆژە و پڕۆسە و گۆڕانکاریانەدا)). ئەگینا بۆ شەخسەکان و بڕیاردەرەکانی جگە لەڕێز و و هیوای سەرکەوتن هیچیتر لەناخی خۆم شك نابەم بەڵام لەوانەیە لە بۆچوونەکان کتومت وەك یەك نەبین. ئایندەیەکی دوور یان نزیك بۆچوونەکانمان دەسەلمێنێ.

••••••

## عیلمانیەتی دەستور

### مەسیح بۆیە سەرکەوت چونکە سپارتاکۆس کەوت

**مارکس**

ئازاد تۆفیق

دەستورو نوسینەوەی دەستور گەر لای خۆمان دیاردەیەکی نوێ بێت و ئێمەی خۆرهەڵاتی تاڕادەیەك نامۆبین بەو چەمکە گرنگەی ناو کۆمەڵگای مەدەنی. ئەوا لە وڵاتانی ئەوروپاو خۆرئاوا بەپێچەوانەوەیە. چونکە لەوێ مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ڕابردوو، هەرچەندە لە خۆرئاواش نوسینی دەستور لەسەرەتاوە بەمشێوەیەی ئەمڕۆ نەبووەو لە وێندەریش بەپێی واقیعە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیەکە و بەپێی پێشکەوتنە کلتوری و چەمکە هیومانستیەکان وردە وردە گەشەی کردووەو بەرەو پێشەوە چووەو هاوکات گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. بۆ ئەمەش بە چەند قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕیوە تا بەئەمڕۆ گەیشتوە.

••••••

هەواڵنامەی کتێب

بۆ نمونە لە وولاتێکی وەکی بەریتانیا، کە کۆنترین وڵاتە ئەم چەمکە تیایدا سەریهەڵدابێت. ئەوا هەر لە سەدەی سیانزەداو وردتر لە ساڵی ١٢١٥دا، پەیمانی گەورەی (مەگناکارتا) کە (٣٩) مادەی لە خۆ گرتبوو بەسەرەتای ئەو دەستورەی ئەمڕۆی بەریتانیا دادەنرێت، کە بەدەستورێکی عورفی ناسراوە. بە نیسبەت وڵاتێکی وەکی فەرەنسایشەوە هەر لەسەرەتاوە بەڵگەنامە دەستوریەکان کە بریتیبوون لە ڕاگەیاندنەکانی مافی مرۆڤو هاوڵاتیان‌و لە ساڵی ١٧٨٩دا بانگەشەی بۆ کراوە، بەسەرەتای دەستوری مۆدێرنی ئەمڕۆی فەرەنسی دەژمێردرێت. هەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایشە هەر لە تەموزی ١٧٧٦و ە کە سەربەخۆیی ئەو وولاتەی تیا ڕاگەیەندرا. بەهۆی دەستوری ئەو وڵاتەوە جەخت لەسەر مافی هاووڵاتیان لە (ژیان‌و ئازادی‌و کارکردن بۆ گەیشتن بە خۆش گوزەرانی) کراوەتەوە .

ئەمەش مانایوایە دەستورو پیادەکردنی دەستور لەمڕۆی خۆرئاوا ڕیشەکەی بۆ ئەو مێژووە دێرینەی سەدەکانی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.جا ئێستا کە دەبینین لەو وڵاتانەدا هاووڵاتیان لەسایەی سیستمێکی دیموکراتی‌و کراوەدا ژیان بەسەر دەبەن، دەبێت بزانین کە ئەم مافانە نە بە شەوو ڕۆژێك بەدەست هاتوون‌و نەلەخۆڕاش پێی گەیشتوون. بەڵکو لە ئەنجامی هەوڵ‌و کۆششی بەردەوامی بیرمەندان‌و دەستە بژێری ڕچە شکێنەری نێو کۆمەڵگای خۆرئاواوە بۆ بە ئەقلانی کردنی دەسەڵات‌و دەوڵەت‌و بۆ گەیشتن بە مافە سروشتیەکانی مرۆڤ، کە عەیامێك بوو دەسەڵاتداران لێی زەوت کردبوون، بەدیهاتوون. دیارە لەو پێناوەشدا چەندین قوربانیان داوەو چەندەها ساڵ شەڕوشۆڕی ناوخۆو دەرەکی لە نێوان عەدالەت خوازان‌و دەسەڵاتدارانداو لە نێوان نوێخوازان‌و کۆنەپارێزەکاندا بەردەوام بووە. تا توانیویانە یەکەم هەنگاو شەرعیەتی ئاسمانی





لە دەسەلاتی پاشاو حوکمڕانان بسەننەوەو ئەو شەرعیەتە وەك مەرجەع بەدەسەڵاتی سەر زەوی بسپێرن. پاشان وردە وردە ماف‌و داواکانی هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی لە بەردەم یاسادا بسەلمێنن. بۆیە تا ئەمڕۆ دەستور هەرچۆن پێوەری کراوەیی‌و دیموکراسیەتی کۆمەڵگاو دەسەڵات‌و حکومڕانانە لە جیهاندا، ئاواش نمونەی دەسەڵاتە شمولی‌و تۆتالیتاریەکانیشە. ئەمەش مانای وایە چەندە مرۆڤ لە مۆدێلی یەکەمیاندا کەرامەتی پارێزراوەو لەبەرامبەر یاسادا یەکسانەو ئەتوانێ بەوپەڕی ئازادییەوە گوزارشت لە هەر بیروبۆچونێکی خۆی بکات، ئاواش لە مۆدێلی دووەمدا، مرۆڤ برغویەکی بێ بەهایە لە ماشێنە گەورەکەی دەسەڵات‌و هیچ بەهاو مافێکی ئینسانیانەی نیەو هەموو ئازادییەکی لێ زەوت دەکرێ. ئاشکراشە مۆدێلی یەکەم لە سیستمی حوکمڕانی ئەو جۆرە لە دەستور ئەتوانێ بەرقەراری بکات، کە عیلمانی بێت‌و بەتەواوی دیموکراسیەت لە هەموو خانەکانی نێو کۆمەڵگادا خۆی نمایش بکات. دەستورێك کە لە ناوەرۆکدا تەبەنی کۆمەڵگاو سیستمێ لە بەڕێوەبردن بکات، کە تەنها مرۆڤ تیایدا سەروەرو باڵادەست بێ‌و لە دووەمیشدا دامودەزگا دەوڵەتیەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی وا ڕیکخرابێت، کارگێڕی جگە لە زانست پەنا بۆ هیچ میتۆدێکی دی نەبات‌و لە هیچ میتۆدێ بەهرەمەند نەبێ.

زانستی سیاسەت – (Political Science) کە ئەمڕۆ بە زانستی دەوڵەت ناوزەدە دەکرێ‌و دەستور تیایدا هەوێنی بەڕێوەبردنی دەوڵەت‌و دیاریکردنی جۆری سستمی حوکمڕانیشە، هیچ نییە جگە لە پیادەکردنی دەوڵەت بەو شێوەیەی کە هەر چۆن هیوای زۆرینەی تیا بەدی دێت، ئەوا دەبێت کەمینەش هەموو مافەکانی تیا پارێزراوبێت. بۆیە ئەوە دەستورە کە بڕیار لەسەر ئەم مۆدێلە لە سیستم‌و لەو شێوە ژیانە ئازادە ئەدات، کەخەڵك خوازیارێتی. دیارە



هەواڵنامەی کتێب

ئەو واقیعەش لەڕێی ئەو دەستورەوە فەراهەم دەبێ کە عیلمانیەت باڵی بەسەر هەموو جومگەو پێکهاتەکانیدا کێشابێت!دەستورێ موتوربە کرابێ بە عەقلانیەتو بەهرەمەندبێت بە زانست! دەستورێ وەك ئینسان سەیری ژن بکات! دەستورێ لە پرۆسەی پەروەردەدا میتۆدێ پیادەبکا هەموو جۆرە لایەنگیرو تەرەفگیریەکی تیا تەڵاق درابێ!دەستورێ دەستەبەرکردنی ئازادی هەم وەك ئەرك‌و هەم وەك ماف سەیر بکات!ڕاستە ئەم هەنگاوە بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی هەروا کارێکی ئاسان نیەو نابێ دەسەڵاتی سیاسی وابزانێ ئەم ڕێگایە بەگوڵ چێنراوە، نەخێر! بەڵام هاوکات ئەبێ ئەوەش بزانین کە عیلمانیەت ئەو (فۆبیا) ترسناکە نیە کە هێزە ئیسلام گەراو کۆنزەرڤاتیڤەکان لەناو کایەی سیاسی‌و فەرهەنگی کوردیدا بانگەشەی بۆ دەکەن. چونکە عیلمانیەت نە دەرکردنی ئاینە لە ڕۆحی تاك‌و نە وەلانانێتی لە کۆمەڵگا. عیلمانیەت نە قەدەغە کردنی سروتە ئاینیەکانەو نەپچرانی ئەو پەیوەندیە ڕۆحیەیە کە سالانێکە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاردا ڕایەڵەی بەستوە. بە پێچەوانەوە عیلمانیەت ڕێزگرتنە لە هەموو پیرۆزیەکی مرۆڤ و بە ڕێزەوە سەیرکردنی هەر ئاین و سروتێکی ئاینیە کە مرۆڤ خوازیاریەتی. بۆیە نەك هەر ئاین‌و خواناسی بگرە سەرجەم ئەو عەقیدانەی کە مرۆڤ باوەڕی پێیەتی هێندەی لە سایەی دەستورێکی عیلمانیدا مافی پارێزراوەو ڕیگەی پێدراوە، نیو هێندە لە سایەی ئەو دەستورانەی کە خۆیان بەهەر ئاینێ لە ئاینە ئاسمانیەکان موتوربە کردوە نەڕێپێدراوەو نەپارێزراویشە. بۆنمونە ئەوە دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانە نەك هەر وڵاتێکی تری عیلمانی، کە چەندە دەنگی شیعە مەزهەب تیایدا زاڵ‌و باڵادەستە، هێندەش دەنگی سوننە مەزهەب تیایدا کزو زەلیل‌و داماوە!ئەوە دەوڵەتی ئیسلامی سعودیەو کۆمەڵگای عەرەبستانی سعودیەیە نەك هەر وڵاتێکی

••••••



تری عیلمانی، کە هەرچۆن وەهابیەکان تیایدا سەروەرو پلە یەکن، ئەوا شیعەی دوانزە ئیمامیش تیایدا ڕافزو پلە دوون! دوای ئەوە ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی دەبێت بزانێت کە پیادەکردنی ئەم چەشنە لە دەستور لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا کاریگەریەکی پۆزەتیف لە ڕوی سۆسۆلۆژیەوە لە سەر ژیانی گشت لە هەناوی کۆمەڵگا دروست دەکات‌و دەبێتە هۆی لەدایك بوونی پەیوەندیەکی هارمۆنی‌و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان سەرجەم بکەرەکانی کۆمەڵگادا. بۆیە تا دەستور عەلمانی بێت‌و ستراکتۆرە بنچینەیەکانی خۆی لەسەر پایە تۆکمەکانی دیموکراسیەت داڕشتبێ، کلتوری توندوتیژی‌و فەرامۆشکردنی ئەوی دی نەك هەر جێی نابێتەوە، بگرە وردە وردە ڕێ چۆڵدەکات بۆ هاتنە کایەی ستایلێکی نوێ لە پێکەوە ژیانی مەدەنیانە. بەمەش قبوڵکردن‌و فرەیی‌و زمانی دیالۆگ دەبنە کلتوری باوی کۆمەڵگاو دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات‌و دەنگدان‌و سندوقەکانی هەڵبژاردن دەبنە مۆدێلێکی شارستانی پەیڕەو کراو.کە دواجار ئەمانە هەموو پێکەوە ئەو فەزایە دروست دەکەن‌و ئەو کەشە سامالە بەرهەم دەهێنن کە بەپلەی یەکەم بە قازانجی هێزە دیموکرات‌و پێشکەوتن خوازەکان دەگەڕێتەوە. واتە واقیعێ دێتە کایەوە، ئەو هێزە نوێیانە لێی بەهرەمەند دەبن، کەمێژوویەکیان لەگەڵ گۆڕانکاری‌و نوێبوونەوەدا هەیەو هەردەم قابیلی ئەوەن هەموو ساتەکانی خۆیان بەڕەخنە بسپێرن‌و خۆیان بخەنەوە بەردەم بەرپرسیارێتی مێژوویی‌و ئەخلاقیەوە بەرامبەر بە گەلەکەیان، کەمن پێموایە لەم نێوەندەشدا هیچ هێزێك نیە هێندەی (ی.ن.ك) چانسی لە خولقاندنی ئەو کەشەدا هەبێت‌و هێندەی ئەو بتوانێ لەو فەزایە بەهرەمەندبێت. جا گەر هێزێکی دی هەبێ خۆشی لە پیادەکردنی ئەم چەشنە دەستورانە نەیەت‌و چاوی بەرایی نەیەت دەستورێك لەووڵاتدا سەروەربێت، کە ببێتە دیکۆمێنتێك بۆ خولقاندنی مرۆڤی ئازادو

••••••

هەواڵنامەی کتێب

مافەکانی هاووڵاتیانی تیا پارێزراوبێت، دەشێ ئەو هێزە ئیسلام گەراکان یان ڕاستو کۆنزەرڤاتیڤەکانی نێو کایەی سیاسی کوردی بێت، بەڵام بە تەئکید هەرگیز ئەوە (ی.ن.ك) نییە کە خوازیاری ئەم مۆدێلە لە دەستور بێت.

کەواتە ئێستا ئیتر بیانو چییە بۆ دواخستنی ئەو پرسە هەرە گرنگەی نێو کایەی سیاسیو مەدەنی کۆمەڵگا.! بۆ ئەبێ (ی.ن.ك) لەو کاراکتەرە سەرسەختانە نەبێت کە شەڕی تەبەنی ئەو چەشنە دەستورە دەکەن؟بۆ ئەبێ ئەمڕۆ (ی.ن.ك) وەك هێزێکی چەپی پێشکەوتوخواز بەناوی هەندێ موراعاتی هێزی دۆگماوە خۆی لە گەورەترینو لە مێژوییترین ئەرکی هەنوکەیی بدزێتەوە؟ باشە ناکرێ ئەمڕۆ (ی.ن.ك) ڕۆڵی ئەو ئیلیتەی ئەوروپا نمایش بکات کە هەنگاوی گەورەیان بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری داوە؟چی تیایە گەر (ی.ن.ك) ئەمڕۆ بە گیانی تورە لە کلتورە دۆگماکان، تورە لەو فایلە گرنگانەی کۆمەڵگا، کە تا ئەمڕۆش بە نەکراوەیی ماونەتەوە بێتە مەیدانو ڕچە شکێنەرانە دەست بداتە گۆڕانکاریو دەست پێشخەری!چی ئەبێت گەر (ی.ن.ك) لەسەر بانگەشەی عەلمانیەتی دەستورو.. بۆ چەسپاندنی سەرەتاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و... بۆ بەرقەراربوونی دیموکراسی لەم خولەی تری هەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێویست بەدەست نەهێنێ! هێزێکی سیاسی هەرچۆن ئەتوانێ لە دەسەڵاتدا سەروەری بەدەست بهێنێ، ئاوەهاش دەکرێ لە ئۆپۆزسیۆندا هەر شکۆمەند بێ. یەکێتی چۆن ئەبێ بوار بدات لە کوردستاندا فەزایەك دروست ببێت و ئایندەیەك چاوەڕوانمان بکات، هێندەی لە قازانجی هێزە کۆنزەرڤاتیڤە ڕاستو ئیسلامیەکان بێت، دە هێندە لە زەرەری خۆی تەواو بێت!گێلی نییە هێزێك ئەمڕۆ واقعێك فەراهەم بکات، سبەینێ خۆی لە کەنارو پەراوێزدا ببینێتەوە! کێ بەدوعای سیاسەتی وا دەڵێ ئامین. بۆیە ئەم چەشنە لە سیاسەت نەك هەر کارێکی عەقڵانی نییە، بگرە





کاری ئەو هێزە چەپو پێشکەوتن خوازانەش نییە کە خوازیاری گۆڕانکارین. یەکێتی کە مێژویەکی لەتەك میتۆدی پێشکەوتنخوازی و نوێبونەوەدا هەیە لەچی ئەترسێ گەر جارێ ئەوە بدا، هەرچۆن هێزە ئیسلام گەراو کۆنزەرڤاتیڤەکانی نێو کایەی سیاسی کوردی نوێنەری فەندەمینتالیزمو ڕاستەکانی نێو کۆمەڵگان. ئەمیش نوێنەری چەپو روناکبیرانو پێشکەوتوخوازەکانە!تۆ بڵێی یەکێتی نەزانێ ئەمڕۆ هیچ بکەرێکی نێو کۆمەڵگای کوردی نییە هێندەی ئەو توێژانە بێ خاوەنو بێ چەتر بێ!گەر (ی.ن.ك)ئەمڕۆ ئەم جیاکاریە ناکات، ئەی چ مانایەك بۆ جیاوازیەکان دەهێڵێتەوەو بە چ ناسنامەیەك خۆی لە هەر هێزێکی دی ناو گۆڕەپانەکە جیادەکاتەوە؟ پرسیارێکەو یەهیوای وەڵامی لۆجیکی و تەندروستین.

هەواڵنامەی کتێب

# وەرگێڕان


- رەگــــوریشە وجـــوانی و خەوشەکـــانی دیموکـــــــــراسی.
- لیۆشتراوس فەیلەسوفی کۆنزەرڤاتیزم.
- نەبوونی هۆشیاریی سیاسی لەمەڕ چەمکی دیموکراسی لە عێراقدا.
- یۆرگن هابرماس و پۆست مـارکسیزم.
- خـــەڵک چۆن دەبن بە هـــــاووڵاتی؟.


••••••

هەواڵنامەی کیژ

## رەگـــوریشە وجوانی و خەوشەکانی دیموکراسی

ن:عبدالرحمن عالم

و.لەفارسییەوە: محەمەد کەریم

ديموكراسی زاروەیەکە لـەدوو واژەی دیمـۆس ( demos ) بـەمانای خـەڵك و کراســیا ( cratia ) یــان ( krato ) بــەمانای دەســەڵات وەرگــیراوە. دیمــۆس لەبەکارهێنانی ئەسینایی یان یۆنانیدا بەمانای جەماوەری گوندنشینان بـووەو لـەم ڕووەوە لەئەسـینا هەرگونـدێکیان بـە demo و دانیشـتوانی ئـەو گونـدەیان بـە (demotae ) ناو دەبرد. لەسەدەی پێنجی پـێش زایندا گۆڕانێك لـەمانای دیمـۆس بـەدیهات و ئـەم واژەیـە بەکۆبوونـەوەی هـەموو خـەڵکی ئەسـینا دەوتـرا کـە بـۆ جێبـەجێکردنی کـارە حکومییـەکان کۆدەبوونـەوەو راوێـژیان دەکـرد لـەم مانایـەدا دیمــۆس گوندنشــینان و شارنشــینان دەگرێتــەوە لەســاڵی ( ٥٠٩) ی پ.زایـنــدا لەئــەنجامی چاکســازییەکانی کلیســتینی یاســادانەری ئەســاینابیدا بــەڕێوەبردنی ••••••

کۆمەڵگای ئەسینا کەوتە دەستی گوندنشینەکان و لەوە بەدواوە حکومەتی ئەسینایان بەدیموکراسیا ( demokratia ) ناودەبرد واتە حکومەتی لادێییەکان ئەم مانایا وردە وردە فراوان بوو تا ئەوەی دیموکراسی بوو بەناوێکی گشتیی بۆئەو حکومەتانەی کە بەدەستی هەموو خەڵك بەڕێوەدەبران بەکورتی دیموکراسی مانای دەسەڵاتی خەڵکی وەرگرت بەڵام هەروەك فاینەر وتوویەتی ( دیموکراسی مانای جۆراوجۆری وەرگرتووە هەندێ لەم مانایانە زۆر لەیەك جیاوازن، ئەم واژەیە نابێ خراپ خەڵکی لێحاڵی بکرێت و دەبێ لەمشتومڕی بێهودە بەدوور بگیرێ و بەپێی توانا لەناکۆکی تەواو نادیار دوور بخرێتەوە و خودی ڕێوشوێنە جۆراو جۆرە بنچینەییەکانی ئاشکرا بکرێن دەبێ بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی وردەوە[1] ) .

دیموکراسی لەسەردەمانێکەوە کەوەبیرنایەنەوە لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا برەوی پەیدا کردووە " پرەنسسیپی دیموکراسی لەم مانایەدا کە دەبێ بۆ حاڵی هەندێ لە پێویستییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا سوودمەند بێ و ڕێز لەهەندێ لە داواکارییە گشتییەکان بگرێت ئەگەر لەگەڵ پێودانە دیاری کراوە گشتییەکاندا هاو ئاهەنگ و لەسەر ڕادەیەك لە چاکەی گشتی بنیات نرابێت کار لە کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەکات" [2].

دیموکراسی لە چەمکی بەشداری کاریگەر لە بەڕێوەبردنی کارە گشتییەکاندا هەمیشە هەبووە بەڵام کەم و زۆر لە مەیدانەکانی حکومەتی خۆماڵی و ئەرکدا بە سنورداریی ماوەتەوە هەتا لەم سنوورەشدا کۆیلەکان یان سەرفەکان و کەمدەرامەتەکان یان چینەکانی خوارەوە، ژنان و زۆربەی کۆچەران بەشدارییان لە دەسەڵاتدا نەکردووە. لە دەرەوەی ئەو بوارە دیاریکراوانە پرەنسیپی دیموکراسی نەریتێکی باو نەبووە چونکە دژواریی پەیوەندییەکان، بێنەوایی،





نەخوێندەواریی و هەستی ڕق لێبوونەوەی خەڵك و نەسازان و بێمتمانەیی بەیەکتری لە نێوانیاندا ڕێگربوو لەبەردەم قبوڵکردنی پرەنسیپی دیموکراسی لە حکومەتی مەرکەزی دەوڵەتەکاندا [3].تەنها لە سەردەمەکانی دواتردا چەند بنەمایەکی ڕاست بۆ خستنەگەڕی کاریگەرانەی دیموکراسی لە سەر ئاستی حکومەت مەرکەزیی دانرا .

دیموکراسی لەدژی " حکومەتی زۆرداریی و دیکتاتۆر " سەری هەڵدا بەڵام هەموولایەنگرانی یەك بیرو بۆچونیان نییە هەندێکیان " ئازادی" بەئامانجی سەرەکی حکومەت دەزانن هەندێکی تر " یەکسانیی "بەداخوازی تەواوی دیموکراسی لێك دەدەنەوە . فاینەر لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زۆر لەدیموکراتەکان ئازادییان بە " تەنها وەسیلەیەك " بۆئامانجەکانی دیکە " زانیووە.هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕی گروپ و چینە جۆراو جۆرەکان ئەوە ئاشکرا دەکات کە " بیروباوەڕیان بەشێوەیەکی سەرەکی " نەك بەتەواوی " بەرهەمی بەرژەوەندییەکانیانەو تائەو رادەیە ئامادەی چوونە پێشەوەن کە بۆدابینکردنی ئەو بەرژەوەندییانە نەك زیاتر پێویست بێ " هەروەها فاینەر بە ئەو ئەنجامە گەیشت کەبنەمای مەیلی دیموکراسی تا سەدەی هەژدە ناڕەزایی ئامێزو شۆڕشگێرانەو ڕەتکەرەوە بووە " سەبارەت بەوەی کەدەبوو جێگای شتێکی دیکە بگرێتەوە هۆشیارییەکی کەم " هەبوو. بەڵام لەکاتێکدا کە ئەرکە پێویستەکانی وێرانکردن بەتەواوی ئەنجامدران مەسەلەی ئەو ڕێگایەی کە دەبێ بیگرێتە بەر گرنگی پەیداکردو ئەنجام ئەوە بوو کە نەوەیەك لەدوای ساڵی ١٨٤٨ " دیموکراسی لەمانای ئازادیدا کۆتایی هات و سۆسیالیزم جێگای گرتەوە ".

ئەو کەسانەی کەئازادی بەئامانجی سەرەکی دەزانن باوەڕیان وایە کەبنەمای



هەوالنامەی کتێب

ديموكراسی بريتييەلە " حكومكردن لەرێگەی باس و گفتوگۆوە " " واتە هاندانی حكومكراوەكان " و تەسليم بوونی بەرەبەرەی گروپە حكومڕانەكان بەحكومكراوەكان شان بەشانی دڵدانەوەی كەمايەتی و هاونيشتمان و تاكەكان و بەوردی چاودێری كردنی ويژدان و خاوەنداريێتی[٤] ". بەڵام خواستی بەرەبەرەو بەردەوام بۆئەنجامدانی چاكسازيی بەرفراوان لەگەڵ ئەو ئەنجامە ناچارييەدا هاوشانبووە كەزۆر لەوشتانەی رێزيان لێدەگيرا دەبوو لەناوبرێن بەقسەی فاينەر " حكومەتە تازەكان بەكردەوە لەگەڵ كەنارخستنی زۆر و رێگرتن لە خوێن ڕشتن و پاراستنی دەزگا ديموكراسييەكاندا ڕووبەڕووی ئەركی قورسی دابينكردنی خێراو دوای ئەويش پاراستنی ژمارەيەك لەريفۆرمەكان دەبوونەوە لەپێناوی يەكسانيی كۆمەڵاتی و ئابووريدا[٥]" فاينەر بەحسابكردن بۆناكۆكی توندی بيروباوەڕەكانی پەيوەست بەو ئامانجەی كەدەبێ پيادە بكرێ وتی ئەگەر بەردەوامی كۆمەڵگای سياسی پێويستە " هەردوولا دەبێ ئەوە بزانن كە حەق لای هەريەكێكيان نييە بەڵكو هەموويان پێكەوە لەسەر حەقن " بەواتايەكی دی بەهۆی ناكۆكی بيروباوەڕی ئينسانەكانەوە كێشمە كێش و رەنگە لەناوچوون و ئاوابوونيش ناچاريی بێت مەگەر ئەوەی كە پێويستی دامەزراندنی دەزگاكانی سنوورداركردنی بەتەواوی نيشان دابێت.

### ١-ماناو پێناسەی ديموكراسی

هەندێ لەتوێژەرانی سياسی، ديموكراسی نەك تەنها بەشێوەيەك لەحكومەت بەڵكو بەشێوەيەك لەدەوڵەتيش دەزانن. هەندێكی تر وەك فەلسەفەيەكی كۆمەڵايەتی ئاماژە بە ديموكراسی دەكەن بەباوەڕی هيرنشاو Hearnshaw لەحكومەتی ديموكراتدا سەراپای كۆمەڵ خاوەنی توانای





بالاترەو بالادەستی كۆتايی لە كۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە " ديموكراسی وەك فۆرمێك لە دەوڵەت تەنها شێوەی دامەزراندن و بەدەستەوە گرتن و بەركەنار كردنی حكومەتە " دايسی ئاوا پێناسەی ديموكراسی كردووە " لەديموكراسيدا بەشێكی گەورە لە گەل دەستەی فەرمانڕەوايە" بەقسەی ئيبراهام لنكۆڵن ديموكراسی " حكومەتی خەڵكە لەلايەن خەڵكەوەيە بۆ خەڵكەو بۆهەمووانەو لەلايەن هەمووانەوەيە " لە پێناسەكەی بريستدا بۆ ديموكراسی هاتووە " بريتييە لە و شێوەيەی حكومەت كەتيايدا دەسەڵاتی فەرمانڕەوايی دەوڵەت بەشێوەيەكی ياسايی نەك بەچينێك يان چەند چينێكی تايبەتی بەڵكو بەشێوەيەكی گشتيی بەهەمووئەندامانی كۆمەڵ سپێردراوە واتا لەو كۆمەڵگايانەدا كەهەڵبژاردن هەيە فەرمانڕەوايی بەدەست زۆرينەوەيە چونكە بۆ دياريكردنی ئاشتيخوازانەو ياسای ئيرادەی كۆمەڵگايەك كە يەكدەنگيی تێدا نييە هيچ شێوەيەكی ديكە لەئارادا نييە[٦] .

بەمپێيە هەروەك و ويڵسون وتويەتی " ديموكراسی لەهيچ دوو وڵاتێكدا يەكسان نييە " "لەرێگەی پەرەپێدانی نيشتمانييەوە بۆ يارمەتيدانی بەديهاتنی فۆرمی ديموكراسی حكومەت چەند بنەمايەكی جياوازو جۆراو جۆری هێناوەتە ئاراوە. راستە كە دەربارەی تايبەتمەنديی بنەمای ديموكراسی يەكدەنگيی هەيە بەڵام جياوازی باوەڕيش زۆرە " بەباوەڕی مەكايڤەر " ديموكراسی رێگای دياريكردنی حكومەتی زۆرينە يان غەيری ئەوە نييە بەڵكو لەبنچينەدا رێگەی دياريكردنی ئەوەيە كەچ كەسێك دەبێ حكوم بكات و لەبەركام ئامانجانە"[٧].

بەقسەی لينين ديموكراسی بريتييە لە شێوەيەك لەرێكخستنی سياسی كۆمەڵ كە تا ئەوپەڕی لەخزمەتی بەرهەم هێناندا بێت و پەيوەندييەكانی بەرهەمهێنانی كۆمەڵ دياری دەكات "

فراوانترین و گشتگیرترین چەمکی دیموکراسی چارلس مەریام خستویەتیە ڕوو تیایدا دەڵێت " دیموکراسی کۆمەڵێك ڕێسا یان تێزی گشتی ڕێکخستن نییە بەڵکو چوارچێوەیە کە لە بیروڕا و شێوەی کارکردن کە لەپێناوی خێروخۆشی گشتییدا دانراوە بەشێوەیەك کە ئیدارەی گشتیی ڕاڤەو ڕێنمایی دەکات "[٨].

بەمشێوەیە دیموکراسی هەم شێوەیەکە لەحکومەت و هەم فەلسەفەی پێکەوە ژیانە. حکومەتێکە کە تیایدا خەڵك یان زۆرینەیان خاوەنی دەسەڵاتی کۆتایی بڕیاردانن دەربارەی مەسەلە گرنگەکانی سیاسەتی گشتیی حکومەتێکی ئاوا بۆخۆی ئامانجێك نییە بەڵکو وەسیلەیەکە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی زۆر گرنگتر- ژیانێکی باش بۆ هەموو دانیشتوان، لایەنی زۆری ئازادی تاکەکەس لەگەڵ گرەنتی گشتییدا، ڕێساو خۆشگوزەرانیی زۆرترین ئیمکانیات بۆهەمومان گەشەکردنی تەواوی کەسێتی تاکەکان و بەشداریی کاریگەریی زۆرترین ژمارەی هاووڵاتیان لەحکومەتدا [٩]. بەواتایەکی دیکە دیموکراسی سیستمێکی سیاسی و فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییە کە زیاتر لەهەر سیستم یان فەلسەفەیەك، هەمەجۆریی بیروباوەڕ قبوڵ دەکات و تیایدا دەستاودەست کردنی دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگەی ئاشتیخوازانەوە ئەنجام دەدرێت و ئامانجەکەی بریتییە لە دابینکردنی لایەنی کەمی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان.

## ٢- بنەماکانی حکومەتی دیموکرات

تاپێش سەدەی نۆزدە دیموکراسی وەکو
سیستمی بنەما سیاسییەکان سەری هەڵنەدابوو بەڵام لەو کاتە بەدواوە بنەما بنچینەییە سیاسییەکانی لەخۆگرت. یەکەم بنەمای ئەم بنەما سیاسییانە دەستووری نوسراو بوو کەدیموکراسی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لەکاتی



شۆڕشەکانی ئەمریکاو فەرەنسادا وەکو پێویستی حکومەت دەریخست و نیشانەی سەرەکی گەشەکردنی بوو وەکو شێوەیەك لەحکومەت. حکومەتی دیموکرات بۆئاشکراکردنی داخوازی حوکمکراوەکان دەبێ خاوەنی دەزگایەکی دیاریکراو و سەقامگیربێت ودەستووری نووسراوئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات هەڵبەتە لەهەل و مەرجی تایبەتی مێژووییدا تەنانەت دەستووری نەنووسراویش وەکو هی بەریتانیا دەشێ لەخزمەتی ئامانجەکانی دیموکراسیدابێت. دووەم ئەندێشەی گرنگ دەربارەی حکومەت لە سیستمی دیموکراسیدا ئارەزووە بۆلایەنگیری حکومەتی یاسا کە مەعنای فەرمانڕەوایی یاسا دەگەیەنێت نەك فەرمانبەرەوایی خەڵك. دەستووری نوسراوو سەروەریی یاسا هاوئاهەنگ لەگەڵ ئیرادەی خەڵکدا پایەی بنچینەیی حکومەت دەهێننە ئاراوە. سێیەمین پێویستی بنەڕەتیی دیموکراسی وەکو شێوەیەك لەحکومەت بریتییە لەگەلاڵەنامەیەکی ماف بۆپارێزگاریکردن لەئازادییە تاکە کەسییەکان. چۆنێتی ئەم مافە. بابەتی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییە و هێزە مێژووییەکانی بەدیهێنەری کۆمەڵ پێکدەهێنن. بۆ نموونە دیموکراسی ئەمریکا لەنێوان یەکسانیی سیاسیی و یاسایی و نایەکسانیی ئابووریدا ناتەبایی نابینێ، ئەگەرچی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی بەشێوەیەکی ئاسایی و لاواز بەناپەسەند دەزانرێ. لەلایەکی ترەوە، دیموکراسی سۆسیالستی، موڵکایەتیی تایبەتی، سەرچاوە سروشتییەکان و پیشەسازییە سەرەکییەکان قبوڵناکات، هەروەها حەزی لەرکابەرایەتی ئازاد نییە وەکو فاکتەری پێشکەوتنی ئابووری. سەرئەنجام بوونی بونیادی دیموکراسی حکومەتی، پێویستە چونکە بەشداری زۆربەی ئەندامە باڵغەکانی کۆمەڵگای سیاسی دابین دەکات. لایەنە بنچینەییەکانی حکومەت بریتین لەمافی دەنگدان، فەرمانرەوایی زۆرینە، حکومەتی نوێنەرایەتی ( لەو شوێنەدا کەدیموکراسی ڕاستەخۆ نییە )

ویلسون وتویەتی ئەو لایەنە بنچینەییانەی حکومەت بەجیاو بەبێ بوونی حکومەتی دیموکراتیش هەبوون و پەرەسەندن و ڕەواجیان وەکو پێویست بەمانای بوونی حکومەتی دیموکرات نەبووە. بەڵام بەحساب کردنی بۆپەیوەستی لەگەڵ بنەما ناوبراوەکانی دیکەدا پایەکانی حکومەتی دیموکرات دەهێننە ئاراوە.

#### أ/ دیموکراسی وەک فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

مەسەلەی بایەخدان بەبیروباوەڕی خەڵك یان بیروبۆچونی گشتیی لایەنی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دیموکراسییە. دیموکراسی نوێ ئەوەقبوڵ دەکات کە ناکۆکییەکانی بیروڕای گشتیی شتێکی بنچینەییەو تەنها نیشاندەری جیاوازی لەماهیەتی بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەموو تاکەکاندا نییە. تاك وگروپەکان چەند ئامانجێکیان هەیە کە دەیانەوێت حکومەت ئەو ئامانجانەیان دابین بکات. لەناو حکومەت یان دەوڵەتیشدا هەوڵێك بۆئەو ڕوانینە هەیە کە"سەرنجی حکومەت بۆئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی بەرژەوەندییە ڕێکخراوەکان رابکێشێت" بەمپێیە، ئامانجی کۆمەڵایەتی دیموکراسی سیاسی لەماوەیەکی دیاریکراودا، هاوسەنگیی بەرابەریی سیاسیە.

تەواوی داخوازییەکانی ئازادی و یەکسانیی و برایەتی بەئاشکرا تەئکید لەفەلسەفەی کۆمەڵایەتی پەیوەست بەحکومەتی دیموکرات دەکەنەوە. دیموکراسی بنیاتنراو لەسەر دەستوور بەپێی یاسا ڕێگە بەئازادی دەدات و یاسا دەبێت (بەرهەمی پشتیوانی سیاسی ئەندامانی کۆمەڵ بێت ) یەکسانیی کەلەڕووی مێژووییەوە لەگەڵ دیموکراسیدا هاوشانبووە یەکسانیی پێشڕەویی یاساو یەکسانیی دەرفەتەکانە. بەڵام ئەم جۆرە یەکسانییە زۆر نەگونجاوە. باوەڕی گشتی ئەوەیە کە پرەنسیپی یەکسانیی دەبێ پەرەی پێبدرێ بۆ مەیدانی





ژیانی ئابووری و حکومەت لەم بارەیەوە دەبێ بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرێت. سەبارەت بەپرەنسیپی یەکسانیی هۆشیاریی ڕوو لەگەشەکردن ئەوەیە کەتەواوی داخوازییە دیموکراسییەکان تەنها لەکۆمەڵدا توانای ڕەنگدانەوەیان هەیە و ئەگەر خەڵك دەبێ ئازاد بن دەبێ لەڕێگای ژیاندا لەگەڵ یەکتریدا بن ئەگەر دەبێ یەکسان بن دەبێ لە هاوکاریی و هاریکاریی برایانەی کۆمەڵگای دیموکراسیدا بۆ یەکسانی بگەڕێن (تازە تەواوی داخوازیی دەوڵەتی خۆشگوزەران بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەدەسێنێ و خۆشەویست دەبێ و وادیارە دیموکراسی کۆمەڵایەتی ) ڕێگا دەکاتەوە تائازادی و یەکسانیی و برایەتیی دابین بکات، کەبیرو ڕای گشتیی بایەخیان پێدەدات.

ڕەنگە مایەی سەرنج بێت کە بزانین کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت وتیان کەدیموکراسی گشتگیر یان دیموکراسی بۆ هەموانیان لەوڵاتەکەیاندا بەرقەرار کردووە و ئیدیعاکەی خۆیانیان لەسەر ئەو بنەمایە بەیانکرد کە بەڕادەیەك یەکسانیی کۆمەڵایەتی و نەژادیی و ئابوورییان بەدیهێناوە کە لە سەدەی بیستدا لەهیچ جێگایەکی تر هەرگیز بەدی نەهاتووە. کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتە بنەما پەرلەمانییەکان و ڕەوتە دیموکراتەکانی خۆرئاوایان لەکۆمەڵگای چینایەتییدا هێندە بەمانادار نەدەزانی کەتیایدا کۆبوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری بەدەست چەند کەسێکەوەیە. لەلایەکی ترەوە باوەڕیان وابوو کە سیستمی شورایی بەشداریی تەواوەتی خەڵك لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ژیانیان فەراهەم دەکات و چەندان دەرفەتی فراوان بۆ داهێنانی تاکە کەس و چالاکی داهێنەرانە دەکاتەوە [١٠].

سەرئەنجام خەڵکی سۆڤیەت بەرەبەرە بەهای حوکمی یاساو باسی ئازادییان دیاری کرد.

لەرووی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە دیموکراسی سێ لایەنی هەیە

( کۆمەڵایەتی – ئابووری – سیاسی ) دەگوترێ هەتا کاتێك کەئەم سێ لایەنە لەکۆمەڵدا نەبێت دیموکراسی کامڵ نابێت. مەبەست لەلایەنی کۆمەڵایەتی دیموکراسی ئەوەیە کە نابێ لەسەر بنەمای چین، نەبوونی، مەزهەب و ئاین، ڕەنگی پێست و ڕەگەز جیاوازیی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت هەموو پیاوان و ژنان دەوڵەمەندو هەژار بەچاوپۆشی لەهەرجۆرە پێشداورییەکی چینایەتی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەکسانن و دەبێت بەیەکسانیی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت لەلایەنی ئابوورییەوە دیموکراسی مانای وایە کەدەبێ دابەشکردنی گونجاوی سەروەت و سامان لەکۆمەڵدا هەبێت ئەو جیاوازییە زۆرانەی لەسەر بنەمای سەروەت و سامان هەن نەمێنن. دیموکراسی ئابووری بەرەسمی دان بەمافی کار، پشوودان، کرێی عادیلانەو مافی بێ سنووری بەهرەمەندی لەژیان دەنێت لایەنی سیاسی دیموکراسی دەلیلی بوونی مافە سیاسییەکانە، یەعنی مافی دەنگدان، مافی رەخنە گرتن لەهەڵبژاردن و مافی گەیشتن بەپلەو پایە گشتییەکان. بۆخستنە گەڕی کاریگەرانەی ئەم مافانە، تاکە کەس دەبێت لەئازادی رادەربڕین، ئازادی رۆژنامەگەریی و کۆڕو کۆبوونەوەو هەموو ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکە بەهرەمەندبێ.

فەلسەفەی نوێی دیموکراسی، وەکو هەموو قوتابخانەیەکی دیکەی سیاسی، سەبارەت بەماهیەتی مرۆڤ و کۆمەڵ چەند پرەنسیپێك بەڕاست دەزانێت. لەگەڵ ئاماژەکردندا بۆئەوەی لەم بارەیەوە لەنێوان توێژەرە سیاسییەکاندا جیاوازی بیروڕا هەیە. دەتوانرێ بەکورتی ئەو پرەنسیپانە بژمێردرێ. هیرینشاو ئەم پرەنسیپانەی خوارەوەی وەکو پرەنسیپە راستەکانی دیموکراسی ژماردووە:

١- هەموو ئینسانەکان وەك پێویست عەقڵی ساغڵەمیان هەیە تاوەکو هاووڵاتیەکی هۆشیار ڕۆڵی خۆیان ببینن.

••••••



٢- مرۆڤ وەکو سروشتی خۆی کار ڕاستەو دەتوانرێ چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت بەباشی کارو ئەرکەکانی خۆی ئەنجامبدات.

٣- لەنێوان خەڵکدا هەستێکی بەهێزی پەیوەستەگیی هەیە.

٤- لەنێوان خەڵکدا ئیرادەی گشتیی هاوبەش هەیە. تائەو شوێنەی پەیوەندی بەپرەنسیپی دواییەوە هەیە، لەڕووی حسابکردنەوە بۆبەرژەوەندیی، دەبێ بوونی قازانجی جۆراوجۆر لەکۆمەڵگادا بەڕاشکاویی و بەڕەسمی دانی پێدابنرێ. بەمپێیە دیموکراسی مەسەلەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتییەو بیرەزاڵەکانی ئامانجی دیموکراسی لەهەرکاتێکی دیاریکراودا نیشاندەری هاوسەنگیی قازانجەکانە.

ڕودی و هاوکارانی لەگەڵ تەئکیدکردنەوەدا لەوەی کە دیموکراسی وەکو سیستمێکی حکومەتی ناتوانێت چاوپۆشی لێ بکات ئەو پرەنسیپانەیان ئاوا ژماردووە:

١- پەیرەوی مرۆڤ لەعەقڵ ولۆجیك.
٢- پەیرەوی مرۆڤ لەئەخلاق .
٣- یەکسانیی ئینسانەکان .
٤- توانای پێشکەوتنی مادی و مەعنەوی مرۆڤ .
٥- خوازیاریی حکومەتی خەڵك .
٦- پرەنسیپی ئازادی [11] .

••••••

## ٣- جۆرەكانی دیموكراسی

جۆرەكـانی دیموكراسـی لـەڕووی مێژووییـەوە "نوێەرایـەتی" ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بـوون. دیموكراسـی ڕاسـتەوخۆ لـە سەردەمی كۆندا لەشار- دەوڵەتەكانی یۆنان و ڕۆمـدا هـەبوون. ئـەمڕۆ دیموكراسی ڕاسـتەوخۆ وا لێكدەدرێتـەوە كەپەیوەنـدی بـەڕابردووەوە هەیـە. دیموكراسـی ڕاستەوخۆ تـەنها لەدەوڵەتـە زۆر بچوكەكاندا قابیلی جێبەجێكردنە كەژمارەی دانیشتوانیان چەند هـەزار كەسێكەو بەئاسانی دەتوانن لەجێگایەكدا كۆبنەوە، سیاسەتەكان بخەنـە بـەرباس و لێكۆڵینـەوە و ڕێكیبخـەن، لەهەنـدێ لـە كانتۆنـە بچووكەكانی سویسرا كە هێشتا ( كۆبونەوەی هەڵبـژاردن ) یـان تیایە هاووڵاتیانی باڵغ لەپیاوان لە ئەنجومەنی یەك شەممەندا لەنیسان یان لەمایسدا كۆدەبنـەوە و بەدەسـت بـەرز كردنـەوە نوێنـەرانی خۆیـان هەڵدەبـژێرن هـەروەها ئـەو هەنگاوانەش كە پێویستە دەنگی بۆ دەدەن و پەسەندی دەكەن.

حـاڵی حـازر دیموكراسـی ڕاسـتەوخۆ لـەبونیادەكانی ریفرانـدۆم و داهێنـانی جەماوەریـدا وجـودی هەیـە. ئـەم دەزگایانـە كـە لـە ئـەنجامی بوونیانـەوە تاكـەكان دەتـوانن بەرپرسـیارێتی كەمتەرخـەمی لـەكار و نوێنەرایەتیـدا لەپەرلـەمان لـە ئەسـتۆی خۆیـان دامـاڵن، لەسویسـراو هەنـدێ ویلایـەتی ئـەمریكا هـەن. لـەدوای جەنگی جیهانی یەكەم دیموكراسی راستەوخۆ لە لاتفیا – ئـەڵمانیا –ستوانیا – روسـیای سـۆڤیەتی و ئیرلەنـدا سـەریهەڵدا بـەڵام بێجگـە لەیـەكێتی سـۆڤیەت لەشوێنەكانی تر فەرامۆش كرا لەیـەكێتی سۆڤیەت، بـەپێی دەسـتوور بـەداهێنانی پرزیـدیۆمی ئەنجومـەنی بـاڵا لەمەسـەلەی یاسادانانـدا ئەگـەری پەنابردنـە بـەر ریفراندۆم هەبوو ئەگەرچی هەرگیز كاری پێنەكرا.

دیموكراسی ناڕاستەوخۆ (یان دیموكراسی نوێنەرایـەتی) لەدەوڵەتـە تازەكانـدا

••••••



كەڕووبـەریان فراوانـە و ژمـارەی دانیشـتوانیان زۆرە پیـادە دەكـرێ. بەمپێیـە دیموكراسی ڕاستەوخۆ چیتر قابیلی وێناكردن نییـە. لەڕاسـتیدا لـەم دەوڵەتانـەدا خـەڵك بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ، لەڕێگـەی نوێنـەرە هەڵبـژێردراوەكانی خۆیانـەوە، فـەرمانڕەوایی دەكـەن. خـەڵك بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ لەلایـەن نوێنـەرە باوەڕپێكراوەكـانی خۆیانـەوە ئـیرادەی دەوڵـەت ڕێكدەخـەن و تـەعبیری لێدەكـەن. بنـەمای ئـەم جـۆرە دیموكراسـییە لەسـەرپایەی ئەوەیـە كەسـەرەڕای ئـەوەی فـەرمانرەوایی هـی خەڵكـە، نوێنـەرەكانیان ئـەو فەرمانرەواییـە پیـادە دەكـەن، نوێنـەرەكان بەشـێوەی دەوریـی هەڵدەبـژێردرێن و لەبەرامبـەر ئـەو خەڵكـەدا بەرپرسـیارن كـەدەتوانن ئەگـەر بـەپێی چـاوەڕوانییەكانی ئـەوان كارنەكـەن لەهەڵبـژاردنی داهـاتوودا دەنگیـان نـەدەنێ و بیانخەنـە كـەنارەوە، بـەم شـێوەیە، نوێنەرەكان وەكو بـاوەڕپێكراوی خـەڵك فـەرمانڕەوایی خـەڵك دەكەن بـەڵام دەبێ لەبەرامبـەر ڕای گشـتییدا هەسـتیاربن بۆئـەوەی لەهەڵبـژاردنی داهـاتوودا لەنوێنەرایەتی نەخرێن.

شـایانی باسە كە لەدیموكراسـی نوێنەرایەتیـدا حزبـەكان دەورێكی ژیانییـان هەیـە، چـونكە ئـیرادەی خـەڵك ڕێكدەخـەن و لـەنێوان فـەرمانڕەواكان و حكومڕاواكانـدا وەكـو كـەناڵێكی پەیوەنـدی كاردەكـەن هەربۆیـە وتـراوە كـە دیموكراسی نوێنەرایەتی و حزبە سیاسییەكان دوانەن .

## ٤- كاراییەكانی دیموكراسی

دیموكراسـی لەجیهانـدا فـراوان بـووە و لایەنگرییـەكی زۆری بـۆ پەیدا بـووە و هـەموو ولاّتـە گرنگـەكانی دیموكراسـییان هەڵبژاردووە كە بۆتە هۆی بالاّبوونی بەم شێوەیە:

••••••

١- **کارایی حکومەت**: یەکێکە لەگرنگترین پێوەرەکانی بەهێزیی یان لاوازیی شێوەیەکی تایبەت لەحکومەت، کارامەبوونی ئەو حکومەتەیە. کارامەیی حکومەت بە شێوازی کارکردنی ئەوحکومەتە لەهەل و مەرجی ئاسایی و نائاسایی یان قەیراناویدا هەڵدەسەنگێنێت. بەڕاستی وتویانە کە ( هەڵبژاردنی گشتیی کۆنترۆڵی گشتیی و بەرپرسیارێتیی گشتیی ) کارایی دیموکراسی زیاتر لەسیستەمەکانی دیکەی حکومەت دابین دەکات خۆبەڕێوەبردن جەماوەر بەرەو دیسپلین دەبات و هەستی بەرپرسیارێتییان تێدا دروستدەکات و دەیانکات بە هاووڵاتی فیداکارو لەخۆبردوو.

٢- **دابین کردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان**: دیموکراسی تەنها شێوازی حکومەتە کە ئازادییە فەردییەکان دابین دەکات و لەڕێگەی دەستورەوە مافی هاووڵاتیان زامن دەکات جۆن ستیوارت میل لەسەر هەمان پایە پشتیوانی لەدیموکراسی کرد، ئازادی بیروڕاو رادەربڕین، ئازادی رۆژنامەگەریی و کۆڕو کۆبوونەوە هەندێك لەمافە مەدەنییە گرنگە زامن کراوەکانی خەڵك. دیموکراسی تاك بەبەهادار دەزانێ و دڵنیای دەکاتەوە کەدەرفەتی بەشداریکردنی دەبێت لەگەشەکردنی کۆمەڵدا. بەڕای لۆرانس لۆڤیل لەدیموکراسی تەواودا هیچ کەسێك سکاڵا لەوەناکات کەکەس گوێی لێ ناگرێت. بەقسەی هیرینشاو " دیموکراسی کۆمەڵێ دەمار بەهەرکەسێ دەگەیەنێ ولەنێوان ئەو کەس و سەنتەرەدا پەیوەندی دروست دەکات" و حساب بۆ بیروبۆچوونی هەموو کەسێك دەکات.

٣- **دابینکردنی یەکسانیی**: دیموکراسی خوازیاری یەکسانییە لەهەردوو بواری ئابووری و سیاسیداو مافی دەنگدان و رەخنە گرتن لەهەڵبژاردن و بەدەستهێنانی پلە و پایە گشتییەکان بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەك لەسەر بنەمای چین، ڕەنگی پێست، مەزهەب یان رەگەز قبوڵ دەکات. ئیمتیازاتی تایبەتی قبوڵ



ناکات. لە بواری ئابووریدا یەکسانیی دەرفەتەکان و ئاسایشی ئابووری بۆ خەڵك زامن دەکات. لەدیموکراسی ڕاستە قینەدا هەموو کەسێ مافی دابینکردنی لانی کەمی پێویستییەکانی ژیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هەیە.

٤- **فێرکردنی جەماوەر**. بەڕاستی دیموکراسی لەفێرکردنی گشتیدا ئەزموونێکی فراوانی هەیە.ململانێی هەڵبژاردن لەڕاستیدا فێرکردنێکی سیاسییە. لەهەڵبژاردنی گشتی یان لەهەر جۆرە هەڵبژاردنێکی دیکەدا، مەسەلە گشتییەکانی کاندیدە جۆراو جۆرەکان و دەنگ کۆکەرەوەکانیان مەسەلە گشتییەکان دەخەنە ژێر باس و لێکۆڵینەوە. بڵاوکراوەی تایبەت بەهەڵبژاردن بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوە. لەو کۆبونەوانەدا کە ئەنجام دەدرێن، سیاسەت و بەرنامەی حزبە جیاوازەکان روون دەکرێتەوە. لەم ڕێگایانەوە، خەڵك بەگشتیی لەرووی فیکری و سیاسییەوە هۆشیاری پەیدا دەکەن و دەنگدانی ئەوان نیشانەی ئەو بایەخەیە کە بەو حزب و کاندیدانەی دەدەن کە سیاسەت و بەرنامەکانیان بەدڵە. ئەم جۆرە هۆشیاری و بەشداریکردنە ئاستی فیکریی خەڵك بەرز دەکاتەوەو توانای تێگەیشتنی هاووڵاتیان لەکاروباری وڵات زیاد دەکات بەقسەی بورنس :Burns "هەموو حکومەتەکان شێوەیەکن لەفێرکردن بەڵام باشترین فێرکردن خۆفێرکردنە، بەمپێیە باشترین حکومەت حکومەتی خۆماڵییە کە دیموکراسی بێت".

٥- **پتەوکردنی نیشتمانپەروەریی**: دیموکراسی بە بەرەودان بە هەستی خۆشویستنی وڵات لەناو خەڵکدا پەرە بە نیشتمانپەروەریی دەدات. کاتێ بواری هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیان بەخەڵك دەدرێ، هەستدەکەن لەوڵاتەکەیاندا جێگایەکیان هەیە. فەرەنسییەکان هەتا شۆڕشی ١٧٨٩ کەمۆڵەتیان پێدرا لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتی باوو باپیرانیاندا بەشدارییەکیان هەبێ، هەرگیز

هەواڵنامەی کتێب

برەویان بە خۆشەویستی وڵاتەکەیان نەدابوو. هێرشی عیراق بۆ سەر ئێران، هەستی نیشتمانپەروەرانەی خەڵکی ئێرانی بەجوانی نیشاندا کە لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧-١٩٧٩ چارەنووسی وڵاتەکەیان بەدەستەوە گرتبوو.

٦- **دابینکردنی سەقامگیریی حکومەت.** دیموکراسی لەمەترسییەکانی شۆڕش پارێزراوە چونکە حکومەتێکە لەڕێگەی هاندان و ڕەواجپێدانی وتووێژو دیالۆگەوە دامەزراوە. کاتێ خەڵك بتوانن لەرێگەی ( متمانە لێسەندنەوە ) یان لەرێگەی دەنگدانەوە حکومەتەکەی خۆیان بگۆڕن، ئیتر پێویست ناکات لەدژی ئەو حکومەتەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە دەستبدەنە توندوتیژیی. دیموکراسی بەهەوڵدانی بۆنەهێشتنی نابەرامبەریی ئابووری ئەگەری ناڕەزایی ناهێڵێ و کۆمەڵگاش لە کودەتا بەدوور دەگرێ.

٧- **دیسپلین و پێشکەوتن.** دیکاتۆریی دیسپلین دابین دەکات، بەڵام پێشکەوتن‌و پەرەپێدان پشت گوێ دەخرێت. دیموکراسی تاکە شێوازی حکومەتە کەتیایدا، جگە لەپاراستنی ئاسایش و نیزام لەوڵاتدا، خۆشگوزەرانیی خەڵك ئامانجێتی و توانای پێشکەوتنی خەڵك لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا زیاد دەکات.

٧- **بەهای خەڵک.** دیموکراسی بەقبوڵکردنی بەهای تاکەکەس، هانی پێشخستنی دەسپێشخەریی و بێباکی دەدات و هەستی بەرپرسیارێتی لای تاکەکەس پەروەردە دەکات. بەقسەی جۆن ستوارت میل "دیموکراسی لەحکومەتەکانی دیکە باشتر، شێوەیەکی باشتر و بەرزتری سیمای نیشتمانی دەهێنێتە ئاراوە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی گەورەیی بەتاك دەبەخشێ. بەقسەی بیرکەر: "دیموکراسی فیکر و ئیرادەی خەڵك زیاد دەکات، داوای یارمەتییان لێدەکات و لەو ڕێگایەوە وەکو کەسێك یارمەتیان دەدات"[١٢] بۆپاراستنی تواناکانیان لە هیچ فۆرمێکی دیکەی حکومەتدا خۆدروستکردن





هێندەی فۆرمی حکومەتی دیموکراسی ئاسان نییە. بە رای لۆرانس لۆڤیل: " لەماوەیەکی دوورو درێژدا باشترین حکومەت ئەو حکومەتەیە کەخەڵك لەبواری ئەخلاق و راستی و دروستی هەوڵ و کۆشش و پشت بەخۆبەستندا بەشێوەیەکی تۆکمە رابێنێ" بێگومان دیموکراسی هەموو ئەم ئەرکانە جێبەجێدەکات.

٨- **حکومەتی پسپۆران و نوێنەرانی خەڵکە:** کارایی بەتەنیا بەس نییە.حکومەتی پسپۆران و زیهن گومڕا دەکات و رەواج بەجۆرە بیرو بۆچوونێکی نەگۆڕو لەقاڵبدراو دەدات لای کاربەدەستانی حکومەت. دیکتاتۆریی و پاشایی و ئەستۆکراتەکان پشت بەپسپۆران دەبەستن، کە بەدژواریی ئاگایان لەپێویستییەکانی خەڵکەو هیچ هەوڵێك نادەن بۆئەوەی بزانن خەڵك چۆن بیردەکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە دیموکراسی دەتوانێت لەڕووی پسپۆرییەوە سوود لەپسپۆران وەربگرێت، ئەگەرچی بڕیاری کۆتایی لەئەستۆی نوێنەرانی خەڵکدایە. کارمەندانی وڵات لەژێر چاودێریی ئەو وەزیرانەدا کار دەکەن کەلەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون. ئەم بارودۆخە توانای خەڵك زیاد دەکات بۆسوود وەرگرتن لەخزمەتگوزاریی پسپۆران، بەڵام بڕیاری کۆتایی بەدەست ئەو وەزیرانە نییە کەخەڵك هەڵیان بژاردون و رای خەڵك دەزانن. لەم حاڵەتەدا پەیوەندییەکی بەهادار لەنێوان حکومەت و خەڵکدا دێتە ئاراوە. لەڕاستیدا حکومەتی خۆماڵی هەزاران جار لەحکومەتێکی باش و کارامە باشترە کە ڕەگەزی نوێنەرایەتیی تێدا نییە.

٩- **فێرکردنی هاووڵاتیان:** ئەلێکسی دوتوکویل، بیریاری بەناوبانگی فەرەنسی تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە یەکێك لە گرنگترین ئیمتیازەکانی دیموکراسی ئەوەیە کە وەکو قوتابخانەیەکی فێرکردن کار بۆهاووڵاتیان دەکات. دیموکراسی مافی دەنگدان و ناڕەزایی دەربرین لەهەڵبژاردن دابین دەکات و بەکارهێنانی



هەواڵنامەی کتێب

راست و دروستی مافی دەنگدان و ناڕەزایی دەربڕین لەهەڵبژاردندا فێری هاووڵاتیان دەکات. ئەم جۆرە دەرفەتە هیچ فۆرمێکی دیکە لەحکومەت فەراهەم ناکات. گیتیل نووسیویەتی: گرنگترین باشیی هەرفۆرمێك لەحکومەت، بریتییە لە زیادکردنی فەزڵ و هێزی هۆشمەندیی خودی خەڵك یەکەم تێبینی لەبڕیاردانددا سەبارەت بەسیفەتە باش و شایستەکانی شێوەیەکی دیاریکراوی حکومەت ئەوەیە کە تاچ ڕادەیەك دەیەوێت تایبەتمەندی فیکریی و ئەخلاقی لەهاووڵاتیاندا دروستبکات.

١٠- **فۆرمی شیاوی حکومەت**: دیموکراسی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە هیچ کەسێ لەهەڵە بێبەری نییە و ئەگەری ئەوە هەیە هەموو کەسێ هەڵە بکات، بەهەمان شێوە کەهیچ کەسێ ناتوانێ ئیدعای ئەوە بکات کە بێخەوشە. دیموکراسی ڕەوتی دایەلۆگ و ڕەخنە قبوڵ دەکات. کارل پۆپەر وتویەتی: بۆچوونی مەعقول "هاوشانی ئەو بیرو بۆ چوونەیە کە هەموو کەسێ قابیلی هەڵەکردنە و بەرەخنەی کەسانی دی دەتوانێ پەی بەوەبەرێت. بەمپێیە، نابێ هیچ کەسێ داوەری خۆی بێت" ڕەوتی بەردەوامی دیالۆگ و وردبینی وەکو ریفۆرمسازێکی پێویست بۆ ڕێگرتن لەخراپ بەکارهێنانی یان ڕێگرتن لەبەهەڵەدا چوون لەداوەرییدا بەکاردێت و تەئکید لەخەسڵەتی عاقڵانەی حکومەتی دیموکرات دەکاتەوە .

١٢- **ڕێزنەگرتن لەدەسەڵات**. مەك ئایڤەر باوەڕی وایە کەدیموکراسی پەیوەندی بەسایکۆلۆجیای دەسەڵاتەوە نییە. دیموکراسی چاودێری هەمەلایەنە پەسەند دەکات و نایەڵێت هەستی دەسەڵاتخوازیی لای چینی فەرمانڕەوا بەرەو پەیدا بکات. لەدیموکراسیدا، حکومەت دەستێکی ئەمینە، هەربۆیە چینی فەرمانڕەوا تووشی کەڵکەڵەی ئەوە نابێت دەسەڵات پیرۆز بکات و ڕێزی لێ بنێت.

••••••



دەتوانرێت ئەو ئەنجامە بەدەست بێنرێت کەدیموکراسی پارێزەری مافەکانی خەڵکە، پاڵنەری گەشەکردنی فیکریانە، بریتییە لەرێگرتن لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بانگەواز بۆ چاخێکی سەقامگیر، بریتییە لەئەمن و ئاسایش و خۆشگوزەرانیی لەڕووی ئابورییەوە.

## ٥- کەم و کورتییەکانی دیموکراسی

لەگەڵ ئەوەشدا کەوا دێتە بەرچاو

تواناو کارایيەکانی دیموکراسی تەواو پربایەخن و مەیلی تایبەتی بۆ حکومەتی دیموکراسی لەجیهاندا، لەفۆرمی حکومەتەکانی دیکە لەپێشتر و باڵاتری دادەنێ، بەڵام لەڕەخنە بەدەرنییە. لەخوارەوە لە هەندێ لەکەموکورتییەکانی دیموکراسی دەکۆڵینەوە:

١- **حکومڕانی نەزانینە**: ئەرستۆ، باوکی زانستی سیاسەت، دیموکراسی وەکو شێوەیەکی گەندەڵ و گومڕای حکومەت، جۆرێك لەحکومڕانی خەڵکی نەزان، مەحکوم کرد. ئەفلاتونیش مامۆستای ئەرستۆ دیموکراسی بە حکومڕانی نەزانین ناوبرد. لێکی Lecky ئاواوەسفی دیموکراسی کرد " حکومەتی هەژارترین و نەزانترین و بێتواناترین کەسانێکە کە زۆر زیادیشن " لەدیموکراسیدا دەنگەکان دەژمێرن نەك ئەوەی هەڵیانسەنگێنن زۆرینە لەکۆبوونەوە و دەزگاکانی داوەریی و کابینەکاندا بەشێوەیەك بڕیاردەدەن کە ڕەنگە هۆشمەندان بن بەکەمینە و بخرێنە کەنارەوەو گێلەکان کارەکان بەڕێوەبەرن. ئەوساش، نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی خەڵك خاوەن پیشەیەکی بێدەسەڵات و بێئەزموونن. شارەزایی بەڕێوەبردن و هۆشیارییەکی پراکتیکییان نییە.

٢-**داواکردنی سامان**: زۆربەی دیموکراسییە نوێکان، سەرمایەدارین، ئەم

••••••

ديموكراسييانه پشتيوانيی لەچينە خاوەن سامانەكان دەكەن. دەنگی كاڵای قابيلی فرۆشتنەو ئەوەی زيادكردنی بۆ دەردەچێت دەتوانێت بيكڕێت. بەئاشكرا كۆمەڵێ دەوڵەمەند و بازرگان يان سەرمايەدارە گەورەكان دەيكڕن و لەكۆتاييدا حكومەتەكان دەخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆيانەوە. ئەمانە چاپەمەنی و تريبيۆنەكان بەكاردەهێنن بۆئەوەی بۆ ئەو سياسەتانەی خۆيان دەيانەوێ پشتيوانييان بەدەست بێنن. حزبە سياسييەكان بەپارەی ئەمان كاردەكەن. زۆربەی سياسەتمەداران ئامرازێكی گونجاون بەدەست دەوڵەمەندەكانەوە. بريس ئاماژەی بۆئەنجامی زيانبەخشی " دەسەڵاتی پارە لەسياسەت "دا كردووەو تەئكيدی لەوە كردۆتەوە كەپارە ڕێ لە كاری دەسەڵاتی جێبەجێكردن و دەسەڵاتی ياسادانان دەگرێ و ديموكراسی گەندەڵ دەكات. ماركسييەكان، ديموكراسی ئەمريكايان ناوناوە " ديموكراسی پەرستنی دۆلار " لينين دەربارەی مافی دەنگدانی ديموكراسی سەرمايەداری وتويەتی " لەكۆمەڵگای چينايەتيدا، مافی دەنگدان سەرابێك و سەرچاوەيەكی ناواقيعييە، ئەوەی واقيعەو هەيە پارەو سەرمايەيە. بە واتايەكی ديكە، لە ديموكراسيدا شێوەی سيستمی سياسی ديموكراسييە بەڵام ناوەڕۆكەكەی بريتييە لەحكومەتی دەوڵەمەند و سەرمايەداران " بە باوەڕی ماركسييەكان ديموكراسی راستەقينە تەنها لەجێگايەك دەپشكوێ كە سەرمايەداريی لەناوچووبێ و نايەكسانيی نێوان سەرمايەداران و هەژاران گەيشتبێتە كەمترين ڕادە.

٣- **نەبوونی حكومەتی زۆرينە:** ڕەخنەگران لەديموكراسی باوەڕيان وايە ديموكراسی چيتر حكومەتی زۆرينە نييە. جاری وايە ژمارەی ئەو دەنگانەی كەحزبی دەسەڵاتدار بەدەستيان دەهێنێ لەژمارەی دەنگەكانی حزبی ئۆپۆزسيۆن كەمترە. بۆنموونە حزبی كاری بەريتانيا، كە لە راپرسيی دوای دووەم جەنگی



جيهانيدا سەركەوتنی بەدەست هێنا. لەحزبی پارێزگاران زياتری دەنگ نەهێنا. بەمپێيە ڕەنگە ديموكراسی هەميشە حكومەتی زۆرينە نەبێت.

جگە لەمەش دەسەڵاتی عەمەلی چەند بەرپرسێك بۆخۆيانی قۆرغدەكەن، كە "فەرماندەی باڵا" و " كۆميتەی حزبی "يان مەكتەبی سياسی حزب پێكدەهێنن، لەكاتێكدا كەباقی ئەندامەكانی تری حزب تەنها بەشوێن پێی ئەواندا دەڕۆن. كارلايل ديموكراسی بەحكومەتی "هەلپەرستان و فێڵبازەكان" ناوبرد. گۆدوين "Godwin" ديموكراسی بە "حكومەتی ديماگۆگی و مشەخۆر و سەرۆكی حزبەكان " ناوبرد. ڕەخنەگرێك لەديموكراسی ديموكراسی وەكو " حكومەتی سياسەتمەداران ، لەلايەن سياسەتمەدارانەوە، بۆسياسەتمەداران" وەسف دەكات. بەباوەڕی رۆبەرت ميشيليز "Robert Michels" كارو دەزگا حزبيەكان پەيڕەوی لە " ياسای ئاسنينی ئۆليگاريشی " دەكەن. ميشيليز كەلەپێشڕەوانی كۆمەڵناسيی سياسييە، لە لێكۆڵينەوە بەناوبانگەكەی خۆيدا بۆسياسەتی ناوەوەی حزبی سۆسيال ديموكراتی ئەڵمانيا يان حزبە سياسييەكان دەستە واژەی "ياسای ئاسنينی ئۆليگاريشی" بەكارهێناوە. ئەم دەستەواژەيە بەشێكە لەبيری گشتيی ميشيليز كەهەموو گروپە ڕێكخراوەكان، ئايا دەوڵەت يان حزبی سياسی سەنديكای بازرگانی يان هەرچييەك بن، بەشێوەيەكی زاتی بە ناديموكراسی دەزانێ. بەڵگەی ميشيليز ئەوەيە كە بۆ ئيشی كاريگەر لەكۆمەڵدا ڕێكخراو پێويستە بەناچاری پێويستی بەبيروكراسييەو بيرۆكراسيش دەسەڵات بەدەستی چەند كەسێكدا لەسەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتدا كۆدەكاتەوە. بەڕای ئەو "ديموكراسی بەبێ ڕێكخراو قابيلی وێناكردن نييە" و بەمپێيە، ئەو ئارەزووانەی خوازياری ئۆليگاريشين لەديموكراسيدا وجودی هەيە. هەروەها دەربارەی پەيوەندی نێوان ديموكراسی و ڕێكخراو نوسيوويەتی:

( ئەو چینەی کە لەبەرامبەر کۆمەڵدا ئاڵای پڕوپاگەندە تایبەتییەکانی خۆی بەرز دەکاتەوەو سوورە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵێک لەجیهانبینی یان ئەندێشەکانی خۆی بگەیەنێتە قۆناغی بەدیهاتن کە لەکردەوە ئابوورییەکانی ئەوچینەوە سەرچاوە دەگرێت، بەناچاریی پێویستی بەڕێکخراوێکە. بەدەر لەوە کەپڕوپاگەندە ئابووری یان سیاسییەکان لەئارادابن، ڕێکخراو وەکو تاکە وەسیلەیەک دێتە بەرچاو کە دەتوانێت ببێتە هۆی بەدیهێنانی خواست و ئامانجێکی دەستەجەمعی. لەوێوە کە ئەو خواستە دەستە جەمعیە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی خەرجی کەمتر وەستاوە یان بەدەربڕینی قسە سەبارەت بەدەست پێوەگرتن لەئارادایە، ڕێکخراوەکە وەکو چەکێ لەدەستی هەژارەکاندایە کە بۆ خەبات لەدژی دەوڵەمەندەکان بەکاردێت ).[١٣]

بەمپێیە ئەو کەسانەی کە لەناوڕێکخراوەکەدا دەسەڵاتیان هەیە و حکومەت بەڕێوەدەبەن و لەهەل و مەرجێکی ئاوادا قسەلەسەر حکومەتی زۆرینە بێهودەیە.

٤- گومان سەبارەت بەبنەمای نوێنەرایەتی لەدیموکراسیدا.

دیموکراسی باوەڕی بەهەڵبژاردنی نوێنەر هەیە لەسەر بنەمای دابەشکردنی وڵات بۆچەند ناوچەیەك. باوەڕی وایە کە ئەو ئەندام پەرلەمانەی کە لەبازنەیەکی تایبەتی هەڵبژاردندا هەڵبژێردراوە، نوێنەری هەموو یان زۆرینەی دەنگدەرانی ئەو بازنەیەیە، بەڵام بەلای ئەو نوێنەرەوە ئەوە کاری کردە نییە کەئەو بەکردەوە نوێنەری هەمووان بێت لەهەموو مەسەلەکاندا. لەباشترین حاڵەتدا تەنها دەتوانێت نوێنەری پیشەکەی خۆی یان هی چینەکەی خۆی بێت. مافناسێك چۆن دەتوانێت نوێنەری مامۆستایان و ئاسنگەران یان پێلاوفرۆشان بێت. دەتوانرێ ئەوە قبوڵ بکرێ کەلەهەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتییدا ئەو کەسە نوێنەری ئەمانەیە، بەڵام ئایا دەتوانێ لەهەموو مەسەلەکاندا نوێنەریان بێت؟ هەربۆیە وتویانە نوێنەرایەتی وەزیفی دەبێت جێگەی نوێنەرایەتی لەسەر بنەمای دابەشکردنی وڵات بگرێتەوە، لەجیاتی پەرلەمان دەبێت

••••••



ژمارەیەك لەو نوێنەرانە هەبن کە هەریەکەیان سەروکارییان لەگەڵ لایەنێکی تایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، بەمپێیە تەنها نوێنەرایەتی وەزیفی راستەقینە و دیموکراسین.

**٥-خراپ بەکارهێنانی پرەنسیپی یەکسانیی:** لەدیموکراسیدا یەکسانیی زۆر تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە و لەسەر ئەو گریمانە درۆینە بنیات نراوە کەهەموو ئینسانەکان لەئامادەییدان بۆ بەشداریکردن لەحکومەتدا، هەرچەندەش بەهای واقیعیان یان توانای زیهنیان هەبێت، یەکسانن. هەربۆیە، مافی دەنگدان بەهەموان دراوە و لەدیاریکردنی سیاسەتەکانی حکومەت یان هەڵبژاردنی کاربەدەستاندا ڕای کەسی زیاتر لەوی تر بەهای نییە. ئەم جۆرە یەکسانیە لەڕووی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵەوە چارەنوسسازە ،چونکە بایەخدان بەفێرکردن و زانستی پسپۆری دیموکراسی دەکات بەحکومەتی نەزان و نەشارەزاو بێتواناکان .

**٦-فێرکردنی درۆینە:** رەخنەگران لەدیموکراسی دەڵێن دیموکراسی دەبێتە هۆی فێرکردنێکی مەدەنی ناڕاست .ململانێکانی هەڵبژاردن زۆربەیان ساختەن. راستییەکان زیادەڕەوییان تێدا دەکرێت. یان زۆر جار دەشێوێنرێن دەنگدەران بەدەگمەن وێنەیەکی راست سەبارەت بەبەرنامەی حزب و سیفەتەکانی ئەوڕێبەرەی داوای پلەیەك دەکات لەدەزگای یاسادانان یان کابینەدا بەدەست دەهێنن. لەڕاستیدا، دیماگۆگییە زیرەکەکان کەبەقسەی جوان و پڕ زرینگانەوە بەڵام زۆر جار بێماناو بێبنەما خەڵك بۆ دەنگدانی پۆزەتیف و نێگەتیف بۆ ئەم حزب و ئەو حزب بانگهێشت دەکەن، ئەو خەڵکە هەڵدەخەڵەتێنن. بەهەمان شێوە، لەناو ئەو خەڵکەدا هەستێکی درۆینە سەبارەت بەیەکسانی و هەڵەی زەین دەهێننە ئاراوە کە بۆ حکوم کردنی وڵات وەکو هەموو کەسێکی دیکە گونجاون.

••••••

هەواڵنامەی کتێب

**٧-بەرگرتن لەپێشەکەوتنی زانستیی و هونەریی و ئەدەبیی:** خەڵك کەبەشێوەیەکی گشتی روانینێکی موحافیزەکارانەیان هەیە. دژی پێشکەوتنی وڵاتن لەڕووی زانستەوە خەڵك زۆر بەدەگمەن گوێ بە پەرپێدانی پەیوەندییەکان و هونەر و تەلارسازیی دەدەن. بەڕای بورنس " هەرمەدەنیەتێ کە دیموکراسی دەخوڵقێنێ بێبایەخ و ناوەنجی و لێڵ و تاریکە "

**٨- دودڵی لەبەهای ئەخلاقی دیموکراسیدا:** دیموکراسی لەڕووی ئەخلاقیەوە خەڵك مایە پوچ دەکات ئەو ململانێ پڕ تەزویرو بوختان ئامێزەی کە حزبە سیاسییەکان دەیکەن نەك تەنها مەسەلەکان سووك دەکات، بەڵکو گەندەڵیش زیاد دەکات. دیموکراسی وا لەڕێبەران دەکات کە پرەنسیپ یان مەرامی ئەخلاقی لەدەستبدەن و خەڵکیش دەکات بە مرۆڤی ئامێریی. دەزگای بەڕێوەبەریش گەندەڵ دەبێ، بریس لەفەسڵێ لەنووسینەکەیدا بەناونیشانی " دەسەڵاتی پارە لەسیاسەتدا " داکۆکی کردن دەربارەی کاریگەریی گەندەڵی ئامێزی پارە لەدیموکراسیدا لەسەر دەنگدەران و یاسادانەران و کاربەدەستە ئیدارییەکان و حاکمەکانیش باسێکی دوورو درێژی هەیە.

**٩- دژایەتی تاکێتی و ئازادی:** دیموکراسی رێگای ئازادی بیرکردنەوە دەگرێ و عەقڵ ون دەکات ، لەکۆمەڵگای دیموکراسیدا بیریاری راستەقینە گاڵتەی پێدەکرێت یان نادیدە دەگیرێ. سوکرات لەسەر داوای پێڵاو درویەك دادگایی کراو ناچار کرا ژەهری " شەوکەران " بخواتەوە و " چەرم بەسەر زانستدا سەرکەوت" هیندۆسێکی رەگەزپەرست لەگەڵ بەرنامەکانی گاندیدا نەبوو، لەدژی رەگەزپەرستیی ئەم پیاوەی تیرۆر کرد. بەمپێیە دیارە کەجەماوەر یان خەڵك ئەو کەسانەیان خۆشناوێ کەپابەندی پرەنسیپن تەنانەت ئەگەر کەسێك بیەوێ سوود لە حزب وەربگرێت دەبێ شووناسی خۆی لەو حزبەدا بتوێنێتەوە .

••••••

**١٠-باڵا دە ستی بەرژەوەندیی ناوچەیی بەسەر بەرژەوەندی نیشتمانییدا:** هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و پشتیوانی بەشێوەیەکی گشتی چەند زیانێ بەخۆشگوزەرانی میللەت دەگەیەنێ. نوێنەرەکان لەپێناوی دابینکردنی زۆربەی بەرژەوەندییەکاندا بۆ بازنەی هەڵبژاردنەکەی خۆیان لەگەڵ یەکتریدا ململانێ دەکەن بەمپێیە بەرژەوەندی گشتی و هاوبەشی میللەت لەبەرخاتری بەدەستهێنانی ئیمتیازی ناوچەیی نادیدە دەگیرێ.

**١١-خەرجی زۆرو زەوەندەی حکومەت:** وتراوە کەدیموکراسی پرخەرجترین شێوەی حکومەتە. پارەیەکی زۆر بۆبانگەشەو بەرێوەبردنی هەڵبژاردن خەرجدەکرێ لەوڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکو ئەمریکادا، ملیۆنەها دۆلار لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆك و ئەنجومەنی پیراند خەرج دەکرێ. لەوڵاتە تازە پێگەیشتوو هەژارەکانیشدا بارودۆخەکە بەهەمان شێوەیە ئەو پارە زۆرەی کەبۆ هەڵبژاردن و نوێنەرەکان خەرجدەکرێ دەتوانرێ باشتر سوودی لێوەربگیرێ و لەبواری بەرهەمهێنانی نیشتمانییدا سەرمایەگوزاری بکرێت.

**١٢-دژایەتیکردنی کامڵبوون:** وتراوە کەدیموکراسی هیوایەکی بایۆلۆژییە هەرچەندە گەشەبکات زیاتر چڕدەبێتەوە و رێ لە کامڵبوونی هەمەلایەنە دەگرێ. سیستمێکی ناوەندی دەماریی نییە. لەبوونەوەری زیندوودا مێشك شوێنێکی دیاریکراوی هەیە. لەدیموکراسیدا، مێشك لەهەموو جێگایەکدایە، مەبەست لەوەیە کە جڵەوی حکومەت نابێ بەدەست هەموانەوە بێت و دەبێ بەکۆمەڵێ کەسی هۆشیار بسپێردرێ کەتوانای بیرکردنەوەو بەرنامەرێژیان هەیە دیموکراسی بەخەڵکانێك دەسپێردرێت کەنائاگان و توانای سیاسیان نییە. لەم ڕووەوە دیموکراسی دەبێ بەرێبازی کەسانی بێ دەسەڵات.

قوتابخانەی بایۆلۆژی بۆ سیستمی دیموکراسی خاسیەتێکی نازانستی دیاری

••••••

هەواڵنامەی کتێب

دەکات. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە جیاوازییە زیهنی و ئەخلاقییەکانی خەڵك وا لێك دەدەنەوە کە لە بۆماوەوە سەرچاوە دەگرێ و باوەڕیان وایە نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەنگدانەوەی جیاوازی سروشتی تواناکانە. وەك دوگال وتوویەتی " توانای گەشەکردنی زیهنی و فیکریی سیفەتێکی بۆماوەییە و پەیوەندی نزیکی بەپێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە " بەپێی ئەم بۆچوونە نابێ هەموو کەسێ بەیەکسان ببینرێ و لەبواری سیاسەتدا یەك پێگەی یەکسان بۆ هەموان قبوڵبکرێ مافی هەموان بۆدەنگدان بەچاوپۆشی لەنابەرامبەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕەنگدانەوەی بەرابەریی هەموانە.

١٣- **حوکمڕانیی عەوام:** دیموکراسی حوکمرانی عەوامە. لەدیموکراسیدا سەبارەت بەمەسەلە جۆراو جۆرەکان بەدەنگی زۆرینە بریار دەدرێ. کابینە و دەزگاکانی دادوەریی و دادگاکان بەدەنگی زۆرینە بڕیار دەدەن. حزبە سیاسییەکانیش لەکۆمەڵە خەڵکێ پێکهاتوون کە بەدەنگی زۆرینە بڕیاردەدەن. ئەو کەسانەی کە لەگروپێکدا دەنگ دەدەن یان دەنگ بە گروپێك دەدەن تایبەتمەندییە راستەقینەکانی خۆیان لەدەست دەدەن و خۆیان لەگروپەکەدا دەتوێننەوە.

١٤- **ناسەقامگیریی حکومەت :** دیموکراسی تاکاتێ سەقامگیرە کەهەمووان لەگەڵیدا بن. زیهینی لەپێشبینی نەهاتووی هەمووان ڕەنگە لەهەرکاتێکدا لەدژی حکومەت راپەڕێ لەسەر تەختی دەسەڵات لایبەرێ. بەتایبەتی لە و وڵاتانەدا کە سیستمی فرە حزبییان تێدایە، حکومەت لەشەوو ڕۆژێکدا دەگۆڕێ وتراوە " فەرەنسییەکان بەهەمان شێوە کەزوو بەزوو کراس دەگۆڕن، وەزیر دەگۆڕن " ماوەی ناوەنجی تەمەنی وەزارەتێ لەفەرەنسا تەنها نۆ مانگە. هێنرێ ماین باوەڕی وابوو لەو کاتەوە کە دیموکراسی سەری هەڵداوە، هەموو فۆڕمەکانی حکومەت





لەجاران ناسەقامگیرترە.

١٥- **هاندانی ململانێی چینایەتیی:** کاتێ دەوڵەمەندەکان لەبەرامبەر هەژاران و بێنەوایاندا بن، هەڵبژاردن دەبەنەوە کاتێکیش لەدەسەڵاتدا بن چەند یاسایەك پەسەند دەکەن کەبەقازانجی سامان کۆکردنەوە بێت. ئەم رەفتارەی بەقازانجی چینی سەرمایەداران ڕەواج بە مەسەلەکان دەدات ململانێی چینایەتی توند دەکات و نەهامەتییەکانی ژیانی هەژاران زیاتر دەکات. دیموکراسی تۆوی ناڕەزایی لەنێو جەماوەری هەژاراندا دەچێنێ و ڕەنگە ئەم ناڕەزاییە ببێتە هۆی بەرپا بوونی شۆڕش.

١٦-**خراپی سیاسەتی حزبی:** حزبەسیاسییەکان بۆ دیموکراسی پێویستن. بەڵام لەگەڵ بێبەشکردنی ئەو کەسانەدا کەتوانایان هەیە لەگەیشتن بەپلەو پایە سەرەکیەکانی وڵات و بەدانانی ئەندامانی حزب لەو پلەو پایانەدا هەتا ئەگەر باری ئابووریان مامناوەندیش بێت ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕن. ئەم کارانە کەوەکو خەوش بەسەرناوی دیموکراسییەوە بەشێوەیەکی فراوان ئیدانەکراوە دەبێتەوە هۆی لەوناوچوونی سیستمەکە. بەڕای بریس، حزبە سیاسییەکان رەواج بە پووچیی و ڕیاکاریی دەدەن و پێوەرە ئاکارییەکان لەناو دەبەن. میشیلیز باوەڕی وابوو کەحزبەکان یاسای ئاسنینی ئۆلیگاریشی ( دارایی ) بە پێویست دەزانن، واتە ڕێبەران بڕیاردەدەن و ئەندامانی حزب بەئاسانی تەسلیم دەبن. ئەم جۆرە بەئامرازبوونەی جەماوەر لەبەرامبەر ڕێبەراندا دیموکراسی بەرەو گاڵتەجاریی دەبات. بانگەشەی هەڵبژاردن خەڵك گومڕا دەکات گیانی حزبایەتی کوێرانە رەواجی پێدەدرێ و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان زیانیان بەردەکەوێ. دەنگدەران ناچارن لەنێوان دوو یان چەند کاندیدێکدا هەڵبژێرن کە ڕەنگە ساختەچی یان گێڵ بن یان لەبنەڕەتدا نەیانناسن. لەم ڕووەوە دەنگدان، دەبێتە

شتێکی میکانیکی یان ڕەتدەکرێتەوە. بەباوەڕی هەندێ کەس، دیموکراسی شێوەحکومەتێکە کەتیایدا مافی هەڵبژاردنی شوان بەمەڕەکان دەدرێ بەڵام مەڕەکان هەر بەمەڕیی دەمێننەوە.

**١٧-ئاڵۆزبوونی بڕیاردان:** دیموکراسی باوەری بەجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی حکومەت هەیە واتە (یاسادانان، جێبەجێکردن، داوەریی ) ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی و دواکەوتنی ناپێویست لەبڕیارداندا، هەرکاتێ بۆ بەدەست هێنانی بڕیارێك راوێژ بە ویستی جۆراوجۆر بکرێ، ڕەوتی بڕیاردان دوورودرێژ دەبێ لەلایەکی ترەوە، لە دیکتاتۆریەتدا، لەبەرئەوەی یەك دەسەڵات هەیە، لەم رووە بە زویی بڕیاردەدرێ.

بریس کەتوێژینەوەی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە کارایی شێوازەکانی دیموکراسی جیهان کردووە، کەموکورتیە سەرەکییەکانی دیموکراسیی لەم خاڵانەدا کورت کردۆتەوە .

١- دەسەڵاتی پارە دەبێتە رێگرتن لەبەردەم کارکردنی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا.

٢- مەیلێك هەیە کەسیاسەت دەکات بەپیشەیەکی بەسوود.

٣- زیادەڕەوی لەگوێدان بەپرەنسیپەکانی بەڕێوەبردندا دەکرێ.

٤- بیری یەکسانیی خراپ بەکاردەهێنرێ و ڕێز لەبەهاکانی پەیوەست بەشارەزایی بەڕێوەبردن ناگیرێ.

٥- حزب دەسەڵاتێکی ناپێویست پەیدا دەکات.

٦- نوێنەران لەدەزگای یاسادانان و کاربەدەستانی سیاسی لەدەزگای جێبەجێکردندا لەپەسەندکردنی یاساکان گەمە بەدەنگەکان دەکەن و لەبەرامبەر تێکچوونی نزمدا نەرمونیانی دەنوێنن[١٤] .

••••••



لێکۆڵینەوەکانی شیکاری کەموکورتییەکانی دیموکراسی قەناعەت بەمرۆڤ دەکات کە دیموکراسی هێشتا کامڵ نەبووەو ئەوەی نیشان نەداوە کە دەرمانی هەموو دەردەکانە. دیموکراسی نەیتوانیووە هەستی هاودەردیی لەنێو (دەوڵەمەند) و ( هەژار) وداکۆکی کردن کە جێی داخە لەناوبەرێ و سیاسەت لەپیسییەکان خاوێن بکاتەوە. زۆر بەخاویی کاردەکات و لەڕێگای کارکردن گرنتی ململانێی خێراکانی سەردەمی ئامێرو سەردەمی دەسەڵاتی ئەتۆمی نییە و زانیاری گشتی پێویست نییە. بەڵام ئەو پرسیارەش دەکرێ کەئایا ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر هەیە؟ جیهان شێوەی دیکەی حکومەتی تاقیکردۆتەوەو هەموویان کەموکورتییان هەیە. حکومەتە پاشایی و ئەرستۆکراتی و دیکتاتۆرییەکان و رژێمە فاشستەکان بۆ بەژەوەندی خەڵك زۆر زیان بەخشبوون. ئازادییە تاکە کەسییەکان پێی پاشا زۆردارو دیکاتۆرە ستەمکارەکانی راکێشاوە. بەمپێیە، ئەو خەڵکەی جیهان کەهەڵگری خەون و خەیاڵبوون و لێی بێبەشبوون لەبەرئەوە دیموکراسی روانگەیەکی باشترو چەند پرشنگێکی هیوا دەبەخشێ و برەویان پێدەدا.

ئەگەرنەتوانی بەهەشت بەدەست بێنی کارێکی گێلانەیە ئەگەر بۆڕزگار بوون لەدۆزەخ هەوڵ نەدەی بێرەحمیەکانی هیتلەر لەئەڵمانیاو مەیلی فراوانخوازیی نازیی و فاشیستەکانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا ستەمکاریی و تاوانە حکومیەکان لەشوێنانی دیکە مرۆڤ دەگەیەنێ بەوئەنجامەی کەدیموکراسی وێڕای هەموو بێتوانایی و کەموکورتیەکانی شێوەیەکی زۆر باشترە لەحکومەتی دیکتاتۆریی فاشستی عەسکەرتاریی یان پاشایی زۆردار بەڵام کاری سەرکەوتوانەی لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشێوەیەکی گونجاو پێویستی بەچەند

••••••

هەواڵنامەی کتێب

سەرەتایەکی دیاری کراو هەیە کە لەلاپەرەکانی داهاتوودا دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ رەخنەگران لە دیموکراسی بکرێ بەچوارگروپەوە :

١- لایەنگرانی حکومەتی پاشایی رەها یان ئەو ئەرسۆکراتانەی کەزۆر حەزیان لەدیموکراسی نییە.

٢- لیبرالە میانڕەوەکان کە لەزیادەڕەوییەکانی دیموکراسی و ئەگەری بێئارامی دیموکراسی و هەوڵدانی لەبەرقەرارکردنی یەکپارچەیی و یەک ریتمی کۆمەڵایەتی نیگەرانن.

٣- ئەو سۆسیالستانە کەدیموکراسی تەنها بە قبولکردنی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان پەسەنددەکەن.

٤- ئەو فاشستانەی بەهۆی ناکارامەیی، کات بەفیڕۆدان، دوودڵبوون و نەبوونی رێچکەوە رقیان لە دیموکراسییە.

هیچ کەسێك بانگەشەی ئەوە ناکات دیموکراسی کەموکورتی نییە. لەمبارەیەوە بورنس وتویەتی: (کەس نکوڵی لەوە ناکات ئەنجومەنەکانی یاسادانان کەموکوڕییان هەیە، بەڵام ئەگەر ئوتومبیلێك باش کارنەکات کارێکی ژیرانەش نییە پەنا بۆ عەرەبانە ببرێت). تەنها چارەسەری نەخۆشییەکانی دیموکراسی، دیموکراسی زیاترە. دەتوانرێت ئەوە ببینرێت، کەلەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، دیموکراسی متمانەو رێزێکی زیاتری بەدەستهێناوە. نەك تەنها ئەو دەوڵەتانەی تازە سەربەخۆییان بەدەستهێنابوو، کەجۆرێك شێوەی حکومەتی دیموکراسییان پەسەند کرد، بەڵکو تەنانەت ئەو حکومەتانەی دیموکراسی نین پێیان خۆشە بەدیموکراسی بناسرێن. دیموکراسی، بەوجۆرەی





لەوڵاتە جۆراوجۆرەکاندا پیادە دەکرێت، پێویستی بەدووبارە لێکۆڵینەوە هەیە بۆئەوەی کەموکوڕییەکانی نەمێنێت، کە لە وڵاتە دیموکراتەکاندا بەهۆی نابەرامبەریی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

## ٦- هەلومەرجەکانی سەرکەوتنی دیموکراسی :

بوونی پوراساد، دوای لێکۆڵینەوەی وردی هەموو ئەوبەڵگە مێژووییانەی لەبەردەستدان، گەیشتە ئەو ئەنجامەی( هێشتا هیچ وڵاتێ نەگەیشتۆتە چەمکی کامڵ و قووڵی دیموکراسی ) و دیموکراسی (هێشتا وەکو ئایدیایەك ماوەتەوە و نەك ئەوەی بووبێتە شتێکی راستەقینە) هەرکاتێ لەسەردەمی کۆن و نوێدا ئەزموونی دیموکراسی دەستی پێکردووە لەنێوان دەوروبەرێکی خراپدا عەسکەرتارییەت وهەژاریی ونەزانین و ساختەکاریی کۆمەڵایەتی هەبووە. کەواتە ئەوپرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆسەرکەوتنی دیموکراسی چ هەلومەرجێ پێویستە. دیموکراسی لەکاتێکدا سەرکەوتوانە کاردەکات کەکۆمەڵ ئەم هەل ومەرجانەی خوارەوەی تێدابێ :

١- **نەمانی عەسکەرتارییەت**: دیموکراسی لەو وڵاتانەدا ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات کە بەشێوەیەکی نیسبی لە عەسکەرتارییەت رزگاربووبن. دیموکراسی حکومڕانی زۆر قبوڵ ناکات و لەسەر بەهاداریی مرۆڤ تا فراوانترین دەرفەتی شیاوی گەشەکردن و پەرەپێدان ، بەمپێیە لەسەر پرەنسیپی ئازادی بۆ هەمووان بنیات نراوە. لەلایەکی دیکەوە، عەسکەرتارییەت ناوەندێتی دەسەڵاتی لەگەڵدایەو زۆرداریی بەپێویست دەزانێت. بەقسەی پوراساد عەسکەرتارییەت یەکێکە لەکۆسپە سەرەکییەکانی بەردەمی دیموکراسی و لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە بۆچی دیموکراسی زۆر بەدەگمەن لەمێژوودا بەدی هاتووە. پوراساد تەئکید لەوە



هەواڵنامەی کتێب

دەکاتەوە هەتا کاتێ عەسکەرتارییەت بەردەوامبێ هەرگیز دیموکراسی لە مەترسی پارێزراو نابێ، چونکە نەریتی بیرکردنەوە کەدیموکراسی پێویستی پێیەتی لەگەڵ عەسکەرتارییەتدا هاوئاهەنگ نییە کە پێویستی بە فەرمان و ملکەچیی هەیە.

**٢-نەمانی نابەرابەریی لەسەروەت و ساماندا:** دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بەئاسانی پیادە دەبێ کە نەك تەنها لەعەسکەرتارییەت بەدووربن بەڵکو لە زیادەرەوییەکانی سەروەت و سامان و هەژاریش ئازادبن. لەوڵاتێکدا کەژمارەیەکی زۆری خەڵك هەژار بن و ژمارەیەکی کەمیش دەوڵەمەند، دەزگا ئازادە دیموکراتەکان ناتوانن سەرکەوتووانە کاربکەن. هاووڵاتیبوونی هوشیارانە و هۆشمەندانە، کەبەبێ ئەوە هیچ دیموکراسیەتێ توانای سەرکەوتنی نییە. تەنها لەجێگایەکدا کاری کردەیە کە تیایدا هاووڵاتیان بەشێوەیەکی نیسبی لە گرفتارییەکانی ژیانی رۆژانە ئازاد بن و بێخەم بن بۆ ئەوەی بتوانن لەکاری گشتیدا بەشداری بکەن. ئەمڕۆ توانای ئەوە هەیە کەبەشێوەیەکی وا سەرچاوە زانستی و تەکنەلۆژییەکان بەکاربهێنرێ کە بژێوی و دەستەبەتاڵییەکی زۆر بۆ هەمووان فەراهەم بێت. ئەگەر کۆمەڵگاکان لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زانست و تەکنەلۆژیا و ئاستی ژیانێکی باشتر رێکبخرێن بنەمای ئابووری و دیموکراسی زیاتر دادەمەزرێت و هەلومەرجی پێویست بۆ هەمووان فەراهەم دەبێت بۆئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن و لەکاری بەکۆمەڵدا بەشداری کاریگەر بکەن.

**٣-بەرامبەریی کۆمەڵایەتیی:** بەرامبەریی کۆمەڵایەتیی پرەنسیپێکی دیکەی گرنگ و بنەڕەتییە کەدیموکراسی پێویستی پێیەتی. جیاوازی چینایەتی، جیاوازی نێوان ئەم یان ئەو کەسە، دیموکراسی نابووت دەکات. جیاوازییە زمانیو ناوچەییەکان و بوغزاندن خۆرەی پرەنسیپەکانی ژیانی دیموکراسین. بەمپێیە

••••••



بۆسەرکەوتنی دیموکراسی دەبێت هەمووان بەدەرفەتی یەکسان و بەبێ هیچ جیاوازییەك بەشداری لەدیموکراسیدا بکەن. یەکسانیی و بەرابەریی کۆمەڵایەتیی نابێت تەنیا بەقسە بێت، بەڵکو دەبێت بەکردەوەش بێت.

**٥- فێرکردنی بەهاکانی دیموکراسی:** دیموکراسی باوەڕی بەچەند بەهایەکی وەکو بەهادارێی مرۆڤ هەڵکردن لەگەڵ بیرورِا جۆراوجۆرەکان و بڕیاردان لەرێگەی گفتوگۆوە هەیە و جەختیان لێدەکاتەوە. لەهەمووشی گرنگتر، ئەو راستییەی باوەڕی یۆنانییە کۆنەکانە کە فێرکردنی هاووڵاتیان دەبێ لەگەڵ شێوەو ژیانیان هاوئاهەنگ بێت ، بۆ بەدەستهێنانی ئەم هاوئاهەنگییە پێویستە زیهنە ناکاملەکانو ئەوانەی لە گەشەدان، گیانی هاودەردیی، ئارامگرتن، نەریتی پێکەوە گونجان و رێزگرتن لە هەست و باوەڕی کەسانی دی پەروەردە بکرێ کە بەبێ ئەمانە کاری کۆمەڵی دیموکرات نەك سەرکەوتوو نابێت بەڕێوەش ناچێت.

**٥- فێرکردنی راست و دروست:** سەرکەوتنی دیموکراسی نەك تەنها پێویستی بەنەبوونی نەزانینە بەڵکو پێویستی بەوەشە کە بەشێوەیەکی گونجاو هاووڵاتیان فێربن. بێئاگایی و نەزانین دەبنە کۆسپ لەبەردەم قبوڵکردنی سووربوونە راستو دروستەکانی زیهنداو بەر بە ریفرۆمە بەرفراوانەکان دەگرن. گەر زانست پەرەنەسێنێ و بڵاو نەبێتەوە لەناوەندە بچووکەکاندا قەتیس بکرێت، ئەگەر جەماوەر لەخەوی خەفڵەت و هەڵەدابن، هیچ بەرچاو ڕوونییەك بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی لەئارادا نابێت. بەقسەی پوراساد لەسەردەمی پێش زانست و زانیارییەوە پێستی نەزانین و هەڵە دڕێنراوە، زەمینەی بۆ سیستەمە زانستییە پاڵاوتەو خاوێنەکان خۆش کردووە. ئەوەی کە دەبێ ئەنجام بدرێ ئەوەیە کەدەبێ زانست ببرێتە هەموو ماڵەکانەوە، رۆشنبیری بکرێ بە رۆشنبیرییەکی جیهانیی، زیهن پەروەردە بکرێ و خودی دیموکراسی فێری خەڵك بکرێت.

••••••

فێرکردن، هێزی بیرکردنەوە تیژ دەکاتەوەو تێگەیشتنی راستی شتەکان دەکات بەکاری کردە. هاووڵاتیان دەکات بەچاودێر و هۆشیارییان دەکاتەوەو بۆ رەخنە گرتن لەهەنگاوە ناڕاست و زیانبەخشەکانی حکومەت گیانی ئازایەتییان پێدەبەخشێ. بۆبەکارهێنانی راست و دروستی مافی دەنگدان توانابەخەڵك دەبەخشێ. بەقسەی پریس " بەهەرەی مافی دەنگدان، ئیرادەی بەکارهێنانی دەخوڵقێنێ و بەهەرەی زانست، توانای بەکارهێنانی راست و دروستی مافی دەنگدان دەخوڵقێنێ".

**٦-ئازادی رۆژنامەگەریی( چاپەمەنی):** رۆژنامەگەریی ئازاد ئینجیلی دیموکراسییە. خەڵك دەبێ دەستیان بەزانیاری راست و دروست و بێ لایەنانە بگات دەربارەی مەسەلە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. کاتێ حکومەت چەند سیاسەتێکی گرنگ پیادە بکات بەڵام ئەو سیاسەتە نەخاتە بەردەم رای گشتیی، خەڵك تووشی نائومێدیی دەبن و هەست بە بێبەشی دەکەن. رۆژنامەگەریی ئازادو بێ لایەن نەك تەنها پەیوەندی خەڵك لەگەڵ چالاکییەکانی حکومەتدا دروست دەکات، بەڵکو سکاڵاو زوڵمکردن لەخەڵکیش دەخاتە ڕوو. لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی سوودمەندانەی نێوان خەڵك وحکومەت لەرێگای رۆژنامەوە بەواقیعی بێلان دروست دەبێت و گەشە دەکات.

**٧- هۆشیاریی هاووڵاتیان:** هاووڵاتیان دەبێ بەئاگاو هۆشیاربن و لە کاری گشتییدا بەشداری بکەن و یارمەتی کەسانی دیکەش بدەن لەکاری ڕەواو ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا. هاووڵاتی دەبێ بەو پەڕی نیازپاکییەوە هاوکاری حکومەت بکات و هەرکاتێ هەست بکات حکومەت بەشێوەیەکی ناڕاست کاردەکات رەخنەی لێ بگرێ. هۆشیاریی زاتی بەهای ئازادی و دیموکراسییە، تەنها هاووڵاتیانی هۆشیار دەتوانن چاودێرییەکی راست و دروستی کارەکانی حکومەت

••••••



بکەن. لاسکی Laski سەروەختێ وتبوی دیموکراتە نەزان و بێ ئاگاکان ناتوانن داکۆکی لەدیموکراسی بکەن، ئەمانە کاتێ لەمەترسی لەسەر ئازادی خۆیان بەئاگا دێنەوە کەبۆ ئەنجامدانی لابردنی مەترسییەکە زۆر درەنگ بووە. هەروەها لاسکی هۆشیاری کردوینەتەوە کە بۆئەوەی هۆشیاری کاریگەربێت، دەبێت رێك بخرێت. بەڕای سۆمسۆن Thomson بوونی بیرو وێنای دیموکراسی کەئیلهام بەخشی کاری جدی هاووڵاتیانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراتییەکان بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی پێویستە.

**٨-ئاکاری بەرز:** ئاکاری بەرزی خەڵك لەفاکتەرە لەجیابوونەوە نەهاتووەکانی سەرکەوتنی دیموکراسییە. بەبێ بوونی رێبەری بەڕێز لەسەر کاروبارەکان، دیموکراسی لەبەردەم شکستدا دەبێت. بەڵام خەڵکیش نابێت گەندەڵیی قبوڵبکەن. ئەوە لەخەڵك چاوەڕێ دەکرێت کە خۆشگوزەرانیی گشتیی بخەنە پێش بەرژەوەندی تایبەتی و تاکەکەسییەوە و لەبەر خێرو خۆشی ئایندە دژوارییەکانی ئێستا بە ئارامییەوە تەحەمول بکەن.

**٩-پێکهاتن لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان:** بەشێوەیەکی گشتیی بیروڕا وایە کەکردەوەی سەرکەوتنئامێزی دیموکراسی پەیوەندی بە بوونی ئاگاییەوە هەیە سەبارەت بەمەسەلە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگا. لەدیموکراسیدا رێبەران دەتوانن هەموو جۆرە کارێکی باش یان خراپ ئەنجام بدەن، لەم ڕووەوە پێویستە کەسانی خاوەن تێگەیشتنی بەرز و داوەری راست و دروست، کەسێتی لەهەژان نەهاتوو و هێزی داهێنەرو دیار بن. لەم بارەیەوە پێویستە بگوترێ کەخودی رەوتی دیموکراسی لەماوەی درێژخایەندا یارمەتی سەرهەڵدانی جۆری راست و دروستی رێبەریی دەدات.

**١٠- بەڕێوەبردنی دروست:** بەڕێوەبردنی دروست یەکێکی ترە لەپێویستییە گرنگەکانی دیموکراسی و بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی پێویستە بەشێوەیەك ئەگەر

••••••

هەواڵنامەی کتێب

نەبێ بە دژواری دەتوانرێ چاوەڕوانی پشتیوانیی لەخەڵك بكرێ ئەگەر دیموكراسی ئاوێتە بێ بەگەندەڵیی و بەڕێوەبردنی خراپ، خەڵك باوەڕیان پێی نامێنێ.

١١- **ملكەچی پسپۆڕان و سوپا:** لەكاتێكدا كەپسپۆڕانی خاوەن ئەزموون بەئاشكرا زۆر پێویستن، بەڵام پسپۆڕان دەبێ ملكەچی عەقڵی ساغڵەمی رابەرانی باڵابن. دەبێ وەكو كارمەندان و كەسانی سوپا رەفتار لەگەڵ پسپۆڕاندا بكرێ سوپاش نابێ دەستێكی باڵاتری لەوەزیرە مەدەنییەكان هەبێ ، دەبێ بەتایبەتی جەخت لەوە بكرێتەوە كەتا زەمانێ سوپا ملكەچی دەسەڵاتی مەدەنی و سیاسی نەكات، دیموكراسی ناتوانێ كاربكات.

١٢-**گروپی ئۆپۆزسیۆنی بەهێزو كاریگەر:** بوونی گروپی ئۆپۆزسیۆنی بەهێزو كاریگەر، یەكێكە لەبنەماكانی دیموكراسی پەرلەمانی. ئەگەر گروپی ئۆپۆزسیۆنی هۆشیاروچاودێر نەبێ، كەچاودێری هەڵەكانی حكومەتی دیموكرات بكات و بیانخاتەڕوو، حكومەتی دیموكرات دەكەوێتە بەردەم ناووردبینیەوە و دەسەڵاتی خۆی خراپ بەكاردەهێنێ. زۆر جار تەنها ئەگەری رەخنە گرتن بەسە بۆئەوەی حكومەت بخاتەوە سەر ڕێرەوێكی دروست، ئەو جۆرە گروپە ئۆپۆزسیۆنانەی لەشوێنانی وەكوبەریتانیا هەن دیموكراسی بەهێز دەكەن و متمانەو كەرامەتی زیاد دەكەن

١٣-**حكومەتی خۆماڵیی (هەرێمیی):** بۆسەركەوتنی دیموكراسی دەبێ دام و دەزگای دیموكرات لەسەر ئاستی هەرێمیش دابمەزرێنرێ. دام و دەزگا هەرێمییەكان وەكو نوێنەرانی دەزگای یاسادانان بەپێودانێكی بچوكتر كاردەكەن. رابەرانی هەرێم فێری هونەری رابەری دەبن و خەڵكی هەرێمەكەش فێردەبن كەچۆن مافی دەنگدانی خۆیان بەكار بێنن. دام و دەزگاكانی حكومەتی خۆماڵیی





هەرێمی وەكو دام و دەزگای سەرەتایی بۆ راگەیاندنی باشییەكانی مەدەنیەت كاردەكەن و یارمەتی هاووڵاتیان دەدەن بۆئەوەی ببنە میللەتێكی هۆشیارو دیموكرات، لەراستیدا هاووڵاتیانی حكومەتی دیموكرات دەبێ لەهەموو روویەكەوە پەیوەست بن بەحكومەتەوە بەجۆرێ كەبیرو بۆچوونەكان بەردەوام لەئاڵوگۆڕدابن.

١٤-**بەرنامەڕێژیی نیشتمانیی بۆخۆشگوزەرانیی:** بەرنامەڕێژیی نیشاندەری هەوڵ و كۆششی چڕوپڕە بۆ خێرایی بەخشین بەڕەوتی دیموكراتی كە دەبێ بەحسابكردن بۆ هەموو تواناكانی ژیانێكی باشتر، ئەگەری سوودوەرگرتنی فراوان لەهەموو سەرچاوەكان فەراهەم بكات، بەرنامەرێژیی دەبێ پێشكەوتنی ئابووری و سیاسی فێركردن لەخۆبگرێ، بەتەواوی بەشێوەیەكی خێرا سوود لە تواناكانی زانست وەربگرێت.

١٦- **موڵكایەتی تایبەتی:** موڵكایەتی تایبەتی كەپێویست ناكات بێ سنوور بێت، كاری سەركەوتووانەی دیموكراسی بنەڕەتییە، بەڵام دیموكراسی لە جێگایەك باشتر و بەهێز تر كاردەكات كەمافی موڵكایەتی تایبەتی بەشێوەیەكی یەكسان بۆ هەمووان هەبێ، وادیارە لەنەرویج و سویدو دانیمارك و سویسرا كەزۆر جیاوازی دەوڵەمەندیی و هەژارییان لەناوبردووە دیموكراسی زیاتر دابین كراوە. ئەم جیاوازیانە لەچەند وڵاتێكی دیكەی وەكو ئیتالیا هێشتا هەیەو ئاشكرایە بەو پێیە دیموكراسی رەوتێكی خاوو هێواشی هەیە.

## ٧-ڕێگاكانی دیموكراسی راستەوخۆ:

لەچوارچێوەی دیموكراسی نوێدا

ملیۆنەها كەس دەژین. لەم ڕووەوە، جگەلە كانتۆنێكی سویسرا، دیموكراسی



هەواڵنامەی کتێب

راستەوخۆ، شتێکە پەیوەندی بەڕابردووەوە هەیە. بەڵام هەندێ ڕێوشوێنی دیموکراسی راستەوخۆ، وەکو ریفراندۆم، داهێنانی گشتیی، دووبارەکردنەوە، پلێبیسیت، لەلایەن هەندێ وڵاتەوە بەپلەی جۆراوجۆر بەکارهاتووە. پەرەسەندنی پەیوەندی توانای خێرا گەڕانەوەی بۆلای هەموو هاووڵاتیان بۆمەبەستی سنووردارو دیاریکراو فەراهەم کردووە. بەڵام ئەم رێوشوێنانە یان ئەم رێگایانە بریتی نین لە بەردەوامبوونی دیموکراسی راستەوخۆ، بەڵکو بریتین لەهاوئاهەنگی نوێ بۆدابینکردنی پێویستییە تازەکان و لەبنەڕەتدا بۆئەوە قبوڵکراون چونکە نارەزایی هەیە سەبارەت بەکاری سیستمەکانی هەڵبژاردن و دەزگاکانی نوێنەرایەتی حزبە سیاسییەکان، ئەم رێگایانە جەخت لەلایەنی پۆزەتیڤ و ئەوپەڕی حکومڕانی خەڵك و ملکەچی میکانیزمی ئاسایی حکومەت بۆخواست و ویستی دەنگدەران دەکەنەوە بەبێ دەستتێوەردانی حزبە سیاسییەکان.

**أ/ پلێبیسیت.(پلێبیستیۆم):**

زاراوەی پلێبیسیت، لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی فەرەنسییە، بەڵام لەزاراوەی لاتینی plebiscitum وەرگیراوە کە لەهەردوو زاراوەی حکوم ( seitum) و خەڵك ( plebis ) پێك هاتووە. بەباوەڕی لیکۆك ( Lecock)، پلێبیسیت لەهەمووجۆرە دەنگدانێکی گشتییدا سەبارەت بەمەسەلەیەك بەکاردێت. بەڵام ستڕۆنگ strong باوەڕی وایە تەنها لەمەسەلە سیاسییە گرنگەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکی بەمەبەستی خولڤاندنی هەلومەرجی سیاسی کەم و زۆرو هەمیشەیی بەکار دەهێنرێت، بەمپێیە پلێبیسیت پەیوەندی بەیاسادانانەوە نییە، هەروەکو بەشێك نییە لەڕەوتی ئاسایی ماف و تەنها شێوازێکی دیموکراتە بۆئاشکراکردنی بیروڕای خەڵك دەربارەی بابەتێکی سیاسی کەگرنگییەکی گشتیی هەبێت.



لەسەردەمی نوێدا، ناپلیۆن لەساڵی ١٨٠٤دا پلێبیسیت – ی بەکارهێنا بۆ ئەوەی بەفێڵ بەسەردەستووردا بازبدات، لەوەبەدواوە، ئەم شێوازە چەندین جار بەکارهاتووە، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، بۆئاشکراکردنی بیروڕای خەڵك یان بەشێك لەخەڵك سەبارەت بەمافی ئۆتۆنۆمی بەکارهێنرا. سەرانی سیاسیش هەرکاتێ شەرعیەتی کارەکەیان هەندێ گومانی تێدا بووە، بۆپەسەندکردنی بیروڕای خۆیان بەکاریان هێناوە. لیکۆك بیروڕای وایە کەئەنجامی پلێبیسیت "دەبێت دەربڕینی بیروڕابێت بەبێ ئەنجامە یاساییەکەی". بەڵام دژوارە ئەوە بەدی بکرێت کەحکومەت چۆن لەئەنجامە یاساییەکانی پلێبیسیت خۆی دەدزێتەوە یان لەبەرچاوی ناگرێ، مەگەر حکومەتێکی دیکتاتۆری بێت.

**ب- ریفراندۆم:**

زاراوەی ریفراندۆم بەمانای ( گەڕانەوەیە بۆ). ریفراندۆم شێوازێکە کە لەڕێگایەوە بەگەڕانەوەی راستەوخۆ بۆ لای خەڵك دەتوانرێ بیروڕای گشتیی ئاشکرا بکرێت. رەوتێکە کەتیایدا ڕای خەڵك سەبارەت بەهەنگاوێکی ئاسایی یان پەیوەست بەدەستوور دەپرسرێ. بەقسەی بروگس: "لەڕیفراندۆمدا دەنگدەران دەتوانن ئەو هەنگاوە ڕەتبکەنەوە کەدەزگای یاسادانان پێشان پەسەندی کردووە." مۆنرۆ ریفراندۆم بەشێوازێك دەزانێ کەبەهۆیەوە دەتوانرێ رێگا لەجێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بگیرێ کە لەلایەن دەزگای یاسادانانەوە، دانراون و تەسلیم بەخەڵك کراون و لەکاتی دەنگ لەسەرداندا قبوڵیان کردووە.

ریفراندۆم بۆیەکەم جار لەسەدەی شانزەهەمدا لەسویسرا بۆئاشکراکردنی ڕای خەڵکی داهێنەری ئەو وڵاتە دەربارەی مەسەلە گرنگەکان بەکارهێنراوە. کاریگەریی ریفراندۆم سەبارەت بەمەسەلەکانی پەیوەست بە دەستوورەوە یەکەم جار لەئەمریکا و پاشان لەسویسرا دەستی پێکرد، بەڵام بەکارهێنانی سەبارەت

هەواڵنامەی کتێب

بەیاسای ئاسایی لەهەردوو وڵاتدا بەشێوەیەکی نیسبی دیاردەیەکی تازەیە.

**ریفراندۆم دووجۆرە:**

١- بەزۆر یان ئیلزامی. ٢- بەخوایشت یان بەهەڵبژاردن. ریفراندۆم کاتێ بەزۆرە کەهەموو یاسا دیاریکراوەکان بەشێوەیەکی ئیلزامی دەبێ بۆ قبوڵکردن یان رەتکردنەوە بەرلەوەی ببێ بەقانون بگەڕێنرێتەوە بۆ لای خەڵك. ئاشکرایە شێوەی ئیلزامی ریفراندۆم دیموکراسییە، چونکە پێویستی بەدەربڕینی رای گشتیی هەیە سەبارەت بەهەموو قانوونێك. لەسویسراو ئوستراليا بۆ هەموو ریفۆرمێکی پەیوەست بەدەستوور پەنا بۆ ریفراندۆمی ئیلزامی دەبرێ. لەهەندێ کانتۆنی سویسرا، تەنانەت سەبارەت بەگەڵاڵەنامە ئاساییەکان مەیلێك بۆریفراندۆمی ئیجباری هەیە. هەرکاتێك یاسای دانراو لەلایەن دەزگای یاسادانانەوە بەپێی داخوازی ژمارەیەکی دیاری کراوی هاووڵاتیان بۆ بیروڕا دەربڕینی کۆتایی بدرێت بەخەڵك بە ریفراندۆمی ( ئیختیاری) ناودەبرێ. ئەگەر زۆرینە دەنگی پۆزەتیڤیان لەسەردا دەبێ بەقانون، جگە لەم حاڵەتە، بڕیارەکەی دەزگای یاسادانان لەمتمانە دەکەوێت. لەسویسرا سی هەزار هاووڵاتی، یان دەزگای یاسادانی هەشت کانتۆن دەتوانن داوای ریفراندۆمێکی لەم بابەتە بکەن، ئەگەر ئەنجومەنی فیدراڵی سویسرا وەکو حاڵەتێکی ناچاریی بانگەوازی بۆ بکات.

ستڕۆنگ بەچاکی سوودەکانی ریفراندۆمی کورت کردۆتەوە:" یەکەم، ریفراندۆم کەمتەرخەمی دەزگای یاسادانان چاکدەکات کەڕەنگە تووشی گەندەڵیی بووبن یان بەپێچەوانەی ئەرکی سەرشانیانەوە کار بکەن. دووەم، پەیوەندییەکی بەسوود لە نێوان کاندیدەکان و دەنگدەراندا دروست دەکات، پەیوەندییەك کەهەمیشە لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی دەورییەوە دابین نابێت، سێیەم،





ریفراندۆم گرەنتی ئەوە دەدات کەهەر یاسایەك کە لەگەڵ رای گشتیدا ناکۆك بێت پەسەندناکرێ"[١٦].

کەموکورتییەکانی ریفراندۆم دەتوانرێ بەم شێوەیە بژمێردرێت: پێگەو دەسەڵاتی دەزگای یاسادانان نابووت دەکات، ئیختیارێك دەخاتە بەردەمی خەڵك کەبەهۆی بەکارهێنانی شێوازێکی هۆشمەندانەوە ئەو مەرجانەیان تێدانییە، بەڕاست و دروستی ناتوانێ رای گشتی عەکس بکاتەوە، چونکە ئەو دەنگدەرانەی کە لەریفراندۆمدا بەشداری دەکەن زۆر جار کەمن، لەمەسەلە ژیانییەکاندا دەبێتە هۆی دواکەوتنی ناپێویست و زیان بەخش، سەبارەت بە سوودمەندیی ئاکاری ریفراندۆم گومان هەیە، ماهیەتی بەشداری خەڵك تیایدا زیاتر لایەنی نێگەتیڤی هەیە تا پۆزەتیڤ، کەموکورتیەکانی سیستەمی حزبی زیاد دەکات، دەربڕینی بیری راستەقینەی خەڵك نییە، شێوازێکی پڕ خەرجیە سەرئەنجام بۆ وڵاتە فراوانەکان لەبار نییە.

**ج/ داهێنانی گشتیی:**

لایەنگرانی یاسادانانی راستەوخۆ لەو مافە رازی نین کەسەبارەت بەدەنگەکان دەربارەی ئەو گەڵاڵەنامەیە هەیە، کە دەزگای یاسادانان پەسەندی کردووە. ئەمانە پشتیوانی لەشێوازێکی داهێنانی گشتیی دەکەن بۆئەوەی خەڵك خۆیان یاسا دابنێن. لەسویسرا هەرپەنجا هەزار هاووڵاتیەك دەتوانن داخوازییەك ئیمزا بکەن و تیایدا ئەو هەنگاوانە دیاری بکەن کەدەیانەوێ ببێ بە قانون. لەجێگەی خۆیدا، پێشنیاز بۆڕای خەڵك دەکرێ و بە پەسەندکردن و رازی بوون لەسەر ئەو بڕیارە وەکو یاسایەکی دانراوی لێدێت. لەسویسرا "داهێنانی کانتۆنەکان" هەم سەبارەت بەهەنگاوی یاسایی و سەبارەت بەو مەسەلانەی



هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندییان بەدەستوورەوە هەیە جێبەجێ دەکرێ. ژمارەی ئیمزاکەرانی پێشنیازێکی لەوجۆرە لە کانتۆنێکەوە بۆیەکێکی دی دەگۆڕێ.

جیاوازی هەیە لەنێوان داهێنای گشتیی و عەرزوحاڵدا. یەکەم جیاوازییان ئەوەیە کەیەکەمیان فەرمانی تێدایەو ناتوانرێ رەت بکرێتەوە، دووەم، داهێنانی گشتیی لەو خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ کە حاکمێتیان هەیەو دەبێ کاری پێبکرێ، سێیەم تەنهای پەیوەندی بەو مەسەلانەوە هەیە کەپەیوەستن بەیاسادانانەوە، لەکاتێکدا کەسەبارەت بەهەموو مەسەلەیەك دەتوانرێ عەرزوحاڵ بنوسرێ و سەرئەنجام دەزگای یاسادانان ئەو ئازادی و کاکردنەی نییە کەهەرچۆنێکی دەوێ مامەڵە لەگەڵ "داهێنانی گشتییدا" بکات و دەبێ پێشنیاز بکات بۆ رای خەڵك یان خۆی رای خەڵك پەسەند بکات. بەڵام سەبارەت بە عەرزوحاڵ دەزگای یاسادانان ئەو مافەی هەیە چۆنی دەوێت ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**داهێنانی گشتیی دوو جۆرە:**

١- نووسراو ٢-نەنووسراو (واتە لەقسەی گشتیدا خۆی حەشارداوە).

داهێنانی گشتی نووسراو لەهەموو روویەکەوە بەشێوەیەکی گەڵاڵەنامەیەك کامڵە، لەم ڕووەوە، دەزگای یاسادانان ناچارە یان پەسەندی بکات یان بۆبڕیاردان لەسەری بیخاتە بەردەم ڕای خەڵك. لەهەرجێگەیەك کەداخوازییەکە بەقسەی گشتیی دەربڕرابێ ونەبووبێ بەرەشنووسێکی تەواو بەداهێنانی گشتی نەنووسراوە ناودەبرێ. لەسویسرا، دەزگای یاسادانان پێشنیازەکە پەسەند دەکات، رەشنووسەکەی ئامادە دەکات و بۆبڕیاردان لەسەری دەیخاتە بەردەستی خەڵگ. ئەگەر ئەنجومەنی فیدراڵی سویسرا پەسەندی نەکرد، مەسەلەکە بۆڕای سەرەتایی خەڵك دەخرێتە بەردەمیان. ئەگەر زۆرینەی هاووڵاتیان پەسەندیان

••••••



کرد ئەنجومەنی فیدراڵ دەبێ هەنگاوە پێشنیازکراوەکە پەسەند بکات و بیخاتە بەردەمی خەڵك.

سەبارەت بەداخوازیی پیاچوونەوە بە دەستووردا شێوازەکە کەمێك دەگۆڕێت، لەحاڵەتی وادا، بۆدیاریکردنی پێویستی پیاچوونەوە، بڕیاری گشتیی پێویستە. ئەگەر زۆرینەی هاووڵاتیانی سویسرا داوای پیاچوونەوەی گشتیی بکەن بەدەستووردا، لەئەنجومەنی فیدراڵ خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەنجومەنی فیدراڵی هەڵبژێردراوی نوێ رەشنووسی دەستووری نوێ بەشێوەیەکی پێشنیازکراو ئامادە دەکات و دوای پەسەندکردنی دەیخاتە بەردەم ڕای گشتی خەڵك ئەگەر زۆرینەی خەڵك و کانتۆنەکان پەسەندیان کرد، دەستووری تازەی چاککراو، جێبەجێ دەکرێ. رەوتی داهێنانی گشتی لەکانتۆنەکانی سویسراش کاری پێدەکرێ، بەڵام ژمارەی ئیمزای پێویست بۆ کارێکی وا لەکانتۆنێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.

**د/ لەسەر کارلابردن:**

لەسەرکارلابردن ڕێگایەکی دیکەی دیموکراسی راستەوخۆیە، لەهەرجێگایەك کە لەسەرکار لابردن هەبێ، دەنگدەران مافی ئەوەیان هەیە هەرکەسێکی هەڵبژێردراو یان هەرنوێنەرێ لەسەرکار لابەرن، کەبەشێوەیەکی باش بەرپرسیارانە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ ناکات، ئەم سیستەمی "لەسەرکارلابردنە" لەهەندێ ویلایەتی خۆرئاوای ئەمریکا وەکو ئەریزۆنا مونتانا – لویزیانا -کانزاس – واشنتۆن – کالیفۆرنیا – ئەرکانزاس و چەند ویلایەتێکی تر هەیە. لەویلایەتی ئەڤرگان تەنانەت دەتوانرێ حاکمەکانیش لەسەر کار لابرێ، لەویلایەتی واشنتۆن ناتوانرێ ئەوە بکرێ [١٧].

••••••

## پـــەراوێـــزەکـــان/

١-Finer , op, Cit ,p , ١٢٣

٢-Beni prasad , op cit,٢٢٧

٣-Finer , op Cit p.١٢٨

-Lbid.٤

٥-lbid.

٦-James Bryce , Modern Democracies, Vols.٢ (NewYork: The Macmillan Co ١٩٢١) vol, ١,p.٢٠

٧-Robert Maclver , The Web of Govermment , of .cit.p.١٩٨

٨-Charles E . Mrriam.The New Domocracy and the New Desperation ( Chicago university press١٩٣٩) p.٤٤

٩-ك.ك رودى ، ت.ج. اندرسن و ك.ك كريستول ، اشنايى بـاعلم سياست ، ترجمه بـەرام ملكوتى ، ٣ جلد چاپ دووەم

( تهران: كتابەای سيمرغ ، ١٣٥١) ج١ ، ص.١٠

١٠-بـۆ زانيـاری زيـاتـر دەربـارەی ديـدی كۆمۆنيـستـی بـۆ ديموكراسـی بڕوانـە: Yuri p.Frontsev , Commonism and Freedom of the lndividual Moscow: Foreign Languges publishing House n.d: and kopur ,op.cit .p.٣٣٠

١١- بۆ زانياری زياتر دەربارەی ئەم پرەنسيپانە بنواڕە: رودى ،پێشوو ،١١٠-١٢٢

١٢- بۆ زانياری دەربارەی رۆڵی پارە لەسياسەتدا بڕوانە: دوورژە پيشين ص١٦١-.١٦٤

١٣-Barker , The Study of op .cit.p٢٠٧

١٤-روبرت ميخلز . جامعه شناسى احزاب، ترجمه احمد نقيب زاده ( تهران : نشر قومس ، ١٣٦٩ ) ص٢٣.





١٥- Bryce, op.cit.vol.٢,p.٥٠٤

١٦- بۆ زانياری زياتر دەربارەی ديموكراسی وبنەماكانی حكومـەتی ديمـوكرات و تواناكانی سەركەوتنی بڕوانە:

Dill,op.cit,Chaps ٤ and ٥,p.٤١-٨٠. and Agarwal, op. cit. p.٢٧٧-٢٩٥.

١٧- C.F. Strong, Modern Political Constitutions (London:Sigwick and Jackson ١٩٦٦) p٢٢٩.

١٧- بۆ زانياری زياتر دەربارەی بابەتەكانی ئەم بەشە بڕوانە:

Arun Bhattaharjee, An Introduction to Poitical Science (New Delhi: S.B. Nangia١٩٩١) pp.١٤٤-١٥٢: Dillon, op. cit. pp. ٤١-٨١: Kapur,op.cit.٢٢٧-٣٤٢: Agarwal,op.cit. pp. ٢٧٧-٣٠٤, and Ponton, op.cit.pp.٣٠-٤٨.

سەرچاوە/ كتێبـی/ بنيادهای علم سياست / عبدالرحمن عالم

# لیۆشتراوس فەیلەسوفی كۆنزەر ڤاتیزم

ن: د. حسین بەشیریە

و.لەفارسیەوە: نەبەز محەمەد

هەستی ئازادی هەمیشە لەگەڵ ئەو هەستەدایە كەسوودی تەواو و بێ قەیدوبەندی ئازادی هەڵەیە. ئازادی مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ ترسێكی پیرۆزدایە، دەتوانرێ ئەم ترسە تێكەڵ بەرێزو ویژدانی سروشتی مرۆڤ ناوبنرێ. كەواتە قەیدوبەند بەهەمان ڕادەی ئازادی سروشتیو هەمیشەییە.

••••••



## كتێبی "مافی سروشتیو مێژوو"

لیوشتراوس [١] لەساڵی ١٨٩٩ لە (هیسە) ی ئەڵمانیا لەدایك بووە، لەزانكۆی هامبۆرگ [٣] و فرایبۆرگیش فەلسەفەی خوێند لەساڵەكانی١٩٣٢ تا ١٩٣٤ لەفەرەنساو بەریتانیا بەهاوكاری مادی دامەزراوەی ڕاكفلەر خەریكی لێكۆڵینەوە بوو لەزانستە كۆمەڵایەتییەكاندا. لەساڵی ١٩٣٨دا ڕۆیشت بۆ ئەمریكا لەقوتابخانەیەكی نوێی تایبەت بەلێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتی نیویۆرك دەستیدایە وانەوتنەوە[٤]. لەساڵی ١٩٤٩ تا ١٩٦٨ مامۆستای زانستی سیاسی زانكۆی شیكاگۆ بوو، لەساڵی ١٩٧٣دا كۆچی دواییكرد.

بەرهەمە سەرەكییەكانی شتراوس بریتییە لە: فەلسەفەی سیاسی هۆبز[٥] (١٩٣٦)، دەربارەی ستەمگەریی [٦] (١٩٤٨)، ڕەنجو ئازارو هونەری نووسەرێتی [٧] (١٩٥٢)، مافی سروشتیو مێژوو [٨] (١٩٥٣)، ئەندێشەگەلێك دەربارەی مەكیاڤیلی [٩]، فەلسەفەی سیاسی چییە؟[١٠] (١٩٥٩)، مێژووی فەلسەفەی سیاسی [١١] (١٩٦٣)، شارو مرۆڤ[١٢] (١٩٦٤)، ڕەخنەی سپینوزا لەمەزهەب ([١٣] (١٩٦٥)، سوكراتو ئاریستۆفان [١٤] (١٩٦٦)، لیبرالیزم: كۆنو نوێ ([١٥] ١٩٦٨)، گوتاری سوكرات و گزنفون[١٦] (١٩٧٠)، سوكراتو گزنفون[١٧] (١٩٧٢).

لیۆشتراوس پێگەیەكی گەورەی لەڕەخنەی مۆدێرنیتەو ئەندێشەو عەقڵی مۆدێرن هەیە ، هەروەها بەشێوەیەكی زۆر كۆنەپارێزانە لایەنگریی لەحەقیقەتو بەها گەلێكی ئەخلاقیو سیاسی ڕەهای فەلسەفەی سیاسی نیشانداوە. داكۆكی ئەو لەفەلسەفە لەحیكمەتی دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەهاو بان مێژوویی شانبەشانی كۆمەڵێك ڕەخنەی هەمەلایەنە بووە لەڕێژەگەرایی، ئەزمونگەرایی، پۆزەتیڤیزم، فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن، زانستی كۆمەڵایەتی نوێو جیاكردنەوەی زانست لەبەها.

••••••

بەبۆچوونی ئەو پاش باوەڕهێنان بەڕێژەگەرایی، کەجەوهەری مۆدێرنێتەو زانستو فەلسەفەی مۆدێرنە، ئیتر بەهیچ شێوەیەك ناتوانین باسی دادپەروەریی عەقلانیەت بکەین لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. مرۆڤی ئەمڕۆ بەدابڕان لەحەقیقەتی ڕەها کەوتۆتە گێژاوی پووچگەرایییەوە، بەشی سەرەکی لەبەرپرسیارێتی ئەم کارەساتەش لەئەستۆی بیرمەندانی سیاسییە. کاری سەرەکی شتراوس گوزارشتو ڕاڤەی ئەندێشەی چەند بیرمەندێکی گەورەی، وەکو ئەفلاتونو ئەرستۆ تا مەکیاڤیلیو هۆبزو هێگڵو ڕۆسۆو نیچە بووە، بەڵام حەزی ئەو بۆ فەلسەفەی دێرینو مۆدێرن دەقاودەق مێژوویيو توێژەرانە نییە، بەڵکو ئەو لەڕووی کێشەکانی مۆدێرنەوە چاو بەواندا دەگێڕێ. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کەشتراوس مێژوونووسی فەلسەفەی سیاسی نییە، بەڵکو ڕەخنەگرو فەیلەسوفی مێژووی فەلسەفەی سیاسییە، ئەگەرچی ناوەڕۆکی ئەندێشەی خودی شتراوس پێش مۆدێرن یان تەنانەت هی سەدەکانی ناوەڕاستەو لەکاردانەوە بەرانبەر کێشەکانی جیهانی مۆدێرندا پەروەردە بووە.

لێرەدا تاڕادەیەك بیرە پەراتەوازەکانی شتراوس لەژێر ئەم ناونیشانەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە: داکۆکی لەفەلسەفەو هەقیقەتی ڕەها، بەتایبەت ڕەخنە لەڕێژەگەرایيو ئەزموونگەرایيو کۆمەڵناسی مەعریفەو پۆزەتیڤیزمو ڕەخنەی مێژووگەرایی.

## داکۆکی لەفەلسەفەو هەقیقەتی ڕەها

شتراوس پێیوایە کاری

سەرەکی فەلسەفە دۆزینەوەی تاکە هەقیقەتی هەمیشەیيو گشتییە: کاری فەلسەفە بینینی ( بنەمایەکی نەگۆڕە کە لەنیهادی مرۆڤ و شتەکاندا سازدراوە

••••••



[١]، فەلسەفە چوارچێوەیەکە کە لەهەموو وەرچەرخانەکانی مەعریفەی مرۆییدا بەپتەوی دەمێنێتەوە)[٢] و لەگەڕاندایە، ئەندێشەی فەلسەفی دەتوانێت چوارچێوەی مێژووی خۆی تێپەڕێنی و هەقیقەتی بان مێژوویی پەیدا بکات. لەم ڕووەوە ئامانجی فەلسەفە بەدەسهێنانی (مەعریفەیەکی ڕاستەقینەو هەمیشە باوەڕپێکراوو بڕاوەو یەکجارییە.)[٣] بەهەمان شێوە فەلسەفەی سیاسیش (کۆششێکە بۆ بەدەسهێنانی هەقیقەتێکی یەکجاری دەربارەی بنەماکانی ژیانی سیاسی)[٤] بەدەربڕینێکیتر فەلسەفەی سیاسی (هەوڵێکە بەمەبەستی ناسینێکی ڕاستەقینەی چیەتی کاروباری سیاسيو سیستەمێکی سیاسی ڕاستو خوازراو [٥]) فەلسەفە کە لەشوێن ناسینی هەقیقەتێکی گشتییدایە، بەهەمان شێوە فەلسەفەی سیاسیش لەبواری سیاسیدا هەروایەو هەقیقەتە سیاسییەکانی لەهەقیقەتێکی گشتی جیهانیدا دەدۆزێتەوە. فەلسەفەی سیاسی، بەپێچەوانەی شێوەی ئەندێشە سیاسیەکانیترەوە، بەجیاکردنەوەی مەعریفەی عەقلانيو ڕاستەقینەو یەکجاری حەساسیەتی بەبیرۆکەو ڕەئی هەیە. ڕوانینو بیرۆکەکان هەر سەرنج لەپاژی و (جزئیات) هەستەوەری شتەکان دەدەن، لەکاتێکدا کەفەلسەفەی سیاسی سەرنجی لەسەر چیەتيو زەرورەتی کاری سیاسی هەیەو سیاسەتو کێشەی سیاسی وەکو دیاردەگەلێکی نامێژوویی لێدەڕوانێ. لەفەلسەفەی سیاسیدا (ئیتر ئێرەو ئێستا مەرج نییە [٦]) بەڵکو ئامانج مەبەستێکە لەناسینی بەستێنی سیاسەتو کێشەی سیاسی دۆزینەوەی سیستەمێکی سیاسی ڕاستەقینەو جێگیرە.

بەبۆچوونی شتراوس (گشت کردارێکی سیاسی خۆی لەخۆیدا بەرەو ناسینی چاکە، واتە ژیانو کۆمەڵگەیەکی باش، ئاراستەگیر بووە. چونکە کۆمەڵگەی باش لەڕووی سیاسییەوە بەتەواوی چاکە)[٧] بەڵام بنەمای دەستنیشانکردنی سیستمێکی سیاسی باش گەڕانەوە نییە بۆ عەقیدەکانی خەڵك یاساو نەریت یا

••••••

هێزی ئیلاهی، بەڵکو لەم سەروبەندەدا فەلسەی سیاسی لەگەڵ دادپەروەرانەترین نەزمێکدا سەروکاری هەیە کەبەحوکمی سروشت دادپەروەرانەترین سیستەمە.

بەبۆچوونی شتراوس فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، وەکو تاقە فەلەسەی ڕاستەقینە ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای حەقیقەتی گشتی بوو. سوکرات داڕێژەری فەلسەفەی ڕاستەقینە بوو، چونکە بەشوێن مەعریفەیەکی ڕاستو حەقیقییەوە بوو لەڕووی چیەتی کارە سیاسییەکانەوەو باشترین سیستمی سیاسییەوە. فەلسەفەی کلاسیك لەسوکراتەوە دەستپێدەکاتو لەگەڵ فەیلەسوفانو قوتابخانەی سەدەکانی ناوەڕاست کۆتایی پێدێت. بەبڕوای ئەو فەلسەفەی سیاسی کلاسیك بەشوێن ئامانجو کەمالی ژیانی سیاسییەوە بوو، ئەمانەشی لەسروشتی ژیانی سیاسیدا دەدۆزیەوە. لەم ڕوانگەوە، سروشتی ژیانی سیاسی یەکسان بوو لەگەڵ مەبەستە خوازراوە عەقڵانییەکانیاندا.

ئەفلاتون لەڕاستیدا نەك لەشوێن ڕاگەیشتن بەیۆتۆپیا، بەڵکو لەڕووبەڕووبوونەوەی جێبەجێکردنی سروشت یان چییەتی (ماهیەت)ی ڕاستەقینەی ژیانی سیاسیدابوو: کۆمار-ی (ئەفلاتون) نەك باشترین سیستەمی مومکین بەڵکو سروشتی کاری سیاسی ڕۆشندەکاتەوە. سوکرات بەنیشاندانی ئەوە کەشاری (فازیلە)، بەسەرنجدان بەپێداویستییەکانی ئەوەی خراوەتەڕوو پێشنیازێکی نامومکینە، سنووری زاتیو چییەتی شاری سیاسی ئاشکرا دەکات [٨].





## کۆمەڵناسی حەقیقەتو فەلسەفە

پرسیارێك کەبۆ شتراوس دێتە پێش

ئەوەیە کەبۆچی لەهەندێ سەردەمدا، بۆنموونە یۆنانی کۆن، حەقیقەت لەفەلسەفەدا درەوشاوە بووە لەکاتێك لەسەردەمەکانی دواتر، هەروەکو چاخی مۆدێرن، حەقیقەت شاراوەتەوە.

بەدەربڕینێکیتر، بەڕاستی هۆی ناهاوسەنگی مەعریفەی ڕاستەقینە لەمێژوودا چییە؟ بۆچی سەردەمانێك لەمێژوودا مەعریفەی گشتیو هەقیقەتی ڕەها دەردەکەوێت؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە شتراوس پەنا دەباتە بەر کۆمەڵناسی مەعریفە. بەوتەی ئەو (کۆمەڵناسی مەعریفە *SOCIOLOGY OF KNOWLEDGE* بەشێوەیەکی بێلایەنانە، هەم ئەوەی دژی زانستو هەبوونە هەڵدەسەنگێنیو هەم زانستو مەعریفەی ڕاستەقینە، کەواتە وادەردەکەوێت کە کۆمەڵناسی فەلسەفە بەشێکی باو بێت لەکۆمەڵناسی مەعریفە)[١].

لەم ڕوانگەیەوە هەندێ بارودۆخی مێژوویی لەبارترە بۆ گەیشتن بەهەقیقەتی ڕەها، بۆ نموونە ئەرەستۆ لەکتێبی سیاسەت *POLITICS* ی خۆیدا تێگەیشتنێکی ڕاستی بۆ هەقیقەتی ڕاستەقینە لەژیانی سیاسیدا پێکهێناوە، چونکە بەپێچەوانەی ئەندێشمەندانی دواتر تیۆرسینی *THEORIZING* نەکرد دەربارەی سیاسەت، بەڵکو تێگەیشتنی ژیانی سیاسی بەواتای عەقڵی سەلیم *COMMON SENSE* ڕەنگپێدایەوە. بەدەربڕینێکیتر فەلسەفەی سیاسی کلاسیك دەستی گەیشت بەهەقیقەتی ڕەها، چونکە هێشتا فەلسەفەی سیاسی گرفتار نەببوو، ئەزموونی قۆناغی پێش زانستی، پێش فەلسەفە لەخۆیدا بنەمایەکی بۆ جیاکردنەوەی چاکەو هەقیقەت هەیە، بەڵام نەریتی فەلسەفەی سیاسی خۆی ئاستەنگێکە لەڕێگای گەیشتن بەوتێگەیشتنە سەرەتاییەو پێش فەلسەفیە. (بۆ



هەواڵنامەی کتێب

دەرككردنی جیهانی سروشتی، بەواتای جیهانێك كە لەبنچینەدا پێش زانستیو پێش فەلسەفییە، پێویستە بەرەو سەردەمی دەركەوتنی زانستو فەلسەفە بڕۆین)[٢] بەڵام بەبۆچوونی شتراوس هەرچۆنێك بێت دەتوانرێ لەڕێگای فەلسەفەی كلاسیكو هۆشیاریگەلێك كە ئەوفەلسەفەیە دەربارەی بنچینەی خۆی بەدەستییەوە دەدات خەسڵەتی زاتی جیهانی پێش فەلسەفە سازبكرێتەوە. كەواتە دوا ئامانجی، دیسان بەدەستهێنانی تێگەیشتنی گشتیو سروشتی جیهان، یانی تێگەیشتنی پێش فەلسەفییە، (شتراوس لەمبارەیەوە بەئاشكرا لەژێر كاریگەری فەلسەفەی مارتین هایدگەردایە). فەلسەفەی سیاسی كلاسیك، كە بەر لەدامەزراندنی نەریتی فەلسەفەی سیاسی دەربارەی جیهان بیریان دەكردەوە، بەبێ میانجییەك دەیانڕوانی بەژیانی تازەو سیاسی هاووڵاتیان پاشان فەلسەفەی سیاسی كلاسیك نزیكترین ئەزموونێكە بەئەزموونی پێش فەلسەفی.

لەچاخی نوێدا تیۆرسینی نێوان بیریارو فاكت پەردەپۆشەو لەئەنجامدا، ئیتر فەلسەفەی سیاسی بەبێ میانجیو ناتیۆری مومكین نییە: ( لەهەموو سەردەمەكانی دواتردا خوێندنەوەی فەیلەسوفان دەربارەی كاری سیاسی بەردەوامیدان بەنەریتێكی فەلسەفی سیاسی بوو كەهەر وەكو پەردەی نێوان فەیلەسوفو جیهانی سیاسی مەودایەك دروستدەكات)[٣]. فەلسەفەی سیاسی یۆنانی كۆن بەم هۆیەوە رۆشنكەرەوەی هەقیقەتی ژیانی سیاسی بوو كەدووچاری نەریتێك نەببوو. كەواتە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن گرفتاری دەستەواژەكانو چوارچێوەكانو چەمك گەلێكە كەمیراتی نەریتی فەلسەفەی سیاسییە.

هەر لێرەوەیە كەناتوانێت جوانی هەقیقەتی فەلسەفەی ڕەها لەگۆڕەپانی سیاسەتدا وەك خۆی ببینێت. كەواتە تیۆرسینی لەچاخی مۆدێرندا بووە بەئاستەنگ بۆ گەیشتن بەمەعریفەی ڕاستەقینە. دەورانی كلاسیك دەورانی

••••••



شەفافیەت بوو، هەروەها نەریتێك كە لەوە دروست دەبوو تەنها بەشێك لەهەقیقەتی لەخۆ دەگرت، هەركاتێك نەریتی فەلسەفی تێكدەشكێت ڕوخساری هەقیقەت دەردەكەوێت. ئەندێشە گەورە هۆشمەندەكان تەنها لەكاتی لێكترازانی نەریتەكاندا دێتەدی. كەواتە سروشتی چركەساتی مێژوویی گەلاڵەی هەر فەلسەفەیەك لەشەفافیەتی تێگەیشتنی ئەو بۆ هەقیقەت كاریگەرییەكی شایستەی هەیە، مەبەستی شتراوس لەكۆمەڵناسی هەقیقەتو فەلسەفە هەر ئەمەیە. كاتێ نەریتی زاڵ دادەڕوخێ فرسەتێك بۆ تێگەیشتنی نوێ پەیدا دەبێت.

لەدۆخی لێكترازانو قەیراندا دەتوانرێ بەشێوەی تازە جیهان بناسرێت. هەقیقەت بەرهەمی چەند چركەساتێكی تازەی مێژووییە، واتە چەند چركەساتێكی بەدوور لەنەریتە تیۆرییەكان. بەڵام ڕەشترین پەردەیەك كە بەسەر ڕوخساری هەقیقەتدا كێشراوە دەسكەوتەكانی مۆدێرنێتەو فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنە. دەبێت پەردەی نەریتی مۆدێرن بدڕێت تاڕوخساری هەقیقەت دەركەوێت.

## ڕەخنەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن

بەڕای شتراوس لەسەردەمی مۆدێرندا مێژووی فەلسەفەی سیاسی جێگەی فەلسەفەی سیاسی گرۆتۆتەوە. ئەندێشە سیاسییەكان لەسەردەمی مۆدێرنی فەلسەفەدا دەربڕی هەقیقەتی ڕەها نییە. چونكە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن گشت توانایەكی فەلسەفەی سیاسی ونكردووە. شتراوس چاخی مۆدێرنو فەلسەفە سیاسییەكەی بۆ سێ دەورە دابەش كردووە. شەپۆلی یەكەمی مۆدێرنێتە لەساتەوەختی مەكیاڤێللییەوە دەستپێدەكات تا سەرەتای سەدەی هەژدەهەم بەردەوام دەبێت. فەلسەفەی سیاسی

••••••

مۆدێرنێتە لەکۆتایی ئەو دەورەیەدا بەیەکەمین قەیرانی خۆی دەگات. ڕواڵەتی سەرەکی ئەم قەیرانە هێرشی ڕۆسۆ بوو بەتیۆری ماڤی سروشتی هۆبزو لۆك. قەیرانی شەپۆلی یەکەمی مۆدێرنێتە بەدەرکەوتنی شەپۆلی دووەم ئەنجامدرا. ئەم شەپۆلە بەئەندێشەی کانتو هێگل دەگات بەلوتکە، لەکۆتایی ئەم دەورانەدا مۆدێرنێتە دەگات بەدووەمین قەیرانی خۆی، کەڕواڵەتی سەرەکی ئەو ڕەخنەی نیچەیە لەسەر ئایدیالیزمی ئەڵمانی؟، ئەم قەیرانەش بەدەرکەوتنی شەپۆلی سێیەم دەگا بەئەنجام کەئێمە ئێستا تیایدا دەژین. قەیرانی شەپۆلی سێیەم ئەنجامی دەسەڵاتی پۆزەتیفیزم مێژووگەرایی‌و ڕێژەگەراییە(١). شتراوس ڕازیە بەچەند جیاوازییەکی نێوان فەلسەفەی سیاسی کلاسیك‌و فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن. بەڕای ئەو فەلسەفەی سیاسی کاریدەکرد، بەڵام فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن بەشوێن دۆزینەوەی مەعریفەیەکەوەیە کەتواناو هێز ببەخشێ بەمرۆڤ بۆ دەستبەسەراگرتنی سروشت‌و جیهان‌و هەروەها بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی‌و ئارەزووەکانی. بەم پێیە مەعریفە دەچێتە خزمەتی کارو ئارەزووەکانی مرۆڤەوەو شوێنگەو بنەمای خۆی بەواتای والآترین فەزیلەت لەدەستدەدات. هەروەها فەیلەسوفی سیاسی مۆدێرن بەڕەتکردنەوەی جیاوازییە زاتی‌و چۆنێتیەکان لەسروشدا دەبێتە ڕەتکەرەوەی جیاوازی‌و جیاکاری ئینسانی و سیاسی لەهەموو سروشدا.

یەکەم قەیرانی مۆدێرنێتە کاتێك سەریهەڵدا کە ڕۆسۆ نیشانیدا وێناکردنی مۆدێرنی سەرەتایی بۆ سروشت دەرکی ژیانێکی باش بۆ مرۆڤ مەحاڵدەکات‌و مرۆڤ لەسروشتدا غەرقدەکات. هەر لەم ڕووەو لەپاش ئەوە، ئاراستەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دەربارەی سروشتی مرۆڤ گەڕایەوە بۆ مێژووی مرۆڤ ، فەیلەسوفانی سیاسی مۆدێرن لەبناغەوە دەربارەی ئەگەری جێبەجێکردنی





باشترین سیستەمی سیاسی، کەجەوهەری فەلسەفەی کلاسیك بوو، گومانیان کردو بیرکردنەوەیەکی لەو چەشنەیان بەمەحاڵ دانا. بەڕای ئەوان دەبێت سیستەمی سیاسی زیاتر لەسەر بنچینەی ئامانجی باو لەهەموو کۆمەڵگایەکدا دابمەزرێ نەك بەپێی فەزیلەتێك یان ئەزموونێ کەهیچ کاتێك لەبەردەستدانیە. لەم ڕووەوە جێبەجێکردنی سیستەمی خوازراو پەیوەندی بەفەزیلەتی ڕابەرانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەکارکردنی دامەزراوە سیاسییەکانەوە هەیە. بەو پێیە مادام دامەزراندنی کۆمەڵگەو سیستەمێکی باشتر تاڕادەیەك بەکارێکی ئاسان لەقەڵەمدرا، فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەی پەیداکرد.[٣] دەربارەی سروشتی مرۆڤیش لەکاتێکدا کەفەلسەفەی سیاسی کلاسیك هەم لەفەزیلەت‌و هەم لەڕەزیلەتی مۆرڤ ئاگادار بوو، فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن زیاتر جەختی لەسەر خراپی سروشتی مرۆڤ دەکردەوە. ئیتر لێرەوەیە کەفەیلەسوفانی مۆدێرن بە (ڕێژەگەرایی) هەموو هەقیقەتەکان‌و هەموو بەهاکان‌و بنەمایەکی ڕەهایانەی مەعریفەو زانینێك وێران دەکەن، بەڵام مادام ناتوانن بەبێ پاڵپشت لەسەر بنەمایەك بیربکەنەوە، نائاگایانە بەرەو وەها بنەمایەك پەلکێش دەبن. بەشێوەیەکی گشتی بەڕای شتراوس ( لەمرۆدا فەلسەفەی سیاسی لەدۆخی گەندەڵیی یان لەناوچووندایە، ئەگەر بەتەواوی لەناو نەچووبێت)[٤] سەرەڕای ئەوەی لەچاخی مۆدێرندا لەسەر بنەمای فەلسەفەی سیاسی نوێ، کۆمەڵگەی تەواوی نوێ سەری هەڵداوە کە بۆ فەلسەفەی سیاسی کلاسیك بەتەواوی نەناسراوە، لەیەك ڕستەدا، ئەنجامی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لەبەریەك هەڵوەشانی خودی فەلسەفەی سیاسی، واتە نەمانی فەلسەفەی سیاسییە. دەرئەنجامی ئەم دۆخە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لەکۆلێژی زانستی سیاسیدا لەجیاتی فەلسەفەی سیاسی، مێژوویی، فەلسەفەی سیاسی دەکۆڵنەوە.

# ڕەخنەی زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرن

بەبۆچوونی شتراوس

فەلسەفەو هەقیقەتی ڕەها هەر لەسەردەمی دێرینەوە دوژمنی بەهێزی هەبووە. لەسەردەمی کۆندا، شاعیران‌و سۆفیستەکان‌و گومانکارەکان‌و ئەپیقۆریەکان بەتوندی هێرشیان کردۆتە سەر فەلسەفەی کلاسیك. مەزهەبیش لەگەورەترین دوژمنانی فەلسەفە بوو، ناکۆکی نێوان عەقڵ‌و وەحی دژوارگەییەکی گەورە بوو کەبەرۆکی فەلسەفەو فەیلەسوفانی گرتبوو، لەئەنجامدا فەیلەسوفان کەم تازۆر ناچاربوون دەست هەڵگرن لەوەی بەئاشکرا هەقیقەتی مەزهەب ڕەتبکەنەوە. بەبۆچونی شتراوس ناکۆکی نێوان فەلسەفەو دین تەنانەت قوڵترین ناکۆکی نێوان فەلسەفەی کلاسیك‌و مۆدێرن بووە. [1] بەڵام ئەمرۆ دوژمنی گەورەی تازەی وەکو ڕێژەگەرایی‌و پۆزەتیڤیزم‌و مێژووگەرایی‌و زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرن کەدەربڕی ئەم سێ ڕەوتەیە لەبەرامبەر فەلسەفەی رەهای کۆندا سەرکەوتوون، هەموو ئەمەش دەربڕێکە لەقەیرانی قوڵی مۆدێرنێتە. ( قەیرانی مۆدێرنێتە لەو ڕاستیەدا خۆی ئاشکرا دەکات یان بریتیە لەو ڕاستیە کەمرۆڤی ڕۆژئاوای مۆدێرن ئیتر نازانێت چی دەوێت، ئیتر بڕوای نییە کەبتوانێت باش‌و خراپ‌و ڕاست‌و ناڕاست جیا بکاتەوە. تاچەند نەوەی پێش ئێستا پێیانوابوو توانای مرۆڤ لەجیاکردنەوەی ڕاست‌و ناڕاست دیاری بکات بەڵگە نەویستە. بەڵام لەسەردەمی ئێمەدا ئەم باوەڕە بووەتە مەحاڵ: کەپێشتر ئەم مەحاڵە لەئارادا نەبوو[2] بەم پێیە هۆکاری سەرەکی قەیرانی مۆدێرنێتەو فەلسەفە، ڕێژەگەراییە: بەهۆی ڕێژەگەراییەوە چاخی مۆدێرن لەڕووی فەلسەفییەوە گۆڕاوە بۆ کێشەو ئاژاوەو ئاشووب. (ڕێژەگەرایی تەنها قوتابخانەیەکی فەلسەفی نییە لەنێو ئەو هەموو قوتابخانەیەدا، بەڵکو هۆکارێکی زۆر بەهێزە کە کەم‌و زۆر لەسەر هەموو ئەندێشەکانی ئەمڕۆ کاریگەریی داناوە)[3] لەگەڵ ئەوەشدا، شتراوس لەنێوان ڕێژەگەرایی‌و فەلسەفەی هەقیقەتدا دیالیکتێکی جوان بەرقەرار دەکات، کەدیارە دواجار بەسوودی فەلسەفە تەواو دەبێت.

بەڕای ئەو هەر ڕێژەگەراییە کەئێمە لەهەقیقەتی ڕەها ئاگادار دەکاتەوە. بەدەربڕینێکیتر جیهانی پیرۆزو ڕەنگاوڕەنگ بەبیروباوەڕێکی جۆربەجۆرو ڕێژەیی ئێمە بەرەو هەقیقەتێکی ڕەها پاڵدەنێت. ڕێژەگەریی هەڵگری لێکدژیە. هەر ئەم لێکدژیە بەرەو یەکێتی ڕادەکێشێت‌و دواجار دۆزینەوەی باوەڕی تاق‌و رەها ئێمە ئاگادار دەکاتەوە لەهەقیقەتگەرایی ڕێژەیی جۆراوجۆر [4]. بۆنموونە (رژێمگەلێکی سیاسی جیاواز. ئێمە ناچاری ئەو بیرکردنەوەیە دەکات کە کام لەو ڕژێم‌و سیستمە جیاوازانە باشترەو سەرئەنجام کامیان باشترین ڕژێمە)[5] (یا) هەمەڕەنگی بیروباوەڕەکان دەربارەی حەق‌و دادپەروەریی نەك تەنها لەگەڵ بوونی مافی سروشتی یان بیری دادپەروەریی گونجاوە، بەڵکو پێویستییەکی گەیشتنە پێی)[6] بە شێوەیەکی گشتی (فەلسەفە کۆششێکە بۆ تێپەڕین لەبیروباوەڕ (عەقیدە)وە بۆ زانست، کەواتە بەناچاریی پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەستێنی عەقیدە)[7] کەواتە فەلسەفە لەنێوان بیروباوەڕە جۆربەجۆرەکاندا سەردەردەهێنن، نەك لەناویان ببات. خودی هەبوونی مشتومڕە ناکۆکەکان دەربارەی هەرکارێك بەواتای هەبوونی هەقیقەتێکی زاتی‌و بنەماییە کەئێمە بەرەو خۆی بانگدەکات. لەوانەیە هیچ کاتێك بۆنموونە دەستمان ڕانەگات بەپێناسەی دادپەروەریی ڕەها بەڵام خودی پرسیارکردن دەربارەی دادپەروەریی‌و بەردەوامی ئەو لەمێژووی ئەندێشەی سیاسیدا، نیشانەی هەبوونی هەقیقەتێکی سەربەخۆیە. هەقیقەتی ڕەها دەبێت سەرەتا پەنهان بێت‌و لەنیشانگەی هێرشی

هەڵوێستە ڕێژەییەکاندا قەراربگرێ تائەوکاتەی سەرئەنجام بەشێوەی خودئاگایی دەرکەوێ. هەنگاوی یەکەم لەڕێگای گەیشتن بەهەقیقەت ئەوەیە کە ئەوەی دەربارەی کۆی کۆمەڵگەیە تەنها هۆیەکی ڕێژەیی دەربارەی هەقیقەت بزانن. بەم پێیە باوەڕوبۆچوونە جیاوازەکان سەرەتایەکە لەسەرووی مەعریفەوە بۆ هەقیقەت. کاری تایبەتی فەلسەفە بەرەوپێشبردنی بیروباوەڕەکانە تانزیکترین پلەو پایەی حەرەمی حەقیقەت. شتراوس بەهەموو ئەم دیدگایەوە، هەقیقەتی کۆتایی هەمان بیروباوەڕی چاکسازیکراو. جیهانی هەقیقەتو جیهانی بیروباوەڕ (عەقیدە) گەرچی کەمێك دەسوەردانیان هەیە بەڵام، دوو جیهانی جیاوازن، عەقیدە پاژیو (جزئی) مەبەست ئامێزە، لەکاتێکدا هەقیقەتی گشتی بێلایەنو سەرتاپا گیرە - بە زۆری عەقیدە کە بەش بەشو پەرتەوازەو بریندراری هەقیقەتە. هۆی ئەوەیە کەعەقیدە بەرهەمی ڕێکەوتنی مێژوویيو ئیحتیمالاتە، بەڵام هەقیقەت خۆرێکی درەوشاوەیە کە لەپەشت هەورە ڕەشەکانی عەقیدەوە پەنهانە. بەڕای شتراوس ڕێژەگەرایی لەکردارا دووجار تووشی ناکۆکیو لێکدژی دەبێت لەگەڵ خۆیدا، چونکە کەرەستەی سەرەکی ئەو ئارامگرتنو لێبوردنە. لێبوردن پابەند بوونی لێبوردن قبوڵ ناکات، بەوشێوەیە، پێوەرگەلێکی ڕەها دەهێنێتە ناو ڕێژەگەراییەوە، یان نەبوونی لێبوردن قبوڵ دەکات، کە لەوشێوەیەدا، خۆی وێران دەکاو دوچاری ناکۆکی دەبێت، بەدەربڕینێکیتر یا لێبوردن هاوڕێکە لەگەڵ عەقڵو پشت بەستووە بەو گریمانەیە کەخەڵکی بۆ شیکارکردنی چاکە هەیانە، کە بەوشێوەیە، لێبوردن بەنا لێبوردن لەبەرانبەر خراپەدا ئەنجامدەدرێ، یا ئەوە کەلێبوردن هیچ بنەمایەکی لەعەقڵدا نییە، لەئەنجامدا، خۆی باشترنییە لەنەبوونی لێبوردن [٨]. شتراوس هەر بەم قەمە پەلاماری کۆنزێرڤاتیزمی ڕێژەگەرانەی چەند ئەندێشمەندێکی وەکو

••••••



ئەدموندبرك. دەدات، چونکە ئەوان لەجیاتی هەقیقەتو چاکەی ڕەها داکۆکی لەسوننەت دەکەن، بەڕای شتراوس لەسوننەتیشدا هەقیقەتی ڕەها ڕەنگ ناداتەوە. کەواتە دەبێت ڕازی بین بەجیاکارییەك لەنێوان سوننەتو هەقیقەت دا[٩]. بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەگەرایی نەخۆشییەکی مۆدێرنانەیە کە ریشەی لەلاوازی پەیبردنی مرۆڤدا هەیە، هەروەکو بینیشمان کاتێ بەسەر خۆیشیدا پراکتیزە دەبێت خۆشی لەناو دەبات.

شتراوس لەنێوان زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرنو لیبرالیزم دا پەیوەندیەکی نزیك دەبینێ. بەوتەی ئەو (شرۆڤەکارانی لیبرالیزمی ئەمڕۆ پێویستە لەیەکێتی نێوان لیبرالیزمو زانستی کۆمەڵایەتی بەتاڵ لە بەهاگوزاریی سەریان سوڕمێنێت. ئەم پرسیارە دێتە پێش کەئایا پەیوەندییەکی پێویست لەنێوان زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرنو لیبرالیزم دانیە، لەکاتێکدا لیبرالیزم بەتاڵ نیە لەبەهاداڕشتن)[١٠] بەڕای شتراوس ڕەخنەی زانستی کۆمەڵایەتی نوێ، لەئەنجامدا، خۆی بەخشیوەو تەرخانکردووە بۆ رەخنەی لیبرالیزمانە، ڕەوتە زانستیەکانی ئەمڕۆ نایەکسانیەکان وەکو یەکسانی پیشان دەدەن. زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرنیش وەکو لیبرالیزم، کە ئامانجیان خۆشگوزەرانیو پێش کەوتنە، (لەخزمەتی هێزی مرۆڤدایە - هێزێك کەدەبێت بۆدابینکردنی ژیانێکی درێژترو سالم ترو خۆشتر بەکاربێت)[١١]. کەواتە زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرن ئامانجی دۆزینەوەی هەقیقەت نیە  لە خۆیدا. لیبرالیزمو زانستی کۆمەڵایەتی هەردوکیان لایەنگری هێزو دژ بەهەقیقەتی ئامانج خوازیو کەرەستەگەرایین. لەکۆتایدا بەسەلماندنی یەکێتی نێوان لیبرالیزمو زانستی کۆمەڵایەتی، ئەم زانستە بێ متمانە دەبێو بەهایەکی ڕێژەیی بەرهەم دێت، لەکاتێکدا هەروەکو بینیمان ڕێژەگەرایی ناتوانێت بنەمای مەعریفە بێت.

••••••

دیوێکی تری زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرن ئەزمونگەرییە، کەهەڵگری ناکۆکی گەلێکی تایبەتی خۆیەتی، لە ڕوانگەی شتراوسدا ئەزمونگەرایی هەقیقەتی رەها ڕەتدەکاتەوە، کەچی ناتوانێت لەبنەمای ڕەها بترازێ‌و دواجار بێ ئاگایانە بنەمایەکی لەم چەشنە قبوڵ دەکات، جەختکردنەوەی ئەزمونگەرایی لەسەر توانای پەیوەندی بێ میانجی لەگەڵ واقعدا بۆخۆی پڕوپاگەندەیەکی ڕەهایە کەتەنها ئاراستەیەکی ڕێژەگەرایی هەیە. ئەزمونگەرایی بەپاڵپشتی بنەمای خۆی ناتوانێت ئەو بنەمایە بسەلمێنێت، چونکە (لەڕێگای پێدراوە هەستیەکانەوە نازانرێت کەتاکە بابەتی ئیدراك پێدراوێکی هەستییە)[١٢] پاشان ئەگەر ئەزمونگەرایی بە هۆی بنەماکانی خۆیەوە پەسەند نەکرێت، دەبێت بنەما گەلێکی نائەزمونی بۆ ئەم کارە هەبێت. لەوێدا کە ئەزمونگەرایی ڕۆڵی پێش زەمینەی ئینسانی وەکو بنەمایەکی بانگەشەی هەقیقەتی خۆی ڕەتدەکاتەوە، بۆ خۆپارێزی لە (ڕەها) تێکەڵ بەڕێژە گەرایی دەبێت. لەئەنجامیشدا لەبانگەشەکەی خۆی لادەدات. بەم پێیە ئەزمونگەرایی لەڕووی مەعریفەوە هەمیشە ناسەقامگیرە. کەواتە ڕێژەگەرایی ڕۆڵەی ئەزمونگەراییە. لەئەنجامدا، زانستی کۆمەڵایەتی مێژوویی وابەستەی دەق‌و ڕێژە دەبێت. لەبەرئەوە (زانستی مۆدێرن شێوەیەکی ڕێژەیی‌و مێژووییە لەتێگەیشتنی شتەکان کەلەڕاستیدا زیاتر نیە لەهەر شێوەگەلێکی تری تێگەیشتن)[١٣].

بەشێوەیەکی گشتی زانستی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای بانگەشەیەکی بەرهەست خوازانە (عینیت)ڕێژەییە. هەموو هەقیقەتێك لەم زانستەدا لەگەڵ مێژوودا پەیوەندی پەیدا دەکات‌و سەرەنجام، کۆمەڵێك لەهەقیقەت بەشوێن یەکدا دێن. لەبەرئەوە ئەنجامە زانستیە کاتیەکان لەداهاتوودا شایەنی پیاچوونەوە دەبێت. جگەلەوە، بەسەرنجدان بەوەی کە پڕوپاگەندەی بێ لایەنی بەهایەکی زانست





هەڵگر، ناتوانایییە لەئاراستەکردنی مەبەست‌و ئامانجەکاندا، لەئەنجامدا، کەم‌وکوڕیی سەرهەڵدەدا، بەوەی لەهەر سەردەمێکدا پڕدەبێت لە ئامانجی ڕێژەیی. لێرەوەیە کە(زانست ناچار دەبێت ئامانج‌و مەبەستی لایەنگریی خۆی بەراورد دەکات) [١٤] بەدەربرینێکی تر بەقبوڵ نەکردنی بەها ڕەهاکان هەمیشە ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخێکی بەردەوام‌و کاری ڕێژەیی بە شێوەیەکی رەها ڕێکبخات.

پۆزەتیفیزم دیوێکی تری زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرنەیە کەپڕوپاگەندەی گشتی ئەزمونگەرایی بەشێوەیەکی روونتر بەکار دەهێنێت، بەهۆی تیۆری پوزێتیڤیزمەوە مەعریفەی زانستی بەپێی پێناسەی ئەو بۆ زانستی سروشتی مۆدێرن مەعیرفەیەکی ڕاستەقینەیە. بەوتەیەکی تر بنچینەی پوزێتیڤیزم دەربارەی توانای زانینی کۆمەڵگەیەکی باش قسەیان دەکرد، بەڵام پوزێتیڤیزمەکانی ئەمڕۆ هەرچەشنە توانایەکی زانینی وا بەمەحاڵ دەزانن. بەڕووکەش زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرن‌و پوزێتیڤیزم گەرایی ئەمڕۆ ئەمری واقیع لەبەها جیادەکاتەوە وا دەزانن وان بەشوێن دەسکەوتی مەعریفەیەکی بەرهەستەوە، بەڵام بەڕای شتراوس پوزێتیڤیزم هەرگیز ناتوانێت لەعەقڵی بەر لەزانست بەتەواوی دابڕێ. لەڕاستیدا زانستی کۆمەڵایەتی پوزێتیڤیزم بەتاڵ نیە لەئەگەری بەهاکان‌و هەڵسەنگاندن توخمێکی زاتی هەر تێگەیشتنێکە لەژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، هەروەها پوزیتیڤیزم خۆی بارگاوییە بەداکۆکیگەلێکی بەهایی. مەسەلەکە تەنها ئەوەیە کە داکۆکی بەهایی ئاگایانە یان خود نا ئاگایانەیە. سڕینەوەی ڕواڵەتی داکۆکیە بەهاییەکان لەبەستێنی تێگەیشتنی زانستی پوزێتیڤیزمدا جۆرێك بەها دارێژێ‌و بەشێك لەباس‌و خواستی گشتییە کە گومانە لەمتمانەی تێگەیشتنی بەر لەزانست. ئەنجامی ئەمەش بەرهەم

هێنانی تێگەیشتنێکە کەلەگەڵ تێگەیشتنی سروشتیی یەکجار جیاوازە. کەچی تەنانەت لەبەستێنی زانستیشدا بەشێوەیەکی ناخود ئاگایانەو حەتمی دەگەڕێتەوە بۆسەر تێگەیشتنی بەرلەزانستی. بەهەرحاڵ بەڕای شتراوس ناتوانرێ لەڕێگای دیاردەگەلێکی جیهانی پراکتیکەوە بەو تێگەیشتنە سەرەتاییو بەرلە زانستیە بگەین، چونکە جیهانی ئێمە بەرهەمی زانستەو بەئەزمونی زانستی شێوەی گرتووە. بەڵام هەروەکو پێشترگوتمان لەڕوانگەی شتراوسدا، هەڵسەنگاندنی جیهانو (بون)ی بەرلەزانستیو بەر لەفەلسەفی پێویستە. چونکە ئاگاهی بەرامبەر بەوە خۆی بنەمایەکی حەتمیی گشت زانستێکی کۆمەڵایەتیەو لێرەدایە کەفەلسەفە گرنگی پەیدا دەکات، هەروەکو بینیمان فەلسەفەی کلاسیك لەم وشیاریو ئاگاییە بنەماییەوە کاری خۆی دەست پێ دەکات.

## ڕەخنەی مێژووگەرایی

بەڕای شتراوس پۆزەتیفیزم لەبەرانبەر ڕەخنەکارییەکدا هاتە ئارا کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەریان نابێت بەتایبەت ڕەخنەی مێژووگەرایی، لەبەرئەوە لەهەڵوێستێکی لاوازدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام مێژووگەرایی لەسەردەمی ئێمەدا خۆی بزووتنەوەیەکی زۆر بەهێزەو "دوژمنێکی سەختی فەلسەفەی سیاسیە"[(١)] بەوتەی ئەو "تا ئەوشوێنەی کەبتوانرێ دەربارەی دۆخی ڕۆژگار بدوێین، دەبێت بەبڕواوە بڵێین ڕۆحی ڕۆژگاری ئێمە مێژوو گەراییە"[(٢)].مەبەستی شتراوس لەمێژووگەرایی بزوتنەوەیەکی هزری گەورەیە کەچەند بیرمەندێکی وەکو هێگڵو نیچەو هایدگەر لەخۆ دەگرێ. مێژووگەرایی دووجۆرە، (تیۆریی) کەنوێنەری سەرەکی ئەوان هێگڵە، (ئەگزیستانیسیالیزمی) کە هاید گەر بەنوێنەری بەرجەستەی

••••••



ئەوان دادەنرێت، مێژووگەرایی تیۆریی لەشەپۆلی دووەمی مۆدێرنێتەدا دەردەکەوێت.

لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی مەعریفە پشکنینی مێژووە لەپرۆسەیەکی عەقڵانیو گشتی دا، لەئەنجامدا و لێرەدا فەلسەفەی سیاسی بەمانای کلاسیك جێگای خۆی دەسپێرێت بەفەلسەفەی مێژوو. بەبۆچوونی شتراوس، جەختکردنەوەی هێگڵ لەسەر عەقڵانیەتی ڕەوشگەلێك کە لەواقعدا هەن، بە ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی کلاسیك ئەنجام دەدا. کە بەشوێن دەوڵەتی سروشتیو خوازراوەوە بوو[(٣)]. لەڕوانگەی مێژووگەرایی تیۆریی، مێژوو خۆی لەخۆیدا. خوازیاری گەیشتن بەسیستەمێکی سیاسی خوازراوو یەکجارییە، بەڵام لەدیدی شتراوسدا، مێژوو شوێنی ئاگاییو شعور نیەو مرۆڤ هیچکاتێك ناگات بە وشیاری تەواو لەجیهانی سروشتیدا. تا لەمێژوودا بدرەوشێتەوە. پڕوپاگەندەی مێژووگەرایی دەربارەی وشیاری مرۆڤ زۆر بێ هودەیە، رادەی زانینو وشیاری مرۆڤ لەڕاستیدا زۆر کەمترە. فەلسەفەی سیاسی بەتەواوی داوای وشیاری دەکات، رادەیەك لەتێگەیشتن دەربارەی کاری زاتیو هەمیشەیی دیارە مومکینە، بەڵام ئەم تێگەیشتنە تەنها لەڕێگای فەلسەفەوە بەدەست دێت. کەواتە فەلسەفەی مێژوو زەرووڕەتی فەلسەفەی سیاسی لەناو نەبردووە.

مێژوو گەرایی ئەگزیستانسیالیستی لەشەپۆلی سێیەمی مۆدێرنێتەدا دەرکەوتو نیچەو هایدگەر نوێنەری سەرەکی ئەو بوون. ئەوانیش هەروەکو هێگڵ، پێیان وابوو کەدەبێ لەدوو توێی مێژوودا لەمرۆڤ تێبگەیت، بەڵام ڕەتی دەکەنەوە کەپرۆسەی مێژوو عەقڵانی بێت، بەڕای ئەوان مرۆڤ ناتوانێت لەپرۆسەی مێژوو سەرتر بچێ، یان پەی بەوە ببات، لەبەرئەوە هەر گوزارەیەك لەمێژووی ڕابردوو وابەستەیە بەپەیوەندیو دیمەنەکانی ڕۆژگاری ئێستاوە. بەم

••••••

هەوالنامەی کتێب

پێیە مێژوو گەرایی ئەگزیستانسیالیتیش ئەگەری فەلسەفەی سیاسی بەمانای کلاسیك ڕەتدەکاتەوە. لەدیدی ئەم ڕێبازەوە نەك تەنها بەدەستهێنانی مەعریفە دەربارەی چاکەو فەزیلەتی ڕەها مومکین نییە، بەڵکو خودی فەلسەفەو بانگەشە گشتیەکانی مەرجدارو وابەستەیە بەمێژوو و بارودۆخی ڕۆژگارەوە. لەئەنجامدا، هەموو بنەمایەکی تێگەیشتن مێژووییەو هیچ بنەمایەك نیە جگە لەخواستو بڕیاردان بێ بنچینەی مرۆڤ. لەبەرانبەر ئەم دیدگایەدا، بێگومان شتراوس، بەڵگە دەهێنێتەوە کەتێگەیشتنی مرۆڤ وابەستەی ئاسۆگەلێکی گۆڕاوی مێژوویی نیەو توانای ڕاگەیشتن بەحەقیقەتی ڕەها هەیە، چونکە لەسەرانسەری مێژووی فەلسەفەدا چەند مەسەلەیەکی سەرەکی دووبارەیەو سەرلەنوێ دەخرێتەوە ڕوو هەر ئەمە خۆی بەڵگەیە لەسەر نامێژوویی، ڕەهابوونو سروشتی بوون ئاسۆی ئەندێشەی ئینسانیە.

مەسەلەی عەدالەتو بەختەوەریو باشترین سیستەمی سیاسی لەمێژووی بیری مرۆڤدا هەمیشە دووبارە دەبێتەوەو تێڕوانینو دۆکترینی باو لەهەر سەردەمێکدا کۆششێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەمیشەییانە[٤].

بەڕای شتراوس خودی مێژوو گەرایی ئەگزیستانسیالیستی بەرهەمی قەیران بووە لەفەلسەفەی سیاسی مۆدێرندا، چونکە ئەم فەلسەفەیە لەم باوەڕەدا گومانێکی دروستکرد کەدەیتوانی بەگەڕانەوە بۆ سروشت لەمرۆڤ تێبگات، لەئەنجامدا گەڕایەوە بۆ مێژوو.



## لەکۆنزێرڤاتیزمی فەلسەفیەوە تا ماکیاڤیلزمی فەلسەفی

لەدیگای شتراوسدا فەلسەفەی سیاسی دوژمنی ناتیۆریشی هەیە: کۆمەڵگەی سیاسیو خەڵکی ئاسایی دیسان لەگەڵ فەلسەفەو فەیلەسوفدا لەناکۆکیدا خۆیان دادەنێن.

کۆمەڵگەی سیاسی پشت بە کۆمەڵێ عەقیدەو (دۆکترین) بۆچوونگەلێکی جۆراوجۆر دەربارەی سیاسەتو ئەخلاق دەبەستێو ئەوانەش دەکاتە بیانوو، لەم ڕووەوە لەگەڵ فەلسەفەکە وێڵە بەدوای حەقیقەتی ڕەهادا دەربارەی سیاسەتو ئەخلاق، ناکۆکی پەیدا دەکات. هەروەکو دیتمان حەقیقەت لەگەڵ تیۆر ناکۆکی هەیە. هەموو کۆمەڵگا سوننەتیەکان خۆیان دەپارێزنو وادادەنێن لەسەر هەقن، بەڵام هەروەکو گوتمان، لەڕوانگەی فەلسەفەی ڕەهاوە سوننەت هەروەکو حەقیقەت نیە. هەروەها، هەموو کۆمەڵگاکان پارێزگاری لەڕێبازی خۆیان دەکەن، بەڵام لەڕوانگەی فەلسەفەوە، مەزهەبیش بەپێی پێویست هەروەکو هەقیقەت نیە. کەواتە دەبێت حەقیقەت لەودیوی سوننەتو مەزهەبو نەریتەوە بدۆزینەوە. بەڕای شتراوس، فەیلەسوفان بنەمای حەقیقەتو چاکەو دادپەروەری لەسروشتەوە وەردەگرنو کۆمەڵگە سیاسیەکان لەسەر ژیانی مەدەنیو سیاسی پێکەوەیی وەکو خێرو فەزیلەتی بەرز ڕادەهێنن، بەڵام فەلسەفە لەخەڵوەتدا خەریکی گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا، کۆمەڵگەکان لەبیری ئارەزوو و دارشتنی کارەکانیان، بەڵام فەیلەسوف بیر لەهەقیقەتو سیفەتێکی هەمیشەیی دەکەنەوە. هەندێ لەفەیلەسوفانی مۆدێرن، بۆ لابردنی ناکۆکی لەنێوان فەلسەفەو کۆمەڵگەدا، پێشنیاری ڕۆشنگەرییو لەناوبردنی بیرۆکەی خراپ لەناو کۆمەڵگەو ڕەخنەی بەردەوام دەکەن لێیان، بەڵام بەڕای شتراوس ئەم بارودۆخە نزیك

نەبووە لەسەرکەوتن‌و فەیلەسوفان دەبێت لەڕێگەی ئاراستەی گشتی فەلسەفە لەکۆمەڵگەداو جەختکردنەوە لەسەر سوودەکانی، ڕێگایەك بۆ هەڵگرتنی ئەو ناکۆکیانە لەنێوان فەلسەفەو کۆمەڵگەدا بدۆزێتەوە. لەبەرئەوە فەلسەفە ڕۆڵێکی هیدایەت کەرانەی هەیە.

خودی تێڕامانی فەلسەفی دەربارەی سیستەمی دادپەروەرانە، دەتوانێت سەرنجەکان لەگۆڕەپانی ململانێدا بۆ بەهێزکردنی گۆڕەپانی هەقیقەت کۆکاتەوە. هەروەها، فەلسەفە دەتوانێ لەبەستێنی سیاسیدا لەبەرانبەر مەترسی‌و هەڕەشە گەلێکدا کە لەبیرۆکەو رای زیانبەخش‌و هەڵەوە سەرچاوەی گرتووە رابوەستێ‌و بەرگری بکات[1].

لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕای شتراوس، مادام فەیلەسوفی ڕاستەقینە وابەشوێن هەقیقەتەوە، ناکۆکی نێوان فەلسەفەو کۆمەڵگە بەڕاستی شتێك نیە چارەسەر ببێ.

هەر ئەم واقیعەتە خۆی هۆکاری دەرکەوتنی جۆرێك لە فەلسەفەکارییە بەشێوەیەکی پەنهان‌و شاراوە، ئەم شێوە باشترین کەشێك بۆ بەردەوامی حەقیقەتێك کە لەوانەیە بگۆڕێ بۆ بیرۆکەو تیۆر گەلێکی باو. هەڵبەتە دەبێت فەلسەفە ڕێز بگرێت لەبیر و باوەڕێك کە کۆمەڵگە لەسەری بەندە. بەڵام ڕێزگرتنی ئەم بیر و باوەڕانە بەمانای قبوڵکردنی ئەو بیر و باوەڕانە نیە وەکو هەقیقەت. کەواتە دەبێت فێربوونی ڕاستەقینەو ناوەکی جیاکرێتەوە لەفێربوونی سوود مەند و ڕووکەش. نوسینە ناوەکیەکان فرسەت دەدەن بەفەیلەسوف تا خەریکی گفتوگۆ بێت دەربارەی هەقیقەت، لەهەمان کاتدا، کۆمەڵگە لەکاریگەری خراپبوونی بیری خۆشەویستی لەمەترسی کەسانێك کەتوانای بیستنی هەقیقەتیان نیە بپارێزێت. بەهەر حاڵ، فەیلەسوفیش



لەچوارچێوەی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدایەو هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ سیاسەت‌و حکومەت حەتمیە. کەواتە دەبێت لەم چوارچێوەیەدا بیربکاتەوە لەئامانجە سیاسیەکانی خۆی کە دروستکردنی ئاسایشە بۆ فەلسەفە. لەم ڕوانگەیەوە باشترە لەناو دەسەڵاتدارە شارییەکاندا کەهەمیشە پشتیوانی فەلسەفە بوون، پارێزەرانێك بۆ ئاسایشی هزری خۆی بدۆزێتەوە ئەگەر نەرم‌و نیانی ئەوانیش گۆڕا بتوانێ قەرەبووی کاتەوە بەوەی ڕەشە خەڵك کەهیچ کاتێ بڕوایان بەفەیلەسوفان نەبووە، بڕوایان پێ بهێنێت کە فەیلەسوفان دژە دین‌و تێکدەری سیستەمی کۆمەڵگە نین[2]. دیارە فەیلەسوفان ناتوانن دورە پەرێز بن لەدیموکراسی، چونکە دیموکراسی رازییە بەیەکسانی هەموو لایەك‌و بەتایبەتی فەیلەسوفان، کە دژی پاوانخوازی مەعریفەن بۆخۆیان، بەڵام فەیلەسوف دەبێت لەگەڵ ڕەشە خەڵك‌و دیموکراسیدا هاوڕێی بکات تا زۆر تەنگی پێ هەڵنەچنن. فەیلەسوف دەبێ لەلایەکەوە سەر بەوان بێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبێت لەنوسینە ناوەکیەکانی خۆیدا بیرۆکەو تیۆرە هەڵەکان ڕەخنە بکات. تاقەڕێیەك بۆ دەربازبوونی ئەو لەم دوو ڕووییە ئەوەیە کە هەقیقەت بۆ کەمینەیەك دەربخات‌و تا تواناش هەبێت ڕەشە خەڵك بەرەو تێڕوانینی پەسەندکراو کۆمەك کات، بەڵام بەهەرحاڵ دەبێت گریمانەی ئەوەبکات‌و حسابی هەقیقەت لەحسابی ژیانی جیابکاتەوە. ئەم درۆگەرییە شەرەفمەندانەو هی پەسەند کردنە، چونکە شاردنەوەی هەقیقەت بۆ پلەو پایەی فەیلەسوف شیاوە[3].

بەشێوەیەکی گشتی، لەبارو دۆخی نەگونجاوی سیاسیدا، فەلسەفە دوو خەسڵەتی هەبوو، هاوڕێگەیی کردن بەحوکمی سیاسی، دەربڕینی هەقیقەتە بۆ کۆمەڵێکی بچوکی هەقیقەت ناسان، فێرکردنێکی ڕووکەش هەمیشە بۆ پاراستنی حەرەمی فەلسەفە پێویست بووە. چونکە فەلسەفە ناسان دەبێت لەشوێن ڕوخساری

شاراوەو ڕاستەقینەی فەلسەفەکان بێ، واتە دەبێت لەپاش وتە ڕووکەش‌و ئایدۆلۆژیایانەو ئامێریەکانی فەلسەفە، مەبەستی ڕاستەقینەی ئەوان بدۆزێتەوە، ئەمەش تاکە شێوەی راستی گوزارشتکردنە لەدەقی فەلسەفیانە. بەدەربڕینێکی تر لەتەعبیری دەقدا دەبێت مێژوو بسڕێتەوە. فەیلەسوفان ناچار دەبن بۆچوونەکانی خۆیان لەگەڵ خواستەکانی ڕۆژگاردا بگونجێنن، بەڵام لەڕاستیدا لەخواستەکانی ڕۆژگار سەرتر دەچن. کەواتە بەپێچەوانەی دیدگای کۆمەڵناسی مەعریفەوە، ئەندێشەی فەیلەسوفان دەربڕی بارودۆخی مێژووی ئەوان نیە.

کۆمەڵناسی مەعریفەش یەکێکی ترە لەڕواڵەتەکانی زانستی کۆمەڵایەتی نوێ کە فەلسەفە گەلێکی جۆراوجۆر بەنوێنەری کۆمەڵ یا چینەکان یا ڕۆحی نەتەوەیی دادەنێت" و گشت ئەندێشەیەك بەدەمامکی کۆمەڵگە لەقەڵەم دەدا[٤].

بەڵام کرۆکی سەنتەری فەلسەفەی سیاسی وابەستەنیە بەدەقی مێژووەوە، کەواتە کۆمەڵناسی مەعریفە داوێکە کەتوێژەران گرفتار دەکاو لەهەقیقەت دووریان دەخاتەوە. کۆمەڵناسانی مەعریفە هەڵەیەکی کوشندە دەکەن، لەجیاتی ئەوەی دەرکی ئەندێشەی فەیلەسوفان بکەن لەدەقی ڕۆژگاری خۆیاندا، ئەوان لەتێکستی ڕۆژگارو تێگەیشتنی کۆمەڵگەی خۆیاندا دایاندەنێن‌و دەرکی دەکەن. سەرەنجام، ناچار چەمك گەلێکی نامۆ دەهێننە ناو توێژینەوەکانی خۆیانەوە. یەکێ لەم چەمکە نامۆیانە وابەستەیە بە ئەندێشەی ڕۆژگارەوە، کە لەڕێژەگەرایی سەردەمی مۆدێرنەوە سەری دەرهێناوە. کەواتە مێژووگەرایی لەبنچینەدا نامێژووییە، چونکە دژێکە کەئەندێشەکانی ڕابردووی باشتر لەهاوسەردەمەکانی ئەوان تێدەگا، لەڕاستیشدا ئەندێشەی سەردەمی مۆدێرن باشتر لەئەندێشەی سەردەمەکانی ڕابردوو دەزانێ. لەکاتێکدا کەبەڕای شتراوس ڕاستیەکەی ئەوەیە دەرکی ئەندێشەی بیرمەندانی ڕابردوو دەبێت لەسەر بنەمای





تێگەیشتنی خۆیان لەخۆیان بێ، دەبێت بگەڕێنەوە سەر بنچینە، چونکە هەموو گوزارەیەك نابنەماو نامێژوویە. بەڕای ئەو لەیەك ڕێگای دەرك زیاتربونی نیە ئەویش دەرکی هەقیقەت لەودیدگای هەقیەتی بنەماوەیە بەدەربڕینێکی تر، هەقیقەت تەنها خودی شتراوس دەرکی دەکات!

★★★★

بەکورتی شتراوس باوەڕی وایە کەمۆدێرنێتە لەسەردەمی ئێمەدا توشی قەیرانێکی قوڵ بووە، کەهەم ڕەهەندێکی تیۆری هەم لایەنێکی پراکتیکی هەیە، ڕەهەندی تیۆری ئەم قەیرانە داڕوخانی فەلسەفەو زاڵبونی ڕێژەگەرایی‌و پۆزەتیڤیزم‌و مێژوو گەراییە لەهزرکاری مۆدێرندا.

فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن ئامانجی مۆدێرنێتە لەچەمك گەلێکی وەکو دیموکراسی، زانستگەرایی، ئازادی، خۆشگوزەرانی زانستدا دەبینێتەوە، کەچی ئێستا هەقیقەتی ئەم بنەمایانە هەرچی زیاتر جێگەی گومانە. پوزەتیڤیزم‌و ڕێژەگەرایی‌و مێژوو گەرایی نیشانەکانی بیماری زەینی مۆدێرنەو ڕێگایەك نیە بۆ جیهانی هەقیقەت. لەسەردەمی مۆدێرندا خۆری هەقیقەت ئاوا بوەو هەموو لایەکی لەتاریکی جەهل‌و ڕێژەگەرایدا داشاردووە. دەرکی فەلسەفیانەی هەقیقەت بۆهەموان بەدەست نایەت، لەوانەیە تەنها هەندێ لەفەیلەسوفان دەستیان پێی ڕابگات. ئەمڕۆ کار بۆتە زانست‌و دڵخۆشبوون‌و شادمانی خەڵك، واتە سوود گەیاندن بەوان، لەکاتێکدا کە هەقیقەت پەیوەندی بەسوودەوە نیە، زانستی مۆدێرن تێکەڵ بووە بەئارەزووی مرۆڤەکان، لەم ڕووەوەیە کەمەیلی دژە فەلسەفی هەیە. فەلسەفەی سیاسی کلاسیك بەشوێن هەقیقەتی ڕەهاو تێپەڕاندنی بیرۆکەو ڕەئیەوە بوو، بەڵام فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن بۆچوون‌و بیرۆکە ڕێژەیی‌و مێژوویەکان ڕەها دەکات. لەئەنجامدا، خۆی وەکو فەلسەفەی سیاسی

ڕەتدەکاتەوە. لەغیابی فەلسەفەی سیاسی دا، کۆمەڵگەی سیاسی بەشێوەیەکی ڕاست پەی بەئامانجەکانی خۆی نابات، هەروەها قەیرانی پراکتیکی مۆدێرنە هەر لێرەوە دەر دەکەوێ. ئەنجامی ئەم قەیرانە کەئیتر ڕۆژئاوا یەقینی نیە دەربارەی ئامانجو مەبەستەکانی خۆیو لەڕابوون بەوەی کەخۆشگوزەرانی تەنها مەرجە تەنانەت پێویستیەکی بەختەوەرییە کە گومان پەیدا بووە، لەئەنجامیشدا، زانستی پۆزەتیڤیستی ناتوانێ هیچ بەڵگەیەك بۆ ڕەوایەتی لیبراڵ ـ دیموکراسی بەسەر حکومەتەکانی تردا بداتە دەست.

## سەرچاوە و پەڕاوێزەکان

١- Leo Strauss ٢- Hesse
٣- Hambourg
٤- New school for social research, New York city
٥- The Pgilosophy of Habbes ٦-On Tyranny
٧-Persecution and the art of written ٨- Natural right and history
٩- thoughts on Machiavelli ١٠-what political philosophy
١١- history of political philosophy ١٢-the city and man
١٣- Spinozas critique of relegation ١٤- Socrates and Aristophanes
١٥- liberalism ancient and modern ١٦- xenophens scorates discourse
١٧-xenophens Socrates

......




١-leo strauss, liperalisn: ancient and modern, new york, basic book. ١٩٦٨.p.٦٣.
٢- leo strauss. Natural right and history, Chicago U.p ١٩٥٣,p.٢٤
٣-ibid. p.٢٤
٤-leo strauss, thepolitical philosophy of hobbre, Chicago, ١٩٦٣, p. xv.
٥-Leo strauss, what is political philosophy?, glenco, ١٩٥٩,p. ١٢.
٦-Idid. P. ١٦
٧- Repubiic Leo strauss. The city and man, Chicago ١٩٦٤, p. ١٣٨.

سەرچاوە:
لیبرالیسمو محافظه کاری
تأریخ اندشیەهای سیاسی در قرن بیستم – حسین بشیریه – جلد دووم
تهران – نشر نی ١٣٧٦ - ١٣٧٨.


......

هەواڵنامەی کتێب

# نەبوونی هۆشیاریی سیاسی
# لەمەڕ چەمکی دیموکراسی لە عێراقدا

ن: ناجی ئەلغەزی
و. لە عەرەبییەوە: یاسین عومەر

هۆشیاریی سیاسی بریتییە لە پەیبردنی تاك بە واقیعی كۆمەڵگە و ژینگە ئیقلیمی‌و نێو دەوڵەتییەكەی و ناسینی سروشتی ئەو بارودۆخە سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و ئابورییەی چوار دەوری داوە، هەروەها ناسینی گیروگرفتە جیاوازەكانی سەردەمەكەو ناسینی ئەو هێزانەی كە لە دروستكردنی بڕیارە نیشتیمانی‌و جیهانییەكاندا كاراو كاریگەرن.

••••••

## وەرگێڕان

لە هەموو سیستەمە دیموکراسیەکان یان شمولییەکاندا، هۆشیاریی سیاسی ڕێگای تاکە بۆ ناسینی ماف‌و ئەرکەکانی خۆی. ئەو کۆمەڵگایانەش کە بەنیازن لە سیستەمی دیکتاتۆرییەوە بگۆڕێن بۆ سیستەمی دیموکراسی پێویستیان بە سیستەمگەلێك لە زانست‌و زانیاریی سیاسی هەیە کە بەهاو ئاراستەگەلێکی سیاسیی جیاواز لەخۆ بگرێت‌و تاك لە ڕێیانەوە بتوانێت ئەو بارودۆخ‌و گیرو گرفتە ناوچەیی‌و جیهانییانە بناسێت کە لە چوار دەوری دەگوزەرێت، پاشان شوێن‌و هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەریان دیاری بکات‌و بەشداری بکات لە گۆڕین یان پەرەسەندنیان. بۆیە تاك بۆ تێگەیشتن لەو بارودۆخ‌و قەیرانانەی کە کۆمەڵگەی گرتۆتەوە پێویستی بە ڕوانگەیەکی سیاسی هۆشیارانە‌و سەرتاپاگیرانە هەیە، تا بەئاگا بێت لەو بەرپرسیارییەی دەکەوێتە ئەستۆی و ببێتە ڕەخنەگرێك بۆ ئەو ڕەفتارە خوارو خێچ‌و هەڵانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەکانی حکومییەوە ئەنجام دەدرێن.

کۆمەڵگەی عێراقی، لە پاش ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەسەرچوو، پەرەسەندن‌و ئاڵوگۆڕگەلێکی خێرای لە سیستەمی بەهاییدا بە خۆوە بینی، ئەو پەرەسەندانە درێژ بوونەوە بۆ سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووری. بۆ ئەوەی جەخت لە پێداویستبوونی بەدواداچوونی ڕوداو‌و ئاڵوگۆڕەکانی ژیانی ڕۆژانە و مەودای کاریگەرییەکانی لەسەر دیمەنی سیاسی بە شێوەیەکی تایبەتی بکاتەوە، داوای زیاتر کردنی ڕاستکردنەوەو پەرەپێدان لە سیستەمی هزری مرۆیی‌و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هۆشیاریی سیاسی دەکات.

چەمکی دیموکراسی لە عێراقدا بەهۆی فەراهەم نەبوونی بنچینەو پێداویستییەکانی دامەزراندنی دیموکراسی، چەمکێکی تەمومژاوی‌و نارۆشنە.

••••••

هەواڵنامەی کۆیە

لەبەرئەوەی گۆڕین‌و بنیاتنانی دیموکراسی هاوئاهەنگیی ڕۆشنبیری‌و سیاسی لە شێوازەکانی ڕەفتارو پەیوەندییەکانی دەوڵەت‌و کۆمەڵگەو لە نێوان هێزە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان‌و لە نێوان تاکەکان‌و گروپەکاندا دەخوازێت.

دیموکراسی هەرتەنها کۆمەڵێك بیروبۆچوون‌و بنەما نییە کە لە تێکستی دەستووردا بنوسرێتەوە، بەڵکو بریتییە لە پراکتیزە کردنی ئەو بیروبۆچوون‌و بنەمایانەو ڕەفتاری کۆمەڵگەیەکی بێکەموکوڕی بۆ ئەو بیروبۆچوون‌و بنەماو مافانە. بۆیە هۆشیاریی سیاسی بۆ ئەو کۆمەڵگانە دادەنرێت بە بناغە لە پراکتیزەکردنی بەکردەوەی دیموکراسییدا. هەر هاتنەخوارەوەیەکیش لە ئاستی هۆشیاریی سیاسی چ وەك چەمك‌و چ وەك ڕەفتار، هەڕەشە لە دیموکراسیەت دەکات. سەرباری خولیاو بەتەنگەوەهاتنی گەلانی عێراق بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، بەڵام ئەم گەلە لە ڕوکەشکردنێکی هزریی بۆ چەمکی دیموکراسیدا دەژی. ئەم ڕووکەشاندنە بە شێوەیەکی خراپ لە وەدەستهێنانی دیموکراسیەتێکی خاو و خلیچکانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە لە پێناویدا گۆڕانکارییەکە هاتووە.

بەرپرسیاریی هۆشیاریی سیاسی دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو پارتە سیاسییانەی کە بەشداری دەکەن لە گەلاڵەکردنی بیری سیاسی لای گەلان. گەر ئەو پارتانە هەڵگری پێگەیشتنێکی سیاسیی تێروتەسەل بن و گونجاو بن بۆ بەرپرسیاریی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی بۆ کۆمەڵگە، ئەوا هەر بنیاتنانێکی دیموکراسی نوێکردنەوەیەکی دامەزراوەیی‌و ڕۆشنبیری‌و ڕەفتاری بۆ هەموو ڕێکخراوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیرییەکانی ناو کۆمەڵگە دەسەپێنێت.

••••••



## گرنگیی هۆشیاریی سیاسی

پێکهاتنی هۆشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا گۆڕانکاریگەلێکی ڕۆشنبیریی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی گەورە دەخولقێنێت کە پاش ئەوە گۆڕانکاریی لە هۆشیاریی سیاسیی تاکدا دەخولقێنێت. گرنگترین سەرچاوەکانی تەمویلکردنی هۆشیاریی سیاسی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەهلی‌و سەربەخۆ و ڕێکخراوە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەمە سەرباری خۆ ڕۆشنبیر کردن لە ڕێگەی خوێندنەوەو موتاڵەعە کردنی ڕۆژنامەو کتێب‌و گۆڤارە مانگانەو وەرزانەو کۆڕو موحازەرەکانەوە. بنکەی هۆشیاریی سیاسیی تاك لە ڕێی بەشداریکردن‌و هاوبەشیی سیاسییەوە لە کۆمەڵگەدا فراوان دەبێت، وەکو هەڵبژاردن‌و ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندان‌و دەنگدان‌و ڕاپرسی‌و شتی تر. ئەم کردارانە شارەزاییگەلێکی سیاسی‌و هزری بە تاك دەبەخشن کە بەجێی خۆیان بەشداری دەکەن لە گەشەپێکردنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیدا، هەروەها لە ڕاستکردنەوەی ڕوانین‌و بیرو بۆچوونە سیاسییەکەی‌و کەش‌و هەوایەکی سیاسی ئیجابی و بەهاگەلێکی کۆمەڵایەتی خاوەن کاریگەرییەکی کاراش لە گەشەکردنی کاری دیموکراسیدا دەخولقێنێت.

گرنگیی هۆشیاریی سیاسی لەو کۆمەڵگانەدا کە لە ڕووی دیموکراسییەوە تازە گەشەیان کردووە ڕوانینی تاك بۆ کێشەکانی گەل‌و نیشتمان و ئەو بارودۆخەی کە لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی شیکارکارییانەی هۆشمەندانە هەن گەشە پێ دەدات. عێراقی ئەمڕۆش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە لەڕووی دیموکراسییەوە تازە گەشە دەسێنێت، پێویستی بە هۆشیارییەکی فەرهەنگی‌و سیاسیی هەمەگیرو فراوانە، تا لە ڕێیەوە خەسڵەت‌و ئامانجەکانی ڕێك بخات‌و ئەو تێگەیشتنانەی کە بۆ دیموکراسیەت لەدایکبوون بەرەو پراکتیزەکردن‌و ئاکار لە ناو کۆمەڵگەدا

••••••

ببزوێنێت. هەڵخرانـدنی کۆمەڵگـە لـە ڕووی ڕۆشـنبیری و سیاسـییەوە بـەرەی نـاوخۆیی نیشـتمانی تۆکمـە دەکـات و ڕیزەکـانی یـەك دەخـات و هەیبـەتی دەوڵـەت بـەهێز دەکـات و ڕۆڵـی حکومـەت و یاسـا بـەقووەت دەکـات، بارودۆخی کۆمەڵگەش ڕاقە دەکات.

بایـەخی هۆشـیاریی سیاسـی لـە کۆمەڵگـەدا دادەنرێـت بـە خواسـتێك بـۆ بـەدیهێنانی دیموکراسـی و شـۆڕکردنەوەی بـە قـوڵایی کۆمەڵگـەدا بەمەبەسـتی بەدیهێنانی دادو یەکسانی، هەروەها واتاکانی ئینتیماو دڵسۆزیی بۆ نیشتمان قوڵ دەکاتەوە، چونکە گەشەسەندنی سیاسی دۆخێکی کۆمەڵایەتیی فەرهەنگییە، کە ناکرێت لە دەرەوەی کۆمەڵگە ڕووبدات.

چالاککردنی هۆشـیاریی سیاسـی لـە کۆمەڵگـەدا بایـەخی خـۆی هەیـە لـە ڕووناککردنـەوەی بـەری بینـایی هـاوڵاتی بـۆ مافـە مـەدەنی و یاسایی و پابەندییـە دەستوورییەکانی لە نـاو کۆمەڵگـەدا. پێویسـتە بازنـەی هۆشـیاریی سیاسـی چـەقی بایـەخی بخاتـە سـەر توێـژی لاوان، چـونکە لـە کـاراکردنی ڕەفتـاری سیاسـی و دیموکراسـی لـە کۆمەڵگەدا ئەمـە لـە هـەموو شـتێك پێویسـترە. لەبەرئـەوەی لاوان وزەیـەکی گـەورەن کـە لـە لـەناوبردنی دیاردەکـانی تونـدو تیـژی و زۆر و سـتەم و دوورخستنەوە و پەراوێزخستن، یارمـەتی کۆمەڵگە دەدەن. پەنابردنـە بـەر زمـانی ئەقڵ و گفتوگۆ لە هەموو قەیران و بەرئەنجامـەکان لەسـەر بنـەمای دیموکراسیەت و بانگهێشتکردنی لاوان لـە هـەر دوو ڕەگەزەکـە بـۆ بەشـداری پـێ کردنیـان لـە کـاری سیاسی ڕۆڵی ئەزموونە دیموکراسیەکە لە گۆڕەپانی کـاری سیاسی و کارگێڕی بـەهێز دەکـات، ئـەویش لـە ڕێـی گرتنـە دەسـتی پلەوپایـەی سـەرکردایەتی لـە دەوڵەتـدا. بـەهێزکردنی متمانـە و بـاوەڕ بـەو توێـژە دیـارە کـاری سیاسـی لـە چوارچـێوەی دیموکراسیەت بۆ کۆمەڵگەدا ڕێك دەخات.

••••••



## نەبوونی هۆشیاری و کاریگەرییە خراپەکانی

نـەبوونی هۆشـیاریی سیاسـی کاریگـەری خراپـی هەیـە لـە سـەر بونیاتنـانی سیاسیانە و دیموکراسیانەی کۆمەڵگە و ڕوانگەی ڕۆشـن بـۆ پێگەیشتنی کۆمەڵگە لـە ڕووی سیاسـی و فەرهەنگییـەوە ون دەکـات و وا دەکـات کـە بـەهای ژیـان دارمێـت و هاوسـەنگی و ڕەونـەقی خـۆی لـە پانتـایی کۆمەڵگـەدا لەدەسـت بـدات. هـەر پاشەکشەیەك یان لاوازبـوونێکیش لە ڕەوتی بونیاتنـانی هۆشیاریی سیاسیدا ڕۆڵی کۆمەڵگە پەك دەخات و پشکۆی ئـەقڵی مرۆیـی خـامۆش دەکـات. لەسایەی نـەبوونی هۆشیاریدا هیچ گەلێك یان کۆمەڵگەیەك ناتوانێت واقیعی خـۆی بناسـێتەوە و خاڵە بـەهێز و لاوازەکـان و ئـەو فاکتەرانـەی کاریگـەرییان لەسـەری هەیـە دەسـت نیشـان بکات. لەبەر ئەمە زۆر سەختە پێشبینی بە ئاکامـەکانی ئـەو بارودۆخـە سیاسییەوە بکرێت کـە کۆمەڵگـەی داگرتـووە، ئەمـەش بـەهۆی تێنەگەیشـتن لـە شـێوازی زمـانی سیاسـیی نمونـەیی کـە جیهـانی بـە شارسـتانیی بوو ڕوداوە سیاسیەکانی پێ دەخوێنێتەوە.

ئـەو نـاکۆکی و دابەشـبوون و بارگرژییانـەی کـە زۆربـەی هێـزە سیاسـییە عێراقیەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ڕێکخستنەکانیاندا تیایدا دەژیـن و سـێبەری خـۆی بەسەر شەقامی سیاسییەوە جێهێشتووە، هۆکارەکەی نەبوونی توانای ئـەو هێزانەیە بـۆ دانـانی نەخشـەیەکی سـتراتیژی گونجـاو بـۆ پەرەپێـدانی پەیوەندییـە سیاسـیەکانیان و جولاندنـی کـەش و هـەوا سیاسـییە وەسـتاوەکەی. ڕەنگـە پێشکەشکردنی چەند نەشتەرو کەتەرێك لەسەر سینییەکی زێڕ بە لایەنە دژەکانی نێو پرۆسە سیاسییە نوێیەکە کارێك بێت بێ مەبەست کار بکات بۆ کوشتنی خۆی، لەبەر دوورکەوتنەوەی لە چەمکەکانی کاری سیاسی دیموکراسی.

••••••

زۆرێك لە هێزە سیاسییەكان لەم سەردەمی ئاڵۆگۆڕی دیموكراسییەدا نەخشە دەكێشن كە بە ئامڕازە سەرەتاییو دەشتەكییەكان بەرەنگاری دوژمنەكانیان ببنەوە، بۆیە دەكەونە داوی كەموكوڕییو لادانی فكریو سیاسییەوە كە وێنەكەی دەشێوێنێتو ئەدای سیاسی لاواز دەكاتو مێژووەكەی هەرەس پێ دێنیو لە نرخی ئەزموونەكانی كەم دەكاتەوە. هۆكاری سەرەكی ئەو ئاكامانەی كە زۆرێك لەو زریانە سیاسییانە لە ناو دامەزراوەی حكومیو حیزبیدا و لە نێوان هێزە سیاسییە بەشدارەكاندا دەیوروژێنێت، بریتییە لە نەبوونی هۆشیاریو پێگەیشتنی سیاسی كە پێشبكەوێت بۆ ئاستی تێگەیشتنێكی ڕاستەقینە بۆ دیموكراسی، چ وەك تێگەیشتنو چ وەك پراكتیس، لە ناوەوەو لە دەرەوەی پارتەكاندا. كە ئەمەش بە خراپ ڕەنگ دەداتەوە لەسەر ئەو كۆمەڵگەیەی كە دادەنرێت بە دەنگو سەدای پارتو ڕێكخراوە جەماوەرییەكان و بەشداری دەكات لە قوڵكردنەوەی نەبوونی هۆشیاریی سیاسی بۆ چەمكی دیموكراسی.

نەبوونی هۆشیاریی سیاسی، دیموكراسیەتی چاوەڕوانكراو دەخاتە مەترسییەوەو تێگەیشتنەكەی پەرتو بڵاو دەكاتەوەو ئاكارو ڕەفتارە دروستەكەی ون دەكات، بەمەش هەلگەلێكی گونجاو لە كیس گەلانی عێراق دەچن كە لە ڕووی دیموكراسییەوە پەیوەست بێت بە ڕیزی دەوڵەتە پێشكەوتووەكان، بۆیە پێویستە هێزە سیاسییەكان بەمەبەستی بەدیهێنانی پڕۆژەی دیموكراسی لە عێراقدا گرنگی بدەن بە هۆشیاری سیاسیو بەهێز كردنی چەمكەكەی بە شێوەیەكی ڕاستو دروست.

بەرپرسیاریی هۆشیاری دەكەوێتە ئەستۆی پارتە سیاسییەكانو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو هۆكارەكانی ڕاگەیاندنو پرۆگرامە سیاسییە سەركەوتووەكان. بۆیە دەبێت كۆمەڵگە پەی بەرێت بە گرنگیو بەهای هۆشیاریی





سیاسی و ڕێگەی خستنە خزمەتی هۆشیاری بۆ چەمكی دیموكراسی و پاڵپشتیكردنی ئەو دەنگو هێزە سیاسییانەی كە بانگەشەی ڕیفۆرمی سیاسی و پەرەپێدانی كۆمەڵگەی عێراقی لەڕوی دیموكراسییەوە دەكەن، ڕەوڕەوەی سیاسیو دیموكراسی لە وەستانو بەبەردبوونی هزرییەوە بۆ كرانەوەی فكریی سیاسیو فەرهەنگی دەبزوێنێت، ئەویش لە ڕێی جێبەجێ كردنی چەمكی دیموكراسی بە شێوازو ئامڕازگەلێكی نوێ كە بگونجێت لەگەڵ پێوەرەكانی تێگەیشتنە دەوڵەتیەكان و بگونجێت لەگەڵ سیستەمی ئاكاریی و فەرهەنگیو مێژوویيو ئایینیی كۆمەڵگەی عێراقی.

سەرچاوە:
*WWW.NAJIALGHEZI.COM*



هەواڵنامەی كتێب

# یۆرگن هابرماس و پۆست مارکسیزم

و.لەفارسیەوە: نوێبوون

جان لچت

هابرماس، ناودارترین فەیلەسوفی نەوەی دووەمی قوتابخانەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرتە. ئەو لە ساڵی ١٩٢٩ لە دوسلدۆرف (ئەڵمانیا) هاتۆتە دنیاوە، نامەی دکتۆرای، کە ساڵی ١٩٥٤ بڵاوکرایەوە، دەربارەی ناکۆکی نێوان (کاری ڕەهاو مێژوو) لە بیری شلینگ دا نووسی. لە ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٩ هاوکاری ئادۆرنۆ بوو لە فرانکفۆرت، پاشان دەبێتە مامۆستای فەلسەفەو بەڕێوەبەری دەزگای (ماکس پلانك) لە شتاربۆرگ.

••••••



هابرماس وەکو ئەندامانی دیکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەسەختی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی هیگڵ‌ومارکس. بەڵام، بە پێچەوانەی ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر، تیۆریی بەهای مارکس‌وبەدبینی فەرهەنگی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕەتدەکاتەوە. هابرماس، هەروەکو ماکس فیبەر، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەوەی یەکەمی فرانکفۆرت(عەقڵانیەتی سیستەم)و (عەقڵانیەتی چالاکی) تێکەڵ دەکەن، تێکەڵ کردنێك کە تەریبە لەگەڵ (جودایی سیستەم‌و جیهانی ژیان)[1]. هابرماس دەڵێت ئەنجامی ئەم تێکەڵ کردنە، حاکم کردنی سیستەمە(بۆ نموونە ئابووری) بەسەر هەموو کۆمەڵداو بەزیانی شتێك تەواو دەبێت، کە ئەو هەروەکو هۆسرل‌و شۆتز، پێی دەڵێت (جیهانی ژیان)، کە دەبێتە ژینگەی چالاکی تاکی کۆمەڵایەتی.

لەلایەکی دیکەوە، نووسینەکانی هابرماسیش، هەروەکو نووسینەکانی پێشوی فرانکفۆرت، مۆری کاریگەریی بەهێزی هیگڵی پێوە دیارە. لەم بارەیەوە، ئەو وانەکانی،وتارەکانی دەربارەی مۆدێرنیتی کە لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠ دەستی پێکرد، ئەو خاڵەی ڕاگەیاند کە لەدیدی فەلسەفیەوە بڕوای بەوەیە کە (هیگڵ یەکەمین فەیلەسووفە کە چەمکێکی ڕۆشنی دەربارەی مۆدێرینتی هێنایە گۆڕێ)[2]. ئەگەرچی ئەو باوەڕەیان لە نووسینەکانی بیریارانی وەکو باتای، دریداو فۆکۆ دا دەردەکەوێت- ئەو بیریارانەی کە نوسینەکانیان تیۆریی کۆمەڵایەتی مارکس چارەنووسساز دەکەن- بەڵام ئەم تیۆرمەندەی (کرداری پەیوەندیدار) وەفاداری خۆی بۆ سونەتێك نیشان ئەدات کە ئەو نادروستی زاراوەی(ڕەخنەی رادیکاڵی عەقڵ) دەربخاتو بەم بۆنەیەوە هەمیشە لەلایەن بیریارانی (پۆست مۆدێرن)ەوە بەرێزەوە باس دەکرێت.

••••••

لایەنی دیارو ئاشکرای نووسینەکانی هابرماس لەدەیەی ١٩٦٠، دژی پۆزەتیفیزمی کارو تیۆریەکانی ئەو سەردەمەبوو. ئەو بە تایبەتی پۆزەتیفیزمی (ئیسبات گەرایی) نووسینەکانی دوایی مارکس رەتدەکاتەوەوەو تێدەکۆشێ بەهۆی نووسینەکانی مارکسی لاو کەلایەنی هێرمۆنیتیکی تێدایە، ئەم بۆچوونانە بکاتە رەخنەیەکی کاریگەر لە دەروونی کۆمەڵی سەرمایەداری. ئەم رەخنەیە، ئەم لایانانەی خوارەوەی تێدابوو. یەکەم، زانستو چەند لایەنێکی فەلسەفە، لەمەودوا رۆڵێکی هەستیاریان نابێ لەدیاریکردنی بەهای ئەو ئامانجانەی کە خۆیان بانگەوازی دەکەنو لەجیاتی ئەوان(زانستوفەلسەفە) خەریك دەبێت بە بەکارهێنانی عەقڵانیەتی(ئامێری)یان(ئامانجدار)ی ماکس فیبەر. پاشان، زانست خزمەت بە عەقڵانیەتی تەکنیکی یان (هونەری) دەکات، کەخودی سەرمایەداریی توانا دەکات بۆ بەرهەم هێنانی چەندین شێوەی جیاوازو ئاڵۆزی کاڵاو سەرەنجام جەنگە توندوتیژەکانی بەرەو پێش دەبات، بەڵام ناتوانێت رەواییەکی باشتر بۆ خودی سیستەمی سەرمایەداریی پەیدا بکات. بە کورتی، مامەڵەی هونەریو پۆزەتیفسیتی بۆ زانست دەبێتە کارێکی ئیدیۆلۆژیك. چونکە ئەم مامەڵەیە پێکهێنەری هێرمۆنتیکی زانستو ئەو رەوشەی کە لە چالاکیدا دەردەکەوێت، قبوڵ ناکات. بەم شێوەیە، هابرماس دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە لەجیاتی ئەوەی زانستو عەقڵانیەتی سەردەمی سەرمایەداریی خزمەتی مرۆڤ بکات، ئەوان لەدژی لایەنە ئازادەکانی ژیانی فەرهەنگیو بەدیهێنەری شێوە بیمارەکانی کۆمەڵ دادەنێت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم شێوە نەرێیە(Negative) لە زانستی پۆزەتیفیستیو هەوڵ دان بۆ گۆڕینی بە چالاکی ئازادی بەخش کە لەگەڵ ریفۆرمی سیاسیوکۆمەڵایەتیدا پەیوەندی هەبێت، بوونی تیۆری رەخنەگرانە دەبێتە کارێکی پێویست.

••••••



بە پێچەوانەی بەدبینی لێکدانەوەکانی ئادۆرنۆو هۆرکەهایمەر، سەبارەت بەعەقڵ لە کتێبی(دیالەکتیکی رۆشنگەری) هابرماس هەوڵ ئەدات کە ئاڕاستەی هێرشی خۆی لەدژی ئەم مامەڵە نەرێیە بخاتەڕێو لە پێناوی (بە ئەنجام گەیاندنی پێشنیازی مۆدێرینێتی) کە بەهۆی رۆشنگەرییەوە دەست پێدەکات، بەردەوام دەبێت. ئەم ئامانجە دەتوانێت ببێتە رەخنەش لە دیدگای (ئامێرگەرایی) زانست، کە بەسەر سەرمایەداری دوای جەنگی دووەمدا زاڵە.

ئامانجی نووسینەکانی پێشووی هابرماس نیشان دانی ئەو خاڵەبوو کە دەوڵەتی مۆدێرن بەرهەمی مانەوەی سەرمایەدارییو خزمەتگوزاریی ئەو رژێمەبوو. لە یەکێك لە ساڵانی دەیەی ١٩٧٠، هابرماس- لە ئەنجامی کاری هەندێك لە ئابووری ناسان- وتی دەوڵەت نایەوێت خەڵك لەدەستی کارەساتە خراپەکانی ئاستەنگی ئابووری سەرمایەداریی رزگاربکات، چونکە توانای ئەو لە کۆکردنەوەی دەرامەتی پێویست بۆ پشتیوانی بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی، سنووردارە. بەدیدی هابرماس، ئەم کارە بەمانای کەم کردنەوەی رەوایی دەوڵەت دێت. چونکە هەرچی دەوڵەت کەم تواناتر بێت لە پاراستنی خەڵك لە چنگی ئاستەنگی ئابووری، هەر بەو رادەیە رەوایی ئەو کەمتر گەرەنتی دەکرێت.

هابرماس، لەراستای نەریتی ئایدیالیستی ئەڵمانیدا، نووسینەکانی مارکس بۆ بەدیهێنانی جۆرێك لە ستراتیژی رەخنەیی بەکاردەهێنێت. ئەم کارە بەشێوەیەك دەکات کە بتوانێت ئامانجێکی رزگاری بەخشی هەبێت. لەکاتێکدا مارکس دڵنیایە لەرۆڵی خۆسازدەری کاری پراکتیکی، هابرماس بە پشتیوانی هیگڵ، کار وەکو جۆرێك لە رەخنە دادەنێت- رەخنەیەك کە ئامانجی تایبەتی هەیە بۆ دژایەتی هێزی بێهۆشکەری عەقڵی ئامێریی، لەگەڵ نیشاندانی دەسکەوتە کردەییەکانی سوننەتی هێرمۆنتیکی ئاڵمان- هابرماس فرۆیدیش لەگەڵ ئەواندا دادەنێت- لە

••••••

هەواڵنامەی کتێب

شێوەکانی رواڵەتی(نمادین) چالاکی بەرامبەر، زیاتر لەوەی مارکس چاوی لێدەکرد، ئەم رەخنەو شێوانە دەتوانن شوێنی دڵنیایی کارکردن بن.

هەر بۆ هەمان مەبەست، لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠، هابرماس سەرەتای فۆرمۆڵ بەندی توخمەکانی تیۆریی دەربارەی زمان، پەیوەندیو تەکامولی کۆمەڵ باس دەکات، کە ئامانجی بەدیهێنانی چوارچێوەیەکی ئاساییە کە لەوێدا جۆرێك دڵخوازی بۆ ئازادی تیا دەبینرێت. ئەم کارەی بە نووسینی چەند بەرگێك لە کتێبی (تیۆری کرداری پەیوەندیدار) بە ئەنجام گەیاند، کە پاشان ساڵی ١٩٨١ چاپ کرا.

لەم کارەدا ئەتوانین ئەوە ببینین هابرماس لەهەمان کاتدا کە هۆکاری ئازادی لە بەرهەمەکانی مارکسدا فەرامۆش ناکات، بەڵام ئارەزووی ئەوەناکات کەسوود لە هۆکاری شۆڕشگێر یان پۆزەتیف بۆ گەیشتن بە ئازادی پەسەند بکات. هابرماس بڕوای بەوە هێنا کە سەرمایەداریی کۆمەڵگای چینایەتی کردۆتە ئامانجی خۆی وعەقڵانیەتی دیوان سالار(بیروکراتیك)یان ئامانجدار بەردەوام دەیەوێت کە ژیانی خەڵك زیاتر کۆنترۆڵ بکات، رادەگەیەنێ کە(ئاگایی ئەم رژێمە خودکارە ئەندامانی پابەندبوو لەم فەرمانانەدا نابینێت)[٢] . لەم رژێمەدا، کۆمەڵی سەرمایەداریی هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە کە نابێت (جیهانی ژیان) واتە جیهانی عەقڵانیوکرداری پەیوەندیدار یەکسان ببن. تەوەرێکی دیکەی بەرهەمەکانی هابرماس، شیکردنەوەی بونیادەکانی جیهانی ژیانە( بە تایبەتی زمانو کرداری پەیوەندیدار وئاگایی ئەخلاقی). کۆڵەکەی جیهانی ژیان دڵخوازییە بۆ ئازادی، بەتەنها کاری شێوێنراوی عەقڵوزمان دەرکی ئەم کارە دژوارە دەکات. (واتە کاتێك کە زمانوعەقڵ لەدۆخی ئامێریو ئامانجدارەوە بەرەو دۆخی پەیوەندیو خوێندنەوەی ئەوانی دیکە دەرۆن. و.ك). لە راستیدا، بونیادی ژیانی کۆمەڵایەتی(وهەر بەو شێوەیەش مرۆڤایەتی) ئازادییە. هەر بەم پێیە، ئەرکی ئێمە بەرهەم هێنانی



تیۆرێکە کە رۆشن کردنەوەی جیهانی ئازادی ئاسان تر بکات.

هابرماس لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠، باسی چەمکی جیهانی ژیان بە پشتیوانی ئەمیل دۆرکهایمو کۆمەڵناسی دیاردەناس(میدۆ شۆتز) دەست پێکرد. بەدیدی شۆتز جیهانی ژیان، جیهانی ژیانی رۆژانەو چوارچێوەی تەواوی ئەزموونی تاکو بەرئەنجامی ئەزموونەکانی پێشووە، جێگایەکە دەتوانێت ژیاننامە دیاری بکاتو تاك بیەوێت یان نا، بەردەوام بەرەو نزم بوونەوە دەچێت.

(جیهان بەڵگەیەکی پێشنیازکراوە) کە لەوێدا تاکەکان تێدەکۆشن ئامانجە کردەییەکانیان بەدی بێنن. بەدیدی هابرماس، جیهانی ژیان، ئاسۆیەکە لە هۆشیاریی لە هەردوو بواری پەیوەندیدار، کارێکە کە(بە رەهەندی هاویاری لەشیکردنەوە پشت دەبەستێت کە بەشداران هاوکات لە جیهانی بابەت، کۆمەڵایەتیو هۆشیاریدا پەیوەندی پەیدادەکەن، تەنانەت ئەو کارەش کە لەوتاری تەنها خودێکدا دەردەکەوێت دڵنیایی لە ناوەڕۆکی یەکێك لەم سێ پێك هێنەرە(بابەتی، کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی) دەکاتەوە [٤] .

بە بڕوای هابرماس، گرنگترین لایەنی تەواوکەری چالاکی جیهانی ژیان، پەیوەندییە. چونکە لێرەدا کاریگەریی وتاری تاکەکان ئامانجدارەو بەرەسمی دەناسرێت، بەهەمان شێوەش دەتوانرێت هەر لە پەیوەندی دا بونیادی تەواوی جیهانی ژیان چاکتر بکرێت. ئەم چاك کردنەوەیە دەتوانێت لە رژێمی کۆمەڵایەتیدا کاریگەریی زیاتری بەرامبەرەکان لەسەر یەکتری فراوان بکاتو هەر بەوپێیەش رێگە بگرێت لەگەشەی عەقڵانیەتی ئامێریی، کە دابڕاوە لە پەیوەندی.

هابرماس، هاوڕێ لەگەڵ لیکۆڵینەوەکانی دەربارەی جیهانی ژیان لە تیۆری تالکۆت پارسۆنزدا سەبارەت بە کۆمەڵگا وەکو رژێمێکی کۆمەڵایەتی، دەستی

ڕاگەیشت بە بیروڕای تیۆری دەربارەی تەکامولی کۆمەڵو تاك لەو ڕژێمەدا، بە تایبەتی خۆنواندنی ئەوان لە سنووری مەبەستو شێوە تایبەتیەکانی نمادین(ڕواڵەت)دا. هابرماس بە پشتیوانی کاری کۆلبرگو پیاژە بۆ پەیداکردنی تیۆرێك دەربارەی توانای ئاکاریی(ئەخلاقی)و کاری چۆمسکی بۆ دانانی تیۆری توانای زمانی، تێدەکۆشێ تا ئەوە پیشان بدات کە دەبێت توخمی بەهانەییو هەروەها توخمی تەواو ئامێریی بۆ بەدی هێنانی نیازەکان، بەسەر چالاکی بەرامبەری مرۆڤدا حاکم دەبێت. بە بڕوای هابرماس، ئەوانەی کەوەکو فیبەر دەڵێن تەنها زانستی ئامانجدارو تەکنیکی لە چالاکیدابوونی هەیە وپرسەکانی ئەخلاقو تێگەیشتنی ڕاستی پەیوەندی بەخودی تەنهای کەسەکانەوە هەیە، هەڵەیان دەکرد. مەبەستو بەهانەکان دەبێت بگۆڕێن بە بیری ڕەخنەگری ئاشکرا، هەتا ئەگەر تەنها ئەو بەڵگە بزانین کە جیاوازی نێوان (هونەرییو ئامێریی)و بەهانەکانی خود بشگۆڕین بۆ جیاوازییەکی پێشین، بەڵام لە ئاکامدا دەبێت لەوە تێبگەین کە دەبێتە جیاوازی نێوان بەهانەکان یان مەبەستەکان. بەوپێیە، خودی پەیوەندی ڕواڵەتی تەکنیکی(هونەریی) یان ئامێریی ناتوانێت ئیلهام لە پەیوەندی پرنسیپە گشتیەکان وەربگرێتو لە ئەخلاق (واتا پەیوەندی نێوان هۆشەکانو بکەرەکان .و.ك) جیابکرێتەوە.

لە ئەنجامدا، ناسینی نیازە سەرەکیەکانی مرۆڤ بەگرنگو دیاریکەر دەزانێت، هەمان شێوەی کە سروشت پەیوەندی ئازادو نەشێواو ڕۆشن دەکاتەوە. هابرماس، کەهەمیشە لە هەوڵی پەیداکردنی تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆکی ڕەوشی کۆمەڵایەتیەو هەمان ئەو کارە پەیوەندی ئەو بەلایەنەکانی بەهانەیی کۆمەڵ بەهێز ئەکات. دەبێ ئەوە بزانین کە مانای سروشتی زمان بەناونیشانی(هۆکاری) پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگری گوتار هەردووکیان پەیوەندی پێشوویان بە





لەیەکتر تێگەیشتنەوە هەیە(چونکە زمان زەمینەی لەیەکتر تێگەیشتنی تێدایە) تێگەیشتن بەمانای ڕێکەوتنی نێوان بەشدارانی گوتارە؛ تێگەیشتن بەمانای (ڕەسمی ناسینی نێوان بکەرەکانە). لەم ئاراستەیەدا، هەرلایەنێك بە پەرۆشەوە بۆ مەبەستی خۆی پەیوەندی دەکات بە سنوورەکانی پەیوەندیەوە. بەبۆچوونی هابرماس، بەو مانایە دێت کە پێکهاتەی زمان لە بناغەوە هێرمۆنتیکیە: دەرگیربوونی هەردوو لایەنی گوتارو پەیڤین پێویستی بە لیکۆڵینەوەی هەموو ئاستەکان هەیەو هەر بەوشێوە پلەی خودناسی کەسەکان باڵاتر دەبێت، چونکە ئەم خۆناسینە لە چالاکی ئاڵوگۆڕکەری کەسەکانو لەگەڵ ئەوانیتردا پەیدا دەبێت. لەلای هابرماس، ئامانجی کۆتایی زمانیش هەر ئەوەیە، هەر بەوپێیە زمان بەهۆی نموونەی ڕێزمانەوە دەستی بە پەیوەندی دەگات. کارکردنی ڕاستینەی زمان، بەدیهێنانی ڕەهەندی پەیوەندیە بەهەر شێوەیەك بێت، کاتێك کە پەیوەندی بەشێوەیەکی سیستەماتیك بە ئەنجام نەگات، کاربردی زمان شێوەیەکی نەخۆش وەردەگرێت.

سەبارەت بەهۆشیاری ئاکاریی(ئەخلاقی)، هابرماس هەوڵ ئەدا ئەوەی بەناونیشانی قۆناغەکانی ئەخلاق (لە کۆلبرگ، پیاژە، میدو ئەوانیتر) وەریدەگرێت، لەسەر (لۆجیکی ئاڵوگۆڕ) بنیاتی بنێت. ئامانجی ئەو پیشان دانی ئەو خاڵەبوو کە دیدگای ئەخلاقی لەسەر توخمێکی ڕەسەن لە پێکهاتی ئەزموونی ژیان بنیات نراوە(ئەوەی کە تیۆری ئەخلاقی بە ئەنجامی دەگەیەنێتو پشتی پێدەبەستێ ڕۆشن کردنەوەی هەستەی(ناوکی) جیهانی ئەخلاقی ئێمەیە، هەر بەو پێیەش ڕەواندنەوەی گومانە دەربارەی بەهاکان)[٥]. ئەگەرچی هابرماس مەبەستی لەوەنیە کە بەهۆی ئەم وتەیەوە بانگەوازی حەقیقەتی ئەخلاقی بکات، بەڵام بەدرۆخستنەوەی ئەم خاڵە دژوارە کە (گومان



هەواڵنامەی کتێب

کردن له بەهاکان) بەچ شێوەیەك دەتوانێت پرسی ئـەخلاقی بـەدی بێنێت. لـەم خاڵەش گرنگتر ئەوەیە کە خواستی (هەستەی جیهانی ئـەخلاق) پـەی بـەجۆرێك هەڵوێستی ئەخلاقی سەرەکی دەبات.

دڵخوازی هابرمـاس دەسـت نیشانکردنی بیمـاریی‌و بێهاوتـایی سـەرمایەداریی مۆدێرنـە. هابرمـاس لـەم باسـەدا بێبـەهایی فەرهـەنگ لـە ئـەنجامی پشـتیوانی لەرادەبـەدەری عەقلانیـەتی هونـەری‌و ئامانجـدار لـە ئاسـتی رژێمـدا دێتـەدی‌و هابرمـاس ئەمـە بەشـێوەیەك لـە نەخۆشـی کۆمەڵایـەتی دادەنێـت. بەشـێوەیەکی گشـتی، بـە بـڕوای ئـەو، رەوشـی بیمـاریی ئـەو کاتـە پەیـدادەبێت کـە لـە کۆمـەڵدا بێهاوتایی- بەمانای تووش بوونی گشتی- پەیدادەبێت. لەم کاتەدا، مـۆدێرینتی، وەکو شێوەیەکی کۆمەڵایەتی، فەرهـەنگی‌و ئـابووری دەکەوێتـە بەرامبـەر شکسـت‌و گـۆڕان بەرەو هەلومەرجێکی تەواو نەخۆش. بۆ دەربازبوون لەم ئەنجامـە خراپانـە، دەبێـت سـوود لەلایـەنی ریفۆرمسـتی خـودی مۆدێرنـە وەربگـرین، ئـەو لایانەنـەی کەبـە بـەکارهێنانی عـەقڵ سـەرەتای بزووتنـەوەی رۆشـنگەرییان دەسـت پێکـرد. هـەروەکو چۆن پێویسـتیمان بـەهێزەکانی ریفـۆرم هەیـە، هـەر بـەو شـێوەیەش لیکۆڵینـەوەی زیـاتری نیازەکـانی جیهـانی ژیـان پێویسـت دەبێـت. لـە کاتێکـدا هابرمـاس خـۆی خـەریکی چارەسـەری ئـەم رەهەنـدە دەبێـت (پەیوەنـدی نێـوان ریفـۆرم‌و نیازەکـانی ژیـان.و.ك)، ئـەوانیتر لـە فکـری ئـەوەدان کـە شـێوازی پـڕ بانگـەوازی ئـەو بـە چ شێوەیەك دەتوانێ کۆمەکی ئەو لیکۆڵینەوە رۆشنە دڵخوازە بکات.

لەلایەکی دیکەوە، هابرماس ئەوەی کە بەناوی (وتاری فەلسـەفی مـۆدێرینتی) پێشـنیازی دەکـات، لێکدانـەوەی ئـەو کارەیـە کـە بیریـارانی جیـاواز لـەو- هابرمـاس ئـەوان بـە هەڵگـەڕاوە لـە مـۆدێرینتی دەناسـێت-( بـۆ دەربـازبوون لـە مـۆدێرینتی داوای بەهایەکی گرانتر دەکـەن). ئـەوەی کـە هابرمـاس لـە ئـادۆرنۆ، باتـای، فۆکـۆو





دریدا دوور دەخاتەوە جیاوازی ئاشکرای ئەوانە لە پەسەندکردنی ئـەو خاڵـەی کـە عەقڵ دەبێت خاوەنی مافەکانی خۆی بێت‌و بەهـەرحاڵ، رەخنـەی ریشـەیی ئـەوان لە عەقڵ، ئەوەیـە بـەبێ ئـەوەی کـەبزانن تـا ئێسـتا بـەمانای قـەرزارکردنی عـەقڵ بەئەنجام دەگات. هابرمـاس دەڵێـت، رەخنـەگرانی مـۆدێرینتی زۆربـەیان جیـاوازی لەنێوان نامۆبوون‌و ئازادی (کەم ڕەنگ) دەکەنەوە، بەکورتی ئـەوەی کـە ئـەوان بـە ئێمـەی نـاڵێن ئەوەیـە کـە( رێگـای ئـازادی لـەکوێوە تێپـەر دەبێـت). بـەم جـۆرە، هابرماس بەتایبەتی لە بانگەوازی هەندێك بێزار دەبێت- بەتایبـەتی لای ئەوانـەی کە بۆچوونەکانی ئادۆرنۆو هۆرکهایمـەر دەڵێنـەوە- کـە دەڵێن عـەقڵ‌و رۆشـنگەری مۆدێرن هاوکاری بەدترین جۆری سەرکووتی سیاسی بوون.

هەندێك لە بیریارانی گەورەی فەرەنسا دیـدگاکانی هابرمـاس رەخنەدەکـەن. لـەنێوان هابرمـاس‌و بیروبـاوەری بونیادگـەرایی‌و پۆسـت بونیادگـەرایی ( کـە ئـەو فەیلەسووفە فەرەنسی یانە سەر بـەو بـیرەن) ژمارەیـەك جیـاوازی سـەرەکی هەیـە، کە ئەمانەن:

یەکـەم، رەخنـەی ئـەوان لـە هابرمـاس سـەبارەت بـە کاریگـەری سیسـتەمی فەلسەفی هیگڵ‌و هـەر لەویشـەوە ئـەو دەڵێـت مـۆدێرینتی لەگـەڵ هیگڵدا دەسـتی پێکـردووە، لەکاتێکـدا لای فەرەنسـی یـەکان مۆدێرنـە پـێش هـیگڵ‌و لەسـەردەمی دیکـارت‌و رۆسـۆو تەنانـەت هەنـدێك پێیـان وایـە لەگـەڵ کریسـتۆف کۆلـۆمبس دا هاتۆتـەدی. پاشـان رەخنـەی ئـەوان لـە کاریگـەریی ئەندێشـەی مارکسـە لەسـەر هابرمـاس‌و بەتایبـەتی چـەمکی کـارو شـۆڕش( بـەڵام بـە جیـاو لێـك دابـڕاو، نـەك هەردووکیان پێکەوە)و سەرەنجام رەخنەی ئەوان لەوەی کـە بیروبـاوەری هابرمـاس پشتی بـە ئەندێشـەی ئـەم دوو فەیلەسـوفە بەسـتووە. هەرچـەندە ئـەو بـە ئاشـکرا رایدەگەیەنێت کە ریفـۆرمی لـە بیروبـاوەری ئەمانـدا بـەدی هێنـاوە. لای بیریـارانی



هەواڵنامەی کتێب

فەرەنسی ئەوەی ئاشکرا نیە کە چ شێوەیەك بانگەوازی شمولیەتی جیهان‌و بەکارهێنانی بیری ریفۆرمخوازی چۆن پێکەوە کۆدەبنەوە، چونکە بیری ریفۆرم هەمیشە بەرەو بارێکی فکری ناجێگیرو گۆڕانی بەردەوام، ئاڵوگۆڕدەکات‌و لەبارێکی ناسینی تایبەتیدا نامێنێتەوە.

دووەم، هابرماس لەبەر ئەوەی دیدگایەکی رۆشنی سەبارەت بە زانستی مۆدێرن نیە، بۆیە ناتوانێت ئەوە ببینێت کە زانست لەدوای ئاینشتاین، هانیزبرگ‌و گۆدێل بەو ئاسانیە تاڕادەی پەیوەندی تەواو تەکنیکی یان پۆزەتیڤیستی کەم ناکرێتەوەو ئاراستە ناکرێت. (واتە لەدوای ئەم زانایانە زانست دەتوانێت کاری پەیوەندیدارو ئازادیخواز لە خۆیدا پەیدابکات .و.ك). لەگەڵ ناسینی مەبەستی هابرماس بۆیە بەهانەکان‌و کاریگەری بیماریی کۆمەڵ، ئەو دەتوانێت لەبەرهەمەکانی جۆرج کانگیم (دەربارەی بەهانەو بیماریی) سوود وەربگرێت. لەم بەرهەمەدا ئەوە دەبینین کە چۆن مێژووی زانست دەتوانێت رەهەندی نیازمەندی ژیانی مرۆڤ پەسەندبکات.

سێیەم، سەرەڕای کۆششەکانی هابرماس بۆ بنیاتنانی تیۆرێکی گشتی دەربارەی توانایی زمان‌و پەیوەندی نەشێواوو لەئاستی جیهانی ژیان، ئاڕاستەی ئەو بۆ زمان‌و لەم مەبەستانەدا بەوپێش مەرجانە پشت دەبەستێت کە زمان ناسی‌و نیشانە ناسی، ئەو بۆچوونانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەگەرچی ژمارەیەك لە لیکۆڵەران ئاماژەبەوە دەکەن کە تیۆری هابرماس زمانێکی شاعیرانەی لەخۆنەگرتووە، بەڵام خاڵێك دەبێتە مایەی رەخنە لەم تیۆریە، ئەویش ئەوەیە هابرماس بۆ ئەم تیۆرە زیاد لە پێویست زمان کەم دەکاتەوە تارادەی هۆکاری پەیوەندی، بەزاراوەی خودی خۆی، لێکدانەوەیەکی ئامێریی یان ئامانجدار بۆ زمان ئەنجام دەدات. ئەگەرچی وەڵامی هابرماسیش ئەوەبێت کە

••••••



ئەم خاڵە ئەنجامی ناخواستەی تیۆرەکەی بێت، بەڵام دەبێت ئەو بتوانێت لەبناغەدا، گونجان بەدی بێنێ( لەنێوان پەیوەندی‌و ئامێربوون دا). دیسان ئەو کێشەیە دەمینێتەوە کە هابرماس زمان بەکۆمەکی ئەلگۆی ئامانجداری نێوان نێرەرو وەرگر، پێویستی بە لیکدابڕان‌و شیکردنەوە هەیە. بۆنموونە، لە تیۆری کرداری پەیوەندیداردا، هابرماس زیاتر ئەو خاڵە شیدەکاتەوە کە (پەیوەندی پراگماتیکی) لەگەڵ _بکەر-جیهان)ەکانی(Actor- World) بەرکارObjective ، کۆمەلایەتی، چ مانایەك دەدات، (بۆ قسەکەرێك کە یەکێك لە گفتەکانی (یا چالاکی وتاریەکانی بەشێوەیەکی ستاندارد جێبەجێ دەکات)[٦] . هابرماس بە بەکارهێنانی ئەلگۆی قسەکەرو گوێگر ئامانجی زمان دیاری دەکات بەشێوەیەك کە هەردوو قسەکەر-گوێگر لە کرداردا لە پێش زمانەوەن، لە کاتێکدا دەتوانین کە ئەم دووانە (لەلای هابرماس دووانن نەك سیان، واتە قسکەر،گوێگر، زمان) خودی زمان پێك دەهێنن. هەر بۆیە هەمان رادە کە کارکەرانی زمان بەهۆی زمانەوە ئەدوێن‌و زمانیش لەواندا قسەدەکات. بە پێچەوانەی چەمکی بکەری گۆڕاو(سیال)ی جولیا کریستیڤا، ئەلگۆی ئامانجدار بەهۆی گوتاری ستانداردەوە- هەتا ئەگەر بەتەواوی پەیداش نەبێت- هەر بەشێوەیەکی پەنهان(کامن) کاردەکات. گرنگ ئەوەیە هەوڵی ئەوە بدەین کە لەمانای کرانەوەی گۆڕاو(سیال) کە پەنهانە، تێبگەین‌ولە گەڵیا بەردەوام بین لە گۆڕینی تێگەیشتنمان.

بەم جۆرە، سەرەرای بوونی پەیوەندی، بەڵام لای هابرماس ئامانجی زمان دیسان هەر شەفاف بوونە (واتە دەبێت زمان شتێکی دیکەش، جگە لەخۆی، پیشان بدات). ئاشکرایە کە تەواوی بەرهەمی ئەدەبی‌و داستانی بەرجەستەکەری زمانن، ئەمانە، لە بناغەدا بەدەگمەن تەواو شەفاف دەبن(واتە وەکو ئاوێنەیان لێبێت). بەرهەمی داخراو( کە تەنها خۆی،

••••••

هەواڵنامەی کتێب

نەك ئەوانی دیكەش، پیشان ئەدات.و.ف) زیاتر نموونەكانی حاڵەتی شكلگیری زمان پیشان ئەدەن، زمان دەبێتە شێوەیەك، نەك ناوەڕۆكێك.

یەكێك لەدژوارییە گرنگەكانی پەسەندكردنی بیری هابرماس فشاری ئەوە لەسەر ئەو ئەگەرەی كە دەڵێت بكەری گشتیو تەواو(كامل) كە تاڕادەیەك نەگۆڕو لەگەڵ خۆدا یەكسان، بوونی هەیە. بوونی ئەم بكەرە لەلای هابرماس بەهۆی پەیڕەوی ئەو لە دیاردەناسان-بەسەربوونی ئاگایی لە(جیهانی ژیان)و، هەر بەو شێوەیەش، نەهێشتنی راناوی(جیناو) ناخود ئاگا( ناخۆ هۆشیاركەر) یا رەفتاری خۆنوێنەر، راست دەبێت. ئەم سەرنجە تەنها رەخنەیەكی فەلسەفی نیە، كەوەكو شێوەیەكی تایبەتی لە بەیانی نووسیندا پەیدابێت. هەر لەم روانگەیەوەو بەوپێیەی كە دەكەوێتە ژێر كاریگەریی هیگڵ، سەبارەت بەمۆدێرینتی دەڵێت: (مۆدێرینتی كە بەبێ هیچ ئەگەرو گومانێك خۆی پەسەند دەكات، هەمان كار كە هەستیاری خودئاگاییو زانایی هەوڵەكانی بۆ- ناساندنی ناوەرۆكی خۆی- بەبێ وەستان تاكاتی ئێمە بەردەوامە، رۆشنتر دەبێتەوە)[٧]. لێرەدا بوونێكی دەروونی ( بێ ئەگەروگومانوهۆكاری دیكە.و.ك) . بەمۆدێرینتی دەبەخشێت، لای هابرماس مۆدێرنە ناسنامەیەكی چوون یەكو بەتەواوی رۆشنی هەیە. هەر بۆ ئەم مەبەستە، كێشە لەوەدا نیە كە لەگەڵ هابرماس دا پێ لەسەر ئەوە دابگرین كە چەمكی بكەری چەق نەبەستوو پەسەند بكەین، كە ئەو ئەم چەمكە پەسەند ناكات، بەڵكو مەبەست لەوەیە كە دەربازكردنی مۆدێرینتی- یازمان، یا زانست یان بكەرەكانی لە دەستی ئاڵۆزی شێوەی یەكبوونی یا بێ گومان، كارێكی نادروستە ( چونكە ئەم ئاڵۆزییە لە راستیدا بوونی هەیە.و.ف).



## سەرچاوەكان و پەراوێزەكان

١) Jurgen Habermas, The Theory of Commuicative Action, Volume ٢. Boston PRESS. ١٩٩٧. P.٣٣٣.

لاپەرەكانی٩٧–١٥٣ی بەشی شەشەم لە بابەتی دووەم باسێكی گشتیيە سەبارەت بە چەمكی جودایی سیستەم لە جیهانی ژیان.

١) Jurgen Habermas, The Philosophical discourse of modernity. Cambridge Press.١٩٨٧. p.٤.

١) Jurgen Habermas..سەرچاوەی ژمارە یەك

١) Ibid. P.١٢٠.

١) Jurgen Habermas, Moral Consiouseness and Commanicative Action. Cambridge Press.١٩٩٠. P.٢١١.

١) Habermas, The Theory of Communicative Ation .P.١٢٠.

١) Habermas, The Philosophical discourse of modernity. P.٧.

سەرچاوە: جان لچت

پنجاه متفكر بزرگ معاصر

وەرگێر: محسن حكیمی

تهران: ١٣٧٧

# خەڵک چۆن دەبن بە هاووڵاتی؟

و.لەفارسیەوە: ناسر موراد[ی]

ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتیە کە هەر لەسەرەتاوە دەتوانێ بێتە ئاراوە، چونکە زیاتر لەهەر بابەتێکی دیکە داهاتووی دیموکراسی گەنج دیاری دەکات. بێگومان دیموکراسیەکی بەردەوام و سەقامگیر بێ خەڵکێکی دیموکرات ناتوانێ بێتە ئاراوە، بەو مانایە کە هاووڵاتیانێك کە هەم خوازیارو هەم شایانی ئەوەبن کە دەورێکی چالاك و بەرپرسانەیان هەبێ لەڕەوتی دیموکراسیدا. بەڵام مەخابن هێنانە بەرباسی ئەم بابەتە بەتەنیا بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە بەس نییە، بەڵکو دەبێ لەپێشدا بەستێن و بواری بگۆڕی چاوەڕوانییەکان و هەروەها بایەخە سیاسییەکانی راستەقینەی کەسانێك کە وەك خەڵکی ئاسایی حکومەتیان بەسەردا دەکرێ، دیاری بکرێت بەتایبەت دەبێ کەندوکۆسپەکانی هەرەمەزنی جێبەجێکردنی بەشداری دیموکراسی دەسنیشان بکرێت کە لەهەموو شوێنێکدا

••••••



بۆ وێنە لەدیموکراسی کۆنەوە کەئەمڕۆکە تۆزێ ماندوو دێنەبەرچاو سەرهەڵدێنن. سەرەڕای ئەمە باشتروایە بیر لەوەبکرێتەوە کە ناوەڕۆکی شارستانییەتێکی واقیعبینانە، لۆژیکی و ژیرانە دەتوانێ چ بێت؟ لە هەلومەرجێکدا کە بەدیموکراتیزە بوون، بەشێوەیەکی بەربڵاو لەتابلۆیەکی سادەو ساکاردا لەبووژانەوەدایە بەلایەنیکەمەوە چ ئیلتیزاماتێك دەتوانێ لەم هەلومەرجەدا فۆرمەلە بکرێ؟ تەنیا لەسەر بناغەی وەها پێرستێکی سەرەتایی کەپرسە وردەکانی فێرکاریی، دیموکراسی دەبێ لەوپەڕی هەرجۆرە شات و شوتێك بکەوێتە بەر خوێندنەوەو تاوتوێکردن.

گەلۆ دەکرێ فێری دیموکراسی بین و ئەم فێربوونەش بە چ شێوەیەکە، ئاخۆ دەمودەزگاو دامەزراوەکانی فێرکاری، خوێندنگا، بنەماڵە، راگەیاندنەکان، جڤاکەکان و شوێنی کار، دەتوانن ئەرکی پێگەیاندنی هاووڵاتیان لە ئەستۆ بگرن؟ گەلۆ پشتبەستن بەفێرکارییەکی رواڵەتی کە بەسانایی دێتە زەینەوە، تەواوە؟ تۆ بڵێی ئاراستەکردنی دیموکراتیکی کۆمەڵگا بەتایبەت بە کەڵك وەرگرتن و کردەوە لەهەڵبژاردن و شێوەکانی دیکەی بەشداریەتی لەژیانی گشتییدا هەڵگری گۆڕانکاریی نەبێ؟ بەواتایەکی وردبینانەتر ئاخۆ لەڕەوتی قۆناغی بنەڕەتیی تێپەڕبوون، هەندێ ئاخێزگەل لەشێوەو هەڵسووکەوت یان تەنانەت بایەخەکان بۆیان دەلوێ کە بەدی بێن؟ بەکورتی ئەم پرسەکە گەلۆ پێداویستی یان ئەزموونگەلێك هەن کە هەر لەدەستپێکی رەوتەکەوە، جۆرە فێرکردن و راهێنانێکی بەپەلەو خێرا بۆ دیموکراسی بەدیاری بێنن؟ لەئاکامدا زۆر روونە کە لەتەواوی ئەم قۆناغانەدا ناتوانین لەکارتێکەری و دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای ئەوان وەك پەرەپێدەرانی بیروبۆچوونەکان، داکۆکیکەرانی ئازادی و هۆکارەکانی پەرەپێدەری بنچینەکانی دیموکراسی و پلەوپایەی هاووڵاتی چاو بنووقێنین؟

••••••

## ئاستەنگو بەربەستەکانی هاووڵاتی بوون

دۆزینەوەی سەرچەشنێکی ناتەواو، بەڵام بەلانیکەمەوە جێگەی باوەڕی هاووڵاتیەکی دیموکرات تەنانەت بەدیموکراسی لەمێژینە، کارێکی ساناو ئاسان نییە، ڕۆژئاواییەکان لەمێژەوە بەرکەبەرایەتی حزبەکان، باسە سیاسییەکان، راوێژکارییەکانی هەڵبژاردن و خەبات یان هاوکاریی ئۆگریان بووەو ناوبانگیان دەرکردووە، کە لەم بوارەدا لێهاتووییەکی تایبەتیان هەیە. لەلایەکەوە مێژوو فێری ئەوەمان دەکات کەماوەیەکی دوورودرێژ دەخایەنێ کە ئاگایی و وشیاری هاووڵاتی بوون وەك ئاگاییەکی تاڕادەیەك یەکگرتووی لێبێت. لەپاش شۆڕشی دووەمی فەرەنسا (١٨٤٨) هێشتا خەڵکی لادێکانی فەرەنسا کەچاویان دەکەوت بەنەخشی کۆماریی رووی پارە نوێکان وابیریان دەکردەوە نەخشی شاژنە بەگشتی فەرەنسەییەکان ئێستاش دیموکراسی بەمشت و مڕی نێوان چەپ و راست دەزانن کەهیچ پەیوەندییەکی بەبنەماکانی پێکەوە هەڵکردن و نەرمکێشیی دیموکراتیکەوە نییە. تایبەتمەندی گشت نەتەوەکانی ئەوروپی، خۆ بواردن و دوورەپەرێزیی بەربڵاو لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان لەیەکەمین دەیەکانی دەنگ وەرگرتنی گشتییدا بووە. دەنگدان بۆ ئەوان سەرەنجڕاکێش نەبووە، چونکە لەپێویستی دەنگدان تێنگەیشتوون. لەلایەکی دیکەوە لەدەیەکانی رابردوودا ئێمە بینەری داگەڕان و هاتنەخوارەوەی رادەی چاوەڕوانی و داخوازە دیموکراسیکەکانین. تەنانەت ئالێکس دۆتۆکویل لەکاتی خۆیدا بەشێوەیەکی گشتیی هەستی بەکەمتەرخەمی و بێلایەنیی گەلانی وڵاتانی دیموکراتیك کردبوو تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا خەڵکی بێ وڵاتانی دیموکراتیك کەڵکەڵەو ئاواتیان حکومەتێکی باشە، ئەویش تا ئەو رادەیە کەسەرەڕۆو ملهوڕ نەبێ و دەوڵەت

••••••



لەکاروبارەکانیدا دەست وەرنەدات ، بەڵام ئەو شتەی زۆرتر لەهەمووان ئاواتیانە ئەوەیە کە حکومەتەکانیان ئەوان لەئاسوودەیدا بهێڵنەوەو تەنیا بارێکی ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت کە ئەو دەرەتانەیان هەبێت ئازایانەو سەربەستانە خەریکی کاروبای خۆیان بن، هەروەها ئاگاداری قازانجە تایبەتیەکانی خۆیان بن. دیارە ئەم حەزو داخوازییە نابێ بە هیچ شێوەیەك رووبەڕووی سەرکوت و بێبەشی ببێتەوە، تەنانەت سرووشتیش دێتە بەرچاو.

بەم حاڵەش کەمترین شتێك کەدەبێ بێتە بەرباس ئەوەیە کە ئەم داخوازییە بەڵێنێکی دیموکراتیکی ئەوتۆی بەدواوە نییەو بەدیموکراسی رەواییەك دەبەخشێ کەزۆرتر ئاکامی بەشدارییەتیو رەزامەندییەکی شوێن هەڵگرانەیە تا ئەوەی کەڕەزامەندییەکی ئاشکرا یاخود بەشداربوونێکی بەگڕوتین بێت لەبایەخە دیموکراتیکەکاندا، هاووڵاتی لەئاست حکومەتی خۆیدا هەست بەڕەزایەت دەکات و بەم پێیە هیچ هەنگاوێك هەڵناگرێت، نە بۆ حکومەت و نە دژ بەحکومەت. ئەو شتەی کەئەمڕۆ هۆشداریی بەدواوەیە ئەمەیە کەئەم کەمتەرخەمی و بێهەستیە بەڕادەیەکی زۆر چووەتە سەرێ.

سەرەڕای ئەمانە لەهەمووان پڕ مەترسیتر ئەمەیە کە لەمەبەدوا ئەم شوێن هەڵگرییە تاڕادەیەك رەنگو بۆی جۆرە بەکەمزانینێکی بەدواوەبێت لەهەمبەر گەندەڵییەك کە گەمەی سیاسیی لەخۆی گرتووە بەنیسبەت گۆڕانکاریی کتوپڕی بیروبۆچوونەکانی دەسەڵاتداران یان هەڵبژێردراوان کە بەو شێوە خۆیان بەناچار زانیوە کە بەگومانی خۆیان شەرمەزاری سەرقاڵکردنی هاووڵاتیان بن و بەشێوازێکی خراپ زەین و بیری ئەوان بەلاڕیدا بەرن. بەکورتی لێپرسراوی دەوڵەتی ئیدی گوێبیستی خەڵکی نابێ لەحاڵێکدا پڕۆفیشناڵەکان تێدەکۆشن گوێبیستی خەڵکی بن، بەڵام جگە لەبەرفراوانکردنی دڕدۆنگی شارستانی

••••••

ئاکامێکیان بەدواوە نییە.

نوێنگەی ئەم لێوەڕسبوونەی هاووڵاتیانی دیموکراسی لەمێژینە، سەرەتا ئەوەیە کە رادەی بەشداربووان لەهەڵبژاردنەکاندا لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی کەدەنگدان کارێکی زۆرەملێ نییە، بەردەوام روو لەکەمی دەکات. لەپاشان ئاراستەکردنی دەنگدان بەشێوەیەکی هەمیشەیی وەك رابردوو بەئاسانی پێشبینی ناکرێت و سەرەنجام ئەوەی کەڕادەی راستەقینەی ئەندامانی حزب و سەندیکاکان رۆژ لەدوای رۆژ کەمتردەبێتەوە. کاتێکیش کەخەڵکی ئەوروپای رۆژئاوا یان ئامریکای باکوور حەزیان لەوەدەکرد کە لەکردەوەیەکی هەڵسووڕانەو خەباتگێڕانەدا بەشداربن ئێستا بەباشتری دەزانن کەپەیوەست بن بەرێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان، لاینگرانی ژینگە، رێکخراوی فەرهەنگی و بەکورتی هەر رێکخراوێك کە بەلای ئەوانەوە بێمتمانەیی سیاسەتی پێوە دیارنەبێت. ئەم گۆڕان و وەرچەرخانە دەربڕی ئەوەیەکە دیموکراسی دەبێ رزگاری خۆی لەکەمکردنەوەی بانگەشەکانیدا بدۆزێتەوە.

## کەلتووری هاووڵاتی بوون چییە؟

مەخابن ئەم دوایین لەمپەرە گەورەیەو لەڕیزی کۆمەڵێك ئاستەنگ و بەربەست دێتە ئەژمار کەتەنانەت لێدوانی متمانەبەخش، ناتوانێ لەسەر رێگە وەلایان بنێ، تەنیا بەتێپەڕبوونی کات لەنێو دەچن. لەئاکامدا کەسێك کەخوازیارو داواکاری دیموکراسییە دەبێ سەبارەت بەناوەڕۆکی هاووڵاتی بوون شیاو لەکۆمەڵگا بێبەشەکاندا بیربکاتەوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبێت ئەو برینانەی کە لەئاکامی شڵەژانی باکوورو باشووردا دەمیان کردوەتەوە سارێژبن. بێگومان هاووڵاتی بوون لەم چەشنە دەبێ لەسەر بنچینەی ئەلف و بێ کردنێکی



سەرەتایی، واتە بەپێی شارەزابوون بە لانیکەمەوە لەمێژوو، هەروەها ژینگەی هەرکەسێ، بنەماکەی داڕێژرێ بەواتایەکی دیکە هاووڵاتی بۆی بلوێ کەبڕوانێت بۆ دەرەوەو لەتاریکاییدا نەژی و تەنیا لەگەڵ دراوسێ نزیکەکانی هەڵسووکەوت نەکات، واتە روانین بۆ جۆرە یاسایەکی هەتاهەتایی، روانین بۆ شتێك کە بۆ هەمیشە دابین کراوەو بەهیچ شێوەیەك ناگۆڕدرێت، وەك ئەوەی لەڕابردوودا لەئەوروپا بەگاڵتەو تەوسەوە دەیان وت: رۆحانیەتێك کە بەتەنیا زەنگی کڵێسای خۆی لەبەرچاوە. یان خوویەك کە رەنگو بۆی بەرچاوتەنگی و پاوانی قەشەی پێوە دیارە.

ئێستاش ئەم بابەتە لەپێوەندی لەگەڵ دیموکراسی گەنجدا راستەو یەك دەگرنەوە گەرچی ئیدی ئەم زاراوانە لەوبارەوە گونجاو نییە.

دەرگا داخستن بەڕووی خۆدا وە یان کۆمەڵگایەك هەر لەسەرەتاوە ئاستەنگو بەرگرێکە بۆ دەرکەوتن و بووژاندنەوەی هاووڵاتی بوون. ئەمە لەحاڵێکدایە کە هاووڵاتی بوون تەنیا لەو ساتەوەختەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ دەرگاکان بەڕووی ئەو کەسانەدا بکاتەوە کە لەگەڵیدا جیاوازییان هەیە.

دووەمین تایبەتمەندی گشتیی هاووڵاتی بوون دەست خستنی رێوشوێنەکانی رێبازێکی دیموکراتیکی راستەقینەیە چ لەبواری شێوەو رەفتارەوە، چ لەبواری بەها رەوشتیەکانەوە.

هاووڵاتی نەك تەنها بەمافەکانی خۆی، بەڵکوو دەبێ لەئەرکەکانی خۆیشی شارەزا بێت. بەڵام بابەتێکی دیکە کە گرینگییەکی تایبەت بەخۆی هەیەو لەئاستی ئاکارو رەوشتی شارستانیدا دیسانەوە خاوەنی گرنگی و بایەخە بابەتی تۆلێرانس و نەرمکێشییە. ئەم وشەیە بەسانایی بەزاردا دێت، بەڵام مەخابن زۆربەی کاتەکان نیشانەو نوێنگەی شتێکی دیکەیە، واتە شێوە روانین و

بۆچوونێکی پەیوەندیدار بەپێکەوەژیانێکی سادە وێڕای لەبەرچاوگرتن و پاراستنی مەودا لەگەڵ ئەو کەس و گرووپانەیە کەبیانی دێنە ئەژمارو کەمتەرخەمی بەدیاری دێنن. ئێستا کە لەبەشێکی گەورەی جیهانی سێیەمدا، چ لەبواری ئاینیی و چ لەبواری پەیوەندییە نەتەوەیی یان زمانیەکانەوە، هەر ئەم بارودۆخە لەئارادایە، گرووپە جۆراوجۆرەکان لەتەنیشت یەکتر لە وڵات یان تەنانەت دێهاتێك پێکەوە دەژین بێ ئەوەی لەهەلومەرجێکی ئاساییدا دژی یەکتر کوشتار بکەن بەم حاڵەش لەیەکتر بێ ئاگان و بەشێوەیەکی گشتی سووکایەتی بەیەکتر دەکەن و زۆریش لە یەکتر بێزارن، بەڵام ئەمە واتای تۆلێرانس ناگەیەنێت، بەڵکو زۆرتر نیشانەی کەمتەرخەمی و بێدەسەڵاتیە کە کەم و زۆر حاڵەتێکی ئاڵۆزی پێوە دیارە.

ڕەنگە بەڕاستی ئەو شتەی کە لەگەڵ وەرەی تۆلێرانس تەبایی هەیە بکرێ لەو تایبەتمەندییە بنەڕەتیەی کە کارل پۆپەر بۆ کۆمەڵگای کراوەی دیاریکردووە کورت بکرێتەوە. لەکۆمەڵگای کراوە کە هاو واتای کۆمەڵگای دیموکراتیکە، کێشەو ململانێ سیمایەکی بنەجێکراوی بەخۆوە بینیووە کەدەگەڕێتەوە بۆ بوونی فرەخوازی، پلۆرالیزمو ئازادی.

سەرچاوە: کتێبی" فرهنگی دمکراسی" لە بڵاوکراوەکانی یۆنێسکۆ

••••••

هەواڵنامەی کتێب